



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست


١- بەیاننامە بەبۆنەی ٧٨ەمین ساڵوەگەڕی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ........................................ ٤

٢- وانەکانی کۆماری کوردستان بۆ نەوە لە دوای نەوەی ........................................ ناسر ساڵحی ئەسڵ ..... ٨

٣- پانۆرامای مێژووی کۆماری کوردستان ........................................ ئا: ڕەحمان نەقشی ..... ١١

٤- ڕۆڵی کۆماری کوردستان لە سەر ناسیونالیزمی کورد ........................................ ئەلبورز ڕۆئین تەن ..... ٢٧

٥- تراژیدیای "ڕەندۆڵە"؛ حەماسەیەکی نەتەوەیی ........................................ فارووق سۆهرابی ..... ٣٢

٦- هەگبەی شۆڕش و شاخ (مەلا قادر کوردستانی) ........................................ برایم چووکەڵی ..... ٣٦

٧- مەدەنییەت وەک دۆکترینی کۆماری کوردستان هەتا ئێستا ........................................ شاڕوخ حەسەنزادە ..... ٣٩

٨- زایەڵەی لەرینەوەی دەنگی "ژ"ێ و پەتای ئازادی ........................................ دارسمە ..... ٤٦

٩- فەریبا محەممەدی: پێویستمان بە گوتارێکی هاوبەش هەیە بۆ خاوەندارەتی لە شکۆ و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان ........................................ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ٤٩

١٠- دەرفەتە زێڕینەکە ........................................ ئاسۆ مێنبەری ..... ٥٦

١١- شەریفی شاعیر، سەرمایەی نەتەوەیەک ........................................ مەنسوور مرووەتی ..... ٥٩

١٢- ئێرانی خەیاڵیی بایدن ........................................ و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٦٢

١٣- مەبەستە سیاسییەکانی پشتی پەردەی هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر هەولێر ............ مستەفا مەولوودی ..... ٧٠

١٤- ئاوڕدانەوەیەک لە دنیای شێعرەکانی عەلی ئولفەتی ........................................ سارۆ خوسرەوی ..... ٧٤

١٥- هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بکەینە دەرفەتێک بۆ (نا)گوتنەوە بە کۆماری ئیسلامی .............. سمایل شەرەفی ..... ٨١

١٦- پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ........................................ عومەر باڵەکی ..... ٨٤

١٧- هەناردەی شۆڕش و چوار دەیە دواتری ........................................ دیاکۆ دانا ..... ٨٩

١٨- بازاڕی بێ ڕەونەقی هەڵبژاردن و فێڵی بەرپرسانی ڕێژیم ........................................ مەنسوور مرووەتی ..... ٩٢

١٩- ڕێککەوتنی ٢٠ ساڵەی نێوان ڕووسیە و ئێران، هەڕەشەیەکی نوێ بۆسەر ئاسایشی ناوچە! ........ ئالان خاس ..... ٩٥

٢٠- سیمای کۆمەڵگەیەکی بەهەڵوێست، ئەمجارەیان لە سەقزەوە ........................................ سمایل شەرەفی ..... ٩٩




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢٥- ڕقی کۆن ........................ عەلی بداغی ..... ١٠٢
٢٦- هەرەسی شۆڕشی ١٣٥٧ ........................ مەنسوور مروەتی ..... ١٠٥
٢٧- خالید عەزیزی: ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هاوخەباتیی هەموو نەتەوەکانی ئێران و ئیرادەی گشتیی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەی دەوێ ........................ کوردکاناڵ ..... ١٠٨
٢٨- سەرەتای کۆتایی هێژمۆنیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ........................ تاهیر قاسمی ..... ١١٥
٢٩- مستەفا شەڵماشی: وڵاتانی بڕیاردەری جیهان نایانەوێ قەرەبووی ئەو زوڵمە بۆ کورد بکەنەوە کە لە "سایکس - پیکۆ" و "لۆزان"دا لەدژی کورد کردوویانە ........................ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ١١٨
٣٠- بەشداری‌نەکردن چی دەگۆڕێ؟ ........................ کەریم پەرویزی ..... ١٢٦
٣١- نیزامی کۆماری ئیسلامی، سێبەری مەرگ بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا ........................ عومەر باڵەکی ..... ١٢٩
٣٢- ئامادەکاریی دیکتاتۆر بۆ جێنشینی کوڕەکەی ........................ ڕەزا دانشجوو ..... ١٣٣
٣٣- ئێمە لەگەڵ مەلاکانی ئێران لەشەڕ داین، یەکێک دەبێ ئەوە بە جۆ بایدن بڵێ ........................ و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ١٣٧
٣٤- پێویستیی ڕاستکردنەوەی بارە لارەکە ........................ عەلی بداغی ..... ١٤٤
٣٥- د. بێهروز چەمەن‌ئارا: ڕوحێکی یەکدەست و گوتارێکی یەکگرتووخواز لە کوردستاندا گەشەی کردوە کە بەستێنەکەی فەرهەنگییە ........................ دیمانە: دیاکۆ دانا ..... ١٤٨
٣٦- کۆترە سیخوڕەکەی هیندوستان و "کۆترەباریکە" و "کەڤووکێ" لە کوردستان ........................ دارسمە ..... ١٥٥
٣٧- دلێرەکەی مەڵبەندی پیران (شەهید برایم شێخاڵی) ........................ برایم چووکەڵی ..... ١٥٨
٣٨- چەرمی هەڵبژاردن ئاو بردوویەتی ........................ مەنسوور مروەتی ..... ١٦١
٣٩- نیسێی قورسی شۆڕشی ژینا لەسەر "تۆپانەکەی" ئێران ........................ عەلی بداغی ..... ١٦٤
٤٠- تێرۆری جوولەکەکانی وڵاتی سوئێد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ............ ئامادەکردنی؛ ئیدریس هاشمی ..... ١٦٧
٤١- پەیام و داهاتووی کوردستانی پێشەنگ و یەکگرتوو ........................ ئەلبورز ڕووئین‌تەن ..... ١٦٩
٤٢- پرۆژەی شکستخواردوو ........................ ئاسۆ مینبەری ..... ١٧٢
٤٣- حیکایەتی بەردەوام لە کۆماری ئیسلامیدا ........................ شەماڵ تەرغیبی ..... ١٧٥
٤٤- والی دروودی: بیری ئازادی لە ناخی هەر کوردێکدا چەکەرەی کردووە ............ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ١٧٨
٤٥- یەکگرتوویی و بوێری لە شانۆی هەڵبژاردنەکادا ........................ حەسەن قارەمانی ..... ١٨٤
٤٦- سیاسەتی دووڕوویی ........................ مەنسوور مروەتی ..... ١٨٩
٤٧- ١١ی ڕەشەممە بۆ گەیاندنی پەیامی کۆتایی ........................ سمایل شەرەفی ..... ١٩٢
٤٨- مووچەی نجوومیی مەجلیسییەکان، برسیەتیی خەڵک و شانۆی هەڵبژاردن ........................ شەماڵ تەرغیبی ..... ١٩٥



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەیاننامە بەبۆنەی ٧٨ەمین ساڵوەگەڕی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان




**هاونیشتمانیانی خۆشەویست!**
**تێکۆشەرانی مافخوازی کوردستان!**

٧٨ ساڵ بەر لە ئێستا و لە ئاکامی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی شەڕی جیهانیی دووهەم و بە ئەزموونوەرگرتن لە دەرفەتە لەکیسچووەکانی ڕابردووی بەردەم بزووتنەوەکانی کوردستان و بەهۆی خوێندنەوەی بەوەختی سیاسیی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەتایبەت پێشەوا قازی محەممەد؛ کۆماری کوردستان، وەک یەکەم ئەزموونی حوکمڕانیی مۆدێڕنی کورد، لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی )بەرامبەر بە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦( لە چوارچرای شاری مهاباد ڕاگەیەندرا.

ئامانج و دەسکەوتە بەرز و شوێندانەرەکانی کۆماری کوردستان لەسەر بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد بەگشتی، تا ئێستاش هەوێن و دەستمایەی هەرە بەنرخ و پیرۆزی کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوە سیاسییە ڕەواکەیەتی. دامەزرانی کۆماری کوردستان و بنیاتنانی هێما شوناسخوازانەکانی وەک؛ پێکهێنانی قەوارەی جمهوریی کوردستان، هەڵکردنی ئاڵای



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان، پێکهێنانی سوپای میلیی کوردستان (پێشمەرگە) و دانانی سروودی نەتەوایەتی و زۆر دەسکەوت و دیاردەی مودێرنی دیکە، تا ئێستاش بەشێکی هەرە قایم و چەسپاوی ناسنامەی نەتەوایەتیی خاک و خەڵکی کوردستانن. هەروەها ئامانجەکانی کۆماری کورستان کە دەستەبەری ماف و ئازادییە نەتەوایەتی و دێموکراتییەکانی نەتەوەی کورد لە شکڵ و شێوازی گونجاوی خۆیدایە، تا ئێستاش ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری ڕێبوارانی ئەم ڕێبازەن.

هەرچەند کۆماری کوردستان دوای تەمەنێکی کورتی ١١ مانگە، بە هێرشی نیزامیی ڕێژیمی پاشایەتی بۆ کوردستان کۆتایی پێ هێنرا و سەرۆککۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد بە تاوانی وەدیهێنانی ئارەزوویەکی لەمێژینەی نەتەوەکەی لە سێدارە درا، بەڵام کۆمار لە بیر و زەینی هەموو ئینسانێکی ئازادیخوازی مافویستدا بەزیندوویی مایەوە و لە ڕەوتی خەباتی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستاندا ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، ئامانجی هەموو تێکۆشەرێکی ڕێی ڕزگاریی نیشتمانە.

لە کات و زەمەنێکدا یادی ٧٨ ساڵەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دەکەینەوە کە، بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی بە ئامانجەکانی کۆمار نەگەیشتوە، بەڵام گەلێک قۆناغی دژوار و پڕ لە هەوراز و نشێوی بۆ ئەو مەبەستە بڕیون. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە دامەزرێنەر و میراتگری کۆماری کوردستانە، سەرەڕای هەڵگرتنی دەیان زامی قووڵی وەک؛ شەهیدبوونی هەزاران کادر و پێشمەرگەی لە مەیدانی بەرەنگاری دژ بە هەردوو سیستەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، تێرۆری ڕێبەرانی هەرەدیاری وەک شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تەقاندنەوە و مووشەکبارانکردنی بنکە و بارەگاکانی لەلایەن باندی تێرۆریستی سپای پاسدارانی ڕێژیم و زۆر برینی دیکە، هەروا لە سەر پێ و جێی هیوا و هومێدی خەڵکی کوردستانە.

لە درێژەی ڕەوتی خەباتی مافخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پانتایی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لەچاو سەردەمی کۆماری کوردستان، مەودایەکی برینتر و جەماوەریی بەخۆوە گرتووە. هەست و باوەڕی شوناسخوازیی نەتەوەیی، سێبەری بەسەر زۆرێک لە تایبەتمەندییە نەریتییەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستاندا کێشاوە و لەم سۆنگەیەوە یەکیەتی و یەکگرتوویی زیاتر لە ڕابردوو بە هەڵسووکەوت و ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە دەبیندرێ.

ئێستا کە دوای ٧٨ ساڵ لە ڕاگەیاندنی کۆماری کورستان، لە ڕۆڵ و کاریگەریی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە بەرەوپێشبردنی خەباتی مافخوازانەی گەلەکەمان دەڕوانین، زیاتر لە هەمیشە هەست بە وڵامدەربوونی عەقڵییەتی مەدەنی و سیاسیی کۆماری کوردستان بۆ گشتگیربوونی ئەم خەباتە دەکەین. کاتێک کە تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات بە پێکهێنانی



https://serchawe.com

یەکیەتی، ڕێکخراو و ئەنجوومەنە جۆراوجۆرەکان خۆیان لە چوارچێوەی بزووتنەوەی بەرینی سوناسخوازانەی نەتەوەکەیاندا ئەرکدار دەکەن، دروستکردنی ئەم خۆبەبەرپرسیارزانینە لە چین و توێژەکانە کە قالبێکی جەماوەری و گشتگیر بە بزووتنەوەکە دەبەخشێ، هەروەک چۆن پێشەوای مەزن، بە دامەزرانی یەکیەتییەکانی جەوانان و یایانی کوردستان هەوڵی بەشداریی گشت چین و توێژەکانی لە کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەدا.

وەک لە جووڵانەوەی ژینادا دەرکەوت، لە قۆناغی ئێستای بزووتنەوەی خەڵکی کوردستاندا؛ بەرزیی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی، ڕێکخراوبوونی یەکگرتووانەی کۆمەڵگە، ڕەفتار و هەڵسووکەوتی ماناداری ئەمڕۆژیانە، بەشداریی زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی ڕەفتاری گشتی و جەماوەری، خۆدوورخستنەوە لە هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی توندڕەوانە و بەرچاوتەنگانە، جێگەکەوتنی حیزبایەتی و متمانەی خەڵک بە حیزبەکان، لێبڕاوبوونی زیاتری کۆمەڵگە لە ڕووبەڕووبوونەوە دژ بە تێفکرین و سیاسەتە دژیگەلییەکانی دەسەڵاتی ناوەندگەرا، ئەو پێوەر و تایبەتمەندییانەن کە دەیسەلمێنن، کوردستان لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا پێگە و پەیام و ڕۆڵی تایبەتیی خۆی هەیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئێستا و لە ئاکامی نزیک بە ٤٥ ساڵ سەرکوت و دیکتاتۆری و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران و گرتنە پێشی سیاسەتی شەڕەنگێزانەی "صدور انقلاب"، لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا لە بێزراوترین دەسەڵاتەکانی سەردەمە، بەداخەوە بە هۆکاری جۆراوجۆر و، لە هەموویان گرینگتر نەبوونی ئالترناتیڤێکی وڵامدەر کە بتوانێ متمانەی گەلانی ئێرانی لەپشت بێ، سێبەری شوومی بەسەر خەڵک و وڵاتدا ماوەتەوە. بەڵام لە کەس شاراوە نییە کە درێژبوونەوەی ئەم خۆداسەپاندنەی، نە لە پێگە و مەشرووعیەتەوەیە و نە نیشانەی تەسلیمبوونی گەلانی ئازادیخوازی ئێرانە. وەک لە نوێترین سەرهەڵدانی بەرینی "ژن، ژیان ئازادی"دا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و نەتەوەکان نیشانیان دا، بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک دژ بە تەواوییەتی ئەم ڕێژیمە بەگوڕتر لە هەمیشە لە ئارادایە و ڕۆژ نییە شەقامەکانی وڵات نەبنە مەیدانی (نا) گوتن بە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە بەرامبەردا بە دەستڕێژی ڕاستەوخۆ، گرتن و ئەشکەنجە، حوکمی قورس و لەسێدارەدانی خەباتکارانی وڵات، وڵام دەدرێنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هەمیشە بە گرینگیدان بە بەستێنی ڕاستەقینەی خەبات لە نێوخۆی وڵات دژبە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، کارکردن بۆ درووستبوونی هاوهەڵوێستیی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخوازی کورد و ئێرانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، لە پێگەی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و میراتگری ئەم دەسکەوتە مێژوویی و نەتەوەییەدا، وەک هەمیشە خۆی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و بەردەوامی و بەرینترکردنەوەی بزووتنەوەی کوردستان بە بەرپرسیار دەزانێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە یادی ٧٨ ساڵەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا وێڕای پیرۆزبایی لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سەرجەم مافخوازانی ڕێی ڕزگاریی ئێران و کوردستان لە دیکتاتۆری، سڵاو دەنێرین بۆ دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان، لە سەرووی هەمووانەوە، سەرۆککۆماری کوردستان، شەهید پێشەوا قازی محەممەد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەری

٣٠ی بەفرانباری ١٤٠٢ی هەتاوی

٢٠ی ژانوییەی ٢٠٢٤ی زایینی

١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

---






https://serchawe.com

# وانەکانی کۆماری کوردستان بۆ نەوە لە دوای نەوە




**ناسر سالحی ئەسڵ**

لە خەرمانانی ساڵی ١٣٢٢٠ی هەتاویدا پاش دوورخرانەوەی ڕەزاشای پەهلەوی لەلایەن زلهێزەکانی سەرکەوتووی شەڕی دووەمی جیهان، هەڵوەشاندەوەی ئەرتەشی پاشایەتی و دابەشکرانی ئێران بە سەر دوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا و یەکیەتی سوڤیەتی ئەوکاتدا، ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسیی کورد لە ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "موکریان" لە بۆشایی و نەبوونی ئەرتەش و دامودەزگاکانی حکوومەتی ناوەندی کەڵکیان وەرگرت بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسیی و نەتەوایەتی بە ناوی "کۆمەڵەی ژێکاف. ئەم قوناغە وەرچەرخانیک بوو بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی لە کوردستان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی، وەک چۆن شەهید دوکتور قاسملوو لە "چل ساڵ خەبات"دا دەڵی: "لەو قوناغەدا ئازادییە دێموکراتیکەکان بووژانەوە."

کۆمەڵەی ژێکاف لەسەر بنەمای شوناسخوازی و دەستەبەری مافی ڕەوای دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی کورد دامەزرا. پاش چەند ساڵ تێکۆشانی نهینی ئەندامانی "ژێکاف" بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی پاش کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەشەی کۆمەڵایەتی، بڕیاریان دا لە حیزبێکی سەردەمیانەدا کار و چالاکییەکانیان بەئاشکرا درێژە پێ بدەن. هەربۆیە "حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان لەسەر بناغەی تەشکیلاتیی کۆمەڵەی ژێکاف لە شاری مەهاباد دامەزراند و لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبدا کە خەزەڵوەری ١٣٢٤ گیرا، مەرامنامەی حیزبی دێموکرات لە ٨ مادەدا بڵاو کرایەوە و قازی محەممەد وەک پێشەوا و سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.

دامەزرانی حیزبی دێموکرات و دواتر کۆماری کوردستان بەڕێکەوت نەبوو، بەڵکوو لەلایەک بەرهەمی گەشەی کۆمەڵایەتی و خوڵقاندنی دەرفەتێک بوو کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکافدا ئامادەکاری بۆ کرابوو، و دواتر لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەستێنسازیی بۆ کرابوو، و هەم کەلکوەرگرتن لەو بۆشاییە بوو کە لە شەڕی دووەمی جیهانییەوە بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوڵقابوو. لە ئاکامدا لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا و لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباددا دەبینین کە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی" ئەی ڕەقیب" و دامەزرانی کۆمار خەباتی سیاسی و نەتەوایەتیی گەلی کورد، پێی نایە قوناغێکی نوێوە.

ئەگەرچی تەمەنی کۆماری کوردستان تەنیا یازدە مانگ بوو، بەڵام دەسکەوت و وانەکانی لە سەردەمی ئێستاشدا و دوای تێپەڕبوونی نزیک بە هەشت دەیە، بۆ بزووتنەوەی هاوچەرخی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد دەسمایەی خەبات و تێکۆشانن. ئەوە شانازییەکە بۆ پێکهێنەرانی کۆماری کوردستان کە توانییان ئەو دەرفەتەی بە هۆی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە و ڕەقابەتی زلهێزەکانی ئەوکات لەگەڵ یەکتر پێکهاتبوو، بەباشی بقۆزرێتەوە و لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بسەلمێنێ کە کوردیش نەتەوەیە و مافی خۆیەتی و دەشتوانێ وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان بەسەربەستی بژی و حکوومەت و دەوڵەتی خۆی هەبێت. بە واتایەکی دیکە لەو قۆناخەدا بژاردەی کورد بە گشتی و پێشەوای نەمر بە تایبەتی، چیتر وەکوو بینەر و فاکتەرێکی بێهەڵوێست مامەڵەیان لەگەڵ ڕوداوو و دەرفەتەکاندا نەکرد، بەڵکوو بەپێچەوانە وەک ئەکتەرێکی خاوەن پلان و ئامانج لە وزە و پتانسێلی نەتەوەکەیان کەلکیان وەرگرت. هەربۆیە کۆماری کوردستان لە فەرهەنگی سیاسی و لە بەستێنی بەرهەمی گەشەی کۆمەڵایەتیدا گەشەی کرد. واتە کۆماری کوردستان بەرهەمی خوڵقاندنی دەرفەتێک بوو کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکافدا ئامادەکاری بۆ کرابوو و دواتر لەلایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە بەستێنسازیی بۆ کرا و کرایە ئەمری واقع و دەسکەوتێکی نەتەوەیی.

وانە و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە چۆنیەتیی دامەزراندنیدا خۆی دەردەخات. لە ڕاستیدا ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، لەلایەک بەرهەمی گەشەی کۆمەڵایەتی و لەلایەکی دیکەوە گرێدانی بارودۆخی ئێران و ناوچە و جیهان و هاوکات وشیاریی و ئاوەزمەندی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سەرووی هەمووان، پێشەوای نەمر، قازی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

محەممەد بوو. بۆیەشە دامەزرانی کۆماری کوردستان بە درەوشاوەترین قۆناخی مێژووی هاوچەرخی خەباتی سیاسی و ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنرێت. هەروەها لە گۆشەنیگای نەتەوەییەوە تاکوو ئێستاش، کۆماری کوردستان بە نوێنگەی هاوپێوەندی نەتەوەیی لە ئاستی کوردستان و هێمایەک بۆ هاوخەباتی و هاوچارەنووسی نەتەوەی کورد لە سەرجەم بەشەکانی کوردستاندا لەقەلەم دەدرێت. ئەزموونی کۆماری کوردستان، وانەیەکە بۆ سەلماندنی پێوەندیی ئۆرگانیکی بەشەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتر و لێکگرێدراویی چارەنووسی پرسی کورد بە یەکترەوە. لە چوارچێوەی جوغرافیایی کۆماری کوردستاندا هیچکات کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان، وەک میوان یان پەنابەر لەقەلەم نەدران، بەڵکوو لە بەڕێوەبەری کاروباری سیستەمی ئیداری و نیزامیی کۆماردا بەشدارییان پێ کرا.

لەبارەی شێوەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەڵکەوتی جوغرافیایی ناوچەی کۆمار و کەلکوەرگرتن لە دەرفەتە ناوچەیی و جیهانییەکان، هێندێک لایەنی سیاسی و بەتایبەت فارسەکان بەئەنقەست یان بە هەڵە، کۆماری کوردستان بە "کۆماری مەهاباد" ناو دەبن، یان تۆمەتی بەستراوەیی بە یەکیەتیی سوڤیەتی وەپاڵ دەدەن، یان دەنا دامەزرانی کۆمار بە ڕێکەوت دەشوبهێنن:

**یەکەم**: "دەوڵەتی جمهوریی کوردستان" ناوی تەواوی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەیە کە لە ٢ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لەسەر دەستی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" دامەزرا. ناوهێنانی ئەو دەسەڵاتە بە کۆماری مەهاباد غەدرێکی گەورەیە لە کۆماری کوردستان و لە مێژوویی هاوچەرخی خەباتی سیاسی - نەتەوایەتی گەلی کورد و هەر لەجێدا ئەو کارە دەچێتە خانەی شێواندنی مێژووەوە. مێژوویەک کە زۆر لە ئێستای ئێمە دوور نییە. کاتێک لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" کە زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانە هەڵدەدەینەوە، لە هیچ لاپەڕە و ستوونێکدا باس لە "کۆماری مەهاباد" نەکراوە، بەڵکوو باس لە "دەوڵەتی جمهوریی کوردستان" کراوە و ئەگەر چاویش بە پێکهاتەی کۆمار لە بواری بەشداریی خەڵکەوە دەخشێنین، دەبینین بەشداریی خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە ڕادەیەک دیار و بەرچاوە کە خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییە کە ئەو دەسەڵاتە سیاسی و نەتەوەییە هی هەموو گەلی کوردە، لە هەر شوێنێک و لە هەر بەشێکی کوردستان بێت. هەروەها ئەگەر چاو لەو بڕیارنامەیە بکەین کە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان ڕاگەیەندراوە و لە ٦ خاڵدا تەنزیم کراوە و بە پەسندی بیست هەزار کەس لە بەشدارانی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، گەیشتووە

ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پانۆڕامای مێژووی کۆماری کوردستان



ئا: ڕەحمان نەقشی

## ڕێوڕەسمی ئاڵاهەڵکردن

- ١٧ی دێسەمبەری ١٩٤٥ (٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤) بە بەشداری پێشەوا قازی محەممەد و هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەیان هەزار کەس لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە سەربانی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە شاری مەهاباد هەڵکرا.

- ١٩ی دێسەمبەری ١٩٤٥ (٢٨ی سەرماوەزی ١٣٢٤) کاتژمێر ٩ی بەیانی بە خوێندنەوەی سروودی قۆتابییانی کورد و ئەرمەنی و ئاسۆری و چەپڵەلێدان و شادی بە بەشداری بەرچاوی خەڵکدا ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە شاری نەغەدە هەڵکرا.

- ٢٨ی دێسەمبەری ١٩٤٥ (٧ی بەفرانباری ١٣٢٤) کاتژمێر ٨ی بەیانی ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵا بە بەشداری حاجی بابە شێخ و کۆمەڵانی بێ وێنەی خەڵک بە خوێندنەوەی سروود و مۆسیقا لە سەربانی قەڵای شاری بۆکان هەڵکرا.

- ٢٤ی دێسەمبەری ١٩٤٥ (٣ی بەفرانباری ١٣٢٤) کرانەوەی قۆتابخانە بۆ فێرکردنی وتنەوەی وانە بە زمانی زگماکی کوردی و لە زمانی بێگانەکاندا تەنیا زمانی ڕووسی دەوترایەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- ٢ی ژانویەی ١٩٤٦ (١٢ی بەفرانباری ١٣٢٤) کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان و پەسندکردنی چەند بڕیاری گرینگ بۆ بە کوردی کردنی خوێندن لە قۆتابخانەکانی کوردستان.

### بەشێک لە ڕووداو و کار و تێکۆشانی سەردەمی کۆماری کوردستان

- ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) لە کۆبوونەوەیەکی پان و بەریندا کە نوێنەرانی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان تێیدا بەشدار بوون لە چوارچرای شاری مەهاباد بە فەرمی کۆماری کوردستان ڕاگەیاندرا.

- ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) کارێکی سەمبولێک کە بۆ یەکەم جار لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز (١٧ی دێسەمبەری ١٩٤٦) ڕوویدا هەڵکردنی ئاڵا بوو کە لە ٢ی ڕێبەندان لە مەهاباد ڕەسمییەتی پێ درا و لە پاشان لە شار و گوندەکانی کوردستان دووپات کرایەوە.

- ٢٣ی ژانویەی ١٩٤٦ (٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) بۆ نیشاندان و وەفاداری (بەیعەت) هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرۆککۆمار پێشەوا قازی ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە شەقامی وەفایی لە مەهاباد بەڕێوە چوو.

- ٢٣ی ژانویەی ١٩٤٦ (٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) کۆبوونەوەی وەزارەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگە.

- ٢٤ی ژانویەی ١٩٤٦ (٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) ئاهەنگێک بۆ جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆککۆمار پێشەوا قازی بۆ ئەفسەران و پێشمەرگەکانی هێزی ناوەندی دیموکراتی کوردستان لە پێشمەرگە خانەی هێزی دیموکراتی کوردستان.

- ٢٥ی ژانویەی ١٩٤٦ (٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) ئاهەنگی بەرپرسانی ڕاگەیاندن بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان و ناساندنی پێشەوا قازی بە بەشدارانی ئەم ڕێوڕەسمە.

- ٢٦ی ژانویەی ١٩٤٦ (٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێک بە بەشداری پێشەوا قازی لە لایەن ئەندامانی شیرکەتی تەرەقی کوردستان و بەزازانی مەهاباد.

- ٢٦ی ژانویەی ١٩٤٦ (٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) بەڕێوەبردنی جێژنێکی گەورە لە لایەن کەلیمییەکانی شاری مەهاباد بە بۆنەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان.

- ٢٩ی ژانویەی ١٩٤٦ (٩ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ دا لە لایەن حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفتەدی جیژنێکی زۆر جوان بە شانازی پێشەوای کوردستان گیرا پاش وتارێکی زۆر لە لایەن سەید عەبدولعەزیز پیرۆزبایی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بنەماڵەی نەهری خوێندەوە.

- ١١ی فێوریەی ١٩٤٦ (٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) پێکهێنانی حکوومەتی کوردستان وهەیئەتی ڕەئیسەی میللی (کابینەی سەرۆک وەزیران) ئەو هەیئەتە لە ١٤ وەزیر پێکهاتبوو.

- ١٣ی فێوریەی ١٩٤٦ (٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) بڵاو کردنەوەی دوو بڕیاری کۆمەڵایەتی ڕەئیسی هەیئەتی میللی کوردستان:
١- ڕەدوو کەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە ٢- پرسەی مردوو بە ئەمری شەرعی ئیسلام بێ.

- ١٥ی فێوریەی ١٩٤٦ (٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لە گوندی بالانیش بە بەشداری گەلیک لە ئاغا و جووتیار و فەلاح دەورووبەری بالان و ورمێ.

- ٢٨ی فێوریەی ١٩٤٦ (٩ی ڕەشەممەی ١٣٢٤) بانگهێشتی مەلا مستەفا بارزانی و پێشوازی فەرمی لە لایەن پێشەوا قازی محەممەد بۆ شاری مەهاباد.

- ١ی مارسی ١٩٤٦ (١٠ی ڕەشەممەی ١٣٢٤) لە لایەن مامۆستایانی قوتابخانەی کچان کاتژمێر ٢ پاش نیوەڕۆ لە ساڵۆنی ئیدارەی فەرهەنگ جێژنیکی زۆر جوان بە بۆنەی پێکهاتنی ئاواتی چەندین ساڵەی نەتەوەی کورد و ناساندنی پێشەوا و سەربەخۆیی کوردستان بە بەشداری ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی شاری مەهاباد بەڕێوە چوو.

- ١٥ی مارسی ١٩٤٦ (٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٢٤) دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

- ٢٠ی مارسی ١٩٤٦ ٢٩ی ڕەشەممەی ١٣٢٤) نامەی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆککۆماری کوردستان بۆ سکرتێری گشتیی پارتیی کۆمۆنیستی ئازەربایجان میر جەعفەر باقرۆف لە سەر هەلومەرجی هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندی ئێران.

- مارسی ١٩٤٦ (خاکەلێوەی ١٣٢٥) بڵاوکردنەوەی گۆڤاری کوردستان ژمارە ٣ کە گۆڤارێکی ئەدەبی، مێژوویی و کۆمەڵایەتی بوو (ژمارەکانی ١ و ٢ی ئەم گۆڤارە لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ دێسامبری ١٩٤٥ بڵاو کرابوونەوە).

- ٤ی ئەپریلی ١٩٤٦ (١٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٥) ڕێککەوتننامەیەک لەسەر چوونەدەر لەشکری سوور بە ئیمزای قەوام و سادچیکۆف بڵاو کرایەوە.

٢١ی ئەپریلی ١٩٤٦ (١ی بانەمەڕی ١٣٢٥) دامەزرانی دیوانی شەڕی هێزی دێموکرات و پەسەندکردنی یاسای سەزادانی کە لە ٩خاڵ پێکهاتبوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- ٢٣ی ئەپریلی ١٩٤٦ (٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥) پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان دوو حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە لایەن دوو هەیئەتی ڕەسمی بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی و جەعفەری پیشەوەری لە شاری تەورێز ئیمزا کرا.

- ٢٤ی ئەپریلی ١٩٤٦ (٤ی بانەمەڕی ١٣٢٥) وە ڕێکەوتنی ستوونێکی ئەرتەشی ئێران بۆ گەیاندنی چەک و تەقەمەنی و خواردن بۆ دوو پادگانی بانە و سەردەشت کە لە گوندی قاراوا لە گەڵ هێزەکانی بارزانی تووشی شەڕ بوون.

- ٢٥ی ئەپریلی ١٩٤٦ (٥ی بانەمەڕی ١٣٢٥) پێشەوای قازی سەرۆککۆماری کوردستان دەگەڵ سەرۆک وەزیر و باقی وەزیرانی ئازەربایجان و سەرانی فیرقەی دێموکرات چوونە شاە گۆلی و هێزی ئازەربایجانییان بە سەر کردەوە.

- ٢٧ی ئەپریلی ١٩٤٦ (٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥) پەسندکردنی یاسای سەزادان بەرامبەر بە ئەمرییەی ژمارە ١٦٠٧ - ٠٢٠١ ٢٥ی کۆمیتەی ناوەندی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) دیوانی شەڕی هێزی دێموکراتی پێکهات.

- ٢٨ی ئەپریلی ١٩٤٦ (٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥) سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی تێکەڵاوی ئازەربایجان و کوردستان بەسەرۆکایەتی پیشەوەری و قازی محەممەد بۆ تاران.

- ٢٩ی ئەپریلی ١٩٤٦ (٩ی بانەمەڕی ١٣٢٥) کورتەی نۆتقی پیشەوەری و پێشەوا لەکاتی سەفەر بۆ تاران لە فڕۆکەخانەی تەورێز.

- ٢٩ی ئەپریلی ١٩٤٦ (٩ی بانەمەڕی ١٣٢٥) هێرشی هێزی زەمینی و هەوای هێزەکانی ئێرانی بۆ سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات لە شاخی بیژنگ بە سەر، کەلی سەرا و کیوی بالومان. ئاکامی ئەو شەڕە بۆ بە هۆی تێک شکانی هێزەکانی دەوڵەتی.

- ٣٠ی ئەپریلی ١٩٤٦ (١٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥) بۆ یەکەم جار دەزگای ڕادیۆ کە پێیان دەگوت ئیستاسیۆنی ڕادیۆ لە ڕێوڕەسمی تایبەتدا بە وتاری پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد کرایەوە.

- ٢ی مای ١٩٤٦ (١٢ی بانەمەڕی ١٣٢٥) دوو نامەی ژێنەڕاڵ محەممەد ڕەشید خان، فەرماندەی هێزی بۆکان و ناوچە و بەرپرسی جەبهەی سەقز، لەسەر چۆنیەتی شەڕ و پێشنیارەکانی خۆی بۆ بەرپرچدانەوەی هێزی دوژمن بۆ پێشەوا قازی.

- ٥ی مای ١٩٤٦ (١٥ی بانەمەڕی ١٣٢٥) کۆبوونەوە پێشەوا قازی لە گەڵ هێندێک لە سەرانی عەشائیری مەنگوڕ، مامەش، زەڕزا، گەورک، دیبووکری، قەرەپاپاغ و ئەفسەرانی بیانی هێزی دێموکرات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- ٥ی مای ١٩٤٦ (١٥ی بانەمەڕی ١٣٢٥) بەشداری دەستەی نوێنەرایەتی کۆماری کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە ڕێوڕەسمی بەڕێ کردنی لەشکری سوور لە شاری تەورێزێ.

- ١٠ی مای ١٩٤٦ (٢٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥) لەشکری سوور هێزەکانی سۆڤییەت ئێرانی بەجێهێشت.

- ١٢ی مای ١٩٤٦ (٢٢ی بانەمەڕی ١٣٢٥) قەوام سەرۆک وەزیرانی ئێران هەیئەتی ئازەربایجانی تاوانبار کرد کە ئامادە نین پێشنیارەکانی دەوڵەتی ناوەندی قبووڵ بکا.

- ١٣ی مای ١٩٤٦ (٢٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥) وەفدی هاوبەشی کوردستان و ئازەربایجان بە سەر نەکەوتوویی لە تاران گەڕانەوە.

- ١٤ی مای ١٩٤٦ (٢٤ی بانەمەڕی ١٣٢٥) پیشەوەری گەڕایەوە تەورێز ڕایگەیاند کە دەوڵەتی ناوەندی داوای تەسلیم بوونی بێ شەرت و مەرج دەکا (قەیدو شەرت) لە ئازەربایجان دەکا.

- ١٦ی مای ١٩٤٦ (٢٦ی بانەمەڕی ١٣٢٥) ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری حکوومەتی کوردستان لە تاران گەڕایەوە مەهاباد.

- ٢١ی مای ١٩٤٦ (٣١ی بانەمەڕی ١٣٢٥) ئەبولقاسمی سەدری قازی لە میتینگێکدا لە مەهاباد ڕاپۆرتێکی دەربارەی وتووێژەکانی خۆیان لە تاران بۆ کۆمەڵانی خەڵک باس کرد.

- ٢١ی مای ١٩٤٦ (٣١ی بانەمەڕی ١٣٢٥) وتاری پێشەوا قازی محەممەد لەمیتینگی ئەو ڕۆژە دا بۆ سەران و سەرکردە و ژێنێنراڵ و مەزنانی کوردستان وبەشدارنی چەند هەزار کەسی کۆمەڵانی خەڵک.

- ٢٦ی مای ١٩٤٦ (٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥) دانیشتن و وتووێژی کار بەدەستانی ئێران لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری کوردستان بۆ پشگیری لە تێکهەڵچوون لە نێوان هێزەکاندا پێشنیاری ناوچەیەکی بێ لایەنی ٤کیلوومیتری لە سەقزەوە. بەرەو بانە و لەسەقزەوە بەرەو بۆکان.

- ٣١ی مای ١٩٤٦ (١٠ی جۆزەردانی ١٣٢٥) دەستنیشان کرانی مەلا مستەفا بارزانی وەکوو ژێنێڕاڵ لە سوپای کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەواقازی محەممەد سەرۆککۆماری کوردستان.

- ١٥ی جوونی ١٩٤٦ (٢٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥) پادگانی سەقز بە سەرکردەیی سەر لەشکر حاجی عەلی ڕەزم ئارا دەستی کرد



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە ئاگر بارانی هێزەکانی پێشمەرگەی دەوروو بەری شاری سەقز.

- ١٦ی جوونی ١٩٤٦ (٢٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥) چاوپێکەوتنی نێوان ڕەزم ئارا و پێشەوا قازی لە سەر ڕێکەوتنی 5ی جۆزەردان لە گوندی سەرای بۆکان و سەقز.

- ٢٠ی جوونی ١٩٤٦ (٣٠ی جۆزەردانی ١٣٢٥) هاشمۆف کونسۆلی سۆڤییەتی لە ورمێ چوو بۆ لای پێشەوا قازی لە گوندی سەرا.

- ٢٢ی جوونی ١٩٤٦ (١ی پووشپەڕی ١٣٢٥) وتووێژی پەیامنێری ئاژانسی فرانس پرێس لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەد سەرۆککۆماری کوردستان.

- ٢٩ی جوونی ١٩٤٦ (٨ی پووشپەڕی ١٣٢٥) قەوام سەرۆک وەزیرانی ئێران حیزبی دێموکراتی ئێران حیزبی دەوڵەتی خۆی دامەزراند.

- ٥ی جوولای ١٩٤٦ (١٤ی پووشپەڕی ١٣٢٥) کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی و تەواوی سەرکردە و کاربەدەستانی ئیدارات بۆ ئامادەکاری و پەروەردە و فێرکردنی (تەعلیمات)ی پێشمەرگە.

- ٥ی جوولای ١٩٤٦ (١٤ی پووشپەڕی ١٣٢٥) کاتژمێر ٨ی بەیانی محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری بەرگری و ژێنراڵ مایۆر مستەفا بارزانی دەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە بۆ سەردانی جەبهە وەڕێکەوتن.

- ٩ی جوولای ١٩٤٦ (١٨ی پووشپەڕی ١٣٢٥) لە سەر بانگهێشتنی فەرمی قازی محەممەد بۆ تاران، مەهابادی بەرەو تەورێز بە جێهێشت. پاش وتووێژ لە گەڵ کار بەدەستانی حکوومەتی ئازەربایجان و شوورەوییەکان، بە فڕۆکەیەکی شیرکەتی هەوایی سۆڤییەت بەرەو تاران وەڕێکەوتن.

- ٩ی جوولای ١٩٤٦ (١٨ی پووشپەڕی ١٣٢٥) بۆ جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنەکەی نوێنەرانی حکوومەتی کوردستان لە شارەکانی سەقز، بانە و سەردەشت وەزیری هێزی میللی کوردستان ژێنراڵ سەیفی قازی لە نامەیەکی ڕەسمی محەممەد نانەوازادە جێگری سیاسی وەزارەتی هێزی کوردستان بۆ ئەو کارە دانا.

- ١٠ی جوولای ١٩٤٦ (٢٠ی پووشپەڕی ١٣٢٥) جەولەی سەحرایی پێشمەرگەکانی هێزی ناوەندی کوردستان لە دەرەوەی شاری مەهاباد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- ١٣ی جوولای ١٩٤٦ (٢٣ی پووشپەڕی ١٣٢٥) حكوومەتی قەوام پێشەوا قازی محەممەدی بانگ كرد بۆ تاران بۆ وتوویژ لە سەر ڕێكخستنەوەی جۆری پەیوەندی دەوڵەتی ناوەندی و حكوومەتی كوردستان.

- ١٧ی جوولای ١٩٤٦ (٢٧ی پووشپەڕی ١٣٢٥) گەڕانەوەی پێشەوا قازی لە سەفەری تاران و پێشوازی گەرمی كۆمەڵانی خەڵك لە مەهاباد.

- ١٨ی جوولای ١٩٤٦ (٢٧ی پووشپەڕی ١٣٢٥) وتوویژی ڕۆژنامەی ڕەهبەر ئۆرگانی حیزبی تووده لە گەڵ پێشەوا قازی سەبارەت بە وتوویژەكانی لە گەڵ كار بەدەستانی تاران.

- ١٨ی جوولای ١٩٤٦ (٢٧ی پووشپەڕی ١٣٢٥) گەڕانەوەی پێشەوا قازی لە نێو بە پیلەوە هاتن و پێشوازی ئەندامان و كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموكراتی كوردستان و كار بەدەستانی حكوومەتی كە تا میاندوا و بە پیل بەڕێزیانەوە هاتبوون و هەروەها لە لایەن خەڵك و ژمارەیەكی زۆر لە عەشیرەتەكان و گوندنشیینەكان كە هەستی خۆیان دەردەبڕی و گوڵبارانیان دەكرد گەیشتەوە مەهاباد ".

- ٢٦ی جوولای ١٩٤٦ (٤ی گەلاوێژی ١٣٢٥) وتاری پێشەوای قازی محەممەد لە كاتێكدا خۆی ئامادە كردبوو بۆ سەفەری ورمێ و دیداری لە گەڵ قەواموسەڵتەنە و باس لە سەر هەڵومەرجی كوردستان بۆ ژمارەیەكی زۆر لە ئاغایانی مامەش و زەڕزا و ئەندامانی حیزبی دێموكراتی كوردستان و ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی شار.

- ٢ی ئاگۆستی ١٩٤٦ (١١ی گەلاوێژی ١٣٢٥) سێ كەس لە بەڕێوەبەرانی حیزبی توودەی ئێران بوون بە وەزیری كابینەی قەوام (ئیرەج ئەسكەندەری، د.فیرووز كەشاوەرز، مورتەزا یەزدی).

- ٢ی ئاگۆستی ١٩٤٦ (١١ی گەلاوێژی ١٣٢٥) تێلێگرافی پێشەوا قازی بۆ ڕێبەرانی حیزبی دێموكراتی ئێران، حیزبی توودەی ئێران، حیزبی ئێران و فیرقەی دێموكراتی ئازەربایجان ئامادەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی بۆ بەرە دەگەڵ هێزە ئازادیخوازەكان ڕاگەیاند.

- ١٥ی سێپتەمبەری ١٩٤٦ (٢٩ی گەلاوێژی ١٣٢٥) دیداری پێشەوا قازی محەممەد سەرۆككۆماری كوردستان لەگەڵ ئارچیباڵد ڕوزڤێلت بەرپرسی هەواڵگری سەفارەتی ئەمریكا لە تاران لە شاری مەهاباد.

- ٢١ی سێپتەمبەری ١٩٤٦ (١٣ی خەرمانانی ١٣٢٥) سەردانی قەدری جەمیل پاشا وەكوو نوێنەری پارتی دێموكراتی كوردی سوورییە لە شاری مەهاباد و دیدار و چاوپێكەوتنی لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەد و كاربەدەستانی كۆماری كوردستان و نزیك حەوتوویەك لە مەهاباد بووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- ٢٣ی نۆڤەمبەری ١٩٤٦ (٢ی سەرماوەزی ١٣٢٥) زەنجان بە تەواوی کەوتە دەستی دەوڵەتی ناوەندی و هێزەکانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان کە لە زەنجان بوون چووکترین بەربەرەکانی یان لە خۆیان نیشان نەدا.

- ٣ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (١٢ی سەرماوەزی ١٣٢٥) ڕێکخراوی حیزبی توودە لە"زیراب" مازەندەران بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی دەست پێ کرد.

- ٥ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (١٤ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لە سەر پێشنیاری پێشەوا قازی شوورای شەڕ بە بەشداری ١٠ کەس و سەرۆکایەتیی خودی پێشەوا بڕیاری بەربەرەکانی بەرامبەر بە ئەرتەشی دەوڵەتی ناوەندی درا.

- ٦ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٥) بانگهێشتی سەرۆکەکانی عەشایر و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و گەورە پیاوان بۆ ڕاوێژ و بڕیاردان و دوا هەڵوێست بە رامبەر هاتنەوەی ئەرتەش و دەسەڵاتی ئێران لە مزگەوتی هەباس ئاغای مەهاباد.

- ١٠ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (١٩ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لە شارەدێی خۆجامیر لە نزیک مەراغە کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان پێکهات. دواجار و بڕیار درا بۆ پێشگرتن لە پێشڕەوی هێزەکانی ئەرتەشی ئێران هێزەکانی ئازەربایجان و کوردستان ئامادەی بەرگری و خۆڕاگری بن.

- ١١ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٠ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لە تەوریز شورای شەڕ پێکهات بوو، بەڵام تووشی ڕاڕایی و سەرلێشوان و لە سەر بڕیارێکی ڕوون ساخ نەبوونەوە.

- ١٢ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لەشکری دەوڵەتی ناوەندی گەیشتە شاری تەوریز واتە ڕاست ساڵێک پاش پێکهاتنی حکوومەتی میللی ئازەربایجان.

- ١٢ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٥) فەرمان درا بە هێزەکانی پێشمەرگە لە جەبهەکانی سەقز، بانە و سەردەشت بکشێنەوە و ڕێ بۆ ئەرتەش چۆڵ بکەن.

- ١٤ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٣ی سەرماوەزی ١٣٢٥) هێندێک کەس لە پیاوە ناسراوەکانی مەهاباد بە تایبەتی ئەوانەی دژی کۆماری کوردستان بوون لە گەڵ چەند سەرۆک عەشیرەتێک چوون بۆ پێشوازی لەشکر و وەفاداری خۆیان لە لایەن شاری مەهابادەوە بە سەرتیپ هۆمایوونی ڕاگەیاند (لەنێو ئەوانەدا میزا ڕەحمەتی شافعی،شێخ حەسەن شەمسی بورهانی و عەلی ئاغای ئیلخانی زادە)



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- ١٤ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٣ی سەرماوەزی ١٣٢٥) زۆر لە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات چوون بۆ ماڵی پێشەوا قازی بۆ ئەوەی پێکەوە دوا بڕیاری خۆیان بۆ مانەوە یان دەرباز بوون لە بەرامبەر لەشکری دەوڵەتی ناوەندی ساخ بینەوە.

- ١٥ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٤ی سەرماوەزی ١٣٢٥) بەشێک لە کار بەدەستانی فیرقەی دێموکرات ئاشبەتاڵیان کرد و بەڕەسمی تەسلیم بوونی خۆیان ڕاگەیاند. بەشێک دیکە لە ڕێبەرانی ئازەربایجان بڕیاری دەست نەکردنەوەیاندا، پیشەوەری لە سەر کار لادرا و بە پێچەوانەی ویستی خۆی برا بۆ سۆڤییەت.

- ١٥ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٤ی سەرماوەزی ١٣٢٥) ئەسئوف نوێنەری بازرگانی سۆڤییەت مەهابادی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ کۆنسوولگەی سۆڤییەت لە ورمێ.

- ١٦ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٥ی سەرماوەزی ١٣٢٥) مەلا مستەفا بارزانی بۆ دوا جار چاوی بە پێشەوا قازی کەوت و داوای لێ کرد لەگەڵیان بڕوا ئەوانیش ئامادەن لە ژێر ئەمری پێشەوا دابن بەڵام پێشەوا مانەوەی لە نێو خەڵک دا هەڵبژارد.

- ١٦ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٥ی سەرماوەزی ١٣٢٥) پێشەوا قازی بە تەلیفون قسەی لە گەڵ سەرتیپ هۆمایونی کرد خۆی و حاجی بابا شێخ و سیفی قازی چوون بۆ پێشوازی سەرتیپ هۆمایوونی.

- ١٧ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لەشکری دەوڵەتی ناوەندی ئێران بە هاوکاری بەشێک لە عەشایر شاری مەهابادییان داگیر کرد واتە ڕاست پاش ساڵێک کە بە چەککردنی شارەوانی مەهاباد خەڵک خۆی دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە گرتبوو.

- ٣٠ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (٩ی بەفرانباری ١٣٢٥) دادگای ڕەواڵەتی و ناعادلانەی هەر سێ قازی پێکەوە دەستی پێی کرد ئەو دادگایە نهێنی بوو، نەیان دەهێشت کەس بزانێ چی لە دادگا ڕوودەدا.

- ٩ی ژانویەی ١٩٤٧ (١٩ی بەفرانباری ١٣٢٥) پێشەوا قازی بۆ خۆی داکۆکییەکی ڕێک و پێک و ئازایانەی کرد کە ١٤ کاتژمێری خایاند و هەموو تاوانەکانی دادگای فەرمایشیی لەشکری شای ڕەد کردەوە.

- ٢٣ی ژانویەی ١٩٤٧ (٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٥) واتە ساڵێک و ڕۆژێک پاش ئەوەی بە سەرۆککۆماری کوردستان هەڵبژێرا پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان و محەممەد حوسێن سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی مەحکووم بە ئێعدام کران.

- ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ی (١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦) پێشەوا قازی محەممەد: یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان محەممەد حسێن خانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەیفی قازی: جێگری سەرۆككۆمار و وەزیری هێزی بەرگری كۆماری كوردستان و ئامۆزای پێشەوا قازی، ئەبولقاسمی سەدری قازی: نوێنەری خەڵكی مەهاباد و دەوروبەری لە پاڕلمانی ئێران، نوێنەری حكوومەتی كوردستان لە تاران و برای بچووكی پێشەوا قازی محەممەد لە چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران.

## ناساندنی كابینەی كۆماری كوردستان

- پێشەوا قازی محەممەد: سەرۆككۆماری كوردستان، قازی محەممەد كوڕی قازی عەلی, كوڕی میرزا قاسم قازییە. ڕابردووی ئەو بنەماڵەیە لە شاری سابلاغ بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نە تەنیا لەلای خەڵك بەڵكوو لە لایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حكوومەتییش جێگەی ڕێز و تەقدیر بوون.

- حاجی بابە شێخ سیادەت: سەدری هەیئەت ڕەئیسە (سەرۆك وەزیر) خەڵكی شاری بۆكان بوو، لە كاتی ڕاگەیاندنی كۆماری كوردستان دا تەمەنی ٦٨ ساڵ بوو. بەڕێزیان لە بنەماڵەی سەیدەكانی زەمبیل بوو و لە كارو باری شەرعیدا زۆر زانا و كارامە بوو . لە هەستان و دانیشتنی گشتیدا لە گەڵ خەڵك باش دەجووڵاوە. ئەندامی "ژ.ك" نەبوو، لە ساڵی ١٣٢٤ لە گەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی حیزبی دێموكرات كەوت.

- محەممەد حوسێنی سەیفی قازی: وەزیری بەرگری، جێگری سەرۆككۆماری، ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حیزب ئامۆزای خوالێخۆشبوو قازی محەممەد. دڵخوازانە ببوو بە ئەندامی "ژ.ك" فەرماندەیی ئەرتەشی نەتەوەیی كوردستانی بە ئەستۆوە بوو. بەڕێزیان كەسێكی زۆر گەرم بوو و بوێری و ئازایی لە باوكی سەیفولقوزات شاعیری شۆڕشگێڕی كورد بۆ بە میرات بە جێ مابوو.

- مەنافی كەریمی: وەزیری فەرهەنگ، ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حیزب ٢٥ ساڵە لە ئەندامانی "ژ.ك"، یاریدەری قازی محەممەدی لە كارو بارەكانی لە مەڕ كۆمیتەكانی حیزبی لە ئەستۆوە بوو.

- محەممەد ئەمین مۆعینی: وەزیری ناخۆی، ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حیزب نزیكییەكی زۆری لەگەڵ بازرگانانی سۆڤییەت لە تەورێز هەبوو و جێی باوەڕ و دڵنیایی ئەوان بوو.

- سەید محەممەدی ئەیووبییانی مەركەزی (تەها زادە): وەزیری تەندروستی، ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حیزب لاوێكی سی ساڵە بوو و بۆ خۆی خۆی پێگەیاندبوو و لە ئەندامانی لە مێژینەی كۆمەڵەی "ژ - ك" بوو.

- عەبدولڕەحمانی ئیلخانی زادە (موهتەدی): وەزیری كاروباری دەرەوە لە خاوەن موڵكانی بە دەستەڵاتی شاری بۆكان، خوێندنی ئایینی زۆر باشی هەبوو یەكێك لە ئەندامانی هەڵكەوتووی "ژ.ك" بوو، تەمەنی نزیك ٣٥ ساڵ دەبوو و لە پێناو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"ژ - ک" دا چەرمەسەرییەکی زۆری کێشابوو.

- سمایل ئاغای ئیلخانی زادە: وەزیری ڕێگاوبان تەمەنی ٣٥ ساڵ بوو کوڕی مەحموود ئاغای ئیلخانی زادە ، لە بنەماڵە بە دەسەڵاتەکانی شاری بۆکان بوو. لە ساڵی ١٩٤٤ دا بوو بە ئەندامی "ژ - ک".

- ئەحمەدی ئیلاهی: وەزیری بازرگانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب تەمەنی ٤٠ ساڵ بوو، لە سەرەتای دامەزرانی "ژ - ک" دا بوو بە ئەندام شارەزایەکی باشی هەبوو لە سەر پرسی ئابووری.

- خەلیلی خوسرەوی: وەزیری کار ٣٨ ساڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە ئەندامانی ژ - ک بوو، لە سەرەتاوە کە تەشکیلاتی حیزب بە تەواوی نهێنی بوو زۆربەی دانیشتنەکان لە ماڵی بەڕێزیان دەکران.

- کەریمی ئەحمەدەین: وەزیری پۆست و تێلێگراف، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ٤٠ ساڵان بوو، لە ساڵی ١٩٤٥دا بوو بە ئەندامی "ژ - ک".

- حاجی مستەفای داوودی: وەزیری ئابووری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ٥٥ ساڵان لە بنەماڵە ناسراوەکانی مەهاباد بوو، لە ساڵی ١٩٤٥ دا ئەندامەتی " ژ - ک "ی پەژراند، لە تەجارەت و سەودا و مامڵە دا زۆر زانا وئاگای لە مەسەلەکانی ڕۆژانە بوو.

- مەلا حوسێنی مەجدی: وەزیری دادپەروەری ٦٥ ساڵان خوێندەوارترین و بەنێو بانگترین پیاوی ئایینی بوو و ئیعتبار و بایەخی دینی و قەزایی زۆر بەرزی هەبوو.

- مەحموودی وەلیزادە: وەزیری کشتوکاڵ ٢٣ ساڵان مەدرەسەی بەرزی کشتوکاڵی کەرەجی تەواو کردبوو، لە ساڵی ١٩٤٣دا بوو بە ئەندامی ژ.ک، لە کاروباری کشتوکاڵ دا خاوەن ڕا بوو.

- سەدیقی حەیدەری: وەزیری ڕاگەیاندن (تەبلیغات) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە دامەزرێنەرانی ژ - ک، لە کاروباری حیزبیدا زۆر چالاک بوو و لە پێناو ئازادی کوردستاندا زەحمەتی زۆری کێشا.

## شەهیدانی کۆماری کورستان

- خۆشەوی خەلیل مزووری: ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥ (١٥ی جوونی ١٩٤٦) لە پێشمەرگەکانی هێزی لکی بارزانی لە شەڕێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قارەمانانەدا لە گەڵ ئەرتەشی ئێران لە جەبهەی سەقز لە گەڵ ١٠ پێشمەرگەی دیکە بریندار دەبێ وسەرەڕای ئەوەی دەگەیێندرێتە نەخۆشخانە لە تەوریز دوای چوار ڕۆژ شەهید دەبێ.

- محەممەدی نانەوازادە: ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٢٥ (١٦ی جووڵای ١٩٤٦) سەرپۆلی ٢ جێگری سیاسی وەزارەتی هێزی کۆماری کوردستان لە کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە لە نێزیک کەلیخان نێوان بانە و سەقز.

## شەهیدانی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە شاری سەقز

- عەلی بەگی شێرزاد: ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ (١٥ی فێوریەی ١٩٤٧) (عەلی بەگی یەکشەوە) یەکێک لە خاوەن مڵکانی گوندی یەکشەوە و فەرماندەرانی هێزی چڵی ٥ی ناوەندی هێزی کۆماری کوردستان سەر بە عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی لە ناوچەی بۆکان لە تەنیشت حەوزی بۆکان لە سێدارە درا.

– **شێخ ئەمینی ئەسعەدی:** ٢٥ی ڕەشەممەی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (شێخ ئەمینی کەسنەزان) خاوەن مڵکی گوندی "کەس نەزان"ی سەقز، ئامۆزای شێخ سدیقی ئەسعەدی.

– **شێخ سدێقی ئەسعەدی:** ٢٥ی ڕەشەممەی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) شێخ سدێقی یازی بولاغی خاوەن مڵکی گوندی "یازی بلاغی" سەقز، ئامۆزای شێخ ئەمینی کەسنەزان.

– **عەلی ئاغای جەوانمەردی:** ٢٥ی ڕەشەممەی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (عەلی ئاغای تەمووتە) خاوەن مڵکی گوندی "تەمووتە" و لە هۆزی گەورکی سەقز.

– **ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی:** ٢٥ی ڕەشەممەی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (ڕەسووڵ ئاغاتی میرەدێ) خاوەن مڵکی گوندی "میرەدێ" و لە هۆزی گەورکی سەقز.

– **ئەحمەد خانی شەجیعی:** ٢٥ی ڕەشەممەی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (ئەحمەد خانی کەڵتەگە) خاوەن مڵکی گوندی "کەڵتەگە"ی سەقز و لە بەرەبابی ڕەشید خانی شەجیع ولسەلتەنەی عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی.

– **عەلی خانی فاتیح:** ٢٥ی ڕەشەممەی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (عەلی خانی قەلەندەر) خاوەن مڵکی گوندی "قەلەندەر"ی سەقز لە بەرەبابی حاجی حەمە حەسەن بەگی عەشیرەتی فەیزولابەگی.

– **حەسەن خانی فەیزوڵڵابەگی:** ٢٥ی ڕەشەممەی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (حەسەن خانی کانی نیاز) خاوەن مڵکی گوندی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کانی نیاز"ی سەقز لە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی.

– **محەممەد خانی دانیشوەر:** ٢٥ی ڕەشەممەی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) خاوەن مڵکی گوندی "ئاڵکەلوو"ی سەقز و یەکێکی دیکە لە کوڕانی خەلیل خانی فەیزوڵڵابەگی سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربگە و برای ئەحمەد خانی فارۆقی لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی.

– **محەممەد خانی فەیزوڵڵابەگی:** ٢٥ی ڕەشەممەی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (محەممەد خانی باباخان بەگ) خاون مڵکی گوندی "قارەوا چکۆڵە"ی سەقز سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی.

**عەبدوڵڵا خانی مەتین:** ٢٥ی ڕەشەممەی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (عەبدوڵڵا خانی داشاڵووجە) خاون مڵکی گوندی"داشاڵووجە"ی سەقز و یەکێکی دیکە لە کوڕانی خەلیل خانی فەیزوڵڵابەگی سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربگە و برای ئەحمەدخانی فارۆقی و محەممەد خانی دانیشوەر و لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی بوو.

– **ئەحمەد خانی فارۆقی:** ٢٥ی ڕەشەممەی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (سالار سەدر) موعاوینی هێزی بۆکان و ناوچە.

شەهید ئەحمەدی فارۆقی، کە بە "ئەحمەد خانی خەلیل خان" یان بە ناوی گوندەکەیەوە بە "ئەحمەد خانی قیلەسوون" دەناسرا و لە بنەماڵەی فەیزوڵڵا بەگی بوو.

ئەحمەد خانی فارۆقی و دوو برای شەهیدی عەبدوڵڵا خانی مەتین (عەبدوڵڵا خانی داشاڵووجە) و محەممەد خانی دانیشوەر (محەممەد خانی ئاڵکەلوو) لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەد ، سەدری قازی و سەیفی قازی خاڵۆزا و پوورزا بوون.

## شەهیدانی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد

– **پێشەوا قازی محەممەد:** ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦(٣٠ی مارسی ١٩٤٧) یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان لە چوارچرای شاری مەهاباد.

– **محەممەد حسێن خانی سەیفی قازی:** ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦(٣٠ی مارسی ١٩٤٧) جێگری سەرۆک کۆمار و وەزیری هێزی بەرگری کۆماری کوردستان و ئامۆزای پێشەوا قازی.

– **ئەبولقاسمی سەدری قازی:** ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦(٣٠ی مارسی ١٩٤٧) نوێنەری خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پارلمانی ئێران، نوێنەری حکوومەتی کوردستان لە تاران و برای بچووکی پێشەوا قازی محەممەد.

– **عەبدوڵڵای ڕەوشەنفێکر:** ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئەپریلی ١٩٤٧) (عەبدوڵڵای خدر حەیرانێ) لە ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە سێدارە درا.

– **ڕەسووڵی نەغەدەیی:** ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئەپریلی ١٩٤٧) لە مەهاباد لە سێدارە درا.

- محەممەدی نازمی: ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئەپریلی ١٩٤٧) لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان لە گەڵ سێ هاوڕێی دیکەی لە مەهاباد لە سێدارە درا.

– **حامیدی مازووچی:** ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئەپریلی ١٩٤٧) لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان و فەرماندەی دیژبانیی ناوەندی مەهاباد لە سابڵاغ لە سێدارە دران.

## ئەفسەرانی شەهیدی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە لایەن حکوومەتی عێراق

– **عێزەت عەبدولعەزیز:** ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی جوونی ١٩٤٧) سەرپۆلی ٢عێزەت عەبدولعەزیز و چاوپێکەوتنی سەر لەشکر ڕەزم ئارا دوای سەرکەوتنی هێزی کوردستان لە شەڕی قارەوا.

– **مستەفا خۆشناو:** ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی جوونی ١٩٤٧) سەرپۆلی ٢ فەرماندەی لکی ١ی هێزی بارزانییان لەسەردەمی کۆماری کوردستان.

– **محەممەد قودسی:** ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی جوونی ١٩٤٧) (کاپیتان) محەممەد مەحموود قودسی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە زۆر بۆنە و ڕێوڕەسمی فەرمیدا بە نوێنەرایەتی ژێنێڕاڵ مایۆر مەلا مستەفای بارزانی وتەی پێشکەش کردوە و هەر وەها یەکێک لە نووسەرە چالاکەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بووە.

– **خەیرۆڵڵا عەبدولکەریم:** ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی جوونی ١٩٤٧) مایۆر (سەرلک) لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان.
چالاکوان و تێکۆشەرانی کۆچ کردووی سەردەمی کۆماری کوردستان

## تێکۆشەرانی کۆچ کردووی سەردەمی کۆماری کوردستان

- ساڵی ١٩٥٤ حاجی سەید بابە شێخی سیادەت: ڕەئیسی هەیئەتی ڕەئیسەی میللیی (سەرۆک وەزیر)کۆماری کوردستان لە دێی تورجان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- ساڵی ١٩٦٨ دڵشادی ڕەسووڵی: جێگری وەزیری فەرهەنگ لە کۆماری کوردستان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆنگرە یەکەم، لە باشووری کوردستان.

- ٢ی ئەپریلی ١٩٧٣ حوسێنی زێرینگەران (حوسێنی فرووهەر): ئەندامی ژمارە ١ی کۆمەڵەی ژێکاف و ئەفسەر و چالاکێکی هێزی دێموکرات بووە لە تاران لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا نێژراوە.

- ٢٧ی فێوریەی ١٩٧٩ سەید محەممەدی حەمیدی: نووسەر و ڕووناکبیرێکی سەردەمی کۆماری کوردستان سەر نووسەری ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەر نووسەری گۆڤاری «کوردستان» لە شاری سنە.

- ١ی مارسی ١٩٧٩ مەلا مستەفا بارزانی یەکێک لە ژنراڵە گەورەکان و چالاک لە سەردەمی کۆماری کوردستان و سەرۆکیپارتی دێموکراتی کوردستان.

- ١٨ی ئەپریلی ١٩٨٦ مامۆستا هێمن: چالاکوانی سەردەمی کۆمار و ئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کورد (ژ - ک) ئەندامی ئیفتخاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات، تێکۆشەر و شاعیری ناوداری کورد لە شاری ورمێ.

- ١٥ی جووڵای ١٩٨٦ محەممەدی یاهوو: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەم، نووسەر و لە کار بەدەستانی پایە بەرزی کۆماری کوردستان لە شاری تاران.

- ١٢ی ژانویەی ١٩٨٨ محەممەد ئەمین ئەحمەد میرزا مەنگوڕی: جێگری فەرماندەی هێزی بۆکان لە سەردەمی کۆماری کوردستان, شاعیر و نووسەری بە توانا.

- ٢١ی فێوریەی ١٩٩١ مامۆستا هەژار (عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی): ئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کورد (ژ - ک) چالاک لە سەردەمی کۆماری کوردستان شاعیر، مێژوونووس و وەرگێڕی بە توانا لە شاری مەهاباد.

- ٩ی نۆڤەمبەری ١٩٨٨ میرحاج ئەحمەد تاهیر ئاکرەیی: سەرپۆلی ٢ فەرماندەی لکی ٢ی هێزی بارزانییان و بازڕەسی جەبهەی سەقز لە سەردەمی کۆماری کوردستان و یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەری پارتی لە شاری بەغدا.

- ٩ی مای ١٩٩١ ڕەحیم سەیفی قازی: فەرماندەی چلی ٢، لە پۆلی ٣ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. و ئەندامی چالاک لە سەردەمی کۆماری کوردستان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات لە باکوو پێتەختی ئازەربایجان.
- ٢٥ی دێسەمبەری ١٩٩١ محەممەد ئەمین مۆعینی: وەزیری ناوخۆی کۆماری کوردستان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب کۆنگرەی یەکەم، و باوکی سێ شەهید مۆعینییەکان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- ٢٢ی مارسی ١٩٩٢ مەلا قادری مودەڕەسی: ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانی کورد و بەرپرسی "چاپخانەی کوردستان" لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

- ١٧ی فێوریەی ١٩٩٨ مینا خانم قازی: ژنە تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری کورد، خێزانی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆککۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد.

- ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١ کەریم حیسامی: ساڵی ١٩٤٤ بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کورد. ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکرات، نووسەر و وەرگێڕ بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەی مێشک لە ستۆکهۆڵمی سوئێد.

- ٣١ی مارسی ٢٠٠٣ مەناف کەریمی: وەزیری فەرهەنگی کوردستان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکرات، دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ سەفەری باکوو، جێگری قازی محەممەد بۆ کار و باری کۆمیتەکانی حیزبی.

- ٦ی فێبریوێری ٢٠٠٩ عەبدولقادری دەباغی (مامەقالە): ئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کورد (ژ - ک) تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات نووسەر، وەرگێڕ و نیشتمانپەروەر لە شاری لەندەنی بریتانیا.

- ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩ حاجی مارف ڕەشیدی: پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستان، بەشدار لە شەڕی ئاواییەکانی "قارەواو مامەشا، لە شەڕی گەورەی گوندی "قارەوا" بریندار بووە. باوکی شەهید سەڵتەنە ڕەشیدی" لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات.

- ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٠سەید عۆبەیدوڵڵای ئەیووبییان: نووسەر، زمانناس و لێکۆڵەری ناوداری کورد و دواین یادگاری کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد.

**سەرچاوەکان:**

١) چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی) شەهید د. قاسملوو .

٢) حکوومەتی کوردستان) لە نووسینی نەوشیروان مستەفا ئەمین.

٣) ماڵپەڕی وێنەی کۆماری کوردستان (بەرێز حەسەن قازی).

٤) ڕۆژنامەی کوردستان.

ای ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕۆڵی کۆماری کوردستان لەسەر ناسیونالیزمی کورد




**ئەلبورز ڕۆئین تەن**

ئەندرو وینست کاتێک باس لە ناسیۆنالیزم دەکات دەڵێ "ئەگەر داوای حاکمییەتی ئاشتی و داد لە سیستەمی جیهانی دەکەین، دەبێ نەتەوەکان ئازاد، سەربەخۆ و پارێزراو لە هەڕەشەی دەرەکی بن." ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە لە دو سەدەی ڕابردووە لە مەڕ ئازادیی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەدوێن لەژێر ناوی ناسیۆنالیزم دەردەکەون کە تا ئێستاش ئایدیایەکی زیندوویە و باسێکی جیدی ئاکادیمی و جێگای سەرنج و لێکۆڵینەوەیە.

ناسیۆنالیزمی کوردیش وەک ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت و لە دۆخی خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی و تێکۆشان لە زۆر ڕووە جێگای سەرنجە: یەکەم بۆ تێگەیشتن لە دۆخی سیاسیی کورد و پرسی کورد و هەروەها ئەو ناکۆکی و ئاڵۆزییەی لە ناوچەدا هەیە. دووەم بۆ باشتر تێگەیشتن لە هۆکار و ئاکامی خەباتی بێوچانی نەتەوەیی کورد. شەن و کەوی ناسیۆنالیزمی کورد لە زۆر ڕوانگەوە شایانی تێرامانە، هەبوونی نەتەوەیەکی ئازادی لێزەوتکراو و خاک لێداگیرکراو کە بەردەوام لەژێر هەڕەشەی دەوڵەتانی دەوروبەردا بووە لەلایەک، تایبەتمەندییە مێژوویی و جوغرافیای و ناسنامەی شوناسی کورد لە لایەکی دیکە. هەروەها دۆخی ئێستا و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەپەرستیی کورد سەڕەرای هەموو ئەو هەڕەشانەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردی لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەیە باسی وردی لێکۆڵینەوەیی لە پرسی کورد و ناسیۆنالیزمی کوردین.

کاتێک باسی بنەوانی ناسیۆنالیزمی کوردیش دەکرێ تێڕوانینی جیاواز دێتە ئاراوە. هەبوونی پەیوەندیی مێژووی کوردی ئێستا بە ڕابردووی کۆنی شارستانییەتیەکانی میتانی و مادی، بەردەوامی دەسەڵاتی ناوچەیی لە ساتراپەکانی ساسانی، هەبوونی حکوومەتەکانی مەروانی و شەدادی و حەسنەویی ئەیوبیی سەدەکانی نێوەڕاست تا دەگاتە میرنیشنەکانی سەدەکانی نزیک و شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی مێژووی هاوچەرخ هەر یەک بە جۆرێک وەک بنج و بنەوانانی ناسیۆنالیزمی کوردی باسی لێوە دەکرێ. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی پێ دەگوترێ سیاسەت لەسەر بنەمای ناسنامەی جیاواز کە لەژێر هەڕەشەی لایەنەکانی دیکەدا بووە بەدرێژایی ئەو مێژووە هەر بەردەوام بووە، بۆیە هەبوونی زمان و کولتووری جیاواز و لە هەموو گرینگتر هەستی وەکیەکی هاوبەش لەنێو کوردەکان کارتێکەری زۆری لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد هەبووە کە وا دەکات بەشێکی لێکۆڵەران بیر لەوە بکەنەوە ناسیۆنالیزمی کورد بۆ مەم و زینی ئەحمەدی خانی بگەڕێننەوە کە داوای یەکیەتیی کورد بۆ سەربەستبوون و سەروەربوون دەکات تا لە ژێردەستەییدا نەمێنێ. دواتر شۆڕشەکانی مێژووی هاوچەرخ هەر یەکە و بە جۆرێک بۆ گەیشتن بەو ویستەی کە ئەحمەدی خانی بە نرخی فیداکردنی گیان و ماڵ بەگژ دەسەڵاتی ناوەندی چوون و ڕاسان بە دوای ڕاسان تا بە ئەمڕۆش بەردەوامە.

لێکۆڵەران لە لێکۆڵینەوەکانیان هەر یەک بە جۆرێک باس لە کاریگەریی هەر یەک لەو ڕووداو و شۆڕشانە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن، بەڵام یەکێک لەو ڕووداوە زۆر کاریگەرانە بە تایبەتی لە سەدەی بیستەم کە بە سەدەی دامەزراندنی دەوڵەت - نەتەوە و نەزمی ئێستاش دەناسرێ، کۆماری کوردستانە.

کۆماری کوردستان لە زۆر ڕووەوە جیاوازە، بەڵام یەکێک لە گرینگترینی ئەو جیاوازییانەی کە هەیەتی زیندووبوونی لە هزری کوردە تا بە ئێستاش. بێگومان لەوانەیە دەستکەوتەکانی کورد لە شۆڕشەکانی پێش کۆماری کوردستان و دواتریش لە کۆماری کوردستان زیاتریش بێ، بەڵام بە ئەندازەی کۆماری کوردستان نەیتوانیوە لە مێشکی نەتەوەی کورددا بچەسپێ و سەرچاوەی ئیلهام بۆ کورد بێت. شەن و کەوی هۆکارەکانی کە بۆچی کۆماری کوردستان تا ئەو ڕادەیە لە هزری کورددا زیندووە وەڵامێکیش دەبێ بۆ پرسیاری ڕۆڵی کۆماری کوردستان لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد.

بەشێکی بەرچاوی ئەو دەوڵەتانەی ئێستا هەن ئاکامی خەباتی نەتەوەکان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لە سەدەی بیستەمن. واتە بۆ سڕینەوەی هەڕەشەی نەمانی نەتەوەیەک دەوڵەت وەک قەڵغانێک لە نەزمی دونیایی ئێستا بە کار هاتووە و ئەوەش



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆتە هۆی ئەوەی دەوڵەتێکی زۆر لەسەر ئەو بنەمایە دابمەزرێنین. تەنانەت لەو شوێنانەی نەتەوەی جیاوز هەن بەڵام لە یەک دەوڵەتدا دەژین دەسەڵاتی دەوڵەتەکە لەژێر ناونیشانی جیاوازەوە دابەش کراوە. لە شوێنێک کە نەتەوە هەبووە بەڵام خاکێکی دیار کراو بۆ دامەزراندنی دەوڵەت نەبووە بە دیتنەوەی خاکی نوێ دەوڵەتی لە سەر دامەزراندراوە بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتە لەسەر ئەو خاکە نوێیە ئەو نەتەوەیە لە نەمان بپارزێ، وەک ئەوەی لە ئیسرائیلدا دەیبینین. بۆ کوردیش کە زۆر شۆڕش و خەباتی بەردەوامی هەبوون، تەنانەتە هەندێک جار کاتی دەسەڵاتداری و جوغرافیای ئەو دەسەڵاتدارییە چەندین بەرامبەی کۆماری کوردستان بووە هەیبوون، بەڵام پێکهاتەی دەوڵەتی وەک دەوڵەتێکی مودێرن وەک ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا باو بوو زیاتر لە کۆماری کوردستان دەبیندرێت. تەنانەت سەرۆککۆماری کوردستانیش کە لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا ئەو هەوڵە بە درێژەی شۆڕشەکانی پێش خۆی دەزانێ، بەڵام ئەو فۆرمەی کە کۆماری کوردستان هەیبوو، وەک هەبوونی حکوومەت، ئاڵا، هێزی جەنگاوەری نیشتمانی، دامودەزگای جیاوزی دەوڵەتداری، هەبوونی هزری کوردی بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەو دامودەزگایانە ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر کورتیش بێ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی داناوە کە نەوەکانی دواتر وەک حکوومەتێکی کوردی کە دەڵێ کورد دەبێ حوکمی خۆی بکات دەیناسێ.

بێگومان چۆنیەتی و چەندایەتیی ئەو دامودەزگایانە دەتوانێ جێگای باس بن، بەڵام ئایدیای لە پشت دامەزراندنیان زۆر گرینگتر لە چەندایەتی و چۆنیەتیی ئەو دامودەزگایانەن. بۆ نموونە لەوانەیە ئەوکات ژمارەیەک کەم خوێندەوار هەبووبێ کە توانیبێتیان ڕۆژنامە بخوێننەوە، یا لەوانەیە ئاستی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمار وەک یەکەم ئەزموون لە ئاستی چاوەڕوانیدا نەبێت. بەڵام هەر ئەوەی کە دەبێ ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی و دەزگای چاپی هەبێ، ئەوەندە بیرۆکەیەکی گەورەیە و کاریگەری هەیە کە ئێوە دوای هەشت دەیە خوێنەری وتاری من لە هەمان ڕۆژنامەن. یان لەوانەیە هێزی پێشمەرگە لەو کاتدا زۆر کەموکوڕی بووبێت، بەڵام ئەوەی کە دەبێ هێزی نیشتمانی لەژێر یەک ناودا دابمەزرێ ئەوەندە هزرێکی گەورەیە کە وا دەکات کاریگەریی ئەو ڕووداوە مێژووییە لە هزری کوردیدا بە بەرزی بمێنێ و هاندەریش بێ بۆ بەردەوامیی خەبات. زۆر نموونەی دیکە هەن کە شایەدی بۆ ئەو جیاوازییەی کۆماری کوردستان دەدەن و ئەوەش بایەخی ئەو کۆمارە لە ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی نیشان دەدات.

کۆماری کوردستان بە تەمەنێکی کەم و دەسەڵاتێکی دیاریکراو لە جوغرافیایەکی بچووک ئەو هەستەی کە کوردیش دەتوانێ خاوەن دەوڵەت بێت، لە هزری کورددا چەقاند و باوەڕبەخۆبوونێکی زۆری بە کورد دا. یەکێک لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی داگیرکەر ئەوەیە تاکی کورد بە کەمتر لە تاکی دیکە و کولتوورەکەی بە کولتووری دێ نیشان بدات. زمانەکەی بە دیالکتیکی شاخ نیشان بدات و فارسی قسەکردنەکەی بکاتە گاڵتەجاڕ و داب و نەریتەکەی بە نەریتێکی دواکەوتوو پێناسە بکات و لە ڕەسەنایەتی دووری بکاتەوە. هەمووی ئەوانە و بە سەدان بابەتی دیکە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی سیستماتیکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دژایەتیی نەتەوەیی بە تێچوویەکی زۆرەوە بەڕێوە دەبات تا کورد ئەو باوەڕبەخۆبوونەی نەمێنی و خۆی هاوشانی نەتەوەی سەردەست دانەنێت. هەر ئەوەش ئەو هان دەدات بۆ ئەوەی ویستەکانی کەمتر لە نەتەوەکانی دیکە بزانێ و ئەوەی بۆ فارس و عەرەب و تورک ڕەوایە بۆ خۆی بە حەرام دابنێت. بەڵام ڕووداویکی وەک کۆماری کوردستان بەدەر لە قەبارەکەی یا چۆنیەتیی توانیویەتی بەشێکی بەرچاوی ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی داگیرکەر بەرپەرچ بداتەوە و بڵێ ئێمەش دەوڵەتمان هەبووە و دەتوانین دەوڵەتمان هەبێت. هەروەک دەگێڕنەوە لە ڕۆژەکانی دوایی کۆماردا میرحاج، یەکێک لە بارزانییەکانی پێشمەرگەی کۆمار کە بەرەو نەغەدە دەکشایەوە هەواڵی شکانی کۆماری بە خەڵک داوە، بەڵام ورەی دانەبەزیوە. پێی دەڵێن بۆ وا بەورەی؟ گوتوویەتی ڕاستە کۆمار نەما، بەڵام ئێمەش وەک زۆربەی نەتەوەکانی دیکە دەڵێین کۆمارمان هەبووە و لەوان کەمتر نین. ئەوەی کە ئێستاش ئەو کۆمارە زیندوویە، ئەوەی کە کۆماری کوردستان وەک ڕووداوێکی شوێندانەر لە سەر ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی توانیویەتی خۆی بنوێنێ، هەبوونی ئەو ڕاستییەیە لە هزری تاکی کورد کە ئێمەش دەوڵەتمان هەبووە و، ئێمەش دەتوانین خاوەن دەوڵەت بین.

گرینگیی کارەکانی کۆمار نابێ بە هزری ئێستا یا بەراوردی کۆماری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتێکی ئاسایی هەڵبسەنگێنین، بەڵکوو پێویستە لە چوارچێوەی دۆخی ئەوکاتی کورد شی بکرێتەوە. ڕەزاشا بە تێرۆری سمکۆی شکاک و سەرکوتی شۆڕشەکەی ئەو کە ساڵانێکی زۆر بەردەوام بوو دەسەڵاتی خۆی لە تاران قایم کرد. دوای شایەتی و دامەزرانی دەوڵەتی ئێرانی نوێ لەسەر بنەمای فاشیستی تاک دەوڵەت - تاک میلەت، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سەرکوتی کورد و سڕینەوەی ناسنامەی کوردی دا، بە جۆریک لە هەموو ئەوانەی باسی کوردستانی سەردەمی ڕەزاشا و چۆنیەتیی سەرکوتی خەڵک دەکەن باس لە ترس و توقاندنی هێزەکانی حکومەتی ناوەندییە بە جۆریک کە جەندەرمەیەکی سادەی دەوڵەت کە بە عەجەم دەناسران دەیتوانی بێڕێزی بە گەورە و بچووکی شارێکی کوردستان بکات، لێیان بدات و لە زیندانی پەستێوێ، دواتریش بە بەرتیلێکی زۆر ئازادیان بکات و تەنانەت ئەوە چەندین جار دوبارە بکاتەوە. بەڵام هەر ئەو کوردستانە ژێردەستەیە لە یەکەمین دەرفەتدا کە بۆی هەڵدەکەوێ ڕێکخراو پێک دەهێنێ، وەک کۆمەڵەی ژێکاف و، دواتر پەرەی پێ دەدا بۆ حیزب و دواتریش کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێ و بڕیاری وا لە ئاستی بووژانەوەی لایەنە جیاوازەکانی نەتەوەیی دەدات کە تا ئەمڕۆش ئەو بڕیار و هێمایانەی کۆمار بەشیکی بەرچاوی ناسنامە سیاسەتی کوردین. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ڕۆڵی کۆماری کوردستان لەسەر ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی کە پێویستە زۆر بە بایەخەوە سەیر بکرێت. بۆیە هەموو ئەو هەوڵانەی ڕەزا شا بە درێژەی ساڵان بۆ سڕینەوەی کورد کردی بە دامەزراندنی کۆمار لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا نەک پوچەڵ کرانەوە، بەڵکوو بناغەی سەد ساڵی داهاتووشی بە شێوەیەک داڕشت کە کاریگەرییەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەردەکەوێ.

شەنوکەوکردنی هەموو لایەنە جیاوازەکانی ڕۆڵی کۆماری کوردستان لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی لە چوارچێوەی ئەو وتارەدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناگونجێ بەڵام وەبیرهینانەوەی گەورەیی کۆماری کوردستان لە ئەوکات و ئێستادا هەبوونی پێگەی تایبەتییەکەی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی لە ساڵیادی دامەزراندنی کۆماردا وەک بچووکترین ئەرک پێویستە، بەڵام لە وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییەشدا نابێ ڕاستیی دیکەمان لەبیر بچێت کە ڕۆڵی حیزبی دێموکرات چ وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و چ وەک ئەو ڕۆڵەی لە دۆخی ئێستای خەباتدا وەک حیزبی دامەزرینەری کۆماری کوردستان هەیەتی و چ وەک هۆکارێکی زیندوومانەوە و پێشکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی شایانی تێڕامانە. بێ گومان کۆماری کوردستانیش کە چاوگەی دنیابینی و ڕامانی حیزبی دیموکرات بۆ خەبات و تێکۆشانە، هۆکاری مانەوە و بەردەوامیی حیزبی دیموکرات بووە. بەڵام ئەوەی خەباتکارانی کورد خۆیان بە درێژەدەری دنیابینی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان دەزانن، هەروەک چۆن پێشەوای نەمریش کۆماری کوردستان بە درێژەی شۆڕشەکانی پێشوو دەزانێت، قوناغە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزمی کوردین کە شوێندانەری ڕاستەوخۆیان لەسەر یەکتری هەیە و هۆکاری زیندوومانەوەی ئاڵای ئازادیخوازییشە.

١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# تراژیدیای "ڕەندۆڵە"؛ حەماسەیەکی نەتەوەیی



**فارووق سۆهرابی**

کاتێک باسی خەبات یان تێکۆشانی ڕزگاریخوازانە لە کوردستان دەکرێ، خێرا ڕوانینەکان بۆ لای خەباتی چەکداری، بەرگری و شەڕی پێشمەرگانە و ئازاییەتی و قارەمانەتی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان دەچێ.

لێکدانەوەی ئەو دەستەواژانە لەگەڵ ئەوەیکە نیشانەدەری زیندوویی و هەستی نەتەوەییمانن، لە هەمان کاتدا ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ئەگە ئەو لاپەڕە پڕ سەروەرییانە لە مێژووی گەلەکەماندا نەبووبان، داگیرکاری و کلۆنیالیزمی حکومەتە هێژموونیخوازەکانی ناوچەکە بە ئاسانی بنەما سەرەکییەکانی نەتەوەیی کوردیان دەتواندەوە و ئەو دەستکەوتانەی ئێستا هەمانە بێگومان ئەگە نەڵێەین هەمووی، لانیکەم بەشی زۆری بۆ لەمەیداندابوونی رۆڵە بەجەرگەکانی نەتەوەکەمان دەگەڕێتەوە.

ئاشکرایە؛ هەست و ئازایەتی بە تەنیا بەس نییە بۆ رزگاربوون و ئەگە ڕوانگەیەکی رەخنەگرانەمان بۆ مێژووی جووڵانەوەکانی کورد هەبێ، بە ئاکام نەگەیشتن و درێژبوونەوەی مەودای بزووتنەوەکان بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەخوێندنەوەی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان و بیرکردنەوەی بەرتەسک کە لەو دەرفەتانەی بۆمان هاتوونەتە پێش نەمانتوانیوە زانایانە کەڵک وەربگرین. بۆ نموونە خێڵەکی و بنەماڵەیی بیرکردنەوەمان لەکاتی سەرکەوتن، نا یەکگرتوویمان و ڕێگەدان بە دووژمن بۆ سازکردنی دووبەرەکی هەتا باوەڕکردن بە پیلانگێڕیی و چەواشەکارییەکانی داگیرکەران لە کاتی دانووستان یان لاوازی دووژمن و. ...

بە ئاوڕدانەوەیەک لە دیرۆکی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای ئەوەی کە زیاتر لە سەدەیەکە لە ژێر داگیرکاری و هێرشی سەربازی و گۆڕینی دێموگرافی و ئەنفالی سپی و دەیان تەڵەکەی داپڵۆسێنەری دیکە بۆ سڕینەوەی شووناسی نەتەوەیی کورد لە لایەن دوو ڕێژیمی فاشیستی میللی مەزهەبی( پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی) دەردەکەوێ گەلی کورد نەک تەنیا تەسلیم نەبووە بەڵکوو لە هەر دەرفەتێک بۆی ڕەخسابێ بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی بە خەباتی خۆی داوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا، چەند تراژێدیا و ڕووداوی سرووشتی و جینایەتی ڕێژیمی بینی کە هەر کام لەوانە لە هەڕەشەوە بۆ دەرفەت و لە جینایەتەوە بۆ حەماسە و لە ڕووداوەکانەوە بۆ یەکگرتووی و بە هانای یەکتر چوونەوە گۆڕدراون و زانایانە کەڵکیان لێ وەرگیرا. بۆ وێنە؛ ڕووداوی سرووشتی بوومەلەرزەی ساڵی ١٣٩٧ لە پارێزگانای ئیلام و کرماشان کە بووە هۆی وێرانکارێکی یەکجار زۆر و زیانی گیانی و ماددی زۆری لێکەوتەوە، بەڵام گەلی کورد لە هەموو شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێوەی خۆڕسک و هەست بە بەرپرسیارەتی نەتەوەی بە پێکهێنانی کەمپەینگەلێک هەڵمەتی هاوکاری کۆکردنەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر پاڵپشتی خۆیان بە خوشک و برایانی خۆیان دەربڕی. ئەوە لە کاتێک دابوو ڕێژیم نەک تەنیا وەک پێویست بەهانای لێقەوماوانەوە نەچوو، بەڵکوو ڕێگریشی دەکرد لە هەمبەر گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان. لە کاتی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی، کیژە کوردی خەڵکی شاری سەقز، لە لایەن پۆلیسی بە ناو ئەخلاق لە تاران، بە بیانووی نەبوونی سەرپۆش یان ئەوەی پێیدەگوترێ "حیجابی زۆرەملێ"، بوو بە هۆی ئەوەیکە لە ماوەیەکی کەمدا لە سەرتاسەری شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستی جەماوەری بگیرێ و دواتر بە هیمەت و هاوکاری هەموو چین و توێژێکی کوردستان، ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری بە دژی ئەو جینایەتە دەست پێبکات کە شەپۆلەکانی ئەو شۆڕشە لە کوردستانەوە بەرەو شارەکانی دیکەی ئێران هەڵکشا و دەستەڵاتی ئێرانی وەلەرزە خست و بۆ هۆی ئەوەی کە ڕێژیم بە سەرکوتی خوێناوی و شەهیدکردنی دەیان لاوی ڕاپەڕیوی نەتەوەکەمان شەقامەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان خەڵتانی خوێن و بەندیخانەکانیش پڕ بکات، بەڵام ناوی ژینا و درووشمی "ژن ژیان ئازادی" بووە ڕەمزێک و هاوارێک کە گەیشتە هەموو وڵاتانی دنیا و بە تەواوەتی شەرعیەتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی ڕێژیمی تارانی هێنایە ژێر پرسیار.

یان، کاتێک چەند ڕۆژ لەمەوبەر پێنج شاخەوانانی یانەی "کاویان"ی نەغەدە کە بۆ کەژوانیی سەردانی چیای "ڕەندۆڵە"یان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ناوچەی شنۆ کردبوو و مەخابن بەهۆی پسانی ڕنووە کەوتنە ژێر بەفر، لە یەکەم ڕۆژدا دوو شاخەوان دۆزرانەوە بەڵام سێ شاخەوانی دیکە هەر لە ژێر بەفردا مابوونەوە و هێزەکانی خەڵکیی خۆبەخش و شاخەوانەکانی بەشێک لە شارەکانی کوردستان قۆڵی هیمەتیان هەڵماڵی و بە هاوکاری و پشتیوانی خەڵکی ئاواییەکانی زمێ، ئاڵکاوێ و حەیدەرئاباد بێ وچان بەدوای ئەو سێ هاونیشتمانییەدا دەگەڕان و بێ ئەوەیکە هیچ ئیمکاناتێکی ئەوتۆیان پێ بێ. خاڵی جێسەرنج ئەوە بوو چوونکە شوێنی ڕووداوەکە بەلای ڕۆژئاوادا لەشاری شنۆ نزیکە و تەنانەت ئەو شوێنە هێندە سەختیش نییە کە دامووەزگاکانی ڕێژیم نەتوانن خێرا بە هانای لێقەوماوانەوە بچن؛ هەروەکوو چاوەڕوان دەکرا هیچ کام لە ئۆرگانەکانی حکومەتی یان هێزە جۆراوجۆرەکانی ئەمنی کە دەرفەت و کەرەستەی باشتریان لە خەڵک هەیە، بەهانای ئەو شاخەوانانە نەچوون تەنیا تیمێکی خاچی سوور نەبێ کە ئەویش ئەندامەکانی لە خەڵکی خۆبەخەش پێکهاتوون. چوونکە سیاسەتی ڕاهبۆردی ڕێژیم بۆ کوردستان ڕوانگەیەکی ئیستیعماری و ئەمنییە و پرسی ڕێکخراوەکان بەتایبەت یانەکانی شاخەوانی و ژینگەپارێزی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە لایەن دامووەزگای ئەمنییەتییەکانەوە وەک جۆرێک دژایەتی کردنی حکوومەت لێکدانەوەی بۆ دەکرێ بە تایبەتی کە کەڵک وەرگرتن کە هێما نەتەوەیتەکانی وەک جلی کوردی و جامانە، بە گشتی یەکگرتوویی و خەمخۆری نەتەوەیی لە لایەن کۆمەڵگای مەدەنییەوە، بۆ ڕێژیم وەک مۆتەکە وایە، هەر بۆیەش هیچکات غەمی خەڵک بە هی خۆی نازانێ و لە ڕووداوی باسکراودا بەهانای شاخەوانانی ڕەندۆڵەوە نەچوون. بەڵام دیتمان خەڵکی سەربەرزی شاری شنۆ و شارەکانی دەورووبەر لە هەڵمەتێکی نیشتیمانیانەدا پێکەوە دەستیان دە دەستی یەکتر نا و بە گەڕان بەدوای ڕۆڵەکانیان و وەئەستۆ گرتنی هەموو تێچووەکان دوای چەند ڕۆژێک بەداخەوە تەرمی سارد و سڕیی ئەو شاخەوانانەیان دۆزییەوە و بەوەش نەوەستان و لە چالاکییەکی یەکگرتووانە و بە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بە هەزاران کەس لە جەماوەری شارەکانی شنۆ و نەغەدە و حەشیمەتێکی زۆر لە خەڵکی خۆبەشی شارەکانی دیکەی کوردستان، بە کەڵک وەرگرتن لە هێما نەتەوەییەکانی وەک جامانە و جلی کوردی و سروود و هۆنراوەی حەماسی، ئەسپەردەی خاکی پیرۆزی کوردستان کرد.

بێگوومان ئەو بەهاناوەچوون و یەکگرتووییە، وێڕای ئەوەیکە هەستی کوردبوون و سۆزی مرۆڤی تێدا بەدیی دەکرا، بەڵام قۆزتنەوەی ئەو دەرفەتە بۆ بەهاناوەچوونی یەکتر، کەڵک وەرگرتن لە هێما نەتەوەییەکان وەک جۆرێک لە شووناسخوازی جارێکی دیکە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تراژێدیایەکی دڵتەزێنی دیکەیان لە مێژووی نەتەوەکەمان، کردە حیماسەیەکی نیشتیمانی بۆ نیشاندانی لە مەیدانی بەرخودان و دژایەتی کردنی داگیرکەر و لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەیان لە مێژووی گەلی کورد تۆمار کرد.

ئەو حیماسەیەش بەجۆرێکی دیکە پاتەی کووژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی شاری مەریوانمان بیر دەخاتەوە کە شیمانە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکرێ لە لایەن ڕێژیمەوە بە ئانقەست یان بە بیانووی بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئاگری تێبەردرا و ژینگەپارێزانی کورد بە هەمان ڕۆحیەتی وڵاتپارێزی و ژینگە دۆستی و نیشتیمان خۆشەویستی، بە خوێنی خۆیان، بەگژدا چوونەوەی ئاگریان کردەوە حەماسەیەکی دیکە.

هەموو ئەو ڕووداوانەی کە باسمان کرد دەچنە چوارچێوەی مانایی و کۆنتێکسی چەمکی «وشیاری نەتەوەیی»، دەستەواژەیەک کە پێمان دەسەلمێنی نەوەیەکی ئاگا و زیندوو و دەروەست و دڵسۆز، بەشێوەی مەیدانی بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بۆ پارێزگاری و بەرەوپێشچوونی شووناسی نەتەوەیی و مافەکانی دەدات و وێدەچێت جارێکی دیکە ئەو کەمایەسییەی کە لە ڕابردوودا هەمانبووبێ پاتە نەبێتەوە.

یەکگرتوویی و یەکگووتاری ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای بوونی ئایینزا و زاراوەی جیاواز و پیلانگێڕییەکانی ڕێژیم، دەرخەری ئاستی بەرزیی هۆشیاری نەتەوەییە و ئاگادارین کە هۆشیاری نەتەوەیی هەوێنی دەرک و دەستکەوتی بزووتنەوەی سیاسییە، بەمەرجێک هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، خوێندنەوەی نوێ بۆ ئەو جیلە تازە پێگەیشتوویە بکەن کە لە ڕەوتی ڕاپەڕینی ژینا بەتایبەت سەلماندیان، بە کردەوە لە مەیدان دان و ئامادەی هەموو فیداکارییەکن بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر و بەختەوەری بۆ کۆمەڵگا.

١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## هەگبەی شۆڕش و شاخ (مەلا قادر کوردستانی)




**برایم چووکەڵی**

"دەرسی پاساریی دەدا تیغێک، بە ڕاوێژی تفەنگ
لەو شەقامانەی کە ئایەی هەڵفڕینی تیا نەبوو"

گەلانی بە ئاوات گەیشتوو شانازی بە ڕابردووی مێژووی خەباتی خۆیانەوە دەکەن و لە نێو کۆمەڵدا سەربەرز و سەر فیرازن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لەخۆبوردوویی لاوەکانیان و لەسایەی فیداکاری و گیانبازیی ڕۆڵە شەهیدەکانیان. گەلی ئێمەش شانازی بە شەهیدەکانیەوە دەکا کە لەسایەی خوێنی ئەوانەوە نەتەوەکەیان دوارۆژێکی ڕوونی دەبێت. بێگومان زۆر ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە گیانیان بۆ نەتەوە فیدا کردووە کە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ێ ئەمجارە ئاور لە ژیان و بەسەرهاتی مەلا قادری کوردستانی لە ناوچەی پیرانشار دەداتەوە.

شەهید مەلا قادری کوردستانی ساڵی ١٣٣٥ هەتاوی لە ئاوایی "گردئاشەوان"ی ناوچەی لاجانی پیرانشار لە بنەماڵەیەکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وەرزێری زەحمەتکێش چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. بەرە بەرە گەورە بوو و ڕەوانەی قوتابخانە کرا و هاوکات لە قوتابخانەی ئایینییش دەرسی دەخوێند. ئەو سەرئەنجام توانی تا قۆناغی ناوەندی لە قوتابخانە بمێنێتەوە و پاشان ڕووی کردە کاری وەرزێری و وێرای بنەماڵەکەی شانی دایە بەر ئەرکی دابینکردنی بژیوی ژیان.

مەلا قادر بە هەڵبوونی تیشکی شۆڕش دژی ڕێژیمی پاشایەتی چالاکانە بەشداریی شۆڕشی گەلانی ئێرانی کرد و پاش ئەوەی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی شاهنشاهی ڕووخا، بیری ئازادیی نەتەوەکەی مێشکی بە خۆیەوە خەریک کرد. ئەو کە بە خوێن و دەمارەوە دەردی هەژاری ونەداری و زوڵم وستەمی دەسەڵاتدارانی دڵڕەقی دەرهەق بە گەلەکەی هەست پێ کردبوو، هەست و بیری ئازادیخوازی بەرەوە مەتەرێزەکانی خەباتی ڕزگاریی نەتەوەکەی هانی دەدا.

مەلا قادر ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بوو بە پێشمەرگە و بە شانازییەوە دەستی دایە چەک و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی لەبەر کرد و لە لکی ٤ی هێزی ئاوارەی ئەوکات سازمان درا. ئەو پێشمەرگەیەکی ئازا و شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە و دڵسۆز بوو، و لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە خۆشەویستی هاوڕێیانی. مەلا قادر بە بەشداریکردنی لە شەڕەکانی ناوچەی پیرانشار و ئەو فیداکاری و ئازایەتییانەی دەینواند زیاتر جیگای خۆی لەنێو خەڵک و هاوڕێیانیدا کردەوە. ئەو کوڕێکی خاکی، ڕوحسووک و گوێڕایەڵی بڕیاراتی حیزب بوو، هەر مەئموورییەتێکی بۆیان دیاری کردبوایە بە دڵ و گیان بەڕێوەی دەبرد. لە شەڕەکاندا زۆر ئازایانە هەڵی دەکوتایە سەر دوژمن و بوێرانە دیفاعی لە شەرەف و کەرامەتی گەلەکەی دەکرد. بەهۆی لێهاتوویی وەک سەرپەل و پاشان وەک جێگری لک و دواتر وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. مەلا قادر کوردستانی لە شەڕ لەگەڵ دوژمندا دووجار بریندار بوو و هەموو جارێ پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکانی بەورەتر لە پێشوو دەگەڕایەوە سەنگەری خەبات و تێکۆشان دژی داگیرکەرانی کوردستان.

مەلا قادر کوردستانی هەر کاتێک بنەماڵەکەی داوایان لێ دەکرد واز لە پێشمەرگایەتی بێنێ، پێی گووتن: تا ئەوکاتەی زیندووم چەکی شەرەف لە شانمە و نایهێنمە خوارێ. مەلا قادر ئەوەندە قسەخۆش بوو کە هەموو خەڵکی ناوچە دەیانناسی و سەردانی هەر ماڵێکی کردبا ئاواتیان دەخواست جارێکیتر بێتەوە ماڵیان. ئازایەتیی ناوبراو لە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە شەڕەکانی هەوارەبی، کلاوڕەش، چیانە و جادەی سەردەشت پیرانشار، چاکی ترشی، کەوپەر، بادیناوێ و دایەشیخی ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو. بەمجۆرە ناوی مەلا قادر کوردستانی وەک قارەمانێکی بوێر و ئازا و دێموکرات ببوو بە وێردی سەر زمانی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکانی پیرانشار و، ببووە نموونەی پێشمەرگەیەکی باش و فەرماندەیەکی بەوەجی ناوچەکانی پیرانشار.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەهید مەلا قادر خاوەنی خوو و ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو، لە کوورەی ژیانی سەخت و دژواردا، و لە مەیدانی ٧ ساڵ شەڕ و بەربەرەکانیدا قاڵ ببوو، خارابوو، و ببوە چقڵی چاوی دوژمنی داگیرکەر. ئازایەتی و جوامێری، وورەی بەرز و هەڵسووڕبوونی، ئیمانی قووڵ بە ڕێبازی حیزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەی، تایبەتمەندییەک بوون کە لە دەروونیدا ڕیشەیان داکوتابوو.

مەلا قادر کوردستانی ڕۆژی ٢١ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بۆ ئەنجامدانی کاری حیزبی لەگەڵ پێشمەرگەکانی لکەکەی ڕوویان لە ئاوایی ترکەش کرد. پاش بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حیزبی لە کاتی گەڕانەوەدا لەلایەن هێزی دوژمنی کۆنەپەرەست کە پێی زانیبوون و کەمینی بۆ دانابوونەوە، درانە بەر دەستڕێژ. بەداخەوە مەلاقادر کوردستانی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران و شەهید بوو و گیانی شیرینی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد.

**٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مەدەنییەت وەک دۆکترینی کۆماری کوردستان هەتا ئیستا



**شاڕوخ حەسەنزادە**

لە ڕەشەممەی ساڵی ١٢٩٩، پاش کودتایەکی نیزامی کە بە یارمەتیی ئینگلیس کرا، ڕەزا میرپەنج (ڕەزاخان) دێتە نێو ناوان و سەرەتا وەک وەزیری شەڕ، پاشان سەرۆکوەزیران و دواجار لە ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی لە تاران تانجی پاشایەتیی لەسەر نا و زنجیرەی "پەهلەوی"ی ڕاگەیاند. ناوبراو لە سەرەتای گەیشتن بە دەسەڵات هەوڵی سەرکوتی بێبەزەییانەی هەموو ئەو بزاڤ و بزووتنەوە نەتەوەییانەی دا کە بۆ گەیشتن بە مافی خۆیان لە ڕوانگەی شاوە دەبوونە هۆی مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی، وەک جووڵانەوەی سمکۆ، ڕاپەڕینی جافرسوڵتان، حەمەڕەشیدخانی بانە، مەلا خەلیلی گۆرەمەری و...

بۆ لەنێوبردنی شوێنەواری نەتەوەیی، مێژوویی و کولتووریی ئەم گەلانە پلانێکی تۆکمە و درێژخایەنی نامەدەنی خرایە گەڕ کە مەبەستی تواندنەوەی گەلانی غەیری فارس بوو. هێرش و هەڕەشە، گرتن و ئەشکەنجە، ڕاوەدوونان و تاراندن بە شێوەی کردەی چڕ و نووسین و چەواشەکاری لە مێژووی کۆن و نوێ، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان، قەدەغەکردنی ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان و جلی نەتەوەیی؛ دانانی شۆرەت، داتاشین و بەسەردابڕینی ناوی "ئێران" بۆ ئەو جوگرافیایە و... هەموو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەک سیاسەتێکی نەرم بۆ ئەوەی نیشان بدرێ، لە ئێراندا تاقە نەتەوەیەک هەیە، ئەویش قەومی فارسە (کە ئێستا پێی دەگوترێ نەتەوەی ئێران).

دوای دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی دووهەم، وڵاتی ئێران بێلایەنیی خۆی لەو شەڕەدا ڕاگەیاند، بەڵام بە دوو هۆکاری؛ بەربڵاوبوونی سنوورەکانی ئێران دەگەڵ یەکیەتیی سوڤیەت و، دەرگیربوونی سۆڤییەت دەگەڵ ئالمان ئەم بێلایەنییە بووە دەرفەت هەتا سپای "هاوپەیمانان" بە پاساوی هەبوونی سیخوڕە سەربازییەکانی ئالمانی لە ئێران، بڕیار بدەن لە کۆریدۆڕی ئێران کەڵک وەرگرن، هەربۆیە ئەو هێزانە لە ۲۵ی ئوتی ۱۹٤۱ لە باشوور و باکووڕا هێرشیان کردە سەر ئێران و داگیریان کرد. ڕزاخان بە گوشاری وڵاتانی هاوپەیمان بەتایبەت بریتانیا وازی لە دەستەڵات هێنا و دوایە بەو ئاکامە گەیشتن کوڕەکەی ڕەزاخان (حەمەڕەزا) کە جێگرەوەی پێشووشی بووە، بکەنە شای ئێران.

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانیی دووهەم، سپای بریتانیا بەپێی ڕێککەوتنێک دەگەڵ ئێران، ئەو وڵاتەی چۆڵ کرد، بەڵام هێزەکانی سپای سووری سۆڤیەت ئەو ڕێککەوتنەیان لا پەسەند نەبوو و لەو وڵاتە مانەوە هەتا دوو ناوچەی ئازەربایجان و کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاند.

ئەگەر دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و لە گرێبەستی "وەرسای"دا هەموو ئەو گوشار و زەخت و بێگاری و چەوساندنەوانەی وڵاتانی هاوپەیمان بەسەر ئاڵمانیان داسەپاند و، ئاکامەکەی دواتر خۆی لە حکوومەتی فاشیستیی هیتلێریدا دیتەوە کە دەمێک بوو موسولینیش لە ئیتالیا بەو شێوازە تۆتالیتەرە حوکمی دەکرد؛ واتە ئەگەر بەرهەمی گوشاری فەرانسە و ئالمان و ئۆتریش کە خرابووە سەر ڕۆسەیەی دوای ناپێلئۆن، لە بەرامبەردا بە دژکردەوەیەکی هزری لەبەرامبەر لیبراڵیزمی ڕۆژئاوایی؛ کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕانە گوورا و زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی بە ئاقاری شۆڕش، توندوتیژی، شەڕی ناوخۆیی، ئاڵۆزی، دارمان و بێسەروبەری برد و لە ئاکامدا زەختەکان بۆ سەر ئالمانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانییش، هیتلەری فاشیست و دوژمنی مرۆڤایەتی سەری هەڵدا، سرووشتیە لەهەمبەر ئەو هەمووە زوڵم و غەدرەی لە کوردیش دەکرا دەبوو دژکردەوە هەبێ؛ بەڵام لە چەشنی کردەوەیەکی مەدەنی و پێشکەوتوو.

شەڕی جیهانیی دووهەم ئەو دەرفەتەی بۆ کورد ڕەخساند تا لە نەبوونی دەستەڵاتی سەرکوتگەر و هەراوی شا لە ناوچەکە بەتایبەت ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزاڤی مافخوازانەی کورد جارێکی دیکە بە وێرژێنێکی نوێ و ناوازە لە ئاست ناوچەکە سەرهەڵدەنەوە. سەرەتا ڕۆژی ۲٥ی گەلاوێژی ۱۳۲۱ کۆمەڵێک لاو بە مەبەستی پێکهێنانی "ک.ژ.ک"، ڕێکخراوێکی سیاسی کورد لە باغی حاجی داودی (لە مەهاباد) کۆ بوونەوە و دواتر لە مانگی بانەمەڕی ۱۳۲۲ی هەتاویدا کۆبوونەوەیەکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرفراوانتر وەک کۆنگرەی یەکەمی ئەو کۆمەڵەیە گیرا. کۆمەڵەی ک.ژ.ک ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەروەر بوو و خواستی سەرجەم چین و توێژەکانی کوردی بەرز کردبۆوە، بەڵام لەبەر نهێنیبوونی، نەیدەتوانی بەئاشکرا جموجۆڵی بەرفراوانی هەبێت. هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاوەکانیدا دەستی بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان کرد. لە ماوەی چەند ساڵدا، بە بڵاوبوونەوەی بیروڕاکانی "ژێکاف" لە شەبەنگی جەماوەریی خەڵکی کوردستاندا هیوا بە داهاتوو پەنگی دایەوە. دواتر ساڵی ١٣٢٤ حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای فکریی کۆمەڵە دامەزرا و چەند مانگ دواتر ئەو حیزبە توانی لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤، کۆمارێکی دێموکراتیکی کوردی لە مهاباد دابمەزرێنێت کە بەپێچەوانەی زۆرێک لە گەلانی جیهانی، کە دوای چەوساندنەوە و قڕکردن، تۆڵەیان دەکردەوە و وەک دیتران دەجووڵایەوە، لە کۆماری کوردستاندا مەدەنییەت ڕەگی داکوتا و هەموو پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینیی جیاوازی نیشتەجێ لە جوغرافیای کۆماری کوردستاندا بەوپەڕی ئاشتی پێکەوە دەژیان.

لە بەندێکی مەرامنامەی کۆمەڵەکەدا هاتوە کە کۆمەڵەی ژێکاف لە سەر چوار کۆڵەکەی ئیسلام، کوردایەتی، مەدەنییەت ، سوڵح و ئاشتیخوازی ڕۆ نراوە. کەواتە کورد لەو بەشەی کوردستان دوای ئەو هەمووە زوڵمەی لێی کرابوو، نەک فاشیزم و شەڕ و تاڵان و تۆڵەی لێنەکەوتەوە، بەڵکوو ئاشتی و مەدەنییەت وەک بنەما و ئەستوونە بەهێزەکانی دامەزراندن و فەلسەفەی وجودیی دامەزرێنەرانی حیزب و کۆمار و دۆکترینی داهاتووی لێهات.

مانای مەدەنییەت لە هزری سیاسی - کۆمەڵایەتی، پێوەندی لەگەڵ چەمکگەلی وەک شارستانییەتەوە هەیە، کەوابوو ئەم چەمکە تەنیا مانایەکی ئەخلاقی نییە کە بکرێ دەگەڵ کردەی ئاکاریی هەڵسەنگێندرێ، بەڵکوو چەمکێکە زاڵ بەسەر سامانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگەیەک. مەدەنییەت شێوازی پێوەندی لەهەمبەر بنەمای جیاوازییەکان و دژایەتییەکانە کە لە چاخەکانی پێشوو ڕێزی لێ نەدەگیردا. بەپێی ماددەی یەکەم و دووهەم لە جاڕنامەیٔ جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا، هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک بوونە و لە بواری ڕەنگ و ڕەگەز و زمان و ئایین و زۆر شتی دیکە شایەنی ئەوەن وەک یەک چاو لێ بکرێن و ڕێزیان لێ بگیرێ. ئەو جیاوازییانە بە شێوەیەکی بەرامبەرخوازانە دەرک بکرێن، واتە مرۆڤەکان لەهەمبەر جیاوازییەکاندا وەک یەک سەیر بکرێن و، ئەو پێوەندییەی نێوان تاک و کۆمەڵگە دەبێتە مەدەنییەت. زۆرجار ئەو چەمکە وەک شارنشینی لەبەرامبەر دێنشینی پێناسە دەکرێ، بەڵام ئەو مانایە لەجێی خۆیدا نییە و هەرچەند مەدەنییەت لە "مدینە"ـەوە دێت و ئەویش بە واتای شار یان پۆلیس لە یەونانی کۆنەوە هاتووە، لێرەدا مەدەنییەت بەو مانایە نوێیەیە کە دەستەڵاتی یاسا و تەکووزی بەربڵاو لە بەرامبەر فۆڕم و بیچمی کۆمەڵگەی عەشیرەیی و سەلیقەیی پێک دێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات وەک حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بەردەوام مەدەنییەتییان وەک فەلسەفەیەکی نەگۆڕ بەو پێوەرانەی باسمان کرد پاراستوە و بەدرێژایی نزیک ٨٠ ساڵ خەبات وەک ئەرکێکی ئەخلاقی بەڕێوەی دەبەن. ئەم خاڵە گرنگە دەکرێ لە سێ قۆناغی جۆراوجۆری لە کۆماری کوردستانەوە هەتا هاتنەوەی د. قاسملوو بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب، لە د. قاسملووە هەتا دوای تێرۆر کردنی د.شەرەفکەندی و لە دوای هاتنە خوارەوە لە قەندیل هەتا شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دەستنیشان بکرێ.

### قۆناغی یەکەم، کۆماری کوردستان هەتا د. قاسملوو (١٣٢٤ - ١٣٤٩)

کاتێک کۆمەڵەی ژێکاف بە جۆرێک خۆی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دەتوێنێتەوە، و ئەو حیزبەش بە کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکانی ئارایی، کۆماری کوردستانی دادەمەزرێنێ، کەواتە گوورانی کۆمار لە ک.ژ.ک ـەوە بووە و ئەم سێ ڕەوتە سێ جەستە بوون لە قالبێکدا. ئەگە مەدەنییەت وەک ئەستوونێکی کۆمەڵە بووە، ئەوە لە کۆماری کوردستاندا بە کردەوە، تایبەتمەندییەکانی مەدەنییەت لەو حکومەتەدا نەک هەر ڕێزیان لێ گیراوە بەڵکوو کاریان پێ کراوە. دامەزراندنی وەشانخانە، دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە، شانۆ، دامەزرادنی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان، کەلکوەرگرتن لە ماتەوزەی ژنان کە هێشتا لە زۆر وڵاتدا باو نەبوو و بە شێوەی نەریتی ژن دەچەوسایەوە، باوەڕمەندبوون بە چارەسەرکردنی پرسەکان بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن، برەودان بە چالاکییە جۆربەجۆرەکانی زمانی، کولتووری، هونەری، بازرگانی، خەدەمات، ڕیزگرتن لە نەتەوە و ئۆل و ئایینی جیاواز لە تایبەتمەندییەکانی مانایی مەدەنییەت لەو سەردەدا بوو کە کوردی خۆرهەڵات، یەکەم حیزب و کۆماری مۆدێڕنی دامەزراندبوو.

لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لە یەکەم دەرفەتدا هەر بە نەریتی ک.ژ.ک و کۆماری کوردستان، لە سەردەمی محەممەد موسەدق و دوای ڕاگەیاندنی خۆماڵیکردنی پیشەی نەوت، کۆمیتەی مهابادی حیزبی دێموکرات کوردستان دوای نسکۆی کۆمار بە بەستنی یەکەم میتینگ پشتیوانی لە بڕیاڕی سەرۆکوەزیران سەریهەڵدایەوە. یان لە هەڵبژاردنەکانی خولی حەڤدەهەمی پارلمان (١٣٣١) کۆمیتەکانی حیزب لەو دەرفەتە کەمەی بۆ چالاکیی مەدەنی هاتبووە ئاراوە توانییان بەشداری بکەن و چوونکە ئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتی ئاشکرای نەبوو و نەیدەتوانی نوێنەری هەبێ، بەڵام بە پشتیوانی لە دوکتور سارمەدین سادقوەزیری بە کردەوە ئەوەی کردە کاندیدی حیزب و لە ئاکامدا چالاکی سیاسی و مەدەنیی تێکۆشەرانی کورد لە کوردستان دەنگی هێنایەوە. دوای ئەم ڕووداوە و پێکهێنانی کابینەی دووهەم لەلایەن موسەدیقەوە، ئەو بۆ پتەوترکردنی پێگەی سیاسی کۆمەڵایەتیی خۆی هەوڵی دا لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی، چاکسازی لە کشتوکاڵ و شێوازی باج و ماڵیات گۆڕانکاری بکات. ئەمەش هەمدیسان لەلایەن خەڵکی کورد بەتایبەتی چینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چەوساوەوە کە بەردەوام بۆ تێکۆشان لەسەر پێ بوو، کرا بە دەرفەتێک و ڕاپەڕینێکی جووتیاری سەری‌هەڵدا و بەبێ ئەوەی کەس بکوژن، خەڵکێک ئازار بدەن و یان خراپەکاری لەتەک کەسێک بەتایبەت ئاغا و دەربەگ بکرێ چالاکییەکانیان بەردەوام بوون.

ئەگە هەر لەم قۆناغەدا خەباتێکی چەکدارانە (٤٦ - ٤٧) سەر هەڵدەدا، لەبەرامبەر نامەدەنییەتی دەستەڵاتی ناوەند هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە بووە کە لەلایەن کۆمەڵێک لاوی شۆڕشگێر بۆ کردنەوەی دەرفەتێکی هەناسەکیشان بۆ بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد بوو کە بەهەموو شێوەیەک بڕستیان لێ بڕیبوو.

## قۆناغی دووهەم: لە د. قاسملووە هەتا تیرۆرکردنی د.شەرەفکەندی (١٣٤٩ - ١٣٧١)

دۆکترینی وجوودیی دامەزرانی کۆمار لە بیر و ئەندیشەکانی د. قاسملوودا ئاوێتە بە پاشخانێکی دەوڵەمەند لە زانست و دنیابینیی مۆدێرن بوو. د. قاسملوو دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان و گرتنەدەستی جڵەوی ڕێبەریی حیزب لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی بە ئاوەز و تێگەیشتنی بەرزی خۆی بەردەوام بە عەقڵانییەتی مەدەنی کاروچالاکی لە حیزبی دێموکراتی برەو پێدا و لە هەموو دەرفەتێکدا هەوڵی دەدا بە شێوازی سیاسی و تێکۆشانی مەدەنی بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامەکانی حیزب خەبات بکات. یەکەم کاری گرنگی د. قاسملوو پرسی سەربەخۆیی سیاسیی حیزب وەک هێمای مەدەنییەت بوو کە لەژێر هێژمۆنیی حیزبی توودە و پارتی دێموکرات دەرهێنا و وەک حیزبێکی سەربەخۆی سیاسی تێکۆشانی خۆی بە پەیڕەو و بەرنامەیەکی تۆکمە و نوێی بە پێوەرەکانی ڕۆژ نووسیوە و کاریان پێ کرد.

لە کۆنفرانسی سێهەمەوە (١٣٥٠) کە د. قاسملوو توانی وەک کەسی یەکەم دەستبەکار بێت هەتا دوا ساتی ژیانی و دواتریش لە ماوەی سێ ساڵ سکرتێریی د. سادق شەرەفکەندیدا، توانی هەم ئاسۆیەکی نوێ و ڕوون بۆ حیزب و خەڵکەکەی وێنا بکات، هەم هەوڵی دا ڕێبەریی بەکۆمەڵ لەنێو حیزبی دێموکراتدا بکاتە فەرهەنگ و لەلایەکی دیکەوە لە ڕێگای دامەزراندنی کۆمیسیۆنە جۆراوجۆرەکان و دامەزراندنی زانکۆ لەنێو حیزبدا برەوی بە کولتووری مەدەنی، پەروەردە، زانست و تەنانەت شایستەسالاری لەنێو حیزبی دێموکرات دا و ئەم فەرهەنگە جێ خست.

د. قاسملوو هەروەها لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بوو، بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە فەرهەنگی دێموکراسی و نەزم و دیسیپلینی ڕێکخراوەیی وێڕای پەیماننامە گرنگە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەت لەهەمبەر شەڕی داسەپاودا، نەهادینە بکات. ئەوە جگە لەوەی کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و گەڕانەوەی ڕێبەری حیزب و هەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە یەکەم میتینگ لە شاری مهابادا دەرکەوتبوو کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی خەڵکی، سیاسی، مەدەنی و دێموکرات و پێشکەوتووخوازە و شەڕ و بەرگریی چەکداری و توندوتیژیشی تەنیا بۆ خۆپاراستن و بەرگری لە مان و مەوجودییەتی گەلی کورد دەوێ کە دیارە ئەویش هەروەک مافێکی دانپێدانراو لەلایەن پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤەوە دانی پێدانراوە. هەوڵی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو مێژووی خۆیدا لەسەر چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد بە دیالۆگ و جیا لەمەش بەرنامە و یاسا جۆراوجۆرەکانی بۆ کۆمەڵگەی ئازادی ئەو سەردەم ڕۆنرابوون.

### قۆناغی سێهەم: دوای هاتنە خوارەوە لە قەندیل هەتا شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی (١٣٧٣ - ١٤٠١)

لەو قۆناغەدا دەگەڵ نەمانی دوو سەرکردەی مەزن و لێوەشاوەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و تیرۆرکردنیان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، بەڵام ڕێباز و هێڵی فکری و دۆکترینی حیزب وەها دارێژرابوو و چووبووە دەمارەکانی، کە سەرکردایەتی نوێش هەر بە هەمان ڕێباز و هێڵە فکرییەکانی پێشوودا توانی لەو قەیرانانەی بۆیان درووست کرابوو، هەتا ئاستێکی باش دەرباز بن. ڕێبەریی حیزب لەو قۆناغەشدا بەردەوام باوەڕمەند بوون کە مەدنییەت بکەنە پیشەی سیاسەتیان و، ئەو عەقڵییەتە لە ڕەوتی شۆرشی ژینادا گەیشتە چڵەپۆپە. کاتێک کە ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ دوولایەنی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە و هێشتا خۆشحاڵیی خەڵک و ئەندامانی حیزب کۆتایی پێ نەهاتبوو، هێزەکانی پۆلیسی ئەخلاقی ڕێژیم "ژینا ئەمینی"، کچە کوردی میوان لە تارانیان کوشت و خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران دەستیان پێ کرد. لەبەر ئەوەیکە حیزب بە شێوازێکی مەدەنی و چالاکانە مەیدانی خەباتی لە ڕۆژهەڵات گرتە دەست و دوای هەر بەیاننامەیەک خەڵک بە پیل داخوازییەکانیەوە دەچوون و، خۆپیشاندان و مانگرتن و شێوازەکانی دیکەی خەباتی مەدەنی لە کوردستان دەستیان پێ کرد؛ هەر زوو ڕێژیم هەستی بە مەترسی کرد. بۆیە بە مووشەک و دڕۆن هێرشی کردە سەر بارەگا و کەمپەکانی حیزب بۆ ئەوەی ستۆپ بە خەبات و تێکۆشانی مەدەنیی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بکات. بەڵام خەبات لە نێوخۆ بەردەوام بوو و ئەو جینایەت و کردەوە تێرۆریستی و کارەساتانەش نەبووە هۆی ئەوەیکە بزووتنەوەی سیاسی بە سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تووشی هەڵە بێ و پەلکیشی شەڕێکی نەخوازراو بێت. بەڵکوو بە بەردەوام بوون بە خۆپێشاندان و مانگرتنەکان بە شێوەیەکی عەقڵانی درێژەی بە کاروچالاکی دا.

### قسەی کۆتایی:

مەدەنییەت وەک هێڵی فکری و دوکتورینی حیزبی دێموکرات وەک بنچینەیەکی نەگۆڕ لە هەموو پانتایی ژیانی سیاسیی ئەم


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حیزبە لە داهاتووشدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی نابێ لە یادی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا لەبیری بکەین ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد لە چێکردنی ئەم وێژمانە و ڕچەشکێنی ئەم ڕەهەندە لە فەرهەنگی سیاسیی حیزبی دێموکراتە. پێشەوا وەک ڕێبەرێکی کاریزماتیک کە پێش لە هەموو شتێک مرۆڤدۆست بوو و، توانی لە پێگەی سیاسیی خۆیەوە مەعریفەی کوردی بەرهەم بهێنێ و مەدەنییەت و ئەخلاق و ئێتیکی کوردیش بکاتە میراتی سیاسی بۆ حیزب و نەتەوەکەی.

٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# زایەڵەی لەرینەوەی دەنگی "ژ"یٚ و پەتای ئازادی



**دارسمە**

سەیر دەبوو زمانی كوردی بە فارسییەكەشیەوە ئەم پیتی "ژ"ێیەی نەبوایە. ئەوكات زمانەكەمان قیچۆكەك لە زمانی عەرەبی نزیكتر دەبۆوە و ئێمەش وەك ئەوان بە "ژاپۆن"مان دەگوت "یابان"، بەڵام لەویان سەیروسەمەرتر ئەمە بوو بە "ژاڵە" بڵێین "جاڵە". ئەودەمیش لەجیات ئەوەی بۆن بە ژاڵەوە بكەین یان دەباوەشی بگرین، هەر كاتێك دیتبامان وامان دەزانی ژێر خۆیمان دەخات لەترسان ڕامانٚدەكرد.

پیتی "ژ"یٚ لە دوو زمانی كوردی و فارسیدا ئەگەر لە سەرەتاوە هەر نەبوایە، كارمان زۆر ئاسانتر دەبوو. ئەودەم ئەو وشانەی ئەم پیتە مەترسیدارەیان تێدایە، هەر لە بنەڕەتڕا نەدەبوون و ئەوكات لەبەر بیٚ"ژ"ێیی، وشەی دیكە، بە مانای دیكەوە دروست دەكران و ئێمەش لە دەنگی ئەم پیتە سەیروسەمەرەیە بێبەش دەبووین. بەڵام ئێستا بمانهەوێت و نەمانهەوێت ئەم پیتە هەیە و پێویستە چارەسەری بكەین و ئیزن نەدەین وەك "خۆرە" بیر و مێشكمان بخورێنێت.

ئەم پیتە هەر بیر و هزر و مێشك ناخورێنێت و بنكۆڵی ناكات، بەڵكوو تەشەنە دەكاتە دەرەوەی زمان و یان هەرچی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێوەندیی بە زمانەوە هەیە تووشی پەتایەکی مەترسیداری دەکات. خۆتان دەزانن پەتاش دەردێکی هەمەگیرە و پەل داوێت و بڵاو دەبێتەوە. ڕەنگە زۆر پیتی زمان بە شێوەیەکی هێزەکی لە دەروونی خۆیاندا و لە هەندێک قۆناغی جودای ژیانی مرۆڤدا مەترسیدار بن، بەڵام لە هەموو کات و زمەنێکدا خۆیان ئاشکرا ناکەن. هیچ دوور نیە ئەم پیتی"ژ"ێیە یەکێک لەوان بێت و ئێستا بە هۆی کات و شوێن زیاتر کەوتبێتە سەر زار و زمانان.

هەرچۆنێک بێت، ئێستا وەک دەڵێن "ژ"ێ بۆ هێندەکان بووەتە مۆتەکە. دیارە لە زمانی فارسیدا هەر لە کۆنەوە هەست بەمە کراوە و لەو کاتەوەی ئەم زمانە وەک کۆرپەیەک لە داوێنی زمانی کوردی بەربووەتەوە و پاشان بە شیری عەرەبان فرچکی گرتوە، وەفای بۆ دایەن هەبووە و ئێستاش ئەم وەفایەی هەر ماوە و زمانی عەرەبیش وەک کوردی بە دایکی خۆی دەزانێت. زمانی عەرەبیش وەک زمانی دایەن یان زمانی دایکیی دووهەم کاری کردووەتە سەر فارسییەکە و یەکێک لەم کاریگەرییانە ئەمەیە فارسەکەش لە زۆر شوێنان پیتی "ژ" ی گۆڕیوە. بە یەکجاری وازی لێنەهێناوە، بەڵام پێتێکی وای لە شوێن داناوە لە عەرەبییەکەشدا هەبێت. یانی هەوڵی داوە پیتە جێگرەوەکە لە زمانی هەردوو دایکەکەدا هەبێت و بەم جۆرە نە دایکی یەکەم دڵی بهێشێت و نە دایکی دووهەم؛ واتە ئەو دایەنەی پەروەردەی کردووەتەوە لێی زویر نەبێت. لەبەر ئەمەیە لە هێندێک شوێنان وشەی "ژ"ێی کردووە بە "ز"ێ و بەم کارە لە کاتێکدا سێ خاڵەکەی سەری "ژ"ێی کردووە بە یەک، واشی کردوە ئاخێوەرانی زمانی عەرەبییش بۆیان گۆ بکرێت. ئەم گۆڕینی وشەیە کاری کردووەتە سەر هەندێک وشەی ڕەسەنی دایکە کوردەکە، بەڵام مانا هەر وەک خۆی ماوەتەوە. لە هێندێک وشەی زمانی فارسیدا دوای ئەوەی "ز"ێ جێگەی "ژ"ێی گرتووەتەوە، پێکهاتەی وشەکەش بەتەواوی گۆڕاوە. بۆ وێنە "ژیان" بووەتە "زیستن" و "زندگی"، بەڵام لە وشەی "ژن"دا تەنیا پیتی یەکەم گۆڕاوە و تەواو. لە هەردوو وشەکەدا مانا هەمان ئەو مانایەیە. زمانی فارسی لە دایکی یەکەم واتە لە کوردی وەریگرتووە و فارس لە جیاتی "ژن، ژیان، ئازادی" دەڵێت: "زن، زندگی، آزادی".

لێرەدا هەرچەندە ئەو "ژیان"ەی بە پیتی "ژ"ی دەست پێ دەکات لە فارسییەکەدا بووەتە "زندگی" بەڵام "ژن"ـەکە هەر وەک خۆی ماوەتەوە و تەنیا دووخاڵ لە سێخاڵی سەر پیتی یەکەمی نەماون.

ڕەنگە زۆر کەسان ئەمە بزانن کاتێک پیتێکی ناسک و لە زمانان خۆش لە چەند وشاندا دووبارە بێتەوە، لە نێو دەستەواژە یان ڕستەدا مۆسیقا دروست دەکات. دەستەواژە یان دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" یەکێک لەم دروشمانە بوو، و دووبارەبوونەوەی دوو پیتی "ژ" و"ن" لە دوو وشاندا ئاهەنگ و مۆسیقایەکی تایبەتی لەم دەستەواژەیەدا خوڵقاند. ئەم دروشمە لەبەر ئەوەی جێگۆڕکێی "ژ"ی بۆ "ز"ێ کێشەی نەناوەتەوە لە زمانی فارسیدا خاوەنداریەتیی هەمان دۆخ و مانا دەکات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ئێرانێکدا دوو نەتەوەی کورد و فارس لە زمانی یەکتر تێ دەگەن لەسەر مسۆگەرکردنی ژیان و ئازادیدا بەسەر دوو دەستەی زۆرینە و کەمینەدا دابەش بوونە. دوای ئەوەی دەستەی کەمینەی کەم عەقڵ و خاوەن چەک و تەقەمەنی "ژینا"یەکیان بە مەبەستی سەرکوتکردنی ئازادی کوشت، ئەم دروشمەی "ژن، ژیان، ئازادی"یە لە ناوی "ژینا" وەرگیرا و هەموو ئێران و جیهانی تەنییەوە و ژانەسەرێکی گەورەی خوڵقاند. لە ئێران بۆ دژایەتیکردنی دروشمەکە خوێنێکی زۆریان ڕشت، بەڵام ئەمە بووەتە ئاگری بن کا و ترس لە کڵپەسەندنەوەی بەردەوامە. سەرچاوەی سەرەکی و دەستپێکی خوڵقانی دروشمەکەش "ژینا"یە. لەبەر ئەمە ژینا لە هەرشوێنێک بێت لەنێوبردنی بە زیانی کڵپەسەندنەوەی دروشمەکەیە.

دوای ئەوەی "ژینا" کوردەکە لە تاران بە هۆی ئەشکەنجە و لێدانی پۆلیسی داسەپاو ژیانی لێ سەندرا، سەدان کچی دیکە لە سەرانسەری کوردستان هەر لە خۆرئاسانەوە بگرە هەتا دەگاتە خۆرئاوا بە ناوی ژینا کران. دەستەڵاتی کەمینەی ئێران بە جوانی دەرکی کردووە ئەم ژینایە چەندە مەترسیدارە، بۆیە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بەدوایدا دەگەڕێن. لە هەر پارچەیەکی دیکە کوردستان بیت ئەگەر بە تێرۆرکردن و دەرمانداوکردن و ئەشکەنجە نەگونجا، لە سەرەتای تەمەنیدا بە مووشەکی دوورهاوێژی "نوقتەزەن" لێی دەدن و بە دەری "ژینا دزەیی" دەبەن. ئەوەی مایە کیشەکەیە هەر کوردە، چونکە بە ژیناکان دەڵێت "ناودێر" بن، خۆیشی خولیای پەتای ئازادییە.

٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# فەریبا محەممەدی: پێویستمان بە گوتارێکی هاوبەش هەیە بۆ خاوەندارەتی لە شکۆ و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان




**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

شۆڕشی ژینا یەکێکە لە ڕووداوە سیاسییە گرنگەکانی مێژووی کوردستان و ئێران. شۆڕشێک کە دەستکەوتی زۆری بۆ بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان هەبوو، بەتایبەتی تیشک خستنەسەر پرسی دێموکراتیکی نەتەوەیی کوردستان لە ئێران و جیهاندا. لە ئەگەری درێژەی ئەم شۆڕشە لە کوردستان و ئێراندا، ڕووبەڕووی چەندین پرسیار دەبینەوە: ئەم شۆڕشە بەرەو کوێ دەڕوات؟ لە ئێستادا گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان چین؟ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تا چ ڕادەیەک پابەند بە دامەزراندنی بەرەیەکی بەهێز کە لەسەر بنەمای گوتارێکی سیاسی هاوبەش بۆ بونیادنانەوەی وڵاتێکی دێمۆکراتیکن؟ لە بەردەوامیی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا ئەرک و بەرپرسیارێتیی حیزبە سیاسییەکان کامانەن و چۆن دەتواندرێت ئەم شۆڕشە بگەیەندرێتە سەرکەوتن؟ "کوردستان" ئەم بابەتانەی لەگەڵ خاتوو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

فەریبا محەممەدی، وتەبێژی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان تاوتوێ کردوە.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو فەریبا با ئاوا دەست پێ بکەین. شۆڕش بۆ هەڵدەگیرسێ و بە ڕای ئێوە جیاوازی شۆڕشی ژینا و شۆڕشەکانی دیکەی ئێران چییە؟

**فەریبا محەممەدی**: پێناسەی شۆڕش لە بنەڕەتدا بە واتای گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ دێت. زۆر کەس پێیان وایە شۆڕشی فەڕانسە دایکی هەموو شۆڕشەکانە، چونکە پێش لەوە شۆڕش چەمکێکی ڕاستەقینەی نەبووە و گۆڕانکارییەکان لە ئاستێکی بەرچاودا نەبوون. بەڵام ئەو شتەی ئەمڕۆ لە مێشکی ئێمەدا درووست بووە، ئەمەیە کە شۆڕش بە واتای هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتیی دەسەڵاتدار و حکوومەتەکانیانە کە لە دەروونی کۆمەڵگەوە بە شێوەی ناڕەزایەتی دەردەکەوێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی بزووتنەوەیەکی بەکۆمەڵ بۆ گۆڕین و لەنێوبردنی سیستمی دەسەڵاتدار و گەیشتن بە داخوازییەکانیان. بە وتەی لێنین: "ئەگەری شۆڕش لە وڵاتێکدا هەیە کە خەڵکەکەی لە حکوومەت تووڕە و نارازین و حکوومەتیش توانای دەسەڵاتداریەتی لە دەست دابێت". بۆیە دەتوانین بڵێین شۆڕشی ژینا زۆربەی تایبەتمەندی و پێناسەکانی شۆڕشێکی لە خۆ گرتبوو. بەردەوامبوونی ئەم شۆڕشە، پێشەنگبوونی هێماکانی بزووتنەوە وەکوو دروشم و کردەوەکان، وەرگرتنی پاڵپشتیی نێونەتەوەیی، بەرفراوانکردنی بازنەی بەشداریی خۆپیشاندەران بۆ کۆمەڵێکی بەرین لە گرووپە کۆمەڵایەتی-ناسنامەیی و پیشەیی و درووستکردنی گۆڕانکارییەکی قووڵ لە کۆمەڵگەی ئێران، لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا بوو کە بۆتە یەکێک لە جیاوازترین ناڕەزایەتییەکانی پاش شۆڕشی ٥٧ لە ئێران. تەنانەت دەتوانین ئەو بانگەشەیەش بکەین کە لە مێژووی سیاسی پێش "شۆڕشی ٥٧"یشدا بینینەوەی نموونەیەک لە ناڕەزایەتی کە هاوسەنگی ئەم شۆڕشە بێ، زۆر ئەستەمە. هەربۆیە خاڵە ئەرێنییەکانی ئەم شۆڕشە کە بۆتە هۆی جیاوازبوونی لە ڕاپەڕینەکانی دیکە، پێشەنگبوونی جیلی نوێ و بەتایبەت ژنان بوو کە لە وێژمان و دیسکۆرسگەلی پێشوو (مەزهەبی، ڕێفۆرمخوازی و پیاوسالاری) لە ئێران تێپەڕ ببوون و دژی کۆی بنەماکان و سیستمی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستابوون. دیارە کوردستان و بزووتنەوەکەی بەنیسبەت شوێنەکانی دیکەی ئێران جیاواز بووە و هەر لە سەرەتای دەسەڵاتداریی کوماری ئیسلامی و ئێستایشی لەگەڵ بێ باوەڕی بەم حکوومەتە نەبووە و نییە. ئەم ڕاپەڕینە بە گیانلەدەستدانی ژینا و ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵکی سەقز و کوردستان دەستی پێ کرد و بە ئامادەبوونی بەرچاوی ژنان وخواستەکانیان بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هەموو ئێران و جیهانیشی گرتەوە. هەر چەند سەرەتا ڕژیم پێی وانەبوو ئەم ڕاپەڕینە بتوانێت لە ماوەیەکی کورتدا تەواوی ئێران بگرێتەوە هەر بۆیە کونترۆڵی دۆخەکەی لە دەستدا و تەنانەت زۆربەی بەرپرسانی ڕژیم ترسی ڕووخانی دەسەڵاتەکەیان لێ نیشتبوو.

**شەهرام سوبحانی**: بزووتنەوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستا کۆسپی زۆریان لەبەردەمدا بووە. وەکوو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خەسارناسییەکی ئەم بابەتە، بە ڕای ئێوە کام فاکتەر گەورەترین زیانییان بە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان گەیاندوە؟

**فەریبا محەممەدی**: وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانێت فرەڕەهەند بێت و هەر یەکەیان پێویستی بە لێکۆڵینەوە و شیکاریی زیاترە. بەڵام لە ئاستی سەراسەری کە ئەم بەشەی لە کوردستانیش لە چوارچێوەی وڵاتێک بە ناوی ئێراندا هەڵکەوتوە، دەتوانین ئاماژە بە کۆسپ و ئاستەنگی زۆر بکەین. بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی دوو ڕێژیمی دیکتاتۆریی پەهلەوی و ئیسلامی دەتوانین ئاماژە بە تەگەرەی یەکجار زۆر بکەین. خەڵکی کوردستان بەردەوام بۆ گەیشتن بە خواست و مافە ڕەواکانیان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا خەباتیان کردوە و بۆ ئەم مەبەستەش نرخی خۆیان داوە. لە ڕوانگەی سیستمی دەسەڵاتداریی ئێرانەوە، کاتێک ڕەزاخان هەوڵی دا دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە ناوی ئێران دابمەزرێنێت و بیکاتە یەک نەتەوە و لەو پێناوەدا تکۆڵی لە زمان و ئایینی هەموو نەتەوەکانی دیکە کرد، دوابەدوای ئەوە و بە شێوەیەکی مۆدێڕن چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکە لە ئێران دەستی پێ کرد کە تا ئێستاش بەردەوامە. بۆیە بە هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نکۆڵی لە شوناسە نەتەوەییەکان چڕتر و، شوناسە ڕەگەزی، مەزهەبییەکان و.... هتد زیاتر سەرکوت کران. بۆیە ئەم ڕوانگە بوو بە سیاسەتی سەرەکیی دەسەڵاتدارانی ئێران و نەتەوەی کوردیش وەکوو نەتەوەیەکی لەمێژینە و ڕەسەن، لە پێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی بەردەوام خەباتی کردوە و بەردەوامیشە لە خەبات.

بەڵام لە نێوخۆی کوردستاندا پێویستە زیاتر گرنگی بە خەسارناسی بزووتنەوە بدەین. شوێنێک کە بەردەوام بزووتنەوەیەکی چالاک و سەقامگیری هەبووە و لە ڕۆژانی یەکەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا بە تەنیا دژی وەستایەوە. بۆیە نەتەوەیەک کە مێژوویەکی وای هەیە و حیزبەکانیشی ڕۆڵیان لەم خەباتەدا هەبووە، دەبوو لەم بارودۆخەی ئێستادا لە ئاستێکی جیاواز و بەشێوازێکیتر خۆیان دەرخستایە. لێرەدا نەبوونی هاوکاریی حیزبەکان و نەبوونی وێژمانێکی هاوبەشی نەتەوەیی یەکێکە لەو هۆکارە گرنگەلەی کە زیانی بەم بزووتنەوە گەیاندوە. جیاوازییەکی بنەڕەتی لە کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران لە ڕووی هەبوونی حیزب و مێژووی خەبات و وشیاری نەتەوەیی و سێکۆلاریزمەوە هەیە و پێویستمان بە ناوەندێکی گەورەیە بە بەشداریکردنی هەموو حیزبە سیاسییەکان لەو ناوەندە کە بەپێی خواستە هاوبەشەکانمان، وێژمانێکی هاوبەشیشمان هەبێ. پێویستە سەرکردەیەک یان نوێنەرێکمان هەبێت کە بتوانێت نوێنەرایەتی زۆرینەی نەتەوەی کورد بکات و بە شێوازێکی باشتر هەوڵ بدات بۆ دیالۆگ و پێکهاوردنی بەرەیەکی هاوپەیمان لەگەڵ لایەنەکانی تر و نوێنەری نەتەوەکانی تر و ئەمەش کاتێک ڕوودەدا کە گوتارێکی هاوبەشمان هەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تا چ ڕادەیەک پابەند بە پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێز لەسەر بنەمای گوتارێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیاسی هاوبەش بۆ بونیادنانەوەی وڵاتێکی دێموکراتیکن؟

**فەریبا محەممەدی**: ئەگەر وای دابنێین کە بۆ قۆناغی پاش کۆماری ئیسلامی هەموو خەڵک واتە هەموو پێکهاتە و نەتەوەکانی ئێران لە یەک بەرەدا بن و ویژمانێکی هاوبەشیان هەبێ، ئەوە تەنیا کاتێک دەبێ کە بە بەفەرمیناسینی هەموو ئەم جیاوازییانە و ماف و خواستەکانیان بە ڕێگاچارەیەکی هاوبەش بگەن. هەر بۆیە ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نەک هەر پێبەند بە بنەماکانی دێمۆکراتیک نین بەڵکوو بەردەوام لە هەوڵدان بۆ سڕینەوە و پەراوێزخستنی نەتەوەکانی دیکە و پێشێلکردنی مافەکانیان و تەنیا فۆرمی دەسەڵاتدارییەکە لە ئێراندا بگۆڕن نەک نێوەڕۆک و ڕوانگە و سیاسەتەکانی.

**شەهرام سوبحانی**: کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران خاوەنی فرە چەشنی نەتەوەیی بە ئیدئۆلۆژیگەلێ جیاوازەوە، بەم فرە چەشنییەی کۆمەڵگەی ئێران، چۆن بتوانین بەرەیەک دابمەزرێنین کە وڵاتێکی دێمۆکراتیک بەدوای خۆیدا بێنێت؟

**فەریبا محەممەدی**: دامەزراندنی وڵاتێکی دێمۆکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ئێستاکەش گیرۆدەی شەڕ و لەشکرکێشی ئیسلامییە توندڕەوەکانە هەرچەند مەحاڵ نییە، بەڵام زۆر ئەستەم دەبێت و بە تایبەتیش لە ئێراندا. وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، دەیان ساڵە بە هەڵوێستی، نکۆڵیکردن لە نەتەوەکانی دیکە و سەرکوتکردنیان، ئێران"یان ڕاگرتوە و ئەمەش بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەتی دەسەڵاتداران و کولتووری زۆربەی خەڵک و خەونی وڵاتێکی دێموکراسی و ئازاد لەنێو دەبات. ئەوە کاتێک دەتوانێت بەدی بێت کە مافی هەموو نەتەوەکان و فرە چەشنی ڕەگەزی و جێندەری و ئایینی و مەزهەبی بەفەرمی بناسرێت و پلاتفۆرم یان جاڕنامەیەکی دێمۆکراتیکمان هەبێت و پێش هەر شتێک مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەیەک بە شێوەیەکی یەکسان ڕەچاو بکرێت. بێگومان لە وڵاتێک کە ساڵانێکە هەڵاواردنی نەتەوەیی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتی هەیە دەبێت بەرنامە و پلانێکی گشتگیرمان هەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەموکۆڕییانە تا ئاستێکی گونجاو قەرەبوو بکرێنەوە و ڕێگای پێشکەوتن خۆش بکرێت، کە خودی ئەمە بە تایبەت لە ئێراندا پرسێکی جیاواز و گرنگە. بۆیە بەم ڕوانگەوە دەتوانین لە دەوری بەرەیەکی هاوبەش کۆببینەوە. بەڵام نەبوونی حیزبی سەراسەری کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزیان هەبێ و ئامادگی خۆیان دەربڕن بۆ قبووڵکردنی هەڵوێستێکی دێموکراسی و سەردەمیانە، بۆشاییەکی گەورەیە کە تا ئێستاش هەستی پێدەکرێ و لەم ڕاپەڕینەشدا بەرچاو بوو.

**شەهرام سوبحانی**: لە درێژەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا، ئەرکی حیزب و ڕەوتە سیاسییەکان لە ئێراندا چین؟ چۆن دەتوانرێت ئەم شۆڕشە بە سەرکەوتن بگەیەنرێت؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**فەریبا محەممەدی**: شۆڕشی ژینا بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" توانی لە وێژمانەکانی پێشوو تێپەڕێت و بە کۆکردنەوەی هەموو جیاوازییەکان، وەرزێکی نوێ لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەست پێ بکات و ئەم بەڵێنە بدات کە بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی خەڵک، لە نێو تاریکیی ستەم و هەژاری و چەوساندنەوەدا کە کۆمەڵگەی گرتووەتەوە درز و کەلێنێک ڕوو بە هیوا دەدۆزرێتەوە. بۆیە بۆ تێپەڕبوون لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی پێویستە هەموو لایەن و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران یەکگرتوو و یەکدەنگ بن. هیچ بزووتنەوەیەک ناتوانێت تەنیا هەر خۆی بە نوێنەری خەڵک بزانێت. هەروەها پێداگری لە سەر سیاسەتی لە بەرچاونەگرتنی نەتەوەکان و سەرکوتکردنیان لە ژێر ناوی یەکگرتوویی نەتەوەیی بەتایبەت لە نێو ئەم نەوەی نوێی کۆمەڵگەدا چیتر جێگەی نییە.

**شەهرام سوبحانی**: شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" یەکێک لەو فاکتانە بوو کە نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا توانی پرسی نەتەوەیی کوردستان زەق کاتەوە، بە ڕای ئێوە حیزبە کوردستانییەکان توانیان لەم شۆڕشە لە بەرژەوەندی چارەسەرکردنی پرسی کورد کەڵک وەرگرن؟

**فەریبا محەممەدی**: بزووتنەوەی کوردستان لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بە تایبەتمەندییە ناوازەکانی لە شوێنەکانی دیکە جیاواز بووە و لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەم دواییەی کوردستاندا جارێکی دیکە بە ناڕەزایەتیدەربڕین بەرامبەر بە کوژرانی ژینا ئەمینی لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕژیم لە تاران، توانی لە ماوەیەکی کورتدا گەورەترین ناڕەزایەتی لە سەراسەری ئێراندا ڕێک بخات. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان لەو کاتەدا بەجێ و بەدروست، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و خەڵکیان بۆ مانگرتنی گشتیی بۆ ناڕەزایەتی بەرامبەر بە کوژرانی ژینا بانگهێشت کرد و بە ڕاگەیاندراوە دوابەدواکانی توانی لەو شۆڕشەدا ڕۆڵ بگێڕێت. خەڵکی کوردستان هەمیشە سەلماندوویانە هەر کاتێک حیزبەکان یەکگرتوو و یەکدەنگ بن ئەوانیش پشتگیرییان دەکەن. ئەم یەکگرتوویی و یەکڕیزییەی خەڵک و حیزبەکانی کوردستان لە کاریگەرییەکی زۆری لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا هەبوو و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی " بوو بە دروشمێکی جیهانی و هیوای دارمانی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە دڵی خەڵک و هەموو ئازادیخوازانی دونیا زۆرتر کرد و جەستەی سەرکردەکانی ڕژیمی وەلەرزە خست. هەر بۆیە چاوەڕوانی لە کوردستان و حیزبە کوردییەکان زۆرتر لە جاران بوو و ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان هەبوو، بەڵام حیزبەکانی کوردستان بەهۆی پەرشوبڵاوی و نەبوونی گوتاری هاوبەش و هەوڵدان بۆ پێگەی تاکەکەسی و حیزبی لەبری بەرژەوەندیی گشتی و نەتەوەیی، نەیانتوانی لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرن و ئەو ئەرکە گرینگە بەجێ بهێنن. هاودەنگیی حیزبێک لەگەڵ فاشیستترین بەشی دژبە کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ یەکخستنی سپای پاسداران و ئەرتەش و سەپاندنی بەسەر خەڵک و پێشێلکردنی داخوازییەکانی شۆڕشی ژینا و دروشمە ڕادیکاڵەکەی لە ژێر ناوی "منشور مهسا"(جۆرج تاون) زەبرێک بوو کە لە جەستەی ئەم شۆڕشە کەوت. بەداخەوە حیزبەکانی دیکەش نەیانتوانی یەکڕیزی و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تەبایی لە نێو بزووتنەوەی کوردستان درووست بکەن و دواتر بە گوتارێکی هاوبەش، هەنگاوێک بەرەو یەکگرتوویی گشتیی هەڵ بگرن. تا ئەوکاتەی نەتوانین لە ڕوانگەی بەرژەوەندی بزووتنەوەی گەلی کوردستانەوە بۆ پرسەکان بڕوانین، بێگومان ناتوانین وەک حیزبێکی کوردستانی ئەرکی سەرەکیی خۆمان بەجێ بهێنین.

**شەهرام سوبحانی**: کوردستان بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەرێکی بەهێز چ لە ناوخۆی ئێران و چ لە ئاستی نێودەوڵەتییدا پێویستە چ هەوڵێک بدات؟ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان تا ئێستا توانیویانە وەک فاکتەرێکی بەهێز لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان بکەن؟ ئەگەر نەیانتوانیوە هۆکارەکەی چییە؟

**فەریبا محەممەدی**: لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا بەشێکیم باس کردوە و بە پێویستی نازانم دووپاتی کەمەوە. بەڵام بەم جۆرە درێژەی پێ دەدەم کە ئێمە دەبێت ئاستی پرسی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان لە پرسێکی نێوخۆیی وڵاتێک بۆ پرسێکی جیهانی بەرز کەینەوە. چونکە پرسی کوردستان پاش، دوای دابەشبوونی بەسەر چوار وڵاتدا، ناکرێت تەنیا پەیوەندی بە یەک وڵاتەوە هەبێت، بەڵکوو پرسێکی ناوچەیی و جیهانییە و پێویستە لەسەر ئاستێکی گشتگیرتر چارەسەر بکرێت. مافی دیاریکردنی چارەنووس وەکوو مافێکی سەرەتایی و دیار لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتوە و وەک بنەمای یەکسانی مرۆڤ و نەتەوەکان ناسێنراوە، بەڵام داگیرکەرانی کوردستان هیچکات دانیان پێدا نەناوە. بۆیە مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکی سرووشتییە بۆ نەتەوەی کورد. هۆکاری ئەوەیکە تا ئێستا نەمانتوانیوە سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کوردستان ڕاکێشین، نەبوونی یەکریزی نەتەوەیی و گوتاری هاوبەشە. ئێمە تا ئێستاش نەمانتوانیوە بە دەنگی بەرز لە میدیاکان و کۆدەنگی جیهانیدا بڵێین سەربەخۆیی کوردستان مافی بێ ئەملاوئەولای ئێمەیە. وەک دەڵێن، ماف پێت نادرێ، بەڵکوو وەردەگیرێت.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو فەریبا، وەکوو دوایین پرسیار، چەندە هیواتان بە داهاتووی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" هەیە؟

**فەریبا محەممەدی**: لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، چەندین بزووتنەوەی نارەزایەتیی لە جیهاندا ڕوویان داوە و توێژەرانی بواری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵی نوێیان داوە بۆ ڕوونکردنەوەی سەرچاوە، پرۆسەی پێکهاتن و کاریگەری و دەر ئەنجامەکانییان. بەجۆرێک کە کێبرکێیەک نێوان تیۆرییە ئەکادیمییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی باشتر لەسەر ئەو نارەزاییەتیانە دروست بووە و گرنگی زیاتریان بە پرسی فەلسەفەی جوانیناسی داوە. لە شۆڕشی ژینادا هەستی بەرەنگاربوونەوە، دارمانی ترس و تێپەڕبوون لە کولتوور و یاسای پیاوسالاری، هاوئاهەنگی هەمەچەشنی و شوناسە جۆربەجۆرەکان، ڕوویەکی دیکەی لە نارەزایەتی نیشان دا. بەجۆرێک کە هاوکات لەگەڵ گڕوتینی شۆڕشگێڕانەدا شایەتی هەڵبژاردنی دروشمگەلی جوان و پڕ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نێوەڕۆک و کردەوەی نوێ بووین کە سەرنجی میدیا جیهانییەکانی بۆ خۆی ڕاکێشا. هەر بەم هۆکارە ئەم شۆڕشە دەلاقەیەکی نوێی کردەوە کە درەنگ یان خێرا دەرنجامێکی ئەرێنی واتە هەمان ئازادی و ڕزگاری دەبێت. خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ژنان، پێشەنگەکانی ئەم شۆڕشە بوون و دەبن. دیسان جەخت لەوە دەکەمەوە ئێمە پێویستمان بە گوتارێکی هاوبەش هەیە کە لەگەڵ شکۆ و داخوازیی خەڵکی کوردستان بگونجێت.

٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دەرفەتە زێڕینەکە



**ناسۆ مێنبەری**

لە ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا یادی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەینەوە، کۆمارێک کە سەرەڕای کەمبوونی تەمەن و جوانەمەرگکرانی لەلایەن دەسەڵاتی پاڵەوییەوە بەڵام پڕ لە نوێگەری و داهێنان و ئەزموون بۆ داهاتوو بوو.

زۆرجار باس لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان کراوە و لە ڕوانگەی جیاوازەوە ئەم دەسکەوتانە بەرز نرخێندراون، چونکە بێگومان توانیویانە وەکوو بناغەیەک بۆ بنیاتنانی داهاتوو لە کوردستاندا کەڵکیان لێ وەربگیرێ. وردبوونەوە لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان، سەرەڕای کەم ئەزموونیی خودی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە دەری دەخات کە ئەگەر ئەو دەسەڵاتە سیاسییە لە کوردستان بەردەوام بایە و بەو شێوازە نەکەوتبایەتە بەر تەوری نەیارانی و زیاتر تەمەنی بکردبایە، بێگومان دۆخی ئێمە وەکوو کورد، ئێستا زۆر باشتر بوو!

یەکێک لەو خاڵە گرینگانە کە زۆر جار باسی لەسەر کراوە، کردنەوەی دەلاقە بۆ بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسی لە چوارچێوەی کۆماری کوردستاندا بووە. کۆماری کوردستان وەکوو دەسەڵاتێکی سیاسی لە کوردستان، بەفەرمی ژنی هێنایە نێو گۆڕەپانی سیاسەتەوە. بێگومان چەندە دامەزرانی خودی کۆماری کوردستان وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ توانیبێتی کاریگەریی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەسەر کۆمەڵگەی ئەوکاتی کوردستان و پرسی کورد  لە کوردستان هەبێ، ئەوەندەش توانیویەتی کاریگەریی لەسەر ژن و پرسەکانی ژنان هەبێ.

زۆر جار باس لەوە کراوە کە پێشەوا قازی محەممەد وەکوو سەرۆککۆماری کوردستان، بە هێنانی هاوسەرەکەی خۆی بۆ نێو بازنەی سیاسەت و سپاردنی ئەرک بە مینا خانمی هاوسەری وەکوو یەکەم سکرتێری ئەم ڕێکخراوە یەکەم هەنگاو و دەکرێ بڵێین پتەوترین هەنگاوی لەو کاتەدا بۆ بەشداریپێکردنی ژنان لە کاروباری سیاسیدا هەڵگرت. ڕەنگە ئەمە لای زۆر کەس وەکوو شتێکی ئاسایی چاوی لێ بکرێ، بەڵام بە لێکدانەوەیەک بۆ دۆخی کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستان کە زیاتر لە ٩٠ لەسەدی خەڵکەکەی نەخوێندەوار بوون و ئاستی خوێندەواریی ژنانیش بە هۆکارگەلی جیاواز زۆر زۆر کەمتر بوو، دروستکردنی ئەو متمانە و باوەڕبەخۆبوونە لە ژناندا کە ئەتوانن لە کاروباری سیاسی و ڕێکخراوەییدا بەشدار بن، بابەتێکی زۆر گرینگە.

لە کۆمەڵگەیەکدا کە ژن وەکوو ڕەگەزی لاواز چاوی لێ کراوە و تەنانەت لە مافی خوێندنیش بێبەری بووە، ئەم چەشنە لە گرینگیدان و دەرفەت خولقاندنە بۆ ژن، کردەوەیەکی زۆر گرینگ و جێی بایەخە. لەلایەکی تریشەوە، ئەو بوێرییەی ژنان کە سەرەڕای هەموو بەربەستەکان، توانیویانە خۆیان لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەییدا ببیننەوە و کەڵک لەو دەرفەتە زێڕینە وەربگرن، پتر لەوەش جێ بایەخە.

جیا لەوەی لەدایکبوونی کۆماری کوردستان تا چەند توانیی لەسەر هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەدۆستیی خەڵکی کوردستان کاریگەر بێت و ئەم خۆشەویستییە نەوە دوای نەوە تا ئەمڕۆ بگوازرێتەوە، دەرس‌وەرگرتن لە ئەزموونەکانی کۆمار دەبێ چەند قات زیاتر گرینگیی پێ بدرێت، ژنان ئەوکات هاتنە مەیدانێکەوە کە نوێ و نەناسراو بوو، بەڵام یەکەم هەنگاویان بە سەرکەوتوویی هەڵ گرت و بەردی بناغەی کاری ڕێکخراوەیی و بەشداریی ژنانی کوردستانیان بۆ داهاتوو دانا، بوێرییەکەی ئەوان گوازرایەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو و وای لێ هات کە جیا لەوەی کە یەکیەتیی ژنانی دێموکرات وەکوو دەسکەوتێکی بەنرخی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە چاوی لێ بکرێت و بایەخی پێ بدرێت، هەبوونی ژنان لە چوارچێوەی کاروباری سیاسی و ڕێکخراوەیشدا بایەخێکی دوو چەندانی لەخۆ گرت.

پاش ٧٨ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، ژنان و کچان بە کەڵک‌وەرگرتن لەو ئەزموونە، توانیویانە سەرکەوتنێکی ئێجگار زۆر لە کاروباری ڕێکخراوەیی و سیاسییدا بەدەست بێنن و لە زۆر بواریشدا خاوەن پێگە و خاوەن قسەی خۆیان بن. بێگومان پاش ٧٨ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، ناتوانین باس لە گرینگیی بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسیدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بکەین، بەڵام ڕۆڵ و کارتێکەریی کۆماری کوردستان و دامەزرانی یەکیەتی ژنان لە دڵی ئەم کۆمارەدا، لەبەرچاو نەگرین. ئەزموونی خەباتی ژنان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا پێمان دەڵێ کە تا چەند خودی کۆماری کوردستان توانیویەتی دەرفەتێکی زێڕین بۆ ژنان بێ.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، کاری ڕێکخراوەیی لە کۆمەڵگەی کوردستان، ڕەنگ و بۆنێکی دیکەی بە خۆیەوە گرت، لە ڕاستیدا لە قۆناغێکدا، سەرهەڵدانی NGO و ڕێکخراوەکان، وەکوو دووپاتبوونەوەی مێژوو بوو؛ چونکە ڕێک لە دوای ڕووخانی کۆمار و دواتریش بە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی هەموو دەرفەتەکان بۆ بەشداری لەم کایەدا، لێیان ئەستێندران، بەڵام باکگراوندی خەڵکی کوردستان لە سەربەخۆیی و دەستئاوەڵایی سەردەمی کۆماری کوردستان وای کرد کە لە کوردستاندا، بە پێچەوانەی شوێنەکانی دیکە، بایەخ بە کاری ڕێکخراوەیی لەژێر سێبەری حیزبە سیاسییەکاندا بدرێت و لەم چوارچێوەیەشدا ڕۆڵی ژنان لە گەشە و سەرکەوتنی کۆمەڵگەدا، بەرز بنرخێندرێ، کەوابوو سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوەکان و بەتایبەتیش ئەو ڕۆڵ و ئەرکەی کە ژنان لەم چوارچێوەیەدا لە ئەستۆیان گرت، پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەو ڕابردووە چارەنووسسازە هەیە کە کۆماری کوردستان خوڵقاندی.

گرینگیدان بە ژن و ئەرک خستنە سەر شانی لە پرسە گرینگەکاندا، وای کرد کە درێژەی تێکۆشانی ژنان، قۆناغی شۆڕشی ژینا بە خۆیەوە ببینێ و ژنان نەک تەنیا ئەکتەر بەڵکوو کاتالیزۆرێکی سەرەکی بۆ ئەم شۆڕشە بن و بە پشتبەستن بە ئەزموون و دەسکەوتەکانی کۆمار بەتایبەت بۆ ژنان، خۆیان لەم چوارچێوەیەدا ببیننەوە.

ئەرک وەخۆگریی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، گرینگ بوو، بەڵام پاراستنی ئەو دەسکەوتانە بۆ بونیاتنانەوەی داهاتوویەکی گەش گرینگترە، بێگومان لە پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی داڕۆژی کوردستاندا، بوونی ژنان و بەشداریی چالاکانەیانە کە زیاتر لە ئێستا بایەخی کۆماری کوردستان و کارتێکەریی ئەم کۆمارە لەسەر پرسەکانی ژنان دەر دەخات، بۆیە پێویستە ژنان هەنگاوەکانیان لەپێناو گەیشتن بە پێگەیەکی بەهێز چڕ بکەنەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو، لە بونیاتنانەوەی داهاتووی کوردستاندا ئەرک لە ئەستۆ بگرن و دەرفەتە زێڕینەکانی ئێستایان لەدەست نەدەن.

٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شەریفی شاعیر، سەرمایەی نەتەوەیەک



**مەنسوور مروەتی**

ڕۆژی پێنج شەممە، ٢٨ی بەفرانبار لە شاری سلێمانی بەبۆنەی بڵاوکردنەوەی سەرلەنوێی کتێبی "ملوانکەی شین"ی مامۆستا شەریف حوسەین پەناهی ڕێز لە زیاتر لە چوار دەیە تێکۆشانی ئەدەبی، فەرهەنگی و زمانەوانیی ئەم شاعیرە ناودارەی کوردستان گیرا. دیارە لەم دیوانە شێعرەدا کە بەهەوڵی ناوەندی چواربـاخ و پرۆژەی قەفتـان چاپ کراوە، جگە لە شێعرەکانی پێشووی کە لە یەکەم چاپی ملوانکەدا هاتبوون، بەشێکی زۆر لە شێعرە چاپنەکراوەکانی دواتری ئەم شاعیرە گرانقەدرەی کوردستان بە کتێبەکە زیاد کران و پێکەوە لە بەرگێکی تازەدا و هەر بە ناوی ملوانکەی شین چاپ و بڵاو کرانەوە.

مامۆستا شەریف کە بە شاعیری ملوانکەی شین بەناوبانگە یەکێک لە دەنگە دیارەکانی ئەدەبیاتی بەرگری لە کوردستانە کە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ بە تاوانی چاپکردنی دیوانی ملوانکەی شین بە زمانی کوردی دەسبەسەر و نزیکەی یەکساڵ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە زیندانی کرا.

ملوانکەی شین لەبەر نێوەرۆکی نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەی هەر زوو جێگای خۆی لە نێو خەڵکی کوردستاندا کردەوە و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شـێعرەکانی بـوون بە وێـردی سـەر زمـانی خەڵـک. بە جۆرێـک کە لاوانـی وڵات لەبەر نەمـانی ملـوانکەی شـین لە کتێبفرۆشـییەکاندا، بە خەتـی خۆیـان ملوانکەیـان دەنووسـییەوە و لای خۆیـان ڕایـاندەگرت. زۆر لەو شـێعرانەش لە لایەن هونەرمەندانی دەنگخۆشی کوردستانەوە کرانە سروود و گۆرانی و بـۆ نموونە شیعری "دایە گیـان بگـری لە سەر خـاکم کە وا شینم دەوێ" چ ئەوکات و چ ئێستا یەکێک لەو شێعرە بەرزانەیە کە هێورکەرەوەی دڵی دایکانی جەرگسووتـاوی کورستـانە کە جگەرگۆشەکانیان بە دەستی داگیرکرانی کوردستان شەهید بوون.

مامۆستا شەریف لە پـاش ئـازادبوون لە زینـدانی مەریـوان و گەڕانەوەی بـۆ سنە، پـاش مـاوەیەکی کەم ڕووی کـردە نـاوچەی موکریان و لە شـاری مەهابـاد گیرسـایەوە. لەو شـارەدا وێـڕای تێکەڵبـوونی زیـاتر لەگەڵ شـاعیر و ئەدیبـانی ئەو نـاوچەیە، درێـژەی بە چـالاکیە ئەدەبییەکـانی و بەتـایبەت شـێعر نووسین دا. شـەریف لە گەڵ ئـازارەکـانی گەلەکەیـدا دەژیـا و زۆربەی شیعرە تـازەکانیشی دەسبەجێ ل لایەن هونەرمەندانی کوردەوە دەکرانە سروود و گۆرانی. بۆ نمـوونە شیعری "کـۆچی کـوردان وا بە کاروان دێ لە ڕێی شارانەوە، ڕۆژ بە باری قـورس و برسی شەو لەبەر بـارانەوە..." کە بـۆ کـۆڕەوەکەی خەڵکی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٣٧٠ نووسیویەتی.

جیاواز لە نێوەرۆکی نیشتمانپەروەرانە و شۆڕشگێڕانە لە شێعرەکانیدا، وشە لە دەستی شـەریفدا وەکوو مۆم وایە و هـونەری کەلـکوەرگرتن لە وشە لە شێعرەکانیدا بە جـۆرێکە چێـژێکی تـایبەتی بە بیسـەر و خـوێنەر دەبەخشێ. لەو بـوارەدا دەکـرێ بڵێین کاریگەریی دوو شاعیری گەورەی گۆران و هێمن بەسەر شێعرەکانیەوە دیارە. گرینگیی زمان و پاراستن و خزمەتی زمـانی کوردی لای مامۆستا شەریف بە ڕادەیەکە کە مامۆستا لە سێ دەیەی ڕابردوودا زیاترین کاتی خۆی بۆ خزمەتـی زمـانی کـوردی تەرخان کرد، تـا ئەو جێگایەی فێرگەکانی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی بە هەوڵ و هیممەتـی ئەو لە سـاڵی ١٣٧٨ لە کوردستان دامەزرا. مامۆستا شەریف وەکوو دڵسۆزێکی زمانی نەتەوەکەی زۆر بەباشی هەستی بەوە کردبوو کە فێربـوونی زمـان لای هەموو گەلان دەبێ بەشێوەیەکی بنەڕەتی بێ و لەبەینچوونی زمان یانی ڕاوەستانی دڵ و مردن و لەنێوچوونی گەل. بـۆیە لەو نامیلکەیەدا کە بۆ فێربوونی ڕێنووسی کوردی دایناوە زۆر بەدروستی دەڵـێ،" ئەوکـاتەی کە مرۆڤ دەمرێ بەرلەوەی دڵـی ڕاوەستی زمانی لە گۆ دەکەوێ، پـاش ئەوەی زمـان دەبەسترێ، وردەوردە خورپەی دڵیش دەبێـتە ئـاهەنگی نەمـان، کەوابـوو گەلێک زیندووە کە زمانی خۆی دەپارێزێ".

مامۆستا دەیزانی کە ڕێگەنەدان بە خوێندن و نووسین بە زمـانی کـوردی لە ئێرانـدا مەترسیی بـۆ سـەر زمـانی کـوردی دروست کـردوە و زۆر بەبـاشی هەسـتی بەو بۆشـایی و کەموکـوڕییە کردبـوو تـا ئەوەی لە هـاوینی ١٣٨٧دا یەکەم فێـرگەی خوێـندن و نووسینی زمانی کوردیی لە ئەنجومەنی مەولەویی شاری سنە و پاشان ئەنجومەنی ئەدەبیی لەیلاخ لە شـاری دێولان و دواتـر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە جوانڕۆ دانا. لە دوای ئەوە بەرەبەرە لە شارەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەت لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان فێرگەکانی زمانی کوردی بە هەوڵ و هیممەتی چالاکانی فەرهەنگی ئەو شارانە کرانەوە. تەنانەت وای لێ هات خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی پەلی کێشا بۆ ئەو زانکۆیانەی شارەکانی ئێران کە خوێندکاری کوردیان تێدا بوو، و بەخۆشییەوە چەند ساڵێک دوای ئەوە لە شارەکانی کوردستان ڕێکخراوی دیکە وەکوو ڕێکخراوی سۆما، بۆ خزمەت بە زمانی کوردی کرانەوە و لە سەر یەک ئەو ساڵانە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، چالاکانی فەرهەنگیی کوردستان خۆبەخشانە و خۆڕسکانە خزمەتێکی باش و بەرچاویان بە زمانی نەتەوەکەیان کردوە کە ئاسەوارەکانی بە ڕوخساری کۆمەڵگەی کوردستانەوە بەباشی دیارە. لەو بوارەدا پێشقەراوڵی ئەو کاروانە و هاندەر و ڕێنیشاندەری لاوان مامۆستا شەریف بوو کە وەکوو ڕۆڵەیەکی ئازا و لێزان و لێهاتووی گەلەکەی، چرایەکی هەڵ کرد کە ڕووناکاییەکەی هەموو کوردستانی گرتەوە.

بەداخێکی گرانەوە لەم ساڵانەی دواییدا مامۆستا شەریف لەبەر ناساغی بۆ چەند ساڵێک لە دنیای ئەدەب و فەرهەنگ و زمان دابڕا، وەک خۆی لە یەکێک لە شێعرەکانی لە ملوانکەی شیندا دەڵێ "وەکوو ئاوی بنی گۆمێ کە جێمابێ لە ڕووباری"، ماوەیەکی زۆر لە ڕووباری تێکۆشەرانی نیشتمان دابڕا و ئەو دۆخەش بوو بە مایەی خەم و نیگەرانیی ئەوانەی کە قەدری ئەم سەرمایە گرانباییەی گەلەکەیان دەزانی. بەخۆشییەوە ئێستا خەریکە سڵامەتیی مامۆستا ڕۆژبەڕۆژ بەرەو باشی دەڕوا و هیوادارم بەم زوانە خەڵکی کوردستان دیسان چاویان بە نووسین و شێعر و خزمەتەکانی مامۆستا شەریف ڕوون ببێتەوە. ئەوەی کە ئەورۆ لەسەر دەستی کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی گەل لە هەر دوو دیوی ڕۆژهەڵات و باشوور کرا، ترووسکاییەک لەو هیوایە بوو.

٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ئێرانی خەیاڵیی بایدن



**نەیشناڵ ریڤیو - ڕیچارد گۆلدبرگ .... و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

چەند سەعات پێش کۆبوونەوەی ٣٠٠ هەزار کەسی لە نەیشناڵ ماڵ بۆ دەربڕینی هاوپشتی لەگەڵ ئیسرائیل و سەرکۆنەکردنی تیرۆریزمی حەماس، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن یادداشتێکی نارده کۆنگره تا ئیزن بە ئێران، پشتیوانی سەرەکیی تێرۆریزم و بکەری ڕاستەقینەی کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبەر بدا، تا دەستی بە ١٠ میلیارد دۆلار ڕابگات.

ئێسرائیل بە هەڕەشەی تێرۆریستی، ئەوەی مەلاکان پێی دەڵێن "ئاڵقەی ئاگر"، گەمارۆ دراوە کە لەلایەن تارانەوە هاوئاهەنگ و پشتگیریی دارایی دەکرێ. بەکرێگیراوی ئێران واتە حیزبوڵڵا، بە ١٥٠ هەزار هاژەک لە لوبنانەوە، ڕۆژانە بە هاژەکی دژی تانک، تۆپخانە و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە هێرش دەکات. خانە تێرۆریستییەکانی سەر بە ئێران لە جودیە و سامارية ڕۆژانە هێرش دەکەن و هێزی بەرگریی ئیسرائیل ناچار بە دەستێوەردان دەکەن. حوسییەکانی یەمەن، کە خاوەن و دنەدەرەکەیان سوپای پاسدارانە، هاژەکی بالیستیکی، هاژەکی دەریایی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە ئیسرائیل و هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە دەنێن و، لەو دواییانەدا لە دەریای سوور دەستیان بە سەر پاپۆڕێکی پەیوەندیدار بە ئیسرائیلەوە داگرت. تاقمێکی سەر بە ئێران لە سووریە بەردەوام هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەکەنە سەر ئەیلات لە باشووری ئیسرائیل.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە هەمان کاتدا، تاقمە تیرۆریستییەکانی سەر بە ئێران لە عێراق و سووریە، ڕۆژانە خەریکی شەڕ دژی هێزەکانی ئەمریکایی لەو دوو وڵاتانەدان و دەیان ئەندامی هێزی سەربازیی ئەمریکایان بریندار کردوە. لە هێرشێکی ئەو دواییانەدا بەڵێندەرێکیش کوژرا.

چۆن سەرکۆمارێکی ئەمریکایی پێی وایە ئاقڵانەیە، دروست لەو ساتەوەختەدا، سەری هەمبانە شل بکاتەوە بۆ پاریدەدەری دارایی و بەرپرسی ئەو هەموو وێرانکارییە؟ وەڵامەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٥، کاتێک سەرکۆمار باراک ئۆباما هەوڵی دا پارادایمی ستراتیژیکی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە دانی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بگۆڕێ.

بۆ زۆربەی ئەمریکاییەکان ئەوە تەنیا "مامەڵەیەکی ناوکی" بوو (کە بەفەرمی نێوی نرا بەرجام) لەگەڵ شەڕێکی سیاسی لەسەر ئەو بابەتە کە ئاخۆ سیاسەتی سازان یان بەرەوڕووبوونەوە باشترین ڕێگایە بۆ پێشگرتن بە پشتیوانی سەرەکیی تیرۆریزم لە دنیادا کە دەستی بە وێرانکارترین چەکی دنیا ڕا بگات. بۆ ئۆباما و نزیکترین یاریدەدەرانی، ئەوە دەرفەتێک بوو تا ئەوەی لە ڕوانگەی ئەوانەوە ناداد پەروەرییە کۆنەکانی ئەمریکا بوو، قەرەبوو بکەنەوە. ئەوان پێیان وابوو ئێران نەفرەتی لە ئەمریکا هەیە، پشتگیری لە تیرۆریزم دەکات و بەشێکی بەو هۆیەوە هاژەکەکانی بڵاو دەکاتەوە، چونکە ئەمریکا خراپەی لەگەڵ خەڵکی ئێران کردوە.

ئۆباما لە ٢٠١٥ بە توماس فریدمەنی نیویۆرک تایمزی گوت، "من پێموایە دەبێ ئەو توانایییەت هەبێ کە هێندێک جار خۆت لە جێگای ئەوان دانێی و، کاتێک دەڕوانیە مێژووی ئێران، ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئێمە دەستمان لە ڕووخاندنی ڕێژیمێکی بە دێموکڕاتیک هەڵبژێردراو لە ئێراندا هەبووە. ئێمە لە ڕابردوودا پشتیوانی سەددام حوسێن بووین، کاتێک دەزانین کە ئەو لە کاتی جەنگی ئێران-عێراق کەڵکی لە چەکی شیمیایی وەرگرتبوو، کەوابوو، لە ئاکامدا، ئەوان نیگەرانیی ئەمنیەتی و بۆچوونی خۆیان هەیە".

بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما پێی وابوو بە پێشکەشکردنی چڵی زەیتون و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان دەتوانن ڕێژیم میانڕەو بکەن و بە ئاواڵەکردنی دەستی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە سامانەکانی و پەرەپێدانی دەسەڵاتی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، هاوسەنگی لە نێوان لایەنە ڕکەبەرەکانی شیعە و سوننی دەبێتە هۆی سەقامگیریی ناوچە و کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە.

هەڵبەت ئەوە نیشانی دا کە ستراتیژییەکی کارەساتبارە و لە جیات کەمکردنەوەی هەڕەشە، کێشەی سەربازیی لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، ئەوی زیاتر کرد. هەڵگرتنی گەمارۆکان، داخستنی ئۆپەراسیۆنەکانی وەزارەتی داد و ڕازیکردنی وەزارەتی بەرگریی بۆ خۆبەستنەوەی زیاتر بە دوژمنی سوێندخواردووی ئەمریکا، کە پشتگیریی لە تێرۆریزم دەکات و هەوڵ دەدا چەکی ناوکی وەدەست بینێ، دەبێتە ئەو شتەی کە چاوەڕوان کراوە، واتە تێرۆریزمی زیاتر، گەشەکردنی بەرنامەی ناوکی و دۆخێکی لاوازی هێزی سەربازیی.

بەر لە ڕێککەوتنی ناوکی، ئێران پرسێکی نێوان هەر دوو حیزبی کۆنگرە بوو. لە ٢٠١١ پێشنیاری گەمارۆخستنە سەر بانکی ناوەندیی ئێران لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا هەموو ١٠٠ دەنگەکەی پێ درا. لە کاتێکدا لە ٢٠١٥ لە باسێک لەسەر ڕێککەوتنەکە بووە هۆی هاودەنگیی ڕێژەیەکی زۆر لە نوێنەرانی دێموکڕاتی ئەنجومەنی پیران و کۆنگرە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماریخوازی ئۆپۆزیسیۆن، کاتێک ڕێککەوتنەکە جێبەجێ کرا، کە بووە هۆی پتەوکردنی بناغەکانی سیاسەتی دەرەوەی سەرکۆماری خۆشەویستی دەنگدەرە لیبراڵەکانی، ئەو ڕێککەوتنە بووە هۆی مشتومڕی سیاسیی ئەو دوو حیزبە.

بەڵێنی دۆناڵد ترامپ بۆ هەڵوەشاندنی ڕێککەوتنەکە و لە کۆتاییدا بردنەسەری ئەو بەڵێنە، باسی سیاسی لەبارەی ئێرانی هێندەی دیکەش کردە پرسێکی سیاسی. سیاسەتێک کە تەنیا هەشت ساڵ پێشتر دەنگی هەمووانی پێ درابوو، لەلایەن دێموکڕاتەکانەوە سەرکۆنە دەکرا، چونکە ترامپ باوەشی بۆ کردبۆوە.

بۆ هێندێک کاربەدەستی هەڵبژێردراو گرینگ نەبوو کە ئێران کەڵکی لە ڕێککەوتنەکە وەرگرتبوو تا زۆر زیاتر لە پێشوو هاژەک بهاوێ، بوونی تێرۆریستی خۆی لە سووریە، عێراق، لوبنان، یەمەن، کەناری ڕۆژاوا و کەرتی غەززە پەرە پێ بدا و، سانتریفیۆژی پێشکەوتووی دروست کردن بە جۆرێک کە تەنیا ڕۆژێکی کات پێویست بێ بۆ تێپەڕ بوون لە بەربەستی بوون بە هێزی خاوەن چەکی ناوکی. بۆ پشتیوانانی ڕێککەوتنی ناوکی گرینگ نەبوو کە موسادی ئیسڕائیل ئارشیوی بەڵگەی نهێنی لەمەڕ چەکی ناوکی، شاردراوە لە تاران، دیتبۆوە، دیتنەوەیەک کە چەند بنکەی ناوکی نەزانراوی ئاشکرا دەکردن و دەیسەلماند کە ئێران چەند ساڵ دانوستانکاران و  پشکێنەرانی فریو داوە. ئەوەشیان بۆ گرینگ نەبوو کە سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی ترامپ ئاکامی هەبوون: کەمترکردنەوەی پشتگیریی دارایی لە تێرۆریزم، ناسەقامگیریی ئابووری لە ئێران و جەماوەری لایەنگری ڕۆژاوا کە لە ٢٠١٩ لە دژی دیکتاتۆرەکەیان ڕاپەڕیبوون. تەنیا شتێک کە گرینگ بوو، پاراستنی ڕێککەوتنی ئۆباما و بەراوەژووکردنەوەی هەموو سیاسەتەکانی ترامپ بوو.

لەبەر ئەو هۆیە، بەربژێر جۆ بایدن بەڵێنی دا خێرا بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنەکە و کۆتایی بە سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی بەڕێوەبەرایەتی ترامپ بێنی. لە کاتی گواستنەوەی دەسەلات بۆ بایدن، ئێران ئیرادەی سەرۆکی نوێی بە پیتاندنی ئۆرانیۆم



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تا ئاستی ٪٢٠، کارێک کە تاران لە کاتی دەسەڵاتی ترامپدا خۆی لێ بواردبوو، تاقی کردەوە.

سەرەڕای ئەو هەنگاوە، کاتێک سەرکۆمار دەستبەکار بوو، سیاسەتی ئەمریکای لە زەختەوە بۆ ڕازیکردن گۆڕی، بەو هیوایە بتوانێ بوار بۆ چالاککردنەوەی ڕێککەوتنی بەرجام خۆش بکات. بایدن حوسییەکانی یەمەنی -کە ئێران پشتگیرییان دەکات- لە لیستەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە بیانییەکان هێنایە دەر، خۆی لە چالاککردنی بڕیاری پەلەپیتکە ل لایەن ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بوارد، گەمارۆکانی شل کردنەوە ئێران دەستی بە دراو ڕابگا تا هێندێک قەرز بداتەوە و هەناردەی نەوتەکەی بۆ چین زیاد بکات، پێشی بە هاوپەیمانە ئورووپاییەکان گرت تا ئێران ل لایەن ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی لە ڤییەن لێپێچینەوەی لێ بکرێ و، ئیزن درا بە بەکرێگیراوانی ئێران لە سووریە و عێراق بێ سزادان هێرش بکەنە سەر هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا. بە هیوای گەیشتنی خێرا بە ڕێککەوتن، بایدن، ڕابێرت ماڵی (کە لەو کاتییەوە نردێدراوەتە پشووی بێسنووری بێ مووچە لە چاوەڕوانیی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی بۆ هەڵسوکەتی نەشیاو لەگەڵ زانیاریی نهێنی) وەک نێردەی تایبەتی خۆی، سەرەڕای دەستەمۆ بوونی ماڵی لەلایەن ئێران و بەکرێگیراوەکانیەوە. ئەوپەڕی زەخت جێگای دابوو بە خۆ بەدەستەوە دان.

وەڵامی ئێران بۆ شلکردنەوەی زەختی گەمارۆکان، قووڵکردنەوەی کێشەکان لە سەرجەم بەرەکان بوو. ئەوەی لە جانیوەری ٢٠٢١ وەک ٪٢٠ پیتاندنی ئۆرانیۆم لە بنکەی ژێر زەویی فۆردۆ دەستی پێ کردبوو، لە ئاپریل بوو بە بەرهەمهێنانی ئۆرانیۆمی پیتێندراو بۆ پلەی ٪٦٠، بەرزترین ئاستی پیتاندنی ئێران. لە ئاگوستی ٢٠٢١، ئێران کانزای ئۆرانیۆمی بەرهەم هێنا، ماددەیەک کە بۆ چەکی ناوکی پێویستە. لە ماوەی ٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٢، ڕێژیم بە شێوەیەکی بەرچاو سانتریفیۆژی پێشکەوتووی دامەزراندن تا توانایی پیتاندنی ئۆرنیۆم پەرە پێ بدا، لە کاتێکدا کە توانایی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکی بۆ چاودێریکردنی چالاکییەکانی ئێران لە ناوەندی بەرهەمهێنانی سانتریفیوژ سنووردار کرا. ئێران لە دروستکردنی بنکەیەکی ناوکی لە نزیک نەتەنز پەلەی کرد کە گوایە ١٠٠ میتر لە ژێر زەوی دایە، کە لە هێرشی بۆمبی ئیسرائیلی و تەنانەت ئەمریکایی پارێزراوە. هێرشەرکان بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکایی لە عێراق و سووریە لە هەموو ئەو ماوەیەدا پەرەیان گرتوە، بە شایەتیی ژەنراڵ ئێریک کوریلا، فەرماندەی ناوەندی فەرماندەیی ئەمریکا لە مانگی مارس، بەکرێگیراوانی ئێران لە جانیوەری ٢٠٢١ بەولاوە ٧٨ جار بە هاژەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی ئەمریکا.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا، تیمی بایدن جارێک نەیگوت "نا". لە جیاتی پەنابردن بۆ سیاسەتی زەخت و چاوترسێنکردن، کۆشکی سپی بێهیواتر بوو، تەنانەت پەنای بۆ یارمەتی وەرگرتن لە ڕووسیە برد. لە جانیوەری ٢٠٢٢، گۆڤاری فارین


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پاڵیسی هاواری کرد: "یاریزانی بەتوانای دانوستانەکانی ناوکی: خوشت بویّ یان لیّی بیّزار بی، پیاوی ڕووسیە لە ڤییەن بۆتە وتەبێژی نافەرمیی ڕێککەوتنی ئێران." بەڕاستی، باڵوێزی ڕووسیە، میخایل ئولیانۆڤ فیلمی لێ گیرا کە بە خۆی و ئێرانییەکانی هەڵدەگوت کە لە وتووێژەکاندا چەندە پاشەکشەیان بە ماڵی کردوە.

بەڵام دروست لەو کاتەدا کە کاربەدەستانی ئەمریکایی و ڕووسیەیی پێشبینی ڕێککەوتنێک لە ماوەیەکی کورتیاندا دەکرد و ئەمریکا تەنانەت گەمارۆی سووک دەکردنەوە و ئیزنی بە ڕووسیە دەدا پشتیوانی لە بەرنامەی ناوکیی ئێران بکات، داگیرکاریی پوتین دژی ئوکراین ئەو ڕەوتەی پەک خست. مۆسکۆ پێداگر بوو کە نابێ هیچ ڕێککەوتنێک بێئەوەی ئیزن بە ڕووسیە بدرێ خۆی لە گەمارۆی ڕۆژاوا لە ڕێگای ئێرانەوە لادا، بکرێ. پوتین و خامنەیی ڕێککەوتنەکەیان پەک خست. بەڵام پاشەکشەکان بۆ بایدن قەت کۆتاییان نەهات. دوای ڕەتکردنەوەی سێ پێشنیار لە لایەن ئێرانەوە، وەڵامی کۆشکی سپی ئەوە بوو کە پێشنیاری پاشەکشەی دیکەش بکات، ئەو جار سووککردنی گەمارۆی ئابووری بۆ سەر سوپای پاسداران.

لە سەرەتای ئاگوستی ٢٠٢٢، یەکیەتیی ئورووپا شتێکی پێشنیار کرد کە ناویان نابوو ڕەشنووسی کۆتایی پێشنیاری ڕێککەوتن کە ئێران یان دەبوو پەسەندی بکات یان ڕەتی بکاتەوە. هێندێک خەڵک ڕەنگبێ پێیان وابێ گواستنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بۆمبڕێژکراو بۆ ڕووسیە دووهەمین بەربەستی ڕێککەتن بوو، بەڵام ئەوە ڕاست نییە. وڵاتە یەکگرتووەکان دەستی کرد بە هۆشداریدان کە ڕەنگبێ ئێران لە جولای ٢٠٢٢ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ڕادەستی ڕووسیە بکات و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ماوەی دوو مانگ درێژەی بە وتووێژ بۆ ڕێککەوتنێک دا کە دەبووە هۆی پشتگیریی دارایی و ئەگەری ڕەواییدان بەو گواستنەوانە. ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان ناڕاستەوخۆ پەیامیان ئاڵووێر کردن تا وتووێژەکان لە سێپتەمبەر کۆتاییان هات.

پێش ئەوەی کۆشکی سپی دیسان ڕێگایەک بۆ پاشەکشە بدۆزێتەوە، گەشتی ئیرشادی ئێران مەهسا ئەمینی تەمەن ٢٢ ساڵی لەبەر ڕەچاونەکردنی یاسای حیجابی ڕێژیم کوشت کە بووە هۆی سەرهەڵدانی بێوێنە دژی ڕێژیم لە سەرانسەری وڵات. کاتێک ئێلیتی هالیوود لە سۆشیال میدیادا بە لێشاو پشتگیریی خۆیان بۆ ژنانی ئێران ڕاگەیاند و، هەڵبژاردنی نێوان مەودا نزیک ببۆوە، لە کۆتاییدا کۆشکی سپی تووشی بەربەستێکی یەکلاکەرەوەی سیاسی بۆ درێژەدان بە وتووێژەکان بوو. هەڵبژاردنەکانی نێوان مەودا کۆتاییان هات و زستان بوو بە بەهار و کۆماری ئیسلامی خۆی لە سەرهەڵدانەکە دەرباز کرد. برێت مەگورک، ڕێکخەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی کۆشکی سپی چوو بۆ عوممان تا پەیامێک بۆ ئێران بنێرێ: ئەمریکا هێشتا خوازیاری ڕێککەوتنی ناوکییە.

ڕێککەوتنێکی نهێنی بۆ یەکەمجار لە ٧ی جونی ٢٠٢٣ لە لایەن ڕۆژنامەی ئیسرائیلی، هائارێتز پشتڕاست کرایەوە. بەگوێرەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاپۆرتەكە، ئێران لە بەرانبەر سووككرانی گەمارۆكـان، قبـووڵی كردبـوو "پیتانـدنی ئۆرانیـۆم بـۆ ئاسـتی بەرز ڕاگـرێ". ڕاپـۆرتەكە باسـی لە ئـازادكرانی ٢٠ میلیـارد دۆلار، لە عێـراق، كـۆرەی باشـوور و سـندووقی دراوی جیهـانی، بـۆ ئێـران وەك "یەكەم قۆناغی" ئەو "لێكتێگەیشتنە"، كردبوو.

زۆری پێ نەچوو وڵاتە یەكگرتووەكان ئیزنی بە ئێران دا تا دەستی بە ٢،٧٦ میلیارد دۆلار ڕابگا كە لە عێراق ڕاگیرابوو تـا بتـوانێ قەرزەكـانی لە شـوێنی دیكەی دنیـا بـداتەوە. كاربەدەسـتانی ئێـران مەزەنـدەیان دەكـرد كە ١٠ میلیـارد دۆلار دراوی سڕكراوی ڕێژیم لە عێراق هەیە و، لە مـانگی جولای بەڕێوەبەرایەتی بایدن سووككردنێكی نـوێی گەمارۆكـانی ڕاگەیـاند كە ئیزنی بە ئێران دەدا ١٠ میلیارد دۆلار لە عێراقەوە بگوازێتەوە تا یارمەتیدەری بودجەكەی بێ.

ئەوسـا نـۆرەی سـووككردنی هەنـاردەكردنی نەوت هـات كە بـووە هـۆی دەستڕاگەیشـتنی ئێـران بە دراوی زۆرتـر. مانشـێتێكی ڕۆیـتەرز لە مـانگی جـوون بەو شێوەیە بـوو، "لە كـاتی وتـووێژە ناوكییەكـان لەگەڵ وڵاتە یەكگرتووەكـان، ئاسـتی هەنـاردە كردنی نەوتی ئێران ڕێكۆردی پێنج ساڵە دەشكێنێ" لە كاتێكدا كە ڕاپۆرتەكە دەیگوت لە مانگی مای ئێران ڕۆژانە زیـاتر لە یەك و نیو میلیۆن بەرمیل نەوتی خاو هەنارده دەكات كە بەرزتـرین ئـاستی هەنـاردەكردنی مانگـانە لە ٢٠١٨ بەولاوەیە. واڵ ستریت جورنال ڕایگەیاند مانگی دواتر هەنارده كردنی نەوتی ئێران دیسان ڕێكۆردی ٥ ساڵەی شكاند و گەیشتە ١،٦ میلیـۆن بەرمیـل لە ڕۆژدا، كە دوو هێنـدەی ڕێـژەی سـاڵی پێشـوو بـوو. لە مـانگی ئاگوسـت بلـومبرگ ڕاسـتییەكەی ئاشـكرا كـرد: "كاربەدەستانی وڵاتە یەكگرتووەكان بە نافەرمی دانیان بەوە داناوە كە ئەوان وردە وردە سەپاندنی هێندێك گەمارۆ بـۆ سەر فرۆشتنی نەوتی ئێرانیان ڕاگرتوە." بەگوێرەی سەعید قاسمینژاد لە دامەزراوەی داكۆكی لە دێموكراسییان، ئەوە ٣٠ میلیـارد دۆلاری دیكەی پێشكەشی تاران كردوە.

دواتر، لە ساڵڕۆژی ١١ی سێپتەمبەر، بەڕێوەبەرایەتی بایدن ڕێگـای دا ٦ میلیـارد دۆلار داهـاتی نەوتـی ئێـران كە لە كـۆرەی باشوور سڕ كرابوو، بكرێتە یورۆ و بدرێتە سـەرەكیترین پشـتیوانی تێرۆریـزم لە دنیـادا و لە حەوتووەكـانی پـێش كـارەسـاتی ٧ی ئۆكتـۆبەر لەلایەن حەماسـەوە، ئێـران خەریكـی وتـووێژ بـۆ دەستڕاگەیشـتن بە ٣ میلیـارد دۆلاری دیكە بـوو كە لە ژاپـۆن دەستی بەسەردا گیراوە.

پـاش گەیشـتنی هەواڵە ترسـناكەكان لە ئیسـرائیلەوە، لەبـارەی هێرشە ترسـناكەكەی كە هەمـوو نیشـانەكانی پشـتیوانیی و ڕێكخستنی ئێرانی پێوە دیار بوو، مرۆڤ چـاوەڕوان بـوو سیاسـەتی بەڕێوەبەرایەتی بایدن ئـاڵوگۆڕی بنەڕەتـی بەسـەردا بـێ. بەڵام وا نەبوو. هەشت حەوتوو دواتر و پاش زیاتر لە ٧٠ هێرش بۆ سەر هێزەكانی وڵاتە یەكگرتووەكان لە دوای ٧ی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئۆکتۆبەر لە عێراق و سووریە، ڕێککەوتنی ناوکیی بایدن لەگەڵ ئێران هەر درێژەی هەیە.

لە ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، بایدن بە فرۆکە سەردانی ئیسرائیلی کرد تا هاوپشتیی خۆی بۆ دەوڵەتی جوولەکە ڕاگەیەنێ. ئەوەی کە زۆر کەس نایزانێ ئەوەیە کە لە کاتی فڕینەکەدا، بایدن بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانە ئوروووپاییەکان، ڕێگای دا گەمارۆی هاژەک بۆ سەر ئێران ماوەی تێپەڕ بێ. ئەو دیارییە لە ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥ پێشکەشی ئێران کرابوو و بایدن دەیتوانی ئەوە بە نووسینی نامەیەک بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵوەشێنێ و گەمارۆکە بە سەر تاراندا بسەپێنێتەوە. بەڵام ئەو زیندوراگرتنی ڕێککەتنەکەی بەلاوە گرینگتر بوو.

ئەوسا مستی سەر دڵ هات، یەکەم درێژکردنەوەی سووککردنی گەمارۆی ئابووری دژی ئێران پاش ٧ی ئۆکتۆبەر، سووککردنێک کە ئیزن بە ئێران دەدا دەستی بە ١٠ میلیارد دۆلار لە عێراق ڕابگات، ڕاگەیەنرا. دەستخۆشانەیەک کە سووتەمەنی بۆ "ئاڵقەی ئاگر" بە دەوری ئیسرائیل دا زیاتر دەکات. هەر ئەو سەرکۆمارەی کە دوو پاپۆڕی فڕۆکە هەڵگری وەک هۆشداریی بە تاران ناردنە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، هاوکات گیرفانی ئایەتوڵڵاکان پڕ دەکات. ئاخۆ جێگای سەرسوڕمانە کە حیزبوڵڵا و حوسییەکان هێشتا هاژەک دەهاوێن و میلیشیاکانی سەر بە ئێران هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان؟

ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنەکە هیچی دەست دەکەوێ؟ بە هەموو نیشانەکانەوە، پیتاندنی ئۆرانیۆم، دامەزراندنی سانتریفیوژان، دروستکردنی بنکەی ژێر زەوی، بەربەست خستنە سەر چاودێریی لەلایەن ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکی، لێکۆڵینەوەی ئاژانس لە چالاکی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی ڕانەگەیەنراو، هەڕەشەی ناوکی ئێران هەر دێتوو پەرە دەستێنێ.

وڵاتە یەکگرتووەکان گڵۆپی سەوزی بۆ پەرەگرتنی توانایی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی بە مەرجی خۆبواردنی ئێران لە پیتاندنی ئۆرانیۆم تا پلەی ٪٩٠ لە کاتێکدا کۆگای ئۆرانیۆمی پیتێندراو و تواناییەکانی دیکەی ناوکی زیاد دەکەن، هەڵکردوە. ئێمە بەکردەوە تێچووی هەڕەشەیەکی مزنتر و ئالنگاریی زیاتر دەدەین، لەجیات بەرەوڕووی مەترسییەکان و ئاکاری نایاسایی بینەوە و بێگومان لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیریی دارایی پێشکەشی تێرۆریزم دەکەین.

لە هەمان کاتدا، هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو بڕوایە دایە کە ئێران خەریکی خۆ ئامادە کردن بۆ ناردنی هاژەکی بالیستیکی بۆ ڕووسیە بە دژی ئوکراینە، کە ئاسەواری ڕاستەوخۆی ئیزندانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تێپەڕبوونی ماوەی سەپاندنی گەمارۆی هەناردە کردنی هاژەک لە لایەن ئێرانەوەیە. هاوکات پیلانەکانی کوشتنی کاربەدەستانی پێشووی وڵاتە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

یەكگرتووەكان بەردەوام ئاشكرا دەبن.

بەكورتی، سەركۆمار ناتوانێ دەست لە پاشەكشە بەرانبەر بە كۆماری ئسیلامیی ئێران هەڵگرێ. لە دوای كارەساتی ٧ی ئۆكتۆبەر، ئەوە دژی لۆژیك و ئەقڵی تەندروستە، ئەوە سیاسەتی خراپ و هەڵەیە. كوشتاری بە كۆمەڵی ١٢٠٠ جوولەكە، لە ناویاندا ٣٢ ئەمریكایی، بەس نەبوو بۆ كۆتاییهێنان بەو پارادایمە ستراتیژیكییە هەڵەیە. ڕەنگبێ كردەوەیەكی كۆنگرە بە سنووردار كردنی دەسەڵاتی سووككردنی گەمارۆ لە لایەن سەركۆمارەوە، سڕكردنی دارایی ئێران لە سەرانسەری دنیا و پەرەپێدانی گەمارۆ بۆ سەر چین بۆ كۆتاییهێنان بە هاوردەكردنی نەوتی ئێران، بتوانێ ئەو كارە بكات.

٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مەبەستە سیاسییەکانی پشتی پەردەی هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر هەولێر



**مستەفا مەولوودی:**

**ئێران دەیەوێ ئەمریکا وەک چۆن ئەفغانستانی بەجێ هێشت هەرێم و عێراقیش بەجێ بێڵێ**

**ئامادە:**

**کاک مستەفا مەولوودی، ئەندامی بەڕێوەبەری و بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ کوردکاناڵ تیشکی خستە سەر لێکەوتەکانی هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەولێر. بەڕێزیان پێیوایە ئەم دەستدرێژی و کردەوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی گوشارخستنە سەر هەولێر بۆ گۆڕینی هەڵوێستی سیاسی حکوومەتی هەرێم بووە کە سەرکەوتوو نابێت. هەروەها لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا توانیویانە ململانێ و کێشەکانی خۆیان بۆ خۆبواردن لە بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ مودیرییەت بکەن، بەڵام لە نیهایەتدا ئەم دوو وڵاتە لە جێیەک لەگەڵ یەکتری یەکلا دەکەنەوە.**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## "کوردستان" پوختەی چەند تەوەرێکی ئەو وتوێژەی بۆ خوێنەرانی دابەزاندوە:

**کوردکاناڵ**: ئامانجی ڕێژیم لەو کردەوە تێرۆریستی و دەستدرێژییە

**مستەفا مەولوودی**: کۆماری ئیسلامی ئیدیعا دەکا لە هەرێمی کوردستان ناوەندی جاسووسی لەدژی ئەوان هەن و ئەوانیش بۆ بەرنگاربوونەوە لەگەڵ ئەوە هێرشەکەیان کردوە. بەڵام، لەڕاستیدا ئەوە سووڕەتی مەسەلەکەیە و پاساوێکە کۆماری ئیسلامی دەیهێنێەوە بۆ بردنە پێشی ئامانجە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی. لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی ماکەی سەرەکی دروستکردنی قەیران و کێشەیە و ئەو قەیرانەشی بۆ شاردنەوەی قەیرانە نێوخۆیی و شکستەکانی لە سیاسەتی دەرەوەیدا خوڵقاندوە. ڕێژیمی ئێران بۆ دەربازبوونی خۆی دەیەوێ دەوڵەتان و ڕەوتە سیاسییەکانی ناوچە، بە جۆرێک لە جۆرەکان بێنێتە نێو کێشەکانەوە و دەبینێ کە هەولێر وەکوو پێتەختی هەرێمی کوردستان، ئەمنیەتێکی ڕێژەیی لەچاو جێگاکانی دیکە هەیە و ناچێتە نێو ئەو بازنە و هاوکێشەیەی کە ئێران مەبەستیەتی، بۆیە دەیهەوێ قەیران و بشێویی تێدا دروست بکات. ئەگینا لە کاتێکدا دەڵێ مووشەکانی خاڵکوتن، ئەدی بۆ ماڵێکی ئاسایی و ژن و منداڵی کردووەتە ئامانج؟ کام ئامانج؟ کەواتە ئێران دەیەوێ بەجۆرێک لە جۆرەکان هەولێریش لەگەڵ ئاراستەی سیاسیی خۆی بخا، بەڵام هەولێر بەخۆشیەوە هەتا ئێستا بەدەم ئەو سیاسەتەوە نەچووە. ئەوە کە ئێستا کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستانی هەڵپێچاوە بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێچەوانەی بەشێک لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی نیزیک لە ئێران کە هەڵمەتی دەرکردنی ئەمریکا لە عێراقیان دەست پێ کردوە، لای وایە کە بوون و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمان بە قازانجی عێراق و هەرێمی کوردستان و سەقامگیری لەو وڵاتەیە.

**کوردکاناڵ**: هەڵوێستی ئەمریکا و ئەو پرسیارانەی لەسەری دروست بوون

**مستەفا مەولوودی**: ئەو ئاڵۆزییانەی کۆماری ئیسلامی دروستیان دەکا و تەنانەت ئەو کێشانەی لە نێوخۆی وڵاتیشدا بۆ خەڵک و کۆمەڵگەی دەنێتەوە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی سازانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران. ڕوونە کە ئەمریکا دەیەوێ شەڕەکە لە خۆی دوور بخاتەوە، شەڕێک کە ئەگەری هەڵگیرسانی هەیە بەبێ ئەوەی داهاتوویەکی ڕوونی هەبێت. هەروەها دەشزانین کە ئەمساڵی زایینی یان ساڵی هەڵبژاردنە و پرسی هەڵبژاردن لەنێوان دوو حیزبی دیاری ئەمریکا پرسێکی جیددییە. هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچە و ئەوەی لە ئەفغانستان بینیمان و ئەوەی کە لە ٢٠٠٣ بەولاوە لە عێراق ڕوو دەدا پێمان دەڵێ ئەمریکا نایەوێ لە ناوچەدا تووشی کێشەیەکی دیکە بێت، بۆیە لە ڕاستیدا نەوی دەکێشێ و خۆ لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرەورووبـوونەوە دەبـوێرێ و ئێـرانیش زۆر بـاش کەلـک لەو دۆخە وەردەگـرێ. ئەگینـا ئەوەی ئێـران دەیکـا بە جۆرێـک ڕاگەیاندنی شەڕە لەدژی ئەمریکا لە عێڕاق کە هەر بوونەکەی لەو وڵاتە بە هێزی سەربازییەوە بەرپرسایەتیی پاراستنی ئەمنیەتـی وڵاتەکەش دەخـاتە ئەستۆی. کەواتە لە دۆخێکدا کەهیچ هێزێک بە ئەندازەی ئێـران بیـر لە نـائەمنکردنی ئەو ناوچەتە ناکاتەوە، ئەمریکا بەرپرسە کەچی خۆ لە بەرپرسایەتییەکەی دەدزێتەوە و بەمجۆرە دووکەڵەکەی دەچێتە چاوی خەڵکی عێڕاق و هەرێمی کوردستان.

**کوردکاناڵ**: تەعامولی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوای هێرشە مووشەکییەکەی سەر هەولێر

**مستەفا مەولوودی**: یەکەم ئەوە یەکەم جار نییە کۆماری ئیسلامی هێرشی تێرۆریستی دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان. ڕاست بەو مەبەستە و، بەو ناوە و بەو هۆکارە و هەر لەو ناوچەیە، نیزیک بە دوو ساڵێک لەوە پێش، لە ماڵی "شێخ باز"یـان دا کە دوایە دەرکەوت بنکەی و دامودەزگـای هیچ دەوڵەتێک نەبووە. بـۆیە پاساوەکانی کۆمـاری ئیسلامی هەمووی بـێجێن و نە خەڵکی ئێـران، عێـراق، هەرێم و نـاوچە بـاوەڕ بەو ئیـدیعاکانی کۆمـاری ئیسلامی نـاکەن. پاشـان ئەگەر کۆمـاری ئیسلامی پێوەندی یاسایی و مەیدانیی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە و بـاڵوێزخانە وکۆنسوولخانەشی لە بەغـدا و هەولێـر هەن. باشـە ئەگەر دەزانـێ لە عێـراق یـان هەرێمـی کوردسـتان شـوێنێک هەیە خـۆی گـوتەنی کـاری هەواڵگـری و دوژمنکـارانەی لەدژی دەکـا، باشـە بـۆچی وەکـوو دەوڵەتێکـی قـانوونی نـایە ڕەفتـار بکـا و دوای لێـدان و ئەنگـاوتنەکە دێ ئیدیعایەکی ئاوا دەکا. بۆیە ئەوە جیا لە ئاژاوەگێڕی و قەیرانخـوڵقێنی لە نـاوچە و بەزانـدنی سـەروەریی سیاسیی وڵاتێکی دراوسێ بەولاوەتر نییە.

**کوردکاناڵ**: کێ براوەیە؟ ئایا ئەم سیاسەتە بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتە؟

**مسـتەفا مەولـوودی**: مەرج نییە ئەو هاوکێشـەیە دواجـار بە قـازانجی کۆمـاری ئیسلامی بشکێتەوە. ئەمن پێمـوایە بە پێـی لێدوانەکانی بەرپرسانی هەرێم، هەرێمی کوردستان دەیەوێ ئەو سیاسەتە دروستەی خۆی کە هەتـا ئێستا پاراستنی شوناسی سیاسی، نەتەوەیـی و ئیداریی خۆیـانە بپیـارێزن. ڕەفتـاری کۆمـاری ئیسلامی کـاریگەریی نەرێنیشی لەسەر ڕوانگەی خەڵکی عێـراق و هەرێـم دەبـێ، چـونکی دەپرسـن ئەمە چ حکوومەتێـک و دەراوسـێیەکی باشـە کە ئەو کـردەوەیە. ڕوون و ئاشـکرایە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ هەرێمی کوردستان تووشی کێشـەیەکی سیاسیی قورستر بکـات کە من لام وایە بەرپرسـانی هەرێمی کوردستان، لەوە بە ئەزموونتر و وشیارترن بکەونە داوی هاوکێشەیەکی وا کە کۆماری ئیسلامی بۆیانی ناوەتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**کوردکاناڵ: کاریگەریی ملبەملەی ئێران و ئەمریکا لەسەر خەباتی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیم**

**مستەفا مەولوودی**: پێش هەموو شتێک دیارە کە دەوڵەتان لە ناوچەدا بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان دەوێت دیارە کە ئەمریکاش هەر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەگەڕێ وئێرانیش زۆر سروشتییە بەرژەوەندیی خۆی مەبەست بێت. لە ٤٥ ساڵی ڕابردووشدا ئەم دوو حکوومەتە ئەگەرچی لەگەڵ یەکتر کێشەیان هەبووە و پێوەندی ڕاستەخۆی سیاسییان لەگەڵ یەکتری نەبووە، بەڵام ناڕاستەخۆ لە بابەت پرسەکانی ناوچەدا، زۆرجار لەگەڵ یەکتر ڕا و ڕاوێژیان بە یەکتر هەبوو و لەسەر زۆر شت لەگەڵ یەکتری سازاون. لە کێشەکانی ئەفغانستان، عێراق، هێندێک بابەتی پێوندیدار لە کەنداو و تەنانەت ئەو دۆخەی ئێستا لە غەززە دروست بووە، ئێمە ئاستێک لەو هاوئاهەنگی و تەعامەلە لەگەڵ یەکترییە دەبینین. مەسەلەن ئەوەی کە حەماس لە ئیسرائیل کردی و ئەو وێرانییەی بۆ خەڵکی غەززە دروستی کرد، هەمووان دەزانن کە کۆماری ئیسلامیی لە پشتە. کەچی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دێتە عێراق و دوایە سەرۆکوەزیری عێراق دەچێتە تاران تا پەیامەکەی ئەمریکا بگەیەنێت کە ئەم شەڕە با لەوە زیاتر تەشەنە نەکات. کەواتە ئەو دوو وڵاتە هەتا ئێستا ناکۆکییەکانی خۆیانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان مودیریەت کردوە.


بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچە، ئەگەر بیانەوێ ئەو ناوچە ئاڵۆزە ئەمنیەت و سەقامگیرییەک بەخۆیەوە ببینێ و لەکۆڵ ئەم شەڕ و دوژمنایەتییە بێتەوە، دەبێ بیر لە ویشکردنی ماکەی قەیران و ناسەقامگیرییەکان بکەنەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و پێویستە چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران یەکلا کەنەوە. ئەمن پێموایە ئەو حاڵەتە هەتا سەر ناتوانێ هەر ئاوا دەرێژەی هەبێ و لە کۆتاییدا ئێران و ئەمریکا لە جێگایەک لەگەڵ یەکتری یەکلای دەکەنەوە. ئێران دەیەوێ ئەمریکا وەک چۆن ئەفغانستانی بەجێ هێشت ئێرەی بۆ بەجێ بێڵێ، کە من پێموانییە ئەمریکا ئەوە بکات و ڕەنگبێ بۆ بەرژەوەندی خۆی و خەڵکی ناوچەکە، جۆرێکی دیکە لەگەڵ ئێران هەڵسوکەوت بکات کە ئەوەش یەکێک لە ئەگەرەکانە.

٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ئاوڕدانەوەیەک لە دنیای شێعرەکانی عەلی ئولفەتی



**سارۆ خوسرەوی**

شاعیری نوێخواز، عەلی ئولفەتی، ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لە ناوچەی "سەرپێڵزەهاو"ی سەر بە پارێزگای کرماشان لەدایک بووە. ئولفەتی، بە دوو زمانی کوردی و فارسی دەنووسێت و جیا لە بواری شێعر، لە بواری ڕەخنەی شێعریشدا چالاکە و یەکێکە لە شاعیرە ڕچەشکێن و کاریگەرەکان لە شێعری کوردیی خواروو (باشووریدا). ئەو هەروەها یەکێکە لە پێشەنگەکانی پرۆسەی ئەدەبیی دەیەی حەفتای هەتاوی لە کرماشان.

عەلی ئولفەتی، خاوەنی چەندین کۆمەڵە شێعری کوردییە لە فۆڕمی کلاسیک و ئازاددا. شێعرەکانی عەلی ئولفەتی کاریگەریی بەرچاویان هەیە لەسەر مۆسیقای کوردی و تا ئێستا زۆرێک لە هونەرمەندانی ناسراوی کورد، شێعرەکانی ئەم شاعیرەیان ئاوێتەی دەنگ و ئاوازی خۆیان کردووە.

کۆمەڵێک لە بەرهەمە کوردییەکانی بریتین لە: "گەرمەشین، خۆڵەمێشی، سانەناو، گیان، سزیان وەفر، گەرمیان، لە چیمنەڕێیەو و سرویت باشوور."



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاتێک باس لە ئەدەبیاتی هاوچەرخ و مودێڕنی کوردیی خواروو (باشووری) دەکرێت، ناو و ناوبانگی شێعرەکانی عەلی ئولفەتی وەک شاعیرێکی نوێخواز دێتە سەر زمان. ئەم شاعیرە دیارەی گۆڕەپانی شیعر و ئەدەبی کرماشان، بەپێچەوانەی شاعیرانی پێش خۆی، کارە ئەدەبییەکانی جیاوازن و خاوەنی دەنگ و سەبکی شێعریی تایبەت بە خۆیەتی. وشە و وێنەی شێعرەکانی ئەم شاعیرە بە ڕادەیەک جوان و ڕەوانن، خوێنەر حەز دەکات بەردەوام شێعرێکی تازە لەم شاعیرە بخوێنێتەوە.
لە ڕوانگەی ئەم شاعیرەوە، ئەدەبیات ئەرکێکی ئینسانییە و دەبێ لە خزمەتی خەڵکدا بێت بۆ ئەوەی خەڵک لەم ڕێگەیەوە ئەویندارى زمانی دایکیی خۆیان بن. ئاخر کێ هەیە وەک ئەو هەست بە تواندنەوەی زمانی دایکیی خۆی بکات، ئەوەیش لە گەورەشارێکی کوردستان وەک کرماشان کە ڕۆژگارێک مەڵبەند و لانکەی فەرهەنگ، شارستانییەت، ئایین، ئەدەبیات و مۆسیقای کوردی بووە.

ئولفەتی بەباشی و لە نیزیکەوە هەستی بە مەترسیی لەنێوچوونی زمانی دایکیی لە میلکانی خۆی دەکات، بەتایبەت کاتێک لە خوێندنگە ڕێگە نادرێت بە زمانی دایکیی خۆی بخوێنێ و بە زمانێک جیا لە زمانی خۆی پەروەردە دەبینێت،

هەر بۆیە لە شێعری "مەدرەسە"دا دێتە دەنگ و دەڵێ:

"مەدرەسە یانێ:
فاتاخوەنی زوان کوردی
تا دەسم چوو گرد
وەچوو دان لەناو دەسەیلم
ئێکەش
داڵگم بو وە "مادر" و
باوگم بو وە "بابا"

شاعیر، ناچێتە ژێر باری سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی زمانی و دەستبەرداری زمانی دایکی خۆی نابێت و دەیەوێ لە مەترسیی مردن و لەنێوچوون ڕزگاری بکات و دەڵێ:

"فرە لە شونێیا گەردیم
تا تەیران چیم و خوراسان و تەوریز
شەوانە
دەنگ قیژەی داڵگم تێد



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**لەناو کیف دڕیای منالٚییم**
**نیمەڕوان**
**دەنگ هاوار باوگم تێد**
**له ناو مەخشەیل خەت خواردێیم"**

**عەلی ئۆلفەتی، له وتوێژێک لەگەڵ "دەنگی ئـازادی"دا دەڵـێ: شێعری کوردی نەوبەرانەی ژیـانی منه. من هەر له سەردەمی منالٚیدا هەست و ڕوانگەم له پێوەندی لەگەڵ شێعر جیاواز بوو. من بەردەوام ئەو حەسرەتەم له دڵدا بوو که بۆچی به زمانی دایکیی خۆم نەنووسم و ئەم زمانه چی بەسەر هاتوه .بەشێک لەو هەست و ئیحساسەم هەڵدەگەڕێتەوه بۆ سەر ژیانی ڕابردووم له گوند و ئاشنایی و ئاوێتەبوونم لەگەڵ ئەدەبیاتی فۆلکلۆر."**

**شاعیر، وەک کەسێک که زمانەکەی پشتگوێ خرابێت، باس له بوونی زاراوەکەی خۆی له مێژوودا دەکات و پێیوایه ئەگەر من و تۆ خەمی ئەم زاراوەیه نەخوێن دەمرێت و بۆ خۆمانیش هەتیو دەکەوین و دەکەوینه هەتیوخانه،**

**بۆیه جارێکی دیکه لەمەڕ مەترسیی سەر زمانەکەی دێته دەنگ و دەڵێ:**

**"زاراوەی قەدیمییگم**
**ک تەنیا ت وە پیمەو قسه کەید**
**ژیان و مەرگم ها تک زواندەو**
**ت زانید ئەگەر بمرید**
**منیش کل کەنه یەتیمخانەیگ؟!**
**یان ئەنستیتوو  زوانەیل مردێ**
**وەپیم قسیه بکە!**
**وە پیمەو قسیه بکە!**

**ئـولفەتی له ئەدەبیاتـدا حەزی له ڕاسـتییه. وەک خـۆی دەڵـێ، له بەر نامێهرەبـانی ڕووی له ئەدەبیـات کـردوه و شـێعر بەتایبەتی و ئەدەبیات بەگشتی به وڵاتی هزریی خۆی دەزانێت.**

**ئۆلفەتی له گۆڕپانی شێعری هاوچەرخی فارسییشدا، شاعیرێکی دیاره، بەڵام ئەو به بڵاوکردنەوەی کۆمەڵه شێعری کوردیی**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"گەرمەشین" توانی سەرنجی خوێنەرای کورد بۆ لای زاراوەی کوردیی خواروو (باشووری) ڕابکێشێ. شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە بەشێوەی کلاسیک نووسراون. خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی گەرمەشین بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ڕابردووی کوردەواری و دیاردەی کۆچ و کۆچباری لە سروشتی سەرسەوزی ئێلاخ و گەرمەسێردا. کۆچەرییەکانی وڵات ڕۆڵی سەرکییان هەیە لە خولقاندنی دیمەنە دڵڕفێنەکانی نێو گەرمەشین.

**شاعیر، سەرەڕای باوەڕی قووڵی بە نوێخوازی و پێشکەوتنەکانی دونیای ئەمڕۆ، حەسرەت بۆ ژیانی سادەی گەرمەسێر دەخوازێت و دەڵێ:**

**"م چەوەڕێ چراخ ماڵەیل گەرمەسێرم**
**چەن ساڵە چووڵ چووڵن کاڵەیل گەرمەسێرم"**

**ئولفەتی، جارێک لەگەڵ هەست و خەیاڵی شاعیرانەی خۆی بانگمان دەکات بۆ ژێر ڕەشماڵێک لە گەرمەسێر و دەڵێ:**

**"دەخیل سەردەوواگەێ ژێر دووارم ئمشەو**
**توام چ و ئەور تەنیا لەیرە بوارم ئمشەو"**

**شاعیر لە کۆمەڵە شیعری گەرمەشیندا لەگەڵ سروشت و دیمەنی سەرسەوزی وڵات قسە دەکات و موژدەی هاتینی بەهار و گەڕانەوەی کۆچەرییەکانی دەدات:**

**دالاهوو نەچووە و چ وەخت لە ەۆرد**
**ورە نازارەیل لەی خاکە دورد**
**بیلا وەهار بای کشتیان تیەنەو**
**گووش دەن وە ناڵە و کزەی تەم ورد**

ئولفەتی بۆخۆی دەڵێ: گەرمەشین دیارییەکە بۆ ژنان و پیاوانی ئێڵ، بۆ خەم و شادییەکان، بۆ ڕابردوو و داهاتووم. بۆ داهاتوویەک کە زۆر سڵاوی لێ دەکەم. من ڕابردووم خۆش دەوێ، لەبەر ئەوەی تەواوکەری داهاتوومە.

ئولفەتی، کاتێک لە شێعرە کلاسیکەکانیدا وشە گەلی وەک "دووار، چێخ، نەوو، سلتە، زوون، مێخەک و گوڵوەنی " بە کار دێنێ، مەبەستی شاعیر ئەوە نییە کە ئێمە لە سەردەمی ئێستادا لە کەرەستەی مۆدێڕن کەڵک وەرنەگرین و بەشێوەی ڕابردوو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ژیان بکەین، بەڵکوو شاعیر لە ڕێگای ئەم وشانەوە پێمان دەڵێ کە ئێمە لە مێژوودا خاوەنی زمان و میراتی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆمان بووین کە ئێستا خەریکە لەبیر دەچنەوە.

ئولفەتی، لە شێعرەکانیدا لەلایەک دەردی دووری و خەمی هەڵوەرینی گوڵی باخی ژیان دەچێژێت و لەلایەکی دیکەوە، بەوە دڵخۆشە کە خاوەنی "باخی سەراوە" و خەزان نەیتوانیوە هەموو گەڵا و گوڵە جوانەکانی بێستوون و پەڕاو هەڵوەرێنێ،

بۆیە دەڵێ:

دەرد بێستوون دوری پەڕاوە
منیش لە دووریت چەوم پڕ ئاوە
خەزان ڕزانیە گوڵەیل باخم
تەنیا دڵخوشیم باخ سەراوە

ئولفەتی، شاعیرێکی ڕەشبین نییە و لە دوای هەر لێکدابڕان و ونبوونێک هیوای بە یەکگرتنەوە و خۆشیی ژیانە، ئەویش لە ڕۆژێکی واتاداری وەک نەورۆز، بۆیە پێمان دەڵێ:

"دوارە هەم یەکەو گریم
لە ڕووژ گەورایک، وێنەی نەورووز
م سەرچووپی گردمە و سەرخوەشم
تەقیەیمە یەکەو
تماشای یەک کەیم و خەنیم
چیمن
وەل خەنینمانا
تەنیا مینیەیم و
تا ئاخر جەهان ژیەیم".

سەرچاوەی دونیای هەڵبەستی عەلی ئولفەتی، میلکانی ئەم شاعیرەیە. میلکانێک کە بەدرێژایی مێژوو چەندین پێکهاتەی ئایینی، زاراوەیی و کولتووریی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە. هەموو ئەم ڕەنگ و پێکهاتە جیاوازانە لە شێعری عەلی ئولفەتیدا ڕەنگیان داوەتەوە. سیاچەمانەی هەورامی، مووری لەکی، کەلام و دەنگی تەمبووری یارسان، هۆرە و ڕەوایەتی کەڵهوڕ و بەیتی کولیایی، دەستیان داوەتە دەستی یەک و دونیای شێعری ئەم شاعرەیان پێک هێناوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"جافە نیەزانم یا لەکە، گوورانە یا سنجاویە؟
باڵای چنارە یا نەیە، کەێکووە یا چووتاویە؟
کەوکە، کەڵە یان ئاهووە؟ بەرزە چمان داڵاهووە
هەورامیە یا کەڵهوڕە نازار باخ شاهووە
تایفەس نیەزانم یا سونی، شیعەس، چمان ئەرمەنی؟
سڵتەس، زوونە، چووپیە، سەروێنە ها لای گوڵوەنی
وەی مێخەک ناو وەرقەوە، لەچک بەساس ئەیوانییە
وەی سەرزووانەوگردنە نازارەگەی چەنانییە"

یەکێک لە تایبەتمەندییە جوانەکانی فەزای شێعری ئەم شاعیرە، لایەنی ئاشتیخوازی و مرۆڤدۆستییەتی. شاعیر حاشا لە کوشتن و خوێنڕشتن دەکات و پێیوایە مرۆڤەکان لە باتی ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی بەرن، باشترە دەستی یارمەتی بۆ یەکتر درێژ بکەن.

ئەو لەم بارەوە لە یەکێک لە هەڵبەستەکانیدا دەڵێ:

"تف لەو تفەنگە ک مردن لە دەمێ تفێد
تف لە دەسێ ک پڕ لە دەسمێەت نییە!؟"

شاعیر، سەرەڕای ئەوەی لە زۆر شێعریدا دەبێتە ڕاویی مەرگ و هەڵوەرین، دیسان پێشبینیی دواڕۆژێکی گەش دەکات و دەڵێ:

"دەس تەنیا ئەڕای شینکردن نییە
رووژێک تێد تا وەپێیان ئەنار بچنیمنەو؟

عەلی ئولفەتی، وەک شاعیرێکی نوێخواز و زمانپاراو لە زۆربەی شێعرەکانیدا وەفاداری و خۆشەویستیی خۆی بۆ ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و شاعیرانی پێش خۆی پیشان دەدات و پاشخانی ئەدەبی کرماشان و ئیلام دەکاتە هەوێن و بنەوای شێعری خۆی و دەڵێ:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"ئەوسا وڵات ئیمە مانگەشەوەیل نور بو
ورد زوان ئیمە قسیەیل خان مەسور بو"

علی ئۆلفەتی، بە یەکێک لە داهێنەرانی ڕەوتی شێعری نوێی دەیەی حەفتای هەتاوی لە کرماشان و ئیلام دادەنردادەنرێ و دەورێکی باڵای گێڕاوە لە ڕەوتی نوێبوونەوەی شێعری کوردیی خواروو و خزمەت بە زمانی کوردی. لە شێعری ئەم شاعیرەدا پێویستی و کاریگەریی ئەدەبیاتی کوردی خواروو بەڕوونی دەردەکەوێت. ئولفەتی، سەرەڕای هۆگریی زۆری بە شێعری شاعیرانی گەورەی کورد وەک "هێمن، عەبدوڵڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس"، بەڵام خاوەنی ڕێچکە و فەزای شێعری تایبەت بە خۆیەتی و تابلۆ و دیمەنی شێعرەکانی زادەی خەیاڵ و زمانی خۆین. بزووتنەوەی ئەدەبیی کرماشان و ئیلام چەندە گەشە بکات و پێش بکەوێت، ڕۆڵی عەلی ئولفەتی وەک شاعیرێکی کوردیزان و قەڵەمڕەنگین لەم بزووتنەوەیەدا دیار و بەرچاو دەبێت.

٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بکەینە دەرفەتێک بۆ (نا)گوتنەوە بە کۆماری ئیسلامی




**سمایل شەرەفی**

١١ی ڕەشەممەی ئەمساڵ، دوازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە دەچێت. لە ٢٥ هەزار کەسی خۆبەربژێرکردوو، ١٤ هەزار کەسیان لە لایەن شورای نیگابانەوە ڕەدی سەلاحییەت کراون کە لەنێویاندا چەندین کەس لە نوێنەرانی ئێستای مەجلیس دەبیندرێ کە زۆربەشیان کەسانی سەر بە ڕەوتی ناسراو بە "اصلاح طلب" و "اعتدال گرا"ن.

ئەم هەڵبژاردنە هەم بۆ ڕێژیم و لایەنگرانی و هەم بۆ خەڵک و لایەنە ئازادیخوازەکانی وڵات جێی سەرنج و گرینگی پێدانە. بەتایبەت دوای شۆڕشی ژینا و بەرینتربوونی مەودای نێوان خەڵک و دەسەڵات ئەم پرسە سیاسییە، وێستگەیەکی تاقیکاری و مەیدانێکی دیکەی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک دژ ە دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامییە. بۆیە خامنەیی لە دوو قسەکردنیدا تا ئێستا بەداماوییەوە داوای لە خەڵک کردوە "بۆ پاراستنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن". تەنانەت جاری دووهەم کە وێدەچێ دەرکی بە بەشدارینەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان و هەروەها هاوهەڵوێستیی لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆ لەگەڵ خەڵک کردوە، ئەمجارەیان بە هەڕەشەوە گوتی: "ئەوەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەشداری لەهەڵبژاردنەكاندا نەكات، دوژمنی نیزامی كۆماری ئیسلامییە."

بەڵام ئەوەندەی پێوەندی بە هەڵوێستی خەڵك و ڕەفتاری چین و توێژەكانی كۆمەڵگەوە هەبێت، لەگەڵ ئەوەیكە مەجلیسی كۆماری ئیسلامیی ئێران شوێنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵك نەبووە و نییە، لانیكەم لە هەلومەرجی ئێستای بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵك دژبە كۆماری ئیسلامی و بەتایبەت بەدوای ڕووداوەكانی یەكساڵی ڕابردوودا، خەڵك بە تێپەڕبوون لە تەواوەتیی ئەم ڕێژیمە، نەتەنیا بیر لە ماهییەتی ئەم مەجلیسە بێخاسییەتە و نوێنەرە هیچ لەدەستنەهاتووەكانی ناكاتەوە، بەڵكوو بە نەچوونە سەر سندوقەكانی دەنگدان، بەشداری لە كەمپەینی گوتن بە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێراندا دەكات.

خەڵك و كۆماری ئیسلامیی ئێران بەتایبەت لە ماوەی یەكساڵ وچەند مانگی ڕابردوو و لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا، مەسەلەی خۆیان لەگەڵ یەكتر یەكلا كردۆتەوە. ڕێژیم بە هێرش و پەلاماری دڕندانەی بۆ سەر شەقامەكانی وڵات و بەڕێوەبردنی سیاسەتی ڕەشەكوژی، سەركوت، گرتن، ئەشكەنجە، داسەپاندنی حوكمی قورس و لەسێدارەدان، وەك هەمیشە سەلماندی كە گوێ نادات ویست و داخوازییەكانی خەڵك و ناڕەزایەتییەكانیان بە پیلانی دوژمنان و "استكبار جهانی" دەزانێت. بەرەی خەڵكیش بەتایبەت نەسڵی نوێی كۆمەڵگەی ئێران بە سەرجەم چین و توێژ و پێكهاتە نەتەوەییەكانیەوە، بە بەرزكردنەوەی درووشمەكانی "مەرگ و بۆ دیكتاتۆر" و "نەمان بۆ كۆماری ئیسلامیی ئێران" و "اصلاح طلب، اصولگرا، دیگە تمامە ماجرا"، كۆتا قسەی خۆیان لەگەڵ ئەم ڕێژیمە كردوە. كەوایە گەڕانەوەی خەڵك بۆ بەشداریكردن لەم هەڵبژاردنانە هیچ مانا و مەفهومێكی نییە و نابێت.

كۆماری ئیسلامیی ئێران كە هەموو كەرەسەیەكی دەسەڵاتی لەدەست خۆیدا قەبزە كردوە و هیچ ڕێگایەكی بۆ دەربڕینی دەنگ و ڕەنگی جیاوازی خەڵك نەهێشتۆتەوە، لەم هەڵبژاردنانەدا ئەوەی زۆری بۆ گرینگ بێ، پێشاندانی ئاپۆڕای بەشداریی خەڵك لەسەر سندوقەكانە، نەك ئەوەی لە ئاكامی دەنگدانی خەڵكدا چ كەسێك ڕێی دەكەوێتە مەجلیس. چونكی ئەوەی شورای نیگابان بۆ كاندیدبوون هێشتوویەتەوە، فەرق ناكات كێیان لەسەر كام كورسیی مەجلیس دابنیشێ. بۆ نیشاندانی ئەم شانۆگەرییەش ئەوەندەی خەڵكی گوێلەمست و دەستوپێوەند هەیە كە لە چەند شوێنێك كامێرایان لەسەر زووم بكات و مەشرووعیەتی نەبووی خۆی پێوە نیشان بدات. كەوابوو مەبەستی لە نەچوونە سەر سندوقەكانی دەنگدان، دەبێ لە بازنەیەكی بەرفراوانتری هەڵوێستگرتنی خەڵكدا ببیندرێ و لێكدانەوەی بۆ بكرێ.

بۆ ئەم مەبەستە كۆمەڵانی خەڵكی ئێران بە هەموو پێكهاتە مەزهەبی و نەتەوەییەكان، حیزبە سیاسییەكانی بەرەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و بەتایبەت ڕێکخراوە مەدەنییەکانی نێوخۆی وڵات پێویستە لە جووڵەیەکی جەماوەریی یەکگرتووانەدا، وێڕای هەڵگرتنی پەیامێکی هاوبەش بە نێوەرۆکی "تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی"، بە نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان، سیاسەتی بایکۆتی چالاک بگرنەبەر. لەم پێوەندییەدا پێویستە وریای پیلانە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم؛ وەک کەڵکوەرگرتن لە هەستی عەشیرەیی، تایفەگەرایی و مەزهەبی و... بەمەبەستی بازاڕگەرمیی هەڵبژاردنەکان بین و ئیزن نەدرێ دوبەرەکی و چەند بەرەکی بخرێتە نێو ڕیزەکانی خەڵکەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ببێتە ئامرازێکی بەکەڵک و یارمەتیدەر بۆ بیروڕاگۆڕینەوە لەسەر چۆنیەتیی لەقاودانی سیاسەت و پیلانەکانی ڕێژیم. هەر لەم پێوەندییەدا دیسان پێویستە وریای پیلانەکانی هێزی سایبێریی ڕێژیم و ژووره ڕەشەکانی پیلانگێڕیٚ بین کە یەکگرتوویی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێو پێکهاتە جیاوازەکان و بۆچوونە سیاسییەکان، تێک نەدەن.


با لەم دەرفەتە (هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیم) کەلک وەربگرین و بۆ جارێکی دیکە وێڕای نیشاندانی یەکگرتوویی خۆمان لە هەموو ئاستەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، حیزبە سیاسییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، قۆناغێکی دیکە لە بەرەنگاری و گوتن بە دەسەڵاتی خۆسەپێن و نادێموکراتیک و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران، تۆمار بکەین.

٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا



**عومەر باڵەکی**

لە ١١ی مانگی ڕەشەمەی ئەوساڵ لە ئێران دوو هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی خولی دوازدەهەمی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی و خولی شەشەمی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری بەڕێوە دەچێ.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حالێکدا دەیانهەوێ ئەو هەڵبژاردنانە بەڕێوە بەرن کە ئێرانی ژێردەسەڵاتیان هێشتاش تینوتاوی ناڕەزایەتییەکانی ڕاپەرینی ژینا بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بەتەواوی پێوە دیارە، بەو مانایە لە ناخی کۆمەڵگەدا ناڕەزایەتییەکان لە شێوازی دەسەڵاتداریی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ڕوویەکەوە لە پەرەئەستاندندایە و ناوچەکە بە قوناغێکی هەستیاری مێژووییدا تێپەر دەبێ.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی هەستیان بە ناڕەزایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە کردوە و بەتەواوی ترسیان لە سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتییەکان هەیە و ئەوە بە کردار و گوفتاریانەوە دیارە. بۆیە بە هەموو توانای نیزامی و ئەمنییەتی و خوڵقاندنی ترس لە نێو کۆمەڵگەدا لەلایەک و بە هەموو توانای تەبلیغی و ڕاگەیاندنیان لەلایەکی دیکەوە دەیانهەوێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵكی ئێران هان بدەن ڕۆژی ١١ی ڕەشەممەی ئەوساڵ بچنە سەر سندووقەكانی دەنگدان و لەو ڕێگایەوە لە هەوڵی ئەوەدان بە نیشاندانی ئاپۆڕای خەڵک لەسەر سندووقەكانی دەنگدان هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لە دەرەوەی ئێران تەبلیغی ئەوە بكەن كە نیزامی كۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی تەبلیغاتی دوژمن سەقامگیری سیاسی و ئەمنی لە نێوخۆیدا هەیە و ئەو خەڵكە زۆرە كە لەسەر سندووقەكانی دەنگدان ئامادەن سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

لە سەردەمی ئێستادا كە سەردەمی پێوەندیی دیجیتاڵی و تەقینەوەی زانیارییەكانە، دنیا بە ڕادەیەک لەسۆنگەی ئەو كەرەسانەوە بچووک بۆتەوە كە دەتوانین بڵێین كەم كۆمەڵگە ماون كە بەخێرایی ئاگاداری ڕووداوەكانی سەر گۆی زەوی نەبن و هەر ئەوە وای كردوە فەرهەنگ و كولتوورەكان و تەنانەت شێوازی حكوومەتداری بەخێرایی لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی دیكە بگوازرێتەوە و لەو حاڵەتەدا داخستنی سنوورەكان وەک سەدەكانی پێشوو هیچ كاریگەرییان لەسەر ئەو ڕەوتە نەبووە و نابێ.

زۆربەی وڵاتانی پێشكەوتووی سەردەمی ئێستا بە شێوازی دێموكراتیک بەڕێوە دەچن و بنەمای سیستمی سیاسییان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و هەڵبژێرانی ئازادانە دامەزراوە. لەو وڵاتانەدا بەپێی پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوەبەرانی دەوڵەت لەلایەن خەڵكەوە هەڵدەبژێردرێن ولە هەمان كاتیشدا بەڕێوەبەرانی دەوڵەت لە بەرانبەر خەڵكدا بەرپرسیار دەبن. بۆیە لەو نیزامانەی بە شێوەی دێموكراتیک بەڕێوە دەچن و پابەندن بە بنەماكانی دێموكراسیی هەموو هەوڵیان ئەوەیە كە پرۆسەی هەڵبژاردن بە باشترین شێوە بەڕێوە بچێت.

هەروەک پێشتر باس كرا یەكێک لە ڕێگاكانی دەربڕینی خەڵک سەبارەت بە ویست و ئامانجەكانیان و بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەیان لە وڵاتانی دێموكراتیكدا پرۆسەی هەڵبژاردنە. بۆیە هەر تاكێک كە لە وڵاتانی پێشكەوتوو و دێموكراتیكدا دەژی بە ئەركی خۆی دەزانی چالاكانە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەشداری بكا بۆ ئەوەی لە ڕێگای سندووقەكانی دەنگدانەوە كاریگەریی هەبێ لەسەر چارەنووسی خۆی و وڵاتەكەی و پرسە سیاسیی و ئابووریی وكۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگەكەی.

لە ڕوانگەیەكی دیكەوە دەتوانین بڵێین كە پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەر وڵات و نیزامێكی سیاسیدا بەڕێوە بچێ، بە جۆرێک لە جۆرەكان نەزەرخوازی لە خەڵكی ئەو وڵاتەیە سەبارەت بە نیزامی سیاسیی ئەو وڵاتە كە دەوڵەتێک نوێنەرایەتی دەكا و بەشداریكردنی زۆر و كەمی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا كاریگەریی هەیە لەسەر مەشروعییەتی ئەو نیزام و دەوڵەتە. بە واتەیەكی دیكە هەڵبژاردن لە لایەک نیشاندەری پێگەی سیاسیی و فەرهەنگی كۆمەڵگەیە و لەلایەكی دیكەوە بەڵگەیەكی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی شێوازی دابەشكردنی دەسەڵات لە كۆمەڵگەدا. بەكورتی دەتوانین بڵێین بەشداریكردن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەکردنی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا چ ڕاستەوخۆ چ نارستەوخۆ کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر ژیانی سیاسیی و فەرهەنگی، ئەو کۆمەڵگەیە و سیستمی دەوڵەتداریی ئەو وڵاتە.

بەڵام ٤٥ ساڵە دەسەڵاتدارەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامی پێچەوانەی سیستمی دێموکراسی ڕەفتاریان کردوە و لە پرۆسەی هەڵبژاردن تەنیا وەک ئامرازی مەشروعییەتدان بە ڕێژیم کەلکیان وەرگرتوە. بۆیە ئەگەر چاو بە کارنامەی هەڵبژاردنەکان لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا دەخشێنین، دەبینین جار لەگەڵ جار ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵک لە هەڵبژاردندا هاتۆتە خوارێ، بەچەشنێک کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەو دوو هەڵبژاردنەی قەرارە ١١ی ڕەشەممەی ئەوساڵدا قەرارە بەڕێوە بچێ، بە تەواوی ترسیان ڕێ نیشتووە کە خەڵک بایکۆتی بەربڵاوی هەڵبژاردنەکان بکەن.

بێگومان بەشدارینەکردنی خەڵک لەلایەک نیشانەی بەردەوامی ڕاپەڕینی ژینایە ولە لایەکی دیکەوە لێئەستاندنەوەی مەشروعییەتی سیاسیی و دەوڵەتدارییە لە نیزامی کۆماری ئیسلامی. بە واتایەکی دی بەشداری‌نەکردنی خەڵک لەو دوو هەڵبژاردنانەدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییە دەبن کە خەڵکی ئێران باوەڕ و متمانەیان بەو دەسەڵاتە نەماوە و هیچ هێوایەکیان بە چاکسازی نێو دەزگای حاکمییەتیش نییە و خەڵکی ئێران ماندوو و هیلاک بوون لە دەست ئەو هەموو قەیرانەی دەسەڵاتدارانی تاران بەهۆی کەڵەوەکێشی لەگەڵ دنیای دەروە و دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکەدا خوڵقاندوویانە و لە ئاکامی وەزعییەتی خوڵقاودا دەبێ خەڵکی ئێران باجەکەی بدەن.

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پێوانە و هۆکاری جۆراوجۆر هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، وەک هۆکاری ئابووری، فەرهەنگی و یا زەمان و سەردەم. بەو واتەیە کە وەزعییەتی ئابووری ڕۆڵی هەیە لە بەشداریکردنی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا و یا شێوازی هەڵسوکەوتی دەسەڵات لەگەڵ خەڵک و ڕێژەی دەستێوەردانی دەسەڵات لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەدا. هەروەک پێشتریش باس کرا سەردەمی ئێستا سەردەمی شۆڕشی پێشکەوتنی دنیای دیجیتاڵی و ئەلکترۆنییە ونەسلی لاوی پێگەیشتووی ئێستا لە ئێران بە دوای ژیانی خۆش و سەردەمیانەدا دەگەڕێن و ڕەوزە و ڕەوزەخوانی و دەسەریەککردنەوەی چیرۆکی سەیر و سەمەری ڕابردوو و قارەمانسازی لە کەسانێک کە هیچ خێروبێرێکیان بۆ خەڵکی ئێران نەبووە ناتوانی ئامانج و ئارەزووەکانی ئەو تازە لاوانە وەدی بێنێ. ئەو نەسڵە نەوەیەکی ئیدەئالیست و ئاڕمانگەران و سیاسەتەکانی ڕێژیم و ئەزموونی دەسەڵاتدارەتییان ناتوانێ قەناعەتیان پێ بێنێ و پێشینەی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی یەک دەیەی ڕابردووی دەیسەلمێنێ کە بەتەواوی لەو ڕێژیمە تێپەڕیون.

بە هەستکردن بە هەستیاریی کۆمەڵگە لە مەڕ سیاسەتەکانی ڕێژیم و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە و لەرزۆکیی پایەکانی ڕێژیم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوای ڕاپەڕینی ژینا، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کەوتوونەتە پەلەقاژە بۆ ئەوەی لە هەر کەرەسەیەک کەلک وەربگرن کە بە بیرورای گشتی ئێران و جیهان بسەلمێنن نیزامی کۆماری ئیسلامی مەشروعییەتی خەڵکیی هەیە و ئەو ناڕەزایەتییانە کە ڕوویان داوە دەستی دەرەکی و دوژمنانی کۆماری ئیسلامی لە پشتە. بێ ئەوەی سرنج بدەنە کۆمەڵگەی داڕووخاوی ئێران لە بواری ئابووری و فەرهەنگی و داواکارییەکانی خەڵک کە لە سیاسەتی بەڕێوەبەری و قانوونەکانی ئەو نیزامە وەزاڵە هاتوون.

گەلانی ئێران لەمێژە دەرکیان بەو ڕاستییە کردوە کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێران تەنیا پرۆسەیەکی ڕواڵەتییە و هیچ لە شێوازی بەڕێوەبەری وڵات و سیاسەتەکانی نیزامی دەسەڵاتدار و ژیان و داهاتووی ئەوان ناگۆڕێ. چونکە پرۆسەی بەناو هەڵبژاردن لە ئێراندا پرۆژەیەکی ئەندازیاریبۆکراوە کە بەرگی قانوونیی دەبەر کراوە و بەو شێوە کە دەسەڵات واتە ڕێبەری نیزام خوازیاریەتی، سەندووقەکانی دەنگدان وەڵام دەدەنەوە.

بەپێی قانوون بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە ئەستۆی وەزارەتی نێوخۆی ئێرانە. واتە ئامادەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن وبەڕێوەبەری و ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن لە ئەستۆی ئەو وەزارەتخانەیەیە. بەڵام لە کردەوەدا وانییە، بەڵکوو ئۆرگانێکی دیکە بە ناوی شورای نیگەهبان چاوەدێری بەسەر هەموو پرۆسەکەدا دەکا و وەزارەتی نێوخۆ لە ڕاستیدا تەنیا کاربەرێکەرە و ئەوە کاتێک بەباشی خۆ دەنوێنێ کە بەپێی قانوونی بنەڕەتی چاو لە دەسەڵاتەکانی شورای نیگەهبان دەکەی.

لە ئەسلی ٩١ی ئەو قانوونەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو مەجلیس یان شوڕایە دەستنێژی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و ئۆرگانێکی ئینتسابییە و بەدەنگی خەڵک هەڵنابژێردرێ، بۆیە خۆی لە بەرانبەر خەڵکدا بە بەرپرسیار نازانێ.

ئەوکاتەش بەتەواوی ڕوخساری ڕاستەقینەی پرۆسەی بەناو هەڵبژاردن لەو نیزامەدا دەردەکەوێ کە بەپێی ئەسلی ٩٩ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەڵاحییەتی شواری نیگەهبان بە شێوەی ڕەها دیاری کراوە کە ئەویش تەفسیری ئەسل و بەندەکانی قانوونی بنەڕەتی و لە هەمان کاتدا بە شێوەی (استصوابی) چاوەدێری بەسەر هەموو هەڵبژاردنەکاندا دەکا، بێجگە لە هەڵبژاردنی شوراکان. بەوەش هەر کەس و لایەنێک شورای نیگەهبان بیهەوێ لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەهاسانی ڕێگای سەرکەوتنی بۆ خۆش دەکا. چونکە چاوەدێرییەکەی ئیستسوابییە ولە چاودێری ئیستسوابیدا بڕیارەکانی ئۆرگانی چاوەدێر بنبەڕ و کۆتایین و لە هیچ ئورگانێکی دیکەدا ناتوانرێ تانەی لێ بدرێ. واتە تەئیدی سەڵاحییەت یا ڕەدی سەڵاحییەتی بەربژێرێک کە ئێستا لە ئەستۆی شورای نیگەهبانە لە هیچ حاڵەتدا تانەی لێ نادرێ و لە بارودۆخێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وادا ڕوونە شوڕای نیگەهبان کێ ڕەدی سەلاحییەت و کێ تەئیدی سەلاحییەت دەکا.

بەپێی هەموو پێودانگەکان پرۆسەی هەڵبژاردن لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا ناتوانێ پرۆسەیەکی سالم بێت و ئەو ئاکامە بە دەستەوە نادا کە خەڵک لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە بتوانن لانیکەمی ئاڵوگۆڕ لە شێوەی ژیانی ئابووری و سیاسیی خۆیاندا پێک بێنن. بەڵام پێچەوانەکەی نەچوون بۆ سەر سندووقی دەنگدان و بەشداری‌نەکردنی خەڵک لەو دوو هەڵبژاردنەدا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی ڕاپەرینی گەلانی ئێران و سەرەتایەکی بەگوڕ بێت بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسیی و دەوڵەتداری لە ئێراندا.

٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# هەناردەی شۆڕش و چوار دەیە دواتری



دیاکۆ دانا

شۆڕشی گەلانی ئێران کە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لێ کەوتەوە، ڕووداوێکی گرینگی مێژوویی بوو کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەرەو ئاقارێکی دیکە برد. باڵی توندئاژۆی ڕاستی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی بە دامەزراندنی ڕێژیمی ئیسلامی لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سەفەویەوە جارێکی دیکە ئیسلامی سیاسیی شیعەی دوازدە ئیمامییان بوژاندەوە. بەڵام هاتنەسەرکاری ئیسلامی سیاسیی شیعە و سەقامگیریی لە ئێراندا تەنیا لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتەدا قەتیس نەبووە، بەڵکوو ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە ئامانجی پێکهێنانی هیلالی شیعە لە ناوچەکە سیاسەتی "هەناردەکردنی شۆڕشی" کردە ستراتیژیی نەگۆڕی خۆی.

سیاسەتی "هەناردەکردنی شۆڕش" وەکوو نەخشەڕێی سیاسی لەنێوەڕۆکی خۆیدا هەڵگری چەمکی ویلایەتی فەقیهیشە کە کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ئەم بیرۆکەیە دامەزراوە. بیرۆکەیەک کە وەکوو مەکتەبێک لەنێو پیرەوانی شیعەی دوازدە ئیمامیدا وەلی فەقیهە وەکوو نوێنەری خودا، پێغەمبەر، ئیمامی شیعە لەسەر کۆی زەوی پێناسە دەکا و هەتا کاتی سەرهەڵدانی ئیمامی زەمان بەسەر ئوممەتی ئیسلامیدا حکوومەت دەکات و خوی بە حەق و ئەوانی دی بە ناحەق دەزانێ و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەهایە.

خومەینی لە بەشێک لە قسەکانی لە بەفرانباری ١٣٥٨دا دەڵێ: "ئێمە ئێستا لەگەڵ کافر لە شەڕداین و داوا لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامی دەکەین بۆ شەڕ لەگەڵ کافر بە ئێمە پێوەست بن." هەروەها خومەینی لە پەیامێکی دیکە لە نەورۆزی ساڵی ١٣٥٩ هەتاویدا دەڵێ: "ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین شۆڕشی خۆمان بۆ سەرانسەری جیهان هەنارده بکەین. لە پەنا بیرۆکەی ویلایەتی فەقیهدا، وێژمانی "ام القری"ی ئیسلامی یانی دایکی وڵاتانی ئیسلامی لەلایەن "محەممەدجواد ئامولی لاریجانییەوە" لە سەرەتاکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی داڕێژرا و مەبەست لەم تێزە حوکمڕانی بەسەر وڵاتانی ئیسلامییەوە بوو کە دەتوانین وەک تەواوکەری ئەندێشەی ویلایەتی فەقیهە پێناسەی بکەین.

سیاسەتی "هەناردەکردنی شۆڕش" بووە هۆی ئەوەی وڵاتانی ناوچە لەمەڕ کاریگەری ئێران و دەستێوەردانی سیاسیی ئەو وڵاتە لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتەکەیاندا ترسیان ڕێ بنیشێ. هەر ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی وڵاتانی ناوچە بەمەبەستی خۆپاراستن لە بەرامبەر سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئێرانەوە بکەونە سەنگەری بەرگری. بۆ وێنە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە کاردانەوە بەو سیاسەتە ٦ وڵاتانی عەرەبیی دورووبەرەی کەنداو شورای هاوکاریی کەنداویان دامەزراند. یان دەوڵەتی ئەوکاتی عێراق کە زۆربەی دانیشتووانی شیعە مەزهەب بوون، لە ترسی پەرەسەندنی سیاسەتی شیعەگەریی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە دژی ئێران شەڕی ڕاگەیاند کە ئەو شەڕە ٨ ساڵی خایاند. بەڵام دوای شەڕی ئێران و عێراق کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی پەرەپێدانی سیاسەتی ئاژاوگێڕانەی خۆی لە ناوچەدا بە ئەزموونوەرگرتن لە شەڕی ئێران و عێراق و بەردەوام بوون لەو سیاسەتە زیاتر جەختی لەسەر شەڕی پارتیزانی و میلیشیایی (نامتقارن) کرد بۆ ئەوەی کە لە بەهێزکردنی هیلالی شیعە لە ناوچەکەدا بەردەوام بێت. شەڕێک کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای گرووپە میلیشاییەکانیەوە هەتا ئێستاش بە لەبەرچاوگرتنی دروشمی شەڕ لەگەڵ شەیتانی گەورە (ئەمریکا) و شەیتانی چووکە (ئیسرائیل) لەسەری بەردەوامە.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام یارمەتیی بزووتنەوەی سیاسی فەلەستینی داوە و دوای بێهیوابوونی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین کە تەواو دەستەمۆی نەبوو، شەفقی سیاسیی تێ خستن و گرووپەکانی حەماس و جیهادیی ئیسلامیی لە فەلەستین دامەزراند و لە ئێستاشدا لە وڵاتانی فەلەستین، لوبنان، سووریە، عێراق، یەمەن و... لەژێر فەرماندەیی سپای قودسی سپای پاسدارانیدا بە دروستکردنی چەند سپای میلیشیایی قەیرانی سیاسیی نێوخۆیی لەو وڵاتانەدا دروست کردوە.

لە ئێستادا زیاتر لە سێ مانگە شەڕی نوێی نێوان ئیسرائیل و حەماس بەردەوامە. شەڕێک کە ڕێکخراوی حەماس لەژێر ناوی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"باهۆزی ئەقسا" و بە هێرشی ئاسمانی و وشکانی بۆ سەر خاکی ئیسرائیل دەستی پێ کرد و پاشان ئیسرائیل لەژێر ناوی عەمەلیاتی "شمشیری ئاهنین" بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە درێژی بە شەڕەکە دا. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە حەوتوویەک پێش دەستپێکی شەڕەکە عەلی خامنەیی لە وتارێکدا لەنێو لایەنگرانی ڕوو بە وڵاتانی عەرەبی لەمەڕ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ڕایگەیاند کە ئێوە لەسەر ئەسپی تۆپیو گرێوتان کردوە و ئیسرائیل نامێنێ. لە یەکەمین ڕۆژەکانی شەڕەکەدا بەرپرسانی باڵای ڕێژیم پێخۆشبوونی خۆیان نەدەشاردەوە، بەڵام پاش هێرشی هەمەلایەنەی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە هەڵوێستی خۆیان گۆڕێ. هەر لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا دەبینین کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ بەرنگاربوونەوە لەگەڵ پەرەسەندنی شەڕ لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ وڵاتانی دی هێزێکی زۆریان ناردووەتە ناوچەکە. هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا حوسییەکانی یەمەن لە دەریای سوور بە هێرشکردنە سەر پاپۆڕە بازرگانییەکان و هەروەها هێرشی مووشکی سپای پاسدارانی بۆ سەر عێراق و سووریە و پاکستان زیاتر گرژی و ئاڵۆزییان لە ناوچەکەدا دروست کردوە و لە عێراقیشەوە ڕۆژ نییە بنکە و بارەگای هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمان لەو وڵاتە و لە سووریە نەکرێنە ئامانج. دۆخێک کە ئێستا ناوچە تێی کەوتوە، لێکەوتەی ستراتیژیی هەناردەی شۆڕشی ئیسلامی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوەیە.

ئێستا دەمێنێتەوە ئەوەی کە ئاخۆ کۆمەڵگەی جیهانی ڕێگە دەدا کۆماری ئیسلامی ئەو شەڕە بباتەوە و ستراتیژییەکەی سەر بخات، یان بە سیاسەتێکی یەکگرتوو و ئیرادەیەکی پتەو بەرهەڵستی دەبنەوە و ماکەی قەیران و شەڕ و ناسەقامگیری لەو ناوچەیە بنەبڕ دەکەن؟

٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بازاڕی بێ ڕەونەقی هەڵبژاردن و فیڵی بەرپرسانی ڕێژیم




**مەنسوور مروەتی**

حەسەنی ڕووحانی، سەرکۆماری پێشووی ئێران لە ڕاگەیاندراوێکی کورتدا وێڕای ڕاگەیاندنی ڕەدکردنەوەی شیاویەتی خۆی بۆ مەجلیسی خوبرەگان، ڕایگەیاند؛ "هیچ ڕێگایەک جگە لە سندووقەکانی دەنگ نییە و لەو باوەڕەدام دەبێ لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکرێ. ئەگەرچی منیشیان ڕەد کردۆتەوە، دەبێ بە دەنگدان ناڕەزایەتی خۆمان دەرببڕین".

ئەم قسانەی حەسەن ڕووحانی لە کاتێکدایە کە بڕیار وایە مانگی داهاتوو، واتە ١١ی ڕەشەمە، دوو هەڵبژاردن لە ئێراندا بەڕێوە بچێ. یەکەم هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و دووهەم هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان.

ئەگەرچی هەر لە ئێستاوە بەڕوونی دیارە کە ئەمساڵ ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەگاتە کەمترین ئاستی خۆی و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیش لە خامنەییەوە بگرە تا بەرپرسانی سپای پاسداران و هەندێ کەسی دیکە بە باشی ئەوە دەزانن، بۆیە بە هەموو شێوازێک دەستیان کردوە بە بانگەوازی خەڵک بۆ بەشداری لەم هەڵبژرادنانە. بۆیە دەکرێ ئەم بانگەوازەی حەسەنی ڕووحانیش هەر لەم خانەیەدا پێناسە بکرێ و تۆزێ ئەولاتریش، واتە پەنابردنە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەر فێڵ و درۆ و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک. هەموان دەزانن کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هەڵبژاردنی ئازاد هیچ مانایەکی نییە و تەنیا لەمەجلیسی شەشەمدا نەبێ کە هەندێ کەسی تێدابوون کە بە دڵی خامنەیی نەبوون، ئیتر شۆرای نگەهبان و ناوەندەکانی ژێر دەسەڵاتی خامنەیی ڕێگەیان نەداوە کە مەجلیسێک پێک بێت کە بتوانێ وەکوو دەزگایەکی یاسادانانی تەنانەت نیوەسەربەخۆ بتوانێ کارەکانی خۆی بەڕێوە ببات.

ئەوکاتیش و پاش کۆتایی مەجلیسی شەشەم خامنەیی بە ئاشکرا وتی تازە ڕێگە بە پێکهاتنی مەجلیسێکی واش نادەن و تا ئێستاش هەروایان کردووە. جا لەوەها حاڵەتێکدا کە هەڵبژاردنێکی تەواو داخراو لە ڕژیمێکی تەواو داخراودا بەڕێوە بچێ، ئیتر دەنگدان دەتوانێ چ دەسکەت و چ ئاڵوگۆڕێکی بەدواوە بێ کە حەسەنی ڕووحانی داوای دەنگدان لە خەڵک دەکا؟! هەرچەند خەڵک زۆر باش دەزانن کە ئەم چیرۆکە درۆیینانەی حەسەنی ڕووحانی و کەسانی هاوشێوەی ئەو لە مێژ ساڵە خەڵک پێی دەزانن و هەر ئەم کابرایە خۆی دوو دەورەی تەواو سەرکۆماری ئێران بوو و بۆ خۆشی لەم قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتووە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، و پێش هەڵبژاردنیشی بە سەرۆک کۆمار چەندین و چەندین بەڵێنی بۆ ئاڵوگۆڕ بە خەڵک دا کە هیچ کامیان وەدی نەهاتن و بەدرۆ دەرچوون.

سەیرتر لەم قسەیەی حەسەنی ڕووحانی قسەکەی وتەبێژی شۆرای نیگەهبانە کە ماوەیەک لەوەپێش وتی، بێ حیجابەکانیش لە ڕۆژی دەنگدان دا مافی دەنگدانیان هەیە!!. ئیتر لەم قسەیەی وتەبێژی شۆرای نیگەهبان تا ئێستا قسەیەکی بێشەرمانەتر و ڕووهەڵماڵاوانتر نەکراوە. ئاخر خۆ هەر لەم یەکساڵەی کە ڕابرد کۆماری ئیسلامی و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بە بەهانەی بەقەولی ئەوان "بێ حیجابی" چ جینایەتێک نەما کە دەرحەق بە خەڵکی ئێرانی نەکەن، چ کچان و کوڕانێکی لاو کە لەم یەکساڵەی شۆڕشی ژینادا هەر لە سەر ئەم بەهانەیەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی شەهید و بریندار نەبوون و لە سێدارە نەدران. ئیتر ئەم قسە بێ شەرمانانە لە کوێوە دێت و چۆن لە ڕوویان دێت چاو لە چاوی خەڵک بکەن و داوای بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن، مەگەر هەر خۆیان بزانن.

بێگومان لە وڵاتانی ئازاد و کراوەدا کە هەڵبژاردنی ئازاد و شەفافی تێدا بەڕێوە دەچێ، بەشداریی لە هەڵبژاردن ڕێگایەکی لەبار و درووستە بۆ ئەوەی کە خەڵکی ئەو وڵاتە بەشداری لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا بکەن و هیوایان بە ئاڵوگۆڕ ببێ. بەڵام لە سیستمێکدا کە چارەنووسی کەسانێکی وەکوو مووسەوی و کەڕووبی وای لێ دێت و پاش دزینی ڕەئیەکانیان و ڕووداوەکانی ساڵی ٨٨ هێشتا هەر لە ماڵی خۆیاندا دەسبەسەر و زیندانین، ئیتر بەشداریی خەڵک و داوای بەشداری لە خەڵک چ مانایەکی هەیە؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێگومان ئەم بابەتە بابەتێک نییە کە پێویستیی بە لێکدانەوە و وەردانەوەی زیاتر و ورد بێ، چونکە هیچ شتێکی شاراوە نییە کە خەڵک نەیزانن و بکرێ فێڵیان لێ بکرێ و تەنووری هەڵبژاردنیان لا خۆش بکرێ. نە هیچ هیوایەک بە ئاڵوگۆڕ ماوە نە چکۆلەترین ئاڵوگۆڕیش دەکرێ، تا دێت گەندەڵی و گرانی و بێکاری و دەیان و سەدان کێشە و قەیرانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری زیاتر تەنگ بە خەڵک هەڵدەچنن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە بەرچاوی خەڵک لە هەموو کات بێزراوتر و نامەشرووعترە و بە هیچ بانگەواز و داواکاری و هەڕەشەوگوڕەشەو و فێڵ و تەڵەکەیەکیش بەشداریی هەڵبژاردن ناکەن و بە پێچەوانەی داواکاری و بانگەوازی خامنەیی و ڕووحانی و بەرپرسانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، مانگی داهاتوو بە بەشدارینەکردن لەو هەڵبژاردنانە دیسان دەنگی نارەزایەتی خۆیان لەم ڕێژیمە مرۆڤکوژە بە گوێی دنیا دەگەیینن.

٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێککەوتنی ٢٠ ساڵەی نێوان ڕووسیە و ئێران، هەڕەشەیەکی نوێ بۆسەر ئاسایشی ناوچە!




**ئالان خاس**

چەند ساڵێکە باس لە هەوڵی دوو لایەنەی ئێران و ڕووسیە دەکرێ سەبارەت بە ڕێککەوتنێکی درێژماوە. بەپێی سەرچاوەکانی ماڵپەڕی ئۆبل-پرایز، ١٨ی ژانویەی ٢٠٢٤ خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ڕەزامەندیی فەرمیی خۆی لەسەر ڕێککەوتنی نوێی هاوکاریی هەمەلایەنەی ڕێژیمی تیرۆریستی ئیسلامیی ئێران و ڕووسیە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ دەربڕیوە. هەرچەند ئەوە بەو واتایە نییە کە ڕێکەوتنەکە ١٠٠٪ سەری گرتبێ، بەڵام ئەوە لە لێدوان سەبارەت بە بابەتی هەستیاری هەوڵەکان بۆ ڕێکەوتنێکی لەو شێوە کەم ناکاتەوە.

وا بڕیارە ئەم ڕێککەوتنە جێگەی ئەو گرێبەستە ١٠ ساڵە بگرێتەوە کە لە مانگی مارسی ٢٠٠١ واژۆ کرا و دوای ٢٠١١ دوو جار و هەرجارەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ نوێ کرایەوە. ڕێککەوتنە نوێیەکە نەک تەنها ماوەکەی بەڵکوو لە ڕووی پانتایی و قەبارەشەوە فراوانتر کراوە و سەکتەرەکانی بەرگری و وزە لەخۆ دەگرێت.

ڕێککەوتنی ٢٠ ساڵە کە ناوی "پەیماننامە لەسەر بناغەی پەیوەندی دوولایەنە و بنەماکانی هاوکاریی نێوان ئێران و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕووسیە"ی لێ نراوە - لە ١١ی نۆڤامبری ٢٠٢٣دا بۆ تاوتوێکردنی لەلایەن دوو وڵاتەکەوە خراوەتەڕوو.

## کەرتی وزەی گرێبەستەکە:

ڕێککەوتنە نوێیەکە یەکەمین مافی دەرهێنانی وزە لە بەشی ئێرانی دەریای خەزەر بە ڕووسیە دەبەخشێت، بە کێڵگەی چالۆس-یشەوە کە پێشبینی دەکرێت کێڵگەیەکی گازی یەکجار گەورە بێت. ڕووبەری بەرفراوانی ناوچەی خەزەر، هەم کێڵگەکانی وشکانی و هەم دەریایی، مەزەندە دەکرێت کە نزیکەی ٤٨ ملیارد بەرمیل نەوت و ٢٩٢ تریلیۆن پێ سێجا tcf) گازی سروشتی لە یەدەگی سەلمێنراو و ئەگەریدا هەبێت.

لە ساڵی ٢٠١٩دا ڕووسیە ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە گۆڕینی ستاتوی یاسایی ناوچەی خەزەر و، پشکی ئێرانی لە سەدا ٥٠ بۆ لەسەدا ١١,٨٧٥ لە پرۆسەکەدا کەم کردەوە. پێش دۆزینەوەی کێڵگەی چالۆس، ئەمە بەو مانایە بوو کە ئێران لانیکەم ٣,٢ تریلیۆن دۆلاری ئەمریکی لە داهاتەکانی لە بەرهەمە وزەییەکان لە سەرانسەری سامانی هاوبەشی سەرچاوەی دەریای خەزەر لەدەست دەدات.

بە لەبەرچاوگرتنی نوێترین مەزندە نێوخۆییەکانی ئێران و ڕووسیە، ئەم ژمارەیە دەتوانێت زۆر زیاتر بێت. چونکە پێشتر وا مەزندە کرابوو کە چالۆس نزیکەی ١٢٤ ملیارد پێ سێجا (bcf) گازی لەخۆ گرتووە. ئەمەش یەکسان بوو بە نزیکەی چارەگێک لەو یەدەگی گازەی کە لە مەیدانی زەبەلاحی گازی سروشتی باشووری ئێراندا هەیە کە نزیکەی لەسەدا ٤٠ی کۆی یەدەگی گازی مەزەندەکراوی ئێران و نزیکەی لەسەدا ٨٠ی بەرهەمهێنانی گازی ئێران پێکدەهێنێت. خەمڵاندنە نوێیەکان دەڵێن چالۆس پێکهاتوە لە دوو کێڵگە کە نۆ کیلۆمەتر لە یەکترەوە دوورن، چالۆسی "گەورە" کە ٢٠٨ bcf گازی تێدایە، و چالۆسی "بچوکتر" کە ٤٢ bcf گازی هەیە، کە کۆی گشتی دەبێتە ٢٥٠ bcm گازی سرووشتی.

بە پێی ڕێککەوتنە نوێیەکە هەمان مافی دەرهێنانی وزە بۆ ڕووسیە لە کێڵگە گەورەکانی نەوت و گازی ئێران لە خوڕەمشار و پارێزگاکانی نزیکی ئیلام کە هاوسنوورن لەگەڵ عێراقیشدا گونجێندراوە. کێڵگە هاوبەشەکانی ئێران و عێراق لە مێژە ڕێگەیان بە تاران داوە کە بەشێک لە گەمارۆکانی سەر کەرتی سەرەکیی نەوتی خۆی دەور بداتەوە، بەو پێیەی ئاسان نەبوو بزانرێت چ نەوتێک لە لایەنی ئێرانەوە هاتووە یان لە دیوی عێراقی ئەو کێڵگانە، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئێران بۆ ماوەیەکی کاتی توانای ئەوەی هەبوو کە بەئاسانی ناوی نەوتی گەمارۆدراوی خۆی بە نەوتی گەمارۆنەدراوی عێراقی بگۆڕێت و هەناردەی بکات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کەلکاوەژۆ لە دامەزراوە و پلاتفۆرمە سەرەکییەکانی نەوت و گاز لە سەرانسەری عێراق بەشێکی سەرەکییە لە پیلانی درێژخایەنی ئێران، کە بە تەواوی لەلایەن ڕووسیە پاڵپشتی دەکرێت، ئامانجیش لێی دروستکردنی 'پردێکی وشکانی' بۆ کەنارەکانی دەریای نێوەڕاست لە سورییەیە. ئەمەش وا دەکات ئێران بە شێوەیەکی بەربڵاوتر گەیاندنی چەک بۆ باشووری لوبنان و ناوچەی بەرزاییەکانی جۆلان لە سووریە زیاد بکات بۆ ئەوەی لە هێرشەکانی سەر ئیسرائیلدا بەکاربهێنرێن. ئامانجی سەرەکی ئەم سیاسەتە، وێدەچێ وروژاندنی ململانێیەکی فراوانتر بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ شەڕێک ڕابکێشێت کە هاوشێوەی شەڕی عێراق و ئەفغانستان، بە لێکدانەوەی ئەوان شکستێک بێت بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی.

نرخی هەموو ئەو کاڵایانەی لەنێوان ڕووسیە و ئێراندا مامەڵەیان پێوە دەکرێت، بە کەلوپەل و پێداویستی سەربازی و وزەییەوە، لە ڕێککەوتنە نوێیەکەدا بە فەرمی کراوە، هەرچەندە ئەوە لە بەرژەوەندی ئێرانیشدا نییە و لەڕاستیدا ملکەچ بوونێکی لەڕاددەبەدەری ئێرانە بۆ ڕووسیە. بۆ ئەو کاڵا ئێرانیانەی کە هەناردەی ڕووسیە دەکرێن، تاران تێچووی بەرهەمهێنان لەگەڵ ٨ لەسەد قازانج وەردەگرێت. بەڵام پارەی کاڵای هەناردەکراو بۆ ڕووسیە ناگوازرێتەوە بۆ ئێران، بەڵکو وەک قەرز لە بانکی ناوەندیی ڕووسیە (CBR) هەڵدەگیرێ. جگە لەوەش ئێران لە نرخی ئاڵوگۆڕی دۆلار/ڕۆبل یان یۆرۆ/ڕۆبل کە بۆ حیسابکردنی قەرزەکانی لە CBR بەکاردێت زەرەرێکی بەرچاو دەکات. بەپێچەوانەوە بۆ ئەو کاڵا ڕووسییانەی هەناردەی ئێران دەکرێن، مۆسکۆ پارەی پێشوەختە و بە نرخی دراوی زۆر بەهێزتر کە سوودی بۆ ڕووسیە هەیە، وەردەگرێت.

لە زۆر حاڵەتدا فراوانبوونی هاوکارییە سەربازییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیە لەو ڕێککەوتنە نوێیە ٢٠ ساڵەیەدا بەستراوەتەوە بە خاڵەکانی کەرتی وزەوە. پێشکەوتن لەڕاستای نۆژەنکردنەوەی دامەزراوەکانی وەک فرۆکەخانە سەرەکییەکان و بەندەرەکان، کە لە مێژە لەلایەن ڕووسیە ئامانجن و بە گرینگ دەبینرێن بۆ هێزی ئاسمانی و هێزی دەریایی، و هەروەها بەهۆی نزیکیان لە دامەزراوە گەورەکانی نەوت و گاز.

لە سەرووی لیستی ئەو فرۆکەخانانەی ئێران کە ڕووسیە بە باشترینیان دەزانێت بۆ کەڵکوەرگرتن لەلایەن هێزی ئاسمانی خۆیەوە بریتین لە هەمەدان، بەندەر عەباس، چابەهار، و ئابادان. جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە لە مانگی ئاگۆستی ٢٠١٦ ڕووسیە بنکەی ئاسمانی هەمەدانی بەکارهێنا بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجگەلێک لە سوریا بە بەکارهێنانی هەردوو فرۆکەی بۆمبهاوێژی دوور مەودای توپۆلیف - 22 M3 و سوخۆی - 34. لە سەرووی لیستی بەندەرەکان بۆ بەکارهێنانی لەلایەن هێزی دەریایی وڵاتەکەیەوە کە ڕووسیە چاوی تێ بڕیون بریتین لە چابەهار، بەندەری بوشێهر و بەندەر عەباس.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ڕێككەوتنە نوێیەكەدا بە هەمان شێوەی كە ڕووسیە ئەوەڵین مافی دەرهێنانی وزەی لە بەشی ئێرانی دەریای خەزەر پێ دراوە، فەرماندەیی هاوبەشی بەسەر بەشی بەرگری ئاسمانی باكووری ناوچەی خەزەری ئێرانیشی پێ دەدرێت.

هەرچەند تا ئێستا بەفەرمی ڕانەگەیەندراوە كە ڕێكەوتنەكە واژۆی كۆتایی لەسەر كرابێت، بەڵام ئەم ڕێككەوتنە نوێیە ٢٠ ساڵەییەی نێوان ئێران و ڕووسیە دەتوانێت دیمەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئەوروپا و ئاسیا بگۆڕێت چونكە دەستڕۆیشتوویی ئێران لەڕووی سەربازیەوە بەربڵاوتر دەبێت و ئەوەش بێگومان بۆ خۆسپاندنی زیاتر و بەزۆر وەدەستهێنانی خواستەكانی بەكاردێنێت و دەبێتە مەترسی گەورە بۆسەر وڵاتانی ناوچە.

بە ئەگەری زۆر، ئەگەر ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی پلانیان بۆ پێشگرتنی ئێران نەبێ، ئەو ڕێكەوتنە دەتۆانێت هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بگۆڕێت.

٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سیمای کۆمەڵگەیەکی بەهەڵوێست، ئەمجارەیان لە سەقزەوە



**سمایل شەرەفی**

ڕۆژی هەینی، ٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٢ی هەتاوی بە هەزاران کەس لە خەڵکی شاری سەقز و وەرزشوانان و زۆرێک لە خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان، بە بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی وەرزشوانی جوانەمەرگی شارەکە، فەریار ئەمینیپوور، نیشانە و تەعبیرێکی دیکەی ئەمڕۆییان لە هەڵوێست و ڕەفتاری کۆمەڵگەی کوردستان تۆمار کرد. هەڵوێست و ڕەفتارێکی جەماوەریی وەک ئەوەی لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی ژینا ئەمنیدا شۆڕشێکی گەورەی سەرانسەریی لە ئێران و کوردستاندا لێکەوتەوە. گۆڕستانی ئایچی بۆ جارێکی دیکە بوویەوە بە مەکۆ و گۆڕەپانی کۆبوونەوەی هەزاران کەس لە خەڵکی شاری سەقز و شارەکانی دیکەی کوردستان کە بە درووشم و ڕەفتارەکانیان، ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ژینا ئەمینی هەر لەم گۆڕستانە لە ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوییان بیر خستینەوە.

خەڵک بە ڕێزگرتن لە ڕۆڵەیەکی وەرزشوانی گەلەکەیان کە وێڕای بەدەستهێنانی چەندین خەڵاتی پاڵەوانی بۆ خۆی، یانەکەی، شارەکەی و گەلەکەی کە بەداخەوە لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە وڵاتی تایلەند گیانی لەدەست دابوو، لە کەرنەڤاڵێکی جەماوەریدا کە هەموو چین و توێژەکان تیایدا بەشدار بوون هاواریان کردەوە؛ "هەتا کوردێک بمێنێ،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستانیش دەمێنێ."

هەر ئەم خەڵکە کە ساڵێک و چەند مانگ پێش ئێستا، ئیستارتی مودێرنترین شۆڕشی جەماوەریی سەرشەقامەکانی کوردستانیان لێدا و درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یان کردە هەوێنی بزووتنەوەیەکی بەرینی سیاسی - کۆمەڵایەتی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە تەواویەتی خۆیدا تووشی چالش و پووکانەوە کرد، دیسان و لە دەرفەتێکی دیکەدا ڕێکخراوتر لە جاران پەیامی "بەردەوامی" و "زیندووبوون"ی کۆمەڵگەی کوردستانیان بڵاوکردەوە.

دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێیوابوو بە کوشتن و کوێرکردنی هەزاران کەس لە لاوانی بەرهەڵستکاری سەر شەقامەکانی ئێران و کوردستان و دەستبەسەرکردنی دەیانهەزارانیان و لەسێدارەدانی چەندین کەسیان دەتوانێ ئەم نارەزایەتییانە سەرکوت و کپ بکات، ئێستا دەبێ دوای نارەزایەتیی بەردەوامی خانەنشینان و کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی خەڵکی کوردستان بەتایبەت لە شارەکانی شنۆ، نەغەدە و سەقز، بۆی دەرکەوتبێ کە خراپ لە ئیرادەی مافخوازانەی خەڵک تێگەیشتووە.

کۆبوونەوە جەماوەرییەکەی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی کاکە فەریار لە سەقز، وێڕای سەرنجدان بە شێوازی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکە، بەشداریی بەرچاوی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت بەشداریی بەرچاوی مامۆستایانی ئایینی، ژنان و کچان و وەرشوانان، نێوەرۆکی پەیام و دروشمەکان و کەڵکوەرگرتن لە هێما و سەمبولە تایبەتەکان و گوڵبارانکردنی گۆڕی ژینای ئەمینی، سەلماندنییەوە کە کۆمەڵگەی کوردستان لە هەڵبژاردنی ڕێگا درووستەکە، لێبڕاو و جدییە.

ڕێگای کۆمەڵگەی کودستان؛ یەکگرتوویی و بەجەماوەریکردنی خەباتێکی مافخوازانەی دوور و درێژە. لەم خەباتەدا کۆمەڵگە بە ئاستێکی بەرز لە شعووری نەتەوەیی گەیشتووە و بەکەڵکوەرگرتن لە ئامراز و بەستێنە ئەمڕۆییەکان و، ڕێکخستنی ڕەفتارە بڵاوەکان لە چوارچێوەی ڕەفتارێکی گشتگیری جەماوەریدا کە هەوێنەکەی هەستکردن بە زەروورەتی یەکێتی و یەکگرتوویییە، بزووتنەوەیەکی جەماوەری لێ ساز دەبێ. بزووتنەوەیەک کە تاکەکانی کۆمەڵگە تیایدا؛ بە خۆدەربازکردن لە "کەمتەرخەمی" و "بێتەفاوەتی" خۆیان لە بەرانبەر پرسە گشتییەکاندا بە"بەرپرسیار" دەزانن و لە بەستێنێکی بەرینی زەینیی هاوچارەنووس لەگەڵ یەکتردا، خۆیان لە مەیدانی عەینی و بەرهەستدا پێکەوە دەبیننەوە و ڕەفتارێکی گشتی و پێکەوەیی لەخۆ نیشان دەدن. ئەم پێکەوەیی و یەکگرتووییە کە بێگومان بەرهەمی تێگەیشتنی "تاک" لە بەرژەوەندیی هاوبەش و، دەرککردن بە هێزی یەکگرتوویی بەرانبەر بە دژبەر و، تەنیا ڕێگەی دەستبەرکردنی ماف و ئازادییەکانە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەوێنی ئەو ڕەفتارە گشتی و جەماوەرییانەیە کە کۆمەڵگەی کوردستان لەم ساڵانەدا خەریکە بە جوانی و بە وشیارییەوە تاقییان دەکاتەوە.

تەنیا لە ماوەی دوو - سێ حەوتووی ڕابردوودا بە هۆی دوو ڕووداوی ناخۆشی؛ کەوتنە ژێر ڕنووی سێ شاخەوانی کورد لە کوێستانەکانی شنۆ و گیان لەدەستدانی وەرزشوانێکی دیکەی گەلەکەمان لە شاری سەقز، ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ئەم سەرمایە وەرزشیانەی کوردستان بوونە گۆڕەپان و دەرفەتێک کە کۆمەڵگەی کوردستان خۆی نیشان بداتەوە. لەم خۆدەرخستنانەدا کە دەیانخوێنینەوە، بە تەواوەتی هەست بە کۆمەڵگەیەکی زیندوو، بەهەڵوێست و خاوەن پەیامی تایبەتی دەکرێ. خودی شێوازی دەرکەوتنەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە کۆمەڵگەی کوردستان، لە ژێر کارتێکەریی بزووتنەوە گەورە و بەڕابردووە شوناسخوازەکەی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان دا، کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و یەکانگیرە. کۆمەڵگەیەک کە سەرەڕای کارکردنی دەیان ساڵەی دەوڵەتانی ناوەندگەرای ئێرانی بۆ لێکهەڵوەشان و لەپەراوێزخستنی، بە تێپەڕین لە جیاوازییە نەریتییەکان، وەک پێکهاتەیەکی ئۆرگانیکی ڕێکخراو خۆی بەڕێوە دەبات.

لە درووستبوونی ئەم خۆبەڕێوەبەرییەدا زەرووڕەتی یەکێتی و یەکگرتوویی بۆ فورمولەکردنی داخوازییەکان لە چوارچێوەی ئەو درووشم و پەیام و ڕەفتارانەی لەم ڕێوڕەسمە جەماوەرییانەدا دەبیندرێ، پاڵنەری سەرەکییە کە هەوڵدان بۆ پاراستن، پەرەپێدان و گەشەسەندنی ئەرکی هەموو تاک و کۆیەکی کۆمەڵگەی کوردستانە.

٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕقی کۆن



**عەلی بداغی**

بەرەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە، ٩ی ڕێبەندان چوار چالاکی سیاسیی کورد پاش ١٨ مانگ بەندکران و بەبێ ئەوەی مافی پارێزەریان هەبێت و دادگاییکردنەکەیان کەمترین پێوەرەکانی دادگاییەکی دادپەروەرانەی تێدا ڕەچاو کرابێت؛ لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە دار دران. بە ئێعدامکردنی ئەو چوار تێکۆشەرە سیاسییەکەی کورد ژمارەی ئەو کەسانەی لە ماوەی کەمتر لە یەک مانگی ڕابردوودا ئێعدام کراون، لە ٨٠ کەس تێپەڕی.

هەروەک لە ڕاگەیەندراوەکەی چەندرۆژ لەمەوبەری ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبدا هاتبوو، یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامیی ئێعدامەکان لە ئێران پەرەپێدانی ترس و تۆقاندنی خەڵکە بۆ ئەوەی لەو سۆنگەیەوە ڕێ لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان بگرن، چونکی کۆماری ئیسلامی نیزامێکی سیاسیی توتالیتێرە کە بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر کوشتن و حەزفی فیزیکیی نەیاران و سەپاندنی کەشی سەرکوت و تۆقاندن ڕاگرتوە. بەڵام لە تەنیشت ئەوەدا ئێعدامە سیاسییەکان دەکرێت بە نیشانەی زەبوونی و داماویی ڕێژیم و مایەپووچهاتنەوەی سیاسەتەکانی دابنێین کە تۆڵەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرەسهێنان و ناکامییەکانی لە تێکۆشەرانی سیاسی و کەسانی جیابیر و ئازادیخواز دەکاتەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە بەردەوامیی سیاسەتی ئێعدام لە کوردستان وەک سیاسەتی نەگۆڕ و هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان ئەگەر لەلایەک نیشانەی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوژمنایەتیی ڕەهای ڕێژیم لەگەڵ خەڵکی کوردستان و مافەکانیەتی، هاوکات نیشانەی زیندوویەتی و خۆڕاگریی جووڵانەوە سیاسییەکەشیەتی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ۲۲۸۰ چالاکی کوردی بەهۆی خەباتی سیاسی و مەدنییان بەدژی ئەو ڕێژیمە ئێعدام کردوە، هەروەها دەزگای تێرۆری ئەم ڕێژیمەش لانیکەم ٤٦٠ ئەندام و تێکۆشەری حیزبە کوردییەکانی لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی سنوورەکانی تێرۆر کردوە کە سەرجەم ئێعدامەکان و تێرۆرەکان بە کوشتنی سیاسی دادەنرێن. کۆماری ئیسلامی هاوتەریب لەگەڵ ئەم توندوتیژییە سیاسی و سیستماتیکە بە ڕوانگەی ئەمنییەتی و ئایدیای کۆلۆنیالیستی لە کوردستانی ڕوانیوە و ئەو بەشە لە جوغرافیای ئێرانی سیستماتیک لە پەرەسەندنە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەڵاواردوە.

لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا مافەکانی خەڵکی کوردستان، چ مافە سیاسی و مەدەنی، نەتەوەیی، کولتووری، زمانی، ژینگەیی و بە گشتی لە هەموو ڕەهەندەکانەوە مافی کورد لە ئێران پێشێل کراوە و هەروەک گوترا ئەو پێشێلکارییە هەم سیستماتیکە و هەم ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. لە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی زگماکەوە بگرە هەتا پەراوێزخرانی کوردستان لە گەشە و پەرەسەندن. لە هەڵاواردنیان لە هاوبەشی سیاسی و بێبەشکردنیان لە ئیدارەکردنی شار و ناوچەکانی خۆیان ڕا بگرە هەتا دەگاتە بەتاڵانبردنی سامان و سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوییەکانیان؛ لە ئاگردانی دارستانەکانی کوردستان ڕا بگرە هەتا دەگاتە بەرگرتن بە چالاکی و جموجۆڵە فەرهەنگییەکان؛ و لە گرتن و ئەشکەنجەدان و سەپاندنی حوکمی زیندانی درێژخایەن هەتا ئێعدام و کوشتنە سیاسییەکان.

پتر لە چوار دەیەیە ڕۆژنامەنووس، چالاکی کرێکاری و هەڵسووڕە مەدەنییەکان لە کوردستان نەک لەسەر کەیسێکی سینفی؛ بەڵکوو بە تۆمەتی ئەمنیەتی دەگیرێن و بەندکراوە سیاسییەکانیش قورسترین حوکمیان لە دەزگای قەزاییدا بەسەردا دەسەپێت. هۆکارەکەش ئەوەیە کە کوردستان لە ڕوانگەی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە سەری مارەکەیە و دەبێ پان بکرێتەوە و لەو سۆنگەیەشەوە تێچووی چالاکیی سیاسی، مەدەنی و هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆر لەسەرێیە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کۆی هەموو هەموو ئەو سەرکوت و داپڵۆسینە کۆڵیان بە ڕوحی خۆڕاگری، خەبات و بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستان نەداوە و خەبات و تێکۆشان لەپێناو شوناسخوازی و مافە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زەوتکراوەکانیان تەنانەت بە دانی زۆرترین تێچوو و بەختکردنی گیان و ژیانیان هەروا درێژەی هەیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لای وایە بە ئێعدام و کوشتن و تێرۆر و مووشەکباران دەتوانێ جووڵانەوەی کورد لە پێ بخا، بەڵام ئەوە هەوڵێکی بێ سەمەر و ئاسنی ساردکوتانە. چونکی ئەگەر ئێعدام و لە سێدارەدان و زیندان و سەرکوت پێشێ بە پەرەسەندنی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری گرتبا، هەر لە دوای لە سێدارەدانی پێشەوا و ڕووخانی کۆماری کوردستان دەبوا بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەبات بۆ شوناس و مافخوازی لە پێ کەوتبا و کەس لە کوردستان باسی لە ماف و ئازادییەکانی نەکردبا. بەڵام هەروەک دەیبینین و بۆخۆشیان زۆر باش دەیزانن، ئەم سیاسەتەی ڕێژیم خەباتی مافخوازانەی کوردی نەک پێ بنکۆڵ نەبووە، بەڵکوو ئەم بەرگری و شوناسخوازییە لە هەموو ڕەهەند و بوارەکاندا پەرەی سەندوە و ڕێژیمی بەرەوڕووی ئاستەنگ و چالنج کردوە.

لە کۆتاییدا درێژەی ئێعدامکردنی تێکۆشەرانی سیاسیی کورد نەک دادی ڕێژیم نادات، بەڵکوو ئەمە دەبێ بە دوا پەلەقاژەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەربازکردنی گیانی لە قەیرانەکانی ئێستا دابندرێ؛ ڕێژیمێک کە هیچ دەرەتانێکی بۆ خەڵکی ئێران جیا لە بڕیاری کۆتاییان بۆ ڕووخاندن و تێکەوەپێچانی تۆماری تەمەنی نگریسی نەهێشتۆتەوە. کوردستانیش بۆ ئەم ئامانجە پێشەنگە و ئەمەش باج و تێچووی پێشەنگایەتیی ئەو خەباتەیە کە دەیدات.

٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# هەرەسی شۆڕشی ١٣٥٧




**مەنسوور مروەتی**

ئەم ڕۆژانە هاوکاتە لەگەڵ ٤٥ ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژبە حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەوی و هاتنەسەرکاری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی. بە ئاوردانەوەیەک لە ساڵانی پێش سەرکەوتنی شۆڕش، خەڵکی ئێران بەهیوای ژیانێکی باشتر و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی کراوەتر و دێموکرات، بەدژی ڕێژیمی پەهلەوی ڕاپەڕین و بە پێچەوانەی ئەوەی لە دۆخی هەستیاری ئەوکات بیری لێ دەکرایەوە، کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەر شۆڕشێکدا گرت کە ئاکامەکەی ئەوە نەبوو کە خەڵک لەوکاتەدا بۆی ڕاپەڕیبوون.

لە ڕاستیدا ڕێژیمی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی پێش هەموو شتێک دژبە مودێڕنیتە و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی کراوە و مودێڕن و دێموکرات بوو. ئەگەر ڕێزگرتن لە یاساکانی نێودەوڵەتی و پێوەندییەکی ساخلەم لەگەڵ دنیای نێودەوڵەتی و ڕێزگرتن لە مافەکانی ژنان و پەرەپێدان بە زانستەکانی ئەوروپی و مۆسیقا و هتد... وەک چەند نموونەیەک لەو تایبەتمەندییانە ناو بەرین، ئەوا زوو بەو ڕاستیە دەگەین کە بەڵێ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا لە پاش شۆڕشی ١٣٥٧، شۆڕشەکە لە نێوەرۆک و لە ڕواڵەتیشدا گۆڕدرا بۆ دژایەتی لە گەڵ نوێبوونەوە، پێشکەوتن و ئازادییە دێموکراتیییەکان. بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وێنە؛ هێشتا ساڵێک بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشدا تێنەپەڕیبوو کە باڵوێزخانەی ئەمریکا لەلایەن کۆمەڵێک کەسی توندڕەو کە بەشی زۆریان بە خوێندکارانی شوێنکەوتووی خەتی ئیمام دەناسران داگیر کرا و یەکەم پێشێلکاری بەدژی یاساکانی نێودەوڵەتی لە سایەی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەییشتوو لە ئێراندا ڕووی دا. هەر ماوەیەکی کورت دوای سەرکەوتنی شۆڕش، حیجابی زۆرەملێییان بەسەردا ژناندا سەپاند و هەرکەس لەوبارەوە نارەزایەتییەکی هەبا بە توندترین شێوە دەکەوتە بەر تیغی سەرکوت. هەموو ئەو زانستانەی کە بەرهەمی پێشوەچوونی مرۆڤ لە سەردەمی نوێ بوون، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکات و بەتایبەت لەلایەن خومەینییەوە بە "زانستی شەیتانی" و زانستی دەستی ڕۆژاواییەکان ناوبران و قەدەغە کران. بۆ وێنە خومەینی دێموکراسیی بە سازکراوی دەستی ڕۆژاواییەکان دەزانی و لەوەش شوورەییتر لەبارەی ئابوورییەوە گوتی؛ "ئابووری هی کەرە" و موسیقای بە حەرام دەزانی. جیابیران و چالاکانی سیاسی و ئەندام و ڕێبەرانی حیزبەکانی دیکە جگە لە حیزبی کۆماری ئیسلامی کەوتنەبەر ئەزیەت و ئازار و ڕاوەدوونان و گرتن و لەسێدارەدان. کارەساتبارتر لە هەمووان؛ شەڕێکی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵەی لە گەڵ عێراق ساز کرد کە جیا لە کوژران و نوقستان بوون و بێسەروشوێن بوونی سەتان هەزار کەس، هێشتا ئاسەواری ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە بە کۆمەڵگەی هەردوو وڵاتەوە دیارە.

کورد وەک یەکێک لە گەلانی چالاکی گۆڕەپانی سیاسی لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی پەهلەویدا، یەک لەو نەتەوانە بوو کە تێچووی زۆری بەسەردا سەپابوو، پێشەوای کوردان و یەکەم سەرکۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد بەدەستی ڕێژیمی پەهلەوی لە سێدارە درا و کۆتایی بە تەمەنی کۆماری کوردستان هێنرا و دەیان و سەدان تێکۆشەری کورد لەو سەردەمەدا لە سەر داوای مافەکانی گەل تووشی گیران و زیندانی کردن و ڕاوەدوونان و شەهید کران هاتن. بەو حاڵەشەوە کورد کۆڵی نەدا و چالاکانە لە شۆڕشی ۵۷دا بەشداریی کرد و دوای شۆڕشیش کوردستان یەکێک لە سیاسیترین شوێنەکانی ئێران بوو. کوردستان کە لەلایەن خەڵک و حیزبە سیاسیەکانەوە بەڕێوەدەچوو، فەزایەکی تەواو ئازاد و دێموکراتیکی تێدا زاڵ بوو و خەڵک ئازادانە بە بەشدارییان لە کۆڕو کۆبوونەوە جەماوەریەکاندا بیروبۆچوونی خۆیان دەردەبڕی و هەوڵ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و پێشکەوتوویان دەدا. حیزبە سیاسییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سکرتێرە دێموکراتەکەی، هەموو هەوڵێکیان ئەوەبوو کە لە ڕێگای دیالۆگ و وتوێژ لەگەڵ دەسەڵاتی تازە هەوڵی چارەسەری کێشەکان بدەن.

بەڵام کۆماری ئیسلامی داوا نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانی بە فتوای خومەینی و فەرمانی هێرش بۆ کوردستان جواب دایەوە و لە ئاکامدا هەزاران کەس لە پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان شەهید و بریندار بوون .دەیان ئاوایی سووتێنران و وێران و چۆڵ کران. هەزاران کەس لە ماڵ و وڵاتی خۆیان بە زۆر دەرکران. سەدان کەس زیندانی و لە سێدارە دران.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێبەرانی کورد و سەدان تێکۆشەری کورد تیرۆر کران. پێش هەموو جێگایەک حیزبەکانی کوردستان بوونە ئامانجی بۆمباران و تۆپباران و مووشەکباران. بەڵام لە گەڵ هەموو ئەوانەدا ئەوە گەلی کورد و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی بوون کە تەسلیمی دڕندەیییەکانی کۆماری ئیسلامی نەبوون و کۆڵیان نەدا و مەیدانی خەباتیان چۆڵ نەکرد، تا جێگایەک کە پاش ٤٣ساڵ، دیسان ئەوە خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی کورد بوون کە چەخماخەی شۆڕشێکی بەفراونی دیکەیان بە ناوی "شۆڕشی ژینا"، "شۆڕشی ژن ژیان ئازادی" بە دژی زوڵم و ستەمی کۆماری ئیسلامی لێدایەوە و کۆماری ئیسلامییان تا لێواری ڕووخانی یەکجاری برد.

ئێستا کە ٤٥ ساڵ لە شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران تێدەپەڕێ، دەبینین دیسان گەلانی ئێران شۆڕشێکی دیکەی چەندین ساڵەیان دژ بەم ڕێژیمە دەست پێ کردوە و خوازیاری نەمانی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامین. کۆماری ئیسلامی کە بە زەبری هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆی بەسەر ئێران و گەلانی ئەم وڵاتەدا سەپاندووە لە هەردوو ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا وەک یەکێک لە بێزراوترین و دیکتاتۆرترین ڕێژیمەکانی سەردەم ناوی دەهێندرێ. ڕێژیمێک کە دوای ٤٥ ساڵ، خەڵکی وڵاتی لەوپەڕی هەژاری و بێهیوایی‌دا هێشتۆتەوە و بەدەیان قەیرانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و پێگەیی بۆ خاک و خەڵکی ئەم وڵاتە بەدیاری هێناوە.

جیا لە دەرسەدێکی زۆر کەم کە لە ڕووی قازانجی کەسی، گرووپی و ئیدئۆلۆژیکەوە بە ڕێژیمەوە بەستراون، زۆرینەی هەرە بەرچاوی خەڵکی وڵات، خوازیاری نەمانی ئەم ڕێژیمەن کە جیا لەوان، بە میلیۆنان خەڵکی دیکەی لە وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەی بە هۆی شەڕ و ئاژاوەی بەرهەمی سیاسەتی "صدور انقلاب" تووشی کوشتن، ئاوارەیی و ماڵوێرانی کردوە.

هیچ گومانی تێدا نیە کە دوای مانگێک لە ساڵڕۆژی ٤٥ ساڵەی خۆداسەپاندنی ئەم ڕێژیمە بەسەر شۆڕشی ٥٧دا، گەلانی ئێران لە ڕۆژی ١١ ڕەشەممە، بە بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامی و نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان، بۆ جارێکی دیکە دەیسەلمێنن کە ئەم ڕێژیمەیان ناوێ و تاریخ مەسرەفی بۆ هەمیشە تەواو بووە.

١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## **خالید عەزیزی**: ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هاوخەباتیی هەموو نەتەوەکانی ئێران و ئیرادەی گشتیی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەی دەوێ




### ئاماژە

کاک خالید عەزیزی لە وتووێژێکدا لەگەڵ "کوردکاناڵ" تازەترین هەڵوێست و خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەنیسبەت پرسە ڕۆژەڤەکانی نێوخۆیی و ناوچەیی دەربڕی. هەروەها وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری گرینگ و هەستیاری لەپێوەندی لەگەڵ دۆخی خەباتی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی دایەوە. "کوردستان" پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

**کوردستان**: ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە مووشەک هاوێژییەکانی و ئاڵۆزترکردنی پتری ناوچە؟

**خالید عەزیزی**: ئامانجەکانی زۆر ڕوونە، کۆماری ئیسلامی لە ئیدارەی نێوخۆی وڵات لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا هەرەسی هێناوە و تێدەکۆشێ لەو ڕێگەیەوە هەم پێش بە سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییەکانی خەڵک بگرێ و هەمیش بیروڕای گشتیی جیهان و نێوخۆی وڵاتیش بەلاڕێدا ببات. ڕێژیم دەیهەوێ لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دوژمنێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەیاڵی بۆ خەڵکی ئێران دروس بکات و بەوە ناکارامەیی خۆی و قەیرانە نێوخۆییەکانی وڵاتی پێ پەردەپۆش بکات. یانی لە ڕاستیدا ڕێژیم بە دوای شەڕدا دەگەڕێ و ئەو قەیران و ئاڵۆزی و ناسەقامگیرییەش کە لە عێراق و ناوچەلەدا دروستی کردوە، زۆرتر لەو پێوەندییەدایە. لەنێوخۆی وڵاتیش دەبینین کە سەرەڕای ئەوەی زەبروزەنگ و کوشتن سیاسەتی هەمیشەیی ڕێژیم بووە، ڕێژیم لەو ماوەیەدا بە ڕەشبگیر و ئێعدامەکان توندتر بەرەوڕووی خەباتی مافخوازیی خەڵک بۆتەوە. لە بەرانبەریشدا خەڵکی ئێران زۆریان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە دەبێ لەو خەباتە بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بن. بۆیە خەباتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بەردەوام دەبێ و ئەو شەڕە نیابەتییەش کە کۆماری ئیسلامی لە ناوچە  هەڵیگیرساندوە ناتوانێ هەتا سەر بێت و دروستبوونی قەیرانێکی زۆر گەورەتری لێ دەکەوێتەوە.

**کوردستان**: ناڕەزایەتییەکان بۆچی پتر لە ناوچە پەراوێزەکانن و ناوەند و شارەگەورەکانی کەمتر گرتووەتەوە؟

**خالید عەزیزی**: ئەوە ڕاستە کە لە شارە گەورەکان و بەتایبەت پێتەختی وڵاتە کە چارەنووسی کۆماری ئیسلامی یەکلا دەبێتەوە، بەڵام هۆیەکەی ئەوەندەی بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە هەوڵی داوە جووڵانەوەی سیاسیی کوردستان بە جووڵانەوەیەکی تەجزییەتەڵەبی دابنێ و بەو بیانووە هەم هێرش بکاتە سەر حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەی کوردی و هەم خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیان لێ دڕدۆنگ بکا. دوایەش بەردەوام بانگەشەی ئەوە بکا کە لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان دوژمنانی ئێران لە کەمین دان و دەیانهەوێ ئێران دابەش و لەتوپەت بکەن و ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی لە چەند دەیەی ڕابردوودا تا ڕادەیەک کاریگەریی لەسەر خەڵک بە تایبەت لە شارە ناوەندی و گەورەکان دانابوو و ئەو خەڵکە نەیاندەزانی پرسی کوردستان چییە. ئەو ئەزموونە بە ئێمە دەڵێ دەبێ تێ بکۆشێن لە دەروەی کوردستانی ئێران و لەنێو خەڵکی ئێراندا دۆست و لایەنگر و هاوپەیمانی زۆرتر پەیدا بکەین. بەخۆشییەوە دوای جووڵانەوەی ژینا ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە و هیوادارم لە داهاتوودا ئەو جووڵانەوانە زۆرتر شارە گەورەکانیش بگرێتەوە. ڕێگای دیکەش بۆ چارەسەری ئەو کەمایسییە لە خەباتی خەڵکی ئێراندا ئەوەیە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانییش چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوە زۆر بەڕاشکاوی و بە سەراحەت لەسەر ئەوە بێنە دەنگ بۆ ئەوەی قورساییەکە بەتەنیا نەکەوێتە سەر کوردستان و بەلووچستان کە دواتر بە کەیفی  خۆی و بە بیانووی تەجزیەتەڵەبی ئەو خەڵکە سەرکوت بکات. بەتایبەت کە ناڕەزایەتییەکان دەست پێ دەکەنەوە. هۆکارەکانیش بۆ ئەمە زۆرن. یەکەم کۆماری ئیسلامی چۆتە نێو گەمەیەکی نێودەوڵەتی و یارگیرییەک کە لەوێدا خراپی بەسەردا دەشکێتەوە. لەوێ یاریی سیستمە خراپەکانە بە ڕووسیە و کۆرەی باکوور و تا ڕادەیەکیش چین و بەو گرووپە نیابەتییانەی لە ناوچەکەدا دروستی کردوون و شەڕیان پێ دەکات. ئەوە یەک بە هۆکاری نێودەوڵەتی کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لەڕاستیدا ئیعتباری خۆی لەدەست داوە. بە هۆکاری ئابوورییش، ئابووریی وڵاتی دەوڵەمەندی ئێران لەسۆنگەی سیاسەتی دەرەکیی ئەو ڕێژیمە و گەندەڵیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیستماتیک له نێوخۆی له دارمانْدایه و لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە کۆمەڵگەی ئێران تووشی جۆرێک هەرەسهێنان بووە. بۆیه کۆی ئەو حاڵەتانە لە کۆمەڵگەدا نارەزایەتیی بەرینی لێ دەکەوێتەوە.

**کوردستان**: ئایا نیزامی سیاسی یەکدەستە، یان له چوارچێوەی نیزامیشدا دەنگی ناڕازی هەیە؟ ڕێگەی سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمدا چییە؟

**خالید عەزیزی**: بەڵێ دەنگی ناڕازی بوونی هەیە و ئێمە دەبێ ئەو دەنگە ناڕازییانەش ببیستین. نیزامی کۆماری ئیسلامی سیستمێکی ئیدئۆلۆژیکە و سیستمە ئیدئۆلۆژیکەکان دەبێ لەنێو خۆیاندا پرسیاریان لەسەر دروست بێت، هەروەک چۆن ئەوە لە یەکیەتیی سۆڤییەتدا ڕووی دا و دیمان کە گۆرباچۆف هات و گوتی ئەو سیستەمە چیدی ناتوانێ ئیدارەی وڵات بدا و بەدوای ئەوەدا یەکیەتیی سۆڤییەت هەڵوەری. بە باوەڕی من زۆر گرینگە لە نێوخۆی ئەو نیزامەدا کەسانێک کە باوەڕیان بەو ئینقلابە بووە و تێیدا بەشدار بوون و بەڵام ئێستا دەزانن دەرەنجامەکەی سیستمێکی زۆر خراپە بێن و پرسیاری لەسەر دروست بکەن. بۆیە پێموایە ئێمە دەبێ مەجالێکیش بۆ ئەوە بێڵینەوە کەسانێک کە پێشتر خۆیان بەشێک لەو ئینقلابە بوون بێن و باس لە ناکارامەیی و زەرووڕەتی گۆڕانی بکەن. مەسەلەکە ئەوەیە دنیا بەرەو دێموکراسیی پتر دەچێت و هەمووان دەزانن نیزامە سیاسییە دیکتاتۆرەکان هیچ داهاتوویەکیان نییە. بەڵام لێرەدا مەسەلە ئاڵترناتیڤە کە زۆرمان قسە لەسەر کردووە. ڕاستە کە خەڵک لە مەیدانی خەباتەکەدان، دەگیرێن، حوکم دەدرێن و ئێعدام دەکرێن و بە مانگرتن و خۆپێشاندان بەتایبەت لە کوردستان بەردەوام تێچوو دەدەن، بەڵام لەڕاستیدا هەتا ئاڵتێرناتیڤێک نەبێ و ئەو ئاڵتێرناتیڤە لەبەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا مەترەح نەبێ، هاوکێشەکان لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی ناگۆڕدرێن. دەبێ ئەو ترس و تەوەهومەی هەڵوەشانی ئێران بڕەوێتەوە و دەبێ خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانی فارس، تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ و هەموو بەیەکەوە ببینە ئاڵترناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامی.

**کوردستان**: پشکی کورد لە ئێرانی داهاتوودا؟

**خالید عەزیزی**:

**یەکەم**. مادام ئێمە باوەڕمان بە فیدراڵیزم و دابەشین و هاوبەشی لە دەسەڵاتدا هەیە و پێمانوایە کە دەبێ خوێندنەوەیەکی دیکە لە نیزامی سیاسی و قانوونیی ئێران بکرێت، پڕۆژەشمان ئەوەیە کە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەتوانین وەدی بێنین. هەڵبەت جاری وایە خوێندنەوەیەکی غەڵەت دەکرێ کە ئەمە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیاسەتی حیزبی دێموکرات نییە و لێرە و لەوێ کە باسی میللییەتەکانی ئێران دەکرێ، هێندێک لایەن فارسەکان هەڵداوێرن کە ئێمە ئەوەمان پێ دروست نییە. هیچ ئیدارەیەکی داهاتووی ئێران لە هەر سیستمێکدا بە فیدراڵیزمیش سەرکەوتوو نابێت ئەگەر فارسەکانیش وەک میللەت لەگەڵدا نەبن. یان تەنانەت ئەگەر تورکەکان لەگەڵدا نەبن دیسان پرۆژەکە کەمی دێنێت. بۆیە سیاسەتی کورد ئەوەیە بە چاوی دۆست چاو لە هەموو ئەو میللەتانە بکا و ئێمە کێشەمان تەنیا لەگەڵ نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامی هەیە و بە هیچ جۆرێک کێشەمان لەگەڵ نەتەوەی فارس، نەتەوەی تورک و لایەنەکانی دیکە نییە. ئەو پەیامە تێکۆشەرانی کورد لە کوردستانی ئێران لە بوارەکانی جۆراوجۆردا و بەو پێوەندییانەی لەگەڵ فارس و تورکەکان و لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی ئەوان بوویانە، گەیاندوویانە. ئەوە ڕێگا خۆش دەکا بۆ ئێوە دەبێ مەرکەز پایتەخت نشیینەکان لە ئێمە تێ بگەن بۆیە بە باوەڕی من تەوەجۆ بە نەقشی پایتەخت بە نەقشی فارس لەداهاتووی ئێران دا ئێمە دەبێ جیددی بگرین و زۆرتر ئەوان کەین بە مۆخاتەب.

**دووهەم**. شۆڕشی ژینا ئەزموون و وانەی زۆری تێدا بوو. لەلایەک بەخۆشییەوە مەسەلەی کورد لە ئێران تا ڕادەیەکی زۆر مەترەح بوو و خەڵکێکی زۆر ئێستا باشتر لە پرسی کورد تێگەیشتوون. هەروەها پەرەی بە یەکگرتوویە و یەکریزی و کۆدەنگییەکان داوە و ئەوەش دەرەنجامی ئەو کێشانە بوو کە ئەوکات بەهۆی توندڕەویی هێندێک لایەنی ناوەندگەرا و دژکردەوەی ئیحساسی لە بەرانبەر ئەو باسانەدا دروست بوون و دەبێ لێی تێ‌پەڕین. حیزبی دێموکرات پێی‌وایە سیاسەتێکی هاوسەنگ و میانەڕەوانە دەتوانێ بەستێنێکی باش بێت بۆ ئەوەی هەمووان خۆی تێدا ببیننەوە. ئێمەش وەک کورد پێویستیمان بە یەکریزیی پتر هەیە، هەرچەند ڕووی قسەم لە حیزبە سیاسییەکانە، چونکی لە جەریانی شۆڕشی ژینادا خەڵک لە نێوخۆی ولات یەکگرتوو بوون و لە هیچ شتێک درێخییان نەکرد کە جێگەی شانازی و پێزانینە، بەڵام حیزبەکان تا ڕادەیەکی زۆر تووشی پەرتەوازەیی ببووین. هۆکاری ئەوەش عەقڵییەتی تەسکبیریی حیزبییە کە بەداخەوە لەنێو جووڵانەوەی کورددا بووەتە کۆسپ و دەبێ هەمووان ئەو قۆناغە بەجێ بێڵین. ئێمە پێویستە بەسەر ئەو دابڕانەدا زاڵ بین و باوەڕمان بەوە هەبێت کە لە نێوخۆی ئێران دەتوانین بەسەر ئەو ڕێژیمەدا زاڵ بین، بۆیە دەبێ ناکۆکی و کێشەکانی خۆمان لە دەرەوەی سنوورەکان بەجێ بێڵین و بگەڕێینەوە نێو خەڵکی خۆمان و لە دەلاقەی دۆخی نێوخۆ و پێویستییەکانی ئەو دۆخەوە بۆ خەبات و پێوەندییەکانمان بڕوانین.

**کوردستان**: تێڕوانینتان بۆ شۆڕشی ژینا و ئەو دەرفەتانەی بۆ حیزب و بزووتنەوە درووست بوو؟

**خالید عەزیزی**: ئەمن پێم‌وایە لە دەرفەتەکان باش کەلک وەرگیرا. یەکەم ئێعتبار و قورسایی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەباشی دەرکەوت کە ئەمە نیشانەی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزب و پێوەندیی هەمیشەیی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەگەڵ خەڵکی کوردستان بوو. دووهەم شت پێداگری لەسەر سیاسەتی دروستی حیزبی دێموکرات بوو کە سیناریۆ و بەرنامەی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی مایەپووچ کردەوە. سێهەم شت ئەو پەیامە بوو کە بە لایەنە ئێرانییەکانی دا، ئەویش ئەوە کە داهاتووی ئێران بەبێ بەشداری کورد دروست نابێتەوە. هەروەها ئەو پەیامەش بە لایەنە نێودەوڵەتییەکان درا کە پرسی کورد لە ئێران فاکتەرێکی دیاریکەرە لە دارشتنەوەی داهاتووی ئەو وڵاتەدا و ئەو دوو پەیامەش بەو تایبەتمەندییە کە کورد و پرسی کورد نەک هەرەشە بەڵکوو بە دەرفەت ببیندرێ. لە شۆڕشی ژینادا هەستی نەتەوایەتی و کوردانەی ئێمە لە نێوخۆی وڵات بەهێزتر خۆی نواند، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئەم بزووتنەوەیە پێویستیی بە بەردەوامی هەیە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کاری سیاسی و کاری حیزبایەتی بێ ئیشکال نییە و ئێمە دەبێ خەسارناسیی ئەوە بکەین لە کوێدا هەڵەمان کرد و لە چیدا وەپاش کەوتین؟ ئەمن لاموایە ئیشکالێک کە هەموو لایەنێکیش دەگرێتەوە ئەوە بوو کە شۆڕشی ژینا هەموو هەمووانی خافڵگیر کرد، بەڵام بە حوکمی نیزیکیی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵک تا ڕادەیەکی زۆر خۆمان کرییەوە. لە شوێنێکی دیکەش لەڕاستیدا ئێمە کۆمەکمان بە عەقڵییەتێک کرد لەنێو ئێرانییەکان کە ئیدارەی داهاتووی ئێران دەبێ حیزبەکان و بەپێی ڕێککەوتنەکان بیکەن نەک سێلیبریتیەکان و هەروەها لایەنە ئێرانییەکان فێر بکەین بیر لە سازماندەهی و خۆڕێکخستن و کاری ڕێکخراوەیی بکەنەوە.

**کوردستان**: ئێران بە کورد ناڕووخێ، ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەن؟

**خالید عەزیزی**: کورد لە ئێران هەموو ڕەهەندەکانی خەبات دژی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانی ئەزموون کردوە. خەباتی دیپلۆماسی و وتوویژ، خەباتی مەدەنی و جەماوەری و کاتێکیش شەڕمان بەسەردا سەپاوە بەرگریمان کردوە و دەستمان بەرنەداوەتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرینەوە کە ئێمە میللەتێکی شەڕخواز نین، بەڵام مافخوازین و دەبینن کە سەرەڕای شەڕ و کوشتن و ئێعدام و تێرۆر و مووشەکباران لەبەین نەچووین و هەر ماوین. ئەوەی دەبێ نەمێنێ ئەو ڕێژیمەیە و کە گوتوومە بە ئێمە ناڕووخێ، مەبەستم ئەوەیە تەنیا بە ئێمەی کورد و حیزبی دێموکرات ناڕووخێت. ئەوە یانی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە هاوخەباتیی هەموو نەتەوەکانی ئێران و ئیرادەی گشتیی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە هەیە.

لایەنێکی دیکەی ئەو قسەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئامانج و ریسالەتی حیزبی دێموکرات و کورد لە ئێران کە تەنیا وەک لایەنێکی "بەرئەنداز" پێناسە نەکرێین. کورد نەتەوەیەکی خەباتکارە کە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد ماف و ئازادییەکانی ئەو گەلەی دەوێ و هاوکات ئامادەین لە دارشتنەوەی سیاسی و دێموکراتیکی ئێرانی داهاتووشدا بەشدار بین. کەواتە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئەرکێکی گشتیی هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆرییەکانی ئێرانە و نابێ و ناکرێ ئەمە تەنیا کوردستان و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بزووتنەوە سیاسییەکەی بۆ ئەرکدار بکرێ و لەوەدا قەتیس بکرێت. بەراوەردێکی گرتن و کوشتنەکان، ئێعدامەکان، تیرۆرەکان و سەرکوتی خەڵکی کوردستان بکەین، چ نەتەوەیەک ئەوەندەی بۆ دێموکراسیخوازی و ئازادی تێچوو داوە و بۆچی دەبێ ئەرکی قورسی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەر لەسەر شانی کورد بێت؟

**کوردستان**: کێشەی کورد و لایەنەکانی دیکەش لە تاران چارەسەر دەبێ، بۆچوونێکی ئێوە کە لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت. بۆچی پێتان وایە تاران شوێنی چارەسەری پرسی سیاسیی کوردە؟

**خالید عەزیزی**: لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێران و زۆرێک لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان ئەوە بووە هەرکات ئەمریکا هەڕەشەیەکی لە ئێران کردوە یان کە ناوگانێکی نیزامیی ئەمریکا هاتۆتە کەنداوی فارس، یان هەر جارێک ئیسرائیل هەڕەشەیەکی لە ئێران کردوە یان لەهەر جێیەک لە ئێرانیان هەڵپێچاوە، ئیدی پێیان وا بووە شەڕە گەورەکە تووشی ئێران و کۆماری ئیسلامی دەرووخێ. بەشێکیش پێیان وا بووە کە پرسی ئێمە و پرسی دێموکراسی و داهاتووی ئێران لە دەرەوە چارەسەر دەکرێ. بە باوەڕی من ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ خۆمان سازمان بدەین، یەکریز و یەکگرتوو بین و دامەزراوەی جۆراوجۆرمان هەبێ و لە هەموو دەرفەتەکان کەڵک وەربگرین. دامەزراوە ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، مەدەنی، ژینگەیی و ڕێکخراوەکانی دیکەمان بەهێزتر بکەین. هاوکات لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئێرانی پێوەندییەکانمان بەرینتر ببێت و پرسی کورد بکەین بە پرسێکی سەرەکی لە ئاستی ئێراندا. جا ئەگەر پرسی کورد بووە ئەو پرسە جدییە چ لە ڕێژیمدا ئاڵوگۆڕێک بێتە پێشێ کە بە دووری دەبینم، یان لە ئەگەری گۆڕانکاریی بنچینەیی ئەوا دیسان ئەو باسە نەک لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، بەڵکوو لە تاران یەکلا دەبێتەوە.

**کوردستان**: کورد و ئازەرییەکان، دوورەدیمەنی ململانێ و ئەگەرەکان؟

**خالید عەزیزی**: هەروەک چۆن لە سەردەمی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجاندا پێوەندییەکی باش لەنێوان مەهاباد و تەورێزدا هەبوو و کێشەکانی نێوانیان بە دانوستان چارەسەر دەکرد و وەک دوو دەسەڵاتی دیفاکتۆ ببوون بە ئەمری واقیع و ئیعترافیان پێ کرا؛ ئێستاش ئێمە وەک دوو نەتەوەی دراوسێ دەبێ دان بە بوونی یەکتر دابنێین و کێشە و ناکۆکیی نێوانمان بێنینە سەر مێزی قسە و دیالۆگ.

لێرەدا مۆشەخەسەن پێشنیار دەکەم لەو ناوچەیەی ئەوان بە بە ئوستانی ئازەربایجانی غەربی و ئێمە بە پارێزگای ورمێی ناو دەبەین و بەحس و کێشەشی لەسەرە؛ تێبکۆشین لەگەڵ تورکەکان دۆستایەتیمان هەبێ و ئەنجوومەنی هاوبەش بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێکتێگەیشتن و کاری پێکەوەیی پێک بینین بۆ ئەوەی سبەینێ ئەگەر ئێران شێوا و ڕووخا کارەساتی دەغدە ڕوو نەداتەوە. ئەو دوو نەتەوەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان پێویستییان بەوەیە لە تەرەفی یەکتردا پارتنەریان هەبێ و کەسێک هەبێ کە لەگەڵیان دابنیشین و پێش لە ڕووداوی ناخۆش بگرین.

**کوردستان**: داهاتووی حیزبی دێموکرات لە سایەی ڕێککەوتنی ئەمنییەتیی ئێران و عێراق؟

**خالید عەزیزی**: حیزبی دێموکرات حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە و خەباتی ئێمە ئەو خەباتەیە خەڵک لەنێوخۆی وڵات دەیکەن و ئەگەر دوای شۆڕشی ٥٧ شەڕمان بەسەردا نەسەپابایە، ڕێبەریی حیزبی دێموکرات ئێستا لە نێوخۆی وڵات لەگەڵ ئەو خەڵکە و لە پرۆسەی سیاسیدا هەر ئەو خەباتە مەدەنی و جەماوەرییەی دەکرد. ئەوە سیاسەتی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و هیوادارم خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک بیر لە حیزبی دێموکرات دەکەنەوە حیزبی دێموکرات ئاوا پێناسە بکەن. هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیش وەک باڵی نیزامیی حیزب ئاکامی بەرگری و خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە دژی ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی کردیە سەر کوردستان و هەموو ئەوانەش لە شانازییەکانی ئەو میللەتەیە. بەڵام حیزبی دێموکرات هەر ئەو هێزە نیزامییە نییە و ئەمن هیوادارم ئێران زۆر زوو بەرەو ئەو بچێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و ئەو نیزامە سیاسییە نەمێنێ و ئەو وەختی نە ئێمە و نە تورک و نە فارس و نە هیچ میللەتێک بۆ چارەسەری کێشەکان و یا خوای نەخواسە پاکانەحیساب پەنا بۆ ڕێگە حەلی نیزامی نەبەین.

داهاتووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش زۆر ڕوونە و هیچ پرسیارێکی لە سەر نییە و هەر ئەوە خەباتەیە خەڵک لە نێوخۆی وڵات بەخۆشییەوە دەیبەنە پێش. لە ڕەهەندی نێودەوڵەتیشدا حیزبی دێموکرات تێدەکۆشێ لە حەدی خۆیدا زمانحاڵێکی باش و بەهێزی پرسی کورد لە ئێران بێت و لە ڕەهەندی پێوەندییەکان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی ئێرانیشدا ئێمە پابەندین بەوەی ئێران پێکەوە ئیدارە بکەین و لەو جێگایەی پێوەندیی بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە ڕێزی ئێمە بۆ ئەوان لەجێی خۆیەتی و هەوڵ دەدەین وەک هەمیشە سیاسەتی بەرپرسیارانەمان درێژە پێ بدەین.

١٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# سەرەتای کۆتایی هێژمۆنیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست



تاهیر قاسمی

لە ساڵانی کۆتایی سەرکۆماریی ئۆبامادا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەپێناو ڕێگری لە تەشەنەکردنی چین، گۆڕانی بەسەر سیاسەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هێنا. لەم سۆنگەیەدا تا ڕادەیەکی زۆر تەنکەی بە هێزەکانی خۆی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کرد و قورسایی سەربازیی خۆی بەرەو ئاوەکانی ئۆقیانووسی ئارام و دەریای زەرد گواستەوە. هەر لەو ساڵانەدا بوو کە ڕاپەڕین و خۆپێشاندانەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی یەک لە دوای یەک وڵاتانی باکووری ئەفریقا و ناوچەکەی گرتەوە و لە زۆرێک لەو وڵاتانی عەرەبیدا دەسەڵاتەکانی ڕووخاند یان ئەو وڵاتانەی تووشی ئاڵۆزی و پشێوی کرد.

هەردووی ئەو ڕووداوانە دەرفەتیان بۆ کۆماری ئیسلامی پێک هێنا کە زیاتر دزە بکاتە نێو وڵاتانی ناوچەکە و لەو ڕێگایەوە هێژمۆنیی خۆی بەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بسەپێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەک ئەوەندەی توانی و بواری بۆ لووا هێزەکانی سپای قودسی ڕەوانەی وڵاتانی عێراق و سووریە و لوبنان کرد و هاوکات هێز و گرووپی چەکداری سەر بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆی له وڵاتانی: عێراق، سووریه، لوبنان، فەلەستین، بەحرەین، یەمەن و هتد..دا پێکهێنا یان ئەوەی کە تا ئەو کات هەبیوو، بەهێز و پڕچەکی کردن. بەدرێژایی دە ساڵی ڕابردوو ئێران لەو بۆشاییانە بە قازانجی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش کە لە خومەینی بۆی بە میرات ماوەتەوە و بە ئامانجی سڕینەوەی ئیسرائیل کە لە سەردەمی خامنەییدا پتر کەوتە نێو ڕۆژەڤی سیاسەتەکانی ئەم حکوومەتەوە، کەڵکی وەرگرت.

ترۆپکی ئەو هەوڵانەش لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣دا بە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل خۆی نواند. هێرشێک کە جیهانی ڕاتڵەکاند. ڕوون نییە کە ئێران تا چەند بەشداری بڕیاری هێرش و جینایەتەکانی بەرەبەیانیی ڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبر بوو، بەڵام لە دنیا ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو چەکدارانە هەم لەلایەن ئێرانەوە بار هێندرابوون و پڕچەک کرابوون و هەمیش هەڵسوکەوتیان سەبارەت بە کوشتن و دەستدرێژی و بە بارمتەگرتنی ژن و منداڵ و پیر و لاوی جوولەکە بەدەر لەو دروشمانە نەبوون کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و لەوانە عەلی خامنەیی گەلێک جار داکۆکییان لەسەر کردوە و تەنانەت زەمانیان بۆ بەدیهاتنی دیاری کردوە؛ سڕینەوەی یەکجاریی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان. ئەوەی لە ٧ی ئۆکتۆبردا هاتە ئاراوە لەڕاستیدا بەشێکی هۆکارەکە ئەو بۆشایی و هەلە لەبارە بوو کە بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بۆ ئێران پێکهاتبوو. ئەمریکا ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠١٤ و بەدوای سەرهەڵدانی داعشدا، لەچوارچێوەی بڕیارێکی شووری ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گەڕایەوە، بەڵام ئەو گەڕانەوەیە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر تەراتێنی چەکدارەکانی سەر بە سپای قودس دانەنا و بەربەست نەبوو. ڕەوتێک کە دەتوانین بڵێین هەتا ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ بەردەوام بوو. بەڵام لەو کاتە بە دواوە ئەمریکا و بە گشتی ڕۆژئاوا تێگەیشتن کە بوون و مانی ئیسرائیل وەک گرینگترین هاوپەیمانی ئەمریکا لە مەترسیدایە. زانیان کە ئەوانەی سەرانی کۆماری ئیسلامی تا ئەوکات بە قسە دەیانگوت، تەنیا درووشم نەبوون و لە هەر کوێ بۆیان بلوێ دەیخەنە بواری جێبەجێ کردنەوە. هەر بۆیەش ئەو هاوکارییە ئۆتوماتیک هەڵوەشایەوە. ڕەنگە ئێرانییەکان لە ئەمریکا و ئیسرائیلیش چاکتر هەستیان بە هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێککەوتنە نەنووسراوە کردبوو کە یەکسەر دەستیان بە درۆن و هاژەکبارانی بنکەکانی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەدا کرد. کردەوەگەلێک کە بە کوشتنی سێ سەربازی سپای ئەمریکا لە ئۆردۆن گەیشتە چڵەپۆپە و ئەمریکاییەکان ناچار بوون زووتر هێز ڕەوانەی ناوچەکە بکەن و خۆیان بۆ بەرەورووبوونەوەیەکی درێژخایەن ئامادە بکەن.

لە ڕاستیدا ئەوەی ئەمریکای بۆ ناوچەکە گەڕاندەوە و ناچاری کرد کە هێزەکانی لە بەرامبەر ئێراندا سان بدات، نە درۆنبارانی جار بە جار و نە کوژرانی سێ سەرباز، بەڵکو کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبر بوو. بڕیارێک کە بە کوتانی ٨٥ بنکەی سەربازیی میلیشیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە شەوی ٢ی فێوریەی ٢٠٢٤دا کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە. ئەو کردەوەیە پێش ئەوەی لە کوشتنی ژمارەی چەکداری کوژراو یان بنکەی ڕووخاوی هێزەکانی سەر بە ئێراندا چاو لێ بکرێ،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە ئامانجی پاراستنی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکا لە ناوچەکە، سەرەتایەکە بۆ کۆتاییهێنان بە تەراتێنی هێزەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەت لە هیلالی شیعەدا. لە ڕاستیدا گرینگترین پەیامی ئەو هێرشە ئەوەیە کە ئەمریکا جارێکی دیکە و ئەمجار بە ئامانجی قەمتەرکردنی ئێران بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گەڕاوەتەوە.


**١٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مستەفا شەڵماشی: وڵاتانی بڕیاردەری جیهان نایانەوێ قەرەبووی ئەو زوڵمە بۆ کورد بکەنەوە کە لە "سایکس - پیکۆ" و "لۆزان"دا لەدژی کورد کردوویانە



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

### ئاماژە:

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێ، پرسی کوردیش وەک پرسێکی سەرەکی و چارەسەرنەکراو لەم جوغرافیایەدا ماوەتەوە و بەداخەوە نەیتوانیوە وەک نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی سەروەریی خاکەکەی خۆی بەدەستەوە بگرێ و لە ڕیزی نەتەوە ئازاد و سەربەستەکانی دنیادا خۆی ببینێتەوە. کەوابوو لەم قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازەدا دەیان پرسیار گوێمان دەزرینگێننەوە کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو کوێ دەڕوات ؟ کورد لە تەواوەتیی خۆیدا و تایبەتتر لە هەر کام لە بەشەکان لەکوێی گۆڕانکارییەکانی داهاتوو لە ناوچەدا جێ دەگرن؟ کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بەو دوژمن و نەیارە زۆرەی هەیەتی، بەڕوونی چۆن دەتوانێ لەو تۆفان و باهۆزەی هەڵیکردووە نەک پێگەی ئێستای بپارێزێ، بەڵکوو چەند هەنگاوێکی دیکەش لە دەستەبەری ئامانجەکانی نیزیک بێتەوە؟ لەم دیمانەیەدا ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە لە پێوەندی لە گەڵ پرسی کورد لە گەڵ کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی پێشووی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات تاوتوێ دەکەین.

**شەهرام سوبحانی**: کاک مستەفا بۆ چوونەنێو باسەکەمان بە پرسیارێکی گشتی دەست پێ دەکەین. خوێندنەوەی ئێوە بۆ ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چییە؟

**مستەفا شەڵماشی**: ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هەلومەرجێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ. هەموو جۆرە ململانێیەک لەم ناوچەیەدا هەیە. ململانێی هێزە نێودەوڵەتییەکان و هێزە ناوچەییەکان وەک ململانێی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕووسیە و ئەمریکا، چین و ململانێی هێزە ناوچەییەکان وەک ئیسڕائیل و فەلەستینییەکان، ئیسڕائیل و ئێران و هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی کە وەک باسکی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی هەر لە عێراقەوە تا یەمەن بەردەوام خەریکی ئاژاوەنانەوەن، ئیسڕائیل و ڕێکخراوە عەرەبییەکان و هێندێک دەوڵەتی عەرەبی، تورکیە و کورد لە باکوور و ڕۆژئاوا، ململانێی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو دەوڵەت و نەتەوەکانی ناوچە و جیهان. ململانێی ئیسلامی توندئاژۆ لەگەڵ وڵاتانی ئازاد و هێز و لایەنە دێموکراتیکەکان، ململانێی سێ نەتەوەی فەرمانڕەوا وەک "فارس، تورک، عەرەب" لەگەڵ کوردی هەرچوار پارچەی کوردستان، جگە لەوە خەباتی چەوساوەکان و مافخوراوەکانیش درێژەی هەیە. نەتەوە بندەستەکان کە گەورەترینییان نەتەوەی کوردە، بە مافی خۆیان نەگەیشتوون و لە بەربەرەکانێدان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان. کەوابوو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەندەی ناوچەیەکی دەوڵەمەند و ستراتێژیک و گرینگە، زۆر لەوە زیاتریش ناوچەیەکی پڕ کێشە و قەیراناوی و پڕ توندوتیژییە. هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپڕاتۆڕەکان و پاش ئەوەی کۆلۆنیالیزمیش شکستی خوارد ئەو ناوچەیە زۆر بە شێوەیەکی نارێک و ناعادڵانە لەلایەن ئەو وڵاتانەوە کە لەو کاتدا زلهێزی جیهانی بوون و دەسەڵاتی ناوچەیان بەدەستەوە بوو، دابەش کرا بە سەر چەند دەوڵەتێکی کۆن و چەند دەوڵەتێکدا کە بۆخۆیان بەبێ گەڕانەوە بۆ دەنگی دانیشتووانی ناوچەکە بە شێوەیەکی سەقەت دروستیان کردن. لەو دابەشکردنەشدا چەند نەتەوەیەکی ئەسیلی ناوچە، بەتایبەت نەتەوەی کورد پشتگوێ. لەوەش خراپتر نیشتمانەکەیان بەسەر چەند وڵاتدا دابەش کرا. هەروەها کێشەکانی نێوان ئیسڕائیل و فەلەستینییەکان بە چارەسەرنەکراوی مایەوە و ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو ئاڵۆزتربوون چوو تا دەستی کۆماری ئیسلامیشی هاتە نێو و بوو بە کارتێک بەدەست توندئاژۆترین هێزەکانەوە لە هەر دووک لایەندا. هەر بۆیەش کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتەواوی چارەسەر نابن، تا لە سەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەکە، دەستێوەردان لە نەخشەی سیاسی ئەو ناوچەیەدا نەکرێ. تا کورد، فەلەستینی، بلووچ و ..... هتد. و باقی نەتەوە ژێردەستەکان بە مافی خۆیان نەگەن و تا سەروەت و سامانی ناوچەکە بە شێوەیەکی عادڵانە بەسەر دانیشتووانی ناوچەکەدا دابەش نەکرێ و تا دەستی دەستدرێژکەران، بۆ سەر ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ناوچەکە کورت نەکرێتەوە، کێشەکانی ئەو ناوچەیە کۆتاییان نایە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**شەهرام سوبحانی**: کورد لە تەواوەتیی خۆیدا و تایبەتتر لە هەر کام لە بەشەکان لە کوێی گۆڕانکارییەکانی داهاتوو لە ناوچەدا جێ دەگرن؟

**مستەفا شەڵماشی**: بە باوەڕی من مەسەلەی کورد بەگشتی لە چەقی گۆڕانکارییەکانی داهاتوودایە. کە دەڵێم مەسەلەی کورد مەبەستم ئەوەیە مەسەلەی نەتەوەی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت کە هەموو تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەکی تێدایە و زیاتر لە پەنجا میلیۆن کەسە و نیشتمانێکی دەوڵەمەندی هەیە بە ڕووبەرێکی دوو میلیۆن کیلۆمیتری چوار گۆشەوە. بەڵام مەرجی سەرنجدان بە مەسەلەی کورد لە کاتی ئاڵوگۆڕەکان و خوڵقاندنی نەخشەیەکی سیاسی تازەدا ئەوەیە کوردیش وەک نەتەوەیەک باوەڕی بەخۆی هەبێ. بە ناوی واقیعبینی تەسلیمی ئەو دابەشکردنە نەبێ کە بەبێ ئیرادەی خۆی بەسەریدا سەپاوە و وەک یەک نەتەوە دەرکەوێ. ناوەندێکی بڕیاردانی نەتەوەیی "کۆنگرەیەک"، یا "پاڕلمانێک" پێک بێنێ. ناوەندیی ستراتیژی نەتەوەیی دامەزرێنێ تا تویژینەوەی پێویست بکا و پلانی تایبەت بۆ چۆنیەتیی بەرەوڕووبوون لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێک کە بێتە پێشەوە دارێژێ. ناوەندی ساغکردنەوەی زمانی ستانداردی کورد دامەزرێنێ و کار بۆ گەشەپێدانی زمانی ستانداردی کوردی بکا و لە ئێستاوە لەو بەشانەی کوردستاندا کە ئیدارەی خۆماڵییان هەیە کاری پێ بکرێ و لەو بەشانەش کە هیچ مافێکیان نییە، ببێتە زمانی ئەدەبی و هونەری. بناغەیەک بۆ هێزی نیشتمانی دابنێ تا پێشمەرگە بەرەو هاوئاهەنگی بڕوا و لە پێشمەرگەی حیزبەوە، ببێتە پێشمەرگەی نیشتمان و .... هتد. ئەرکی ئەو هەنگاوانەش لە قۆناغی یەکەم دەکەوێتە سەر شانی ئەو دەسەڵاتە هەرێمییانەی کورد کە تا ڕادەیەک چارەنووسی بەشێک لە کوردستانیان بەدەستەوەیە و ئەو حیزبە گەورانەی خاوەن نفووزی باشن لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا.

**شەهرام سوبحانی**: کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بەو دوژمن و نەیارە زۆرەی هەیەتی، بەڕوونی چۆن دەتوانێ لەو تۆفان و باهۆزەی هەڵی کردووە نەک پێگەی ئێستای بپارێزێ، بەڵکوو چەند هەنگاوێکی دیکەش لە دەستەبەری ئامانجەکانی نیزیک بێتەوە؟

**مستەفا شەڵماشی**: لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئامارەم بە چەند مەسەلەیەکی گرینگ کرد. لێرەدا بە پێویستی دەزانم میکانیزمی وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە باس بکەم. یەکەم میکانیزم بۆ ئەوەی کورد پێگەی خۆی بپارێزێ و لەوەش زیاتر بە ئامانجە نەتەوەییەکانی بگا ئەوەیە کە لە ڕادەی کوردستاندا یەک بگرێ، لەجیاتی کوردایەتیکردن لە پێناوی حیزبایەتیدا، حیزبایەتی بکا لە پێناوی کوردایەتییدا. ئەو دووبەرەکێ و دژایەتییەی لەنێو حیزبەکاندا هەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستان کۆتایی پێ بێ. ستراتیژی نەتەوەیی دارێژێ و دەست هەڵگرێ لەوەی چاوی لە ناوەندی ئەو چوار وڵاتە بێ کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە تا بە خێری خۆیان ئاوڕێک لە کوردستان بدەنەوە. شەقامی کوردی لە هەر چوار



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پارچەی کوردستان بجووڵێنێ و ئینتیمای نیشتمانی لە هەموو کوردستاندا پەرە پێ بدا. گرینگی بدا بە زمان، هونەر، کولتوور و ئەدەبی کوردی و لە هەمووشی گرینگتر، یەکگرتن و یەکگرتن و یەکگرتن.

**شەهرام سوبحانی**: نیزیک بە دوو سەدە لە مێژووی نیزیک و هاوچەرخی کورد بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی خەباتی کردوە و ئێستاش خەبات دەکا و هێشتا نەیتوانیوە قەوارەی سیاسی و حکوومەتی خۆی هەبێت. هۆکارەکان چین؟

**مستەفا شەڵماشی**: خەباتی کورد تا ئەو جێگایەی پەیوەندی هەیە بە خۆپاراستن و بەرگری لە ئاسیمیلەبووندا، سەرکەوتوو بووە. کوردستان چوار دەوری بە دوژمن گیراوە، بەردەوام پیلانی زۆر قیزەون بۆ گۆڕینی دێمۆگرافیی کوردستان و ئاسیمیلەکردنی کورد لە گۆڕێدا بووە. کورد بە خەباتەکەی هەم توانیویەتی بەشی زۆری نیشتمانەکەی بپارێزێ و هەم نەیهێشتووە بەرنامەی تواندنەوەی نەتەوەیی ڕوو بدا. بەڵام لە وەدەستهێنانی مافەکانیدا سەرەڕای وەدەستهێنانی هێندێک دەسکەوتی کاتی و هەمیشەیی وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات، دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆیی لە باشوور و ڕۆژئاوا و سەلماندنی بوونی کورد لە باکوور، بەگشتی تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە. سەرنەکەوتنی خەباتی کورد زۆر هۆکاری هەن کە بەشێکیان دەرەکین و بەشی زۆریشیان نێوخۆیین. بەشە دەرەکییەکەی ئەوەیە چوار دەوڵەتی ناوچەکە کوردستانییان بەسەردا دابەش کراوە لەسەر دژایەتیکردنی کورد هەمیشە یەکن و تا لە بەشێکی کوردستاندا کورد دەرفەتێک بەدەست دێنێ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەکار بێنێ، هەر چواریان هەموو ناکۆکییەکانی خۆیان وەلا دەنێن و دژی کورد یەک دەگرن و تەواوی هێزی خۆیان بەکار دێنن تا پێش بە سەرکەوتنی کورد بگرن. دووهەم شتی دەرەکی ئەوەیە وڵاتانی بڕیاردەری جیهان، چاویان لە ماف و ڕاستییەکان پۆشیوە و تەنیا بیر لە قازانجی ئابووریی خۆیان دەکەنەوە. نایانهەوێ قەرەبووی ئەو زوڵمە بۆ کورد بکەنەوە کە لە پەیمانەکانی "سایکس-پیکۆ" و "لۆزان"دا لەدژی کورد کردوویانە و نیشتمانی کوردانیان بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئیرادە و ویستی نەتەوەی کورد دابەش کردوە. ئێستا کاتێک بیر لە کێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەنەوە، بەر لە هەموو شتێک قازانجی خۆیان لە چوار دەوڵەتەکەدا، "تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە" لەبەرچاوە و پەنجا میلیۆن کورد، بە نیشتمانێکی دوو میلیۆن کیلۆمیتری چوارگۆشەوە کە لە هەموو مافێک بێبەشە، نابینن. بەڵام هۆکارە نێوخۆییەکان زۆرن، یەکنەگرتنی کورد، نەبوونی ستراتێژیی نەتەوەیی، نەبوونی هاوئاهەنگی لەنێو هێزە خەباتکارەکانی کورددا، بە جەماوەرینەکردنی خەبات، زاڵبوونی قازانجی حیزبی بەسەر قازانجی نەتەوەییدا، دژایەتیکردنی هێندێک بیر و بۆچوونی کۆمەڵایەتی، مەزهەبی و سیاسی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد و خەباتی کوردایەتی، سیاسەتێکی سەقەتی حیزبەکان و ڕێبەرانی کورد کە لەژێر دروشمی واقیعبینیدا، بانگەشە بۆ بچووککردنەوەی مافە نەتەوەییەکە دەکەن و تەسلیمی سنووری دەستکرد دەبن. هەروەها نەحاوانەوە و نەبوونی یەکتر قەبووڵکردن لە نێوان هێزەکان و تەنانەت تاکەکانی کوردیشدا، بەشێکی گرینگ لەو هۆکارانەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**شەهرام سوبحانی**: ئەو نەتەوانەی سەردەمانێک چارەنووسیان وەکوو کورد بووە، کلیلەکانی ڕزگاریی نەتەوەیی و بەدەوڵەتبوونیان چی بووە؟

**مستەفا شەڵماشی**: ڕاستە زۆر نەتەوەی ژێر دەستی وەک کورد تەنانەت لە سەدەی بیستەمیشدا ڕزگار بوون و سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێناوە. یەکێک لە گرینگترین هۆیەکانی سەرکەوتنی ئەوان بە باوەڕی من ئەوە بووە ئەو وڵاتانەی کە پێشتر وڵاتەکانی ئەو نەتەوانەیان داگیر کردوە، یا بە جۆرێک، بە سیستەمێکی سیاسی یا بە شێوەی کۆڵۆنیالی، ئەوانیان خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، لە باری گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لە وڵاتە ژێردەستەکانی خۆیان پێشکەوتووتر بوون. چاو لە وڵاتەکانی باڵکان، ئورووپای ڕۆژهەڵات و سۆڤییەتی کۆن و تەنانەت تەیموری ڕۆژهەڵات، ئەفریقای باشوور و باشووری سودانیش بکە، ئەوان وەک کوردستان گیرۆدەی دەستی دەسەڵاتێکی لە خۆیان دواکەوتووتر نەبوون. دووهەم هۆی گرینگ ئەوەیە خەباتی هەموو ئەو نەتەوانەی بە قوربانیدانێکی زۆر کەمتر لە کورد بە ئازادی گەیشتوون، خەباتەکەیان جەماوەری بووە. لە هێندێکیاندا بە میلیۆن خەڵک ڕژاونە سەر شەقامەکان و داوای سەربەخۆییان کردوە. وەک وڵاتەکانی باڵکان. لە هێندیکی تریان زنجیرەی دەستگرتنی سەر سنوورەکانی خۆیان پێکهێناوە، وەک سێ وڵاتەکەی قەراغ دەریای باڵتیک لە یەکیەتیی سۆڤییەتی کۆندا، یا بەرەی نیشتمانییان پێکهێناوە، وەک ئەفریقای باشوور. دەیان حیزبیان نەبووە کە هەر یەک لە هەوایەک بخوێنێ و هەر لەسەرەتای هاتنە سەر شەقامەوە داوای سەربەخۆییان کردوەو ستراتێژی نەتەوەییان هەبووە.

**شەهرام سوبحانی**: لە خوێندنەوە گشتی و خەسارناسییە باوەکاندا هەمیشە فاکتەری دەرەکی بۆ ئەو شکست و هەرەسانە بەرجەستە کراوە. بەڵام ئاخۆ دەکرێ هەموو ئەو ناکامییانە بەوە پاساو بدرێتەوە؟

**مستەفا شەڵماشی**: هەر وەک لە پرسیاری پێشووتردا باسم کرد، بەهیچ شێوەیەک ناکرێ تەنیا فاکتەری دەرەکی بکرێتە هۆکار بۆ سەرنەکەوتنی خەباتی نەتەوەی کورد. تەنانەت لەوەش زۆرتر، بە بۆچوونی من شوێنکاری فاکتەرە نێوخۆییەکان تەنانەت لە فاکتەرە دەرەکییەکانیش گەورەتر بووە. هیچ نەتەوەیەکی ژێردەست ناتوانێ چاوەڕوان بێ دژایەتی لەگەڵ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانییدا ناکرێ. خۆ ئەگەر وا بوایە هەر لە سەرەتاوە ئازاد دەبوو. بۆیە ژێردەستە، چونکە هێزێک هەیە دەیهەوێ مافەکانی لێ زەوت بکا و نیشتمانەکەی داگیر بکا، کەواتە دوژمنی هەیە و لە دوژمنیش چاوەڕوان ناکرێ کە دژایەتی نەکا. چاوەڕوانییەکی زیادیە ئەگەر پێت وابێ هەروا لە خۆڕا دەستت لێ هەڵدەگرن و لێدەگەڕێن خێروبێری وڵاتەکەت بۆ خۆت بێ. ئەوان بەدرێژایی سەدان ساڵ هەموو سامانەکانی وڵاتی تۆیان تاڵان کردوە. ئەویش وڵاتێکی لە هەموو بارێکەوە دەوڵەمەند و جوانی وەک کوردستان. داگیرکەرانی کوردستان چۆن هەروا بەئاسانی دەستی لێ هەڵدەگرن، یا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە وتووێژ و ڕوونکردنەوە وەک هێندێک لە ڕێبەرانی کورد چاوەڕوانییان هەیە مافەکانت قەبووڵ دەکەن؟ ئێستا بەکردەوە دەبینین کە لە سەدەی بیست و یەکیشدا ئامادە نین بوونی تۆ وەک نەتەوەش قەبووڵ بکەن، جا چ بگا بەوەی کە مافەکانت بسەلمێنن. کەواتە بەشی زۆری هۆیەکانی سەرکەوتنت دەبێ بۆ خۆت بیانخوڵقێنی. ئەوەش بەو شتانە دەکرێ کە لە سەرەوە باسمان کرد. بۆیە بە بۆچوونی من هۆی نەگۆڕانی فاکتەرە دەرەکییەکانیش کە تا ئێستا هەر بە زیانی کورد بوون خەتای خۆمانە. ئێمە دەبێ بەر لە هەموو شتێک هەوڵ بدەین هێزێک بین کە حیسابمان بۆ بکرێ. تەنانەت ئەگەر پێشمان وایە بە وتووێژ لەگەڵ نەیارانمان لە ناوەندی چوار وڵاتەکە دەکرێ مەسەلەکەمان چارەسەر بکەین، دەبێ بەر لە وتووێژ هێزەکانمان یەک بخەین. یەکگرتوو بین و یەک گوتارمان هەبێ. خەڵکەکەمان بێنینە سەر شەقام، بە جۆرێک کە هەموو کەس لەوە تێ بگا کە ئەوەی داوای دەکەین، تەنیا داوای یەک حیزب یا چەند حیزب نییە، بەڵکوو داوای هەموو خەڵکی کوردستانە. جا ئەو کاتە ڕەنگە گوێ لە قسەکانمان بگیرێ و دانیشتن و وتووێژ بە ئەنجام بگا.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا بەڕێزیشتان پێتان وایە کە دۆخ و چارەنووسی هەرکام لە بەشەکان بەپێی تایبەتمەندیی خۆیانەوە جیاوازە، یان دەکرێ لەسەر بنەمای وێژمانێکی کوردستانداگر و میکانیزم و گرێبەستێکی نەتەوەیی کورد ببێتە فاکتەرێک لە ئاراستەدان بە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەوەندەی پێوەندیی بە پرسی کورد و جوغرافیای کوردستانەوە هەیە.

**مستەفا شەڵماشی**: دیارە ئەوەی کە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان هێندێک تایبەتمەندی خۆیان هەیە نکۆڵی لێ ناکرێ. بەڵام مەسەلەی سەرەکی و ڕاستییە گەورەکە ئەوەیە کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک وڵاتە. هیچ گومان لەوەدا نییە چارەنووسی هەموو نەتەوەی کورد بە یەکەوە بەستراوە، هەر وەک لە بەرامبەر بوون و ماف و چارەنووسی نەتەوەی کوردیشدا، هەر چوار وڵاتەکەی کە کوردستانییان بە سەردا دابەش کراوە، یەک هەڵوێستییان هەیە. بەڵگەش ئەوەیەکە ئەو چوار وڵاتە تەنیا دژی دابینکردنی ماف و چارەنووسی ئەو بەشە لە کوردستان نین کە وەبەر خۆیان کەوتوە، بەڵکوو لە هەر بەشێکی کوردستاندا باس لە چارەنووس ومافی نەتەوەی کورد بکرێ ئەوان دژبەرن. کاتێک لە باشووری کوردستان ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کرا، ڕەگی ملی کار بەدەستانی هەر چوار وڵاتەکە "ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە" هەستا و یەک دەنگ لە دژی ڕێفراندۆم ڕاوەستان. تا ئێستاش لە هەموو مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە نەتەوەی کوردەوە دوژمنەکانی کورد یەک هەڵوێستییان هەبووە. بۆیە بە باوەڕی من چارەنووسی هەموو نەتەوەی کورد بە یەکەوە بەستراوە و خۆ فریودانە ئەگەر بڵێین دەتوانین لە بەشێک لە کوردستاندا بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد بگەین و چوار دەوریشمان ئەوەمان بۆ پەسند بکەن و وەک دراوسێیەکی ئاسایی ڕەفتارمان لەگەڵ بکەن. دیارە ڕەنگە بکرێ لە بەشێک لە کوردستاندا لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ڕێککەوتن بکرێ و بەو مەرجەی کە هیچ خەتەری جیابوونەوەی کورد لە گۆڕێدا نەبێ، هێندێک مافی کولتووری و ئیداری دابین بکرێ، بەڵام ئەوەش پەیوەندی هەیە بە هاو کێشەی هێزەوەو زۆرتر لە ڕووی ناچارییەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قەبــووڵ دەکــرێ و هەر کــات بــزانن هاوکێشــەی هێــز بە قــازانجی ئەوان گــۆڕاوە، بەرە بەرە هەوڵ دەدەن ئەو مافــانەی قەبووڵیان کردوە وەری بگرنەوە. هەر وەک لە باشووری کوردستان هەر ئێستا ئەو ڕەوتە لە گۆڕێدایە. ئەوەی جێگای داخە تــا ئێســتا ستراتێژیی خەبــاتی حیزبە کوردستانییەکان ڕاست لە ســەر ئەو ئیمکــانە کەمەی مافەکــان دامەزراوە و تــا ئێســتا قوربانییەکی زۆر دراوە بۆ وەدیهێنانی لانیکەمی مافەکان بۆ هەر بەشەی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە ئەو بەشە لە کوردستانی وەبەر کەوتوە. کە وەک دەبینین دەسکەوتەکانمان بەهیچ شێوەیەک هاوسەنگ نین لەگەڵ ئەو خەبــاتە دژوارەی کە بەڕێوە چووە لە هەر بەشەی کوردستان. کەواتە ســەرەڕای ئەوەی کە هەر بەشــەی کوردســتان پێویســتە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە تێیدا دەژی خەبات بکا بۆ باشترکردنی ژیــان و گوزەران و بەدەستهێنانی مــافە ڕەواکــانی خــۆی، پێویســتە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە سەر بنەمــای وێژمــانێکی نەتەوەیــی هەوڵ بــدا بــۆ پەسندکردنی میکــانیزم و گرێبەســتێکی نەتەوەیی کە ببێتە هۆی پێکهێنانی ناوەندێکی نەتەوەیی کە بتوانێ نوێنەرایەتی هەموو نەتەوەی کــورد بکــا. بەتــایبەت لە ئەگەری هاتنەئارای هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستــاندا نەتەوەی کــورد پێویســتە یەک نــوێنەرایەتی و یەک وێژمانی هەبێ.

**شەهرام سوبحانی**: دەمانەوێ ڕای جەنابتان لەبارەی پرسی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، بەتــایبەت دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا و هەڵسەنگاندنی ئێوە لەو پێوەندییەدا بزانین .

**مستەفا شەڵماشی**: کورد لە شۆڕشی ژینادا نەخشی سەرەکی و لە سەرەتادا نەخشی ڕێبەرایەتیی ئەو جووڵانەوەیەی هەبــوو. لەڕاستیدا ئەو شۆڕشە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و گەشەی کرد و لە کوردستــانەوە دروشمە ســەرەکییەکەی "ژن، ژیــان، ئازادی" بۆ درا. زۆر باشیش توانی پەیوەندی بگرێ بە هەموو نەتەوەکانی ئێرانەوە و دروشمەکەی هێندە گونجاو بــوو کە زۆر زوو سەرانسەی ئێرانی داگرت و تەنانەت بوو بە دروشمێکی جیهانییش. دروشمی "کوردستــان، کوردستان چشم و چراغ ایــران" بەڵگە بوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە هەڵقوڵاوە و گەشەی کردوە. پێویســتە ئــاماژە بەوەش بکەم کە لە سەرەتادا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکــانی کوردســتانی ئێران بە هاوکــاریی حیــزبە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئەو ناوەنــدە ڕۆڵێکی زۆر باشی گێڕا و نەخشی ســەرەکیی هەبــوو لە پەرەگرتنــی شۆڕشی ژینــادا. بەڵام بەداخەوە لە دوای مــاوەیەک ئەو یەکگرتــووییە نەمــا، دیســان حیــزب، حیــزبێنە و هەوڵــدان بــۆ خــۆ دەرخســتن و چنینــەوەی بەرهەم بــۆ حیــزب و کەســایەتی تایبەتی دەستی پێ کرد و دژبەرانــی کوردیش چ لە نێوخۆی دەسەڵات لە ئێران و چ لە نێو بەنــاو ئۆپۆزیسیۆندا دەستیان تێوەردا و توانییان لەو ڕۆڵە گرینگەی کــورد بەدەستی هێنــابوو کەم بکەنەوە. ئەویش بەهــۆی هەوڵــدان بــۆ درزخستنە نێو یەکیەتیی کورد بەگشتی و بە تایبەتی نێو ناوەندی هاوکــاری، کە بەداخەوە تێیــدا ســەرکەوتوو بــوون و ڕۆڵــی کوردییــان زۆر لاواز کــرد. بەتــایبەت لەنێــو ئۆپۆزیســیۆندا لایەنگرانــی ســەڵتەنەت و ڕەزا پەهــلەوی بە وەڕێخســتنی هێنــدێک شــانۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئاڵتێرناتیڤسازی و بە ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و چەند کەسایەتییەکی میدیایی و هونەری و مافی مرۆڤی توانییان درز بخەنە نێو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بەگشتی و ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەتایبەتی و، زەربەیەکی کارا لە شۆڕشی ژینا بدەن و هەر لەو کاتەشدا ڕۆڵی کورد لاواز بکەن. ئەوەی جێگای داخ بوو بەشداریی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بوو لەو شانۆیەدا و دیارە پێویستە ئەوەش بڵێم هێزە کوردستانییەکان، بەتایبەتی ناوەندی هاوکاری و بە تایبەتیتر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر لاواز جووڵانەوە لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵتێرناتیڤێک لە هێزەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران و حیزب و ڕێکخراوە دێموکراتیە سەرانسەرییەکاندا. چونکە گومان لەوەدا نییە کە لە سەرەتادا کوردستان دەیتوانی ببێتە پێشەنگی ئاڵتێرناتیڤسازی و بەجۆرێک لە سەرانسەری ئێران قەبووڵ کرابوو کە هەر پلاتفۆرمێکی هێنا بایە ئاراوە سەرنجی بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. بەداخەوە دەبێ بڵێم کورد بە گشتی زۆر خەباتکارە و بە پشوو درێژی دەتوانێ درێژە بە تێکۆشان بدا، بەڵام کە دەگاتە بەڕێوەبەری و بەدەستەوە گرتنی ڕۆڵی گەورە و پلانی کەلان، دەستەوەستان دەبێ و باوەڕ بەخۆبوونی دادەبەزێ. ئەوەش تا ئێستا زیانی زۆر گەورەی پێ گەیاندوە.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر شتێکی نەگوتراو مابێ و باسکردنەکەی بە پێویست بزانن، تکایە بفەرموون.

**مستەفا شەڵماشی**: زۆر شت گوترا، تەنیا دەمهەوێ چەند شتێکی گرینگ دووبارە بکەمەوە. سەرکەوتن لە یەکگرتن‌دایە. لە باوەڕبەخۆبوون و ساغبوونەوەی فکری‌دایە. لە گرینگیدان بە ڕێکخراو و بە کادری لێهاتوو و خاوەن تاقیکردنەوە و باوەڕ پێکردن و دەسەڵاتدان بە لاوی تێکۆشەر و لێهاتوودایە. سەرکەوتن لە بە جەماوەری‌کردنی خەبات، نەتەوەسازی و گرینگیدان بە چاند، کولتوور، فەرهەنگ، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی ئینتیمانی نیشتمانی ونەتەوەیی‌دایە. سەرکەوتن لە خۆ بەهێز کردن، دانانی بناغەی ئابووری، ساغبوونەوەی ستراتێژی و دانانی دامەزراوەی نەتەوەیی دایە.

١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەشداری‌نەکردن چی دەگۆڕێ؟




**کەریم پەرویزی**

لەوەتەی ڕێژیمی داگیرکەری ویلایەتی فەقیهی دەسەڵاتی لە ئێراندا پاوان کردوە و بە ناڕەوا لە سەر کورسیی ئیدارەکردنی ئەم وڵاتە بەڵالێدراوە دانیشتوە، پرسیارێک دووبارە دەبێتەوە: ئایا بەشداریی سیناریۆکانی هەڵبژاردن لە ئێراندا بکرێ یان نە؟

یەکەم بەناو هەڵبژاردن کە لە ئێران بەڕێوە چوو، هەڵبژاردنی جۆری دەسەڵات یان بەقەول ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی بوو کە لەو ڕیفراندۆمەدا هەموو بژاردەکانی دیکە وەلا نران و تەنیا یەک بژاردە مایەوە: کۆماری ئیسلامی بەڵێ یان نەخێر؟ هەر وەک لەم بەناو هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگانەی ئەم دەورەیەی ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوییەشدا لە زۆر شوێن، و بەتایبەت لە خوراسانی باشوور کە ڕەئیسیی سەرۆک کۆماری ڕێژیم کاندیدە! تەنیا یەک بژاردەیان هێشتوەتەوە و ئەوانی دیکەیان وەلا ناوە تاکوو هەر لە ئێستەوە براوەی سناریۆکە دیار بێ! لەو ڕیفراندۆمەشدا تەنیا یەک بژاردەیان هێشتەوە و لەڕاستیدا خومەینی لە باتی هەموان لە هەڵبژاردن بەشداریی کردبوو و پێویستی نەدەکرد کەس بژاردەی دیکەی بە مێشکدا بێ و لەبەرچاو بێ!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەم زیاتر لە چوار دەیەدا زۆر جار و لە هەڵبژاردنی جیاوازی برگە جیاوازەکان لە کۆماری ئیسلامیدا، سیاسییەکان و خەلک دابەش بوون بە سەر دوو بەرەدا، سەرەتا بەرەی یەکەم بەهێز و بەرفراوان بوو و بەرەی دووهەم زۆر لاواز، بەلام ئێستا بەرەی دووهەم زۆر بەرفراوان بووە: بەرەی یەکەم پێیان وابوو بە هەر شکلێک ئیمکانی هەیە لە هەڵبژاردنەکان بەشداری بکەن تاکوو لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە گۆڕانکاری پێک بێنن!

بەرەی دووهەمیش پێیان وابووە کە هەڵبژاردن لە سیستمی دیکتاتۆریدا هیچ ناگۆڕێ و نابێ بەشدار بی لەو سیناریۆیە. سەرەتا تەنیا کوردستان و هەندێ شوێنی بەرتەسکی دیکە لە ئێران ڕیفراندۆمیان بایکۆت کرد و بەرەی دووهەمیان پێکهێنابوو و زیاتر لە ٨٠ لەسەدی ئێران لە بەرەی یەکەم بوون! ئێستا بۆ ئەم سیناریۆی هەڵبژاردنی مەجلیسەی ڕژیم لە ڕەشەمەی ١٤٠٢ و ساڵێک دوای شۆڕشی ژینا باس لەوە دەکرێ کە زیاتر لە ٨٠ لەسەدی کۆمەڵگەی گەلانی ئێران لە بەرەی دووهەمن و کەمتر لە ٢٠ دەرسەد لە بەری یەکەم ماونەتەوە!

بەڵام پرسیاری بنەڕەتی دێتە پێش و ڕووی لە ئەوانەیە کە بەشدارینەکردنیان پێ باشە: ئاخۆ گەر بەشداری لەهەبژاردنی ڕێژیم هیچ ناگۆڕێ، ئەی بەشدارینەکردن چ شتێک دەگۆڕێ؟

**سەبارەت بەم پرسیارە دەبێ دوو شت بلێین:**

**یەکەم**: گەر بە شێوەی هزرمەندیش کەسانێک نەیاندەزانی کە لەم ڕێژیمەدا هیچ ناگۆڕدرێ، ئیدی بە شێوەی ئەزموونکراوی زیاتر لە چوار دەیە نیشانی دا کە بەشداریکردن لە سناریۆی هەڵبژاردن بە هەر ناوێک و بە هەر شێوەیەک هیچ ناگۆڕێ. بەشداری‌نەکردنیش لە نێو ڕێژیمدا و لە مۆرەکانی ڕێژیمدا هیچ ناگۆڕێ بەلام لە نێو کۆمەڵگادا گۆڕانکاریی قووڵ دروست دەکا! گۆڕانکاریی بەشدارینەکردن بریتیە لە گۆڕینی ڕوانگە و هەڵوێستی خەڵک بەرامبەر بە سیستمی داسەپاو و دوورکەوتنەوەیان لێی و چیدی هیوا پێ هەڵنەبەستنیان و لە بیری ڕێگای دیکەدا بوون! بەشدارینەکردن لە سناریۆی ڕژیم لە ڕژیم دوورت دەخاتەوە و ئیرادەی سەربەخۆبیرکردن و بڕیاردانت تێدا بەهێز دەکا و هەستی خەبات و خۆڕاگریت تێدا دەژێنێتەوە. شۆڕشی ژینا ئاکامی سیاسیی بەشداری‌نەکردن لە سیناریۆی دیاریکردنی ڕەئیسی وەکوو سەرۆککۆماری ڕژیم بوو. بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنی مەجلیسی فەرمایشیی فەرماندەکانی سوپاش لە زستانی ئەمساڵدا، شۆڕشی قووڵتر لە شۆڕشی ژینای بەدوادا دێ.

**دووهەم**: بەشداریکردن لە سیناریۆی هەڵبژاردن لە ڕێژیمدا هیچ ناگۆڕێ، بەڵام حەشیمەتێکی زۆری تەبلیغی بۆ ڕژیم دروست



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکا کە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بڵێ  دوای ئەو هەموو کوشت و کوشتارەی کە لە نەتەوەکانی ئێرانی دەکەم ، ئەوان هێشتا عاشقی قامچییەکانی جەللادەکەیانن و بەوپەڕی سۆزەوە بەرەوپیری بانگەوازی جەللادەکەیان دێن! لە نێو ڕای گشتیی جیهانیدا ئومەتی هەمیشە دەر سەحنەیەک نومایش دەکا کە وەکوو مێگەل بەدوای وەلیی فەقیهەوەن. بەشدارینەکردن تەواوی سیحر و تەلیسمەکانی وەلیی فەقیهە لەوبارەوە باتڵ دەکاتەوە و ئیدی جیهان دەزانێ کە ئەم ڕژیمە هەموو شتی بە درۆو تەزویر بووە! دیکتاتۆری تەنیا لە نێوەڕاستی گۆڕەپانی هەقیقەتدا بە ڕووت و قووتی! دەمێنێتەوەو خۆی و گۆپالبەدەستەکانی.

**١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نیزامی کۆماری ئیسلامی، سێبەری مەرگ بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا



**عومەر باڵەکی**

لەو کاتەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک نیزامی دەسەڵاتداریی لە ئێراندا حومکڕانیی وڵاتی بەدەستەوەیە، دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە هەموو ڕێکارێکی نادیموکراتیک و دوور لە بایەخە جیهانداگیرە سیاسییەکانیان بۆ پاراستنی مانەوەی دەسەڵاتەکیان لەپێش گرتووە. بەشێکی ئەو ڕێکارانە بریتین لە: سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵک، خوڵقاندنی کەشی ترس، بەئەمنیەتیکردنی کۆمەڵگە، شکاندنی کەرامەتی مرۆڤەکان، زیندانیکردن، ئێعدام، تێرۆری جیابیران لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران. لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو ٤٥ ساڵەدا، ئێعدام وەک کەرەسەیەکی چەند لایەنە لە خزمەت مانەوەی ئەو ڕێژیمەدا بووە.

**یەکەم**، ئێعدام بە جێگای ئەوەی سزای ئەو تاوانبارانە بێ کە زیانیان بە خۆیان و کۆمەڵگە گەیاندوە، کراوەتە کەرەسەی دەستی دەسەڵاتداران بۆ لەنێوبردن و نەهێشتنی جیابیران و دژبەرانی نیزام.

**دوویەم**، سزای ئێعدام وەک کەرەسەی خوڵقاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا لەلایەن بەڕێوەبەرانی نیزام کەلکی لێ وەرگیراوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**سێیەم**. سزای ئێعدام لە ماوەی ئەو ٤٥ ساڵەدا بەپێی هەموو پێوەرەکان و ڕادەی ئێعدامەکان کەرەسەیەک بووە بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی ئێران و جیهان لەسەر سیاسەتە هەڵەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی چ لە بەڕێوەبردنی نێوخۆی ئێراندا و چ لە هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتانی هاوسنووری ئێران کە هەوڵیان داوە لەژێر ناوی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیدا دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتانەدا بکەن کە ئاکامەکەی سزا و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانی لێ کەوتۆتەوە و ئەوەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیان و بژێوی خەڵکی ئێران داناوە.

بۆیە هەر کاتێک کەس یان کەسانێک لە جیابیران بەدەستی دەستگای قەزایی ئێران حوکمی ئێعدامیان بەسەردا دەسەپێندرێ و لەسەر دەستی هێزە ئەمنیەتییەکان و دەزگای دادی ڕێژیمەوە ئەو سزایە جێبەجێ دەکرێ حەتمەن کارەساتێک یا ڕووداوێک لە نێوخۆی ئێران یا دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەهۆی لێکدانەوە و تێڕوانینی هەڵە لە زانستی سیاسەت و سەردەم لەسەردەستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕووی داوە کە دژکردەوەی نێوخۆیی و دەرەوەی لێ کەوتۆتەوە و بۆ ئەوەی بیروڕای گشتیی لەنێوخۆ و جیهان لەو ڕووداوە دوور بخەنەوە، لەو کاتەدا ماشێنی ئێعدام بە پاساوی بێبنەما دەستی بەکار کردوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە کەلکوەرگرتن لە سزای ئێعدام و بایەخنەدان بە گیانی مرۆڤەکان لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی، تەمەنی بە ڕادەی تەمەنی ئەو نیزامەیە. واتە ئێعدام لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا نێوەرۆکی سیاسیی بەخۆیەوە گرتوە، بەو مانایە ئێعدامی کەس یا کەسانی سیاسی و جیابیر لەپێناو مانەوە و درێژبوونەوەی تەمەنی ئەو نیزام دایە.
ئەگەر سەردەمانێک سزای ئێعدام بۆ پێشگیری لە تاوان و تاوانکاری لەنێو برگە و ماددە یاساییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆری سەر گۆی زەوی جێی بۆ کرابووە، دەبینین بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە بوارە جۆراجۆرەکانی زانست و جێگیرکردنی ڕێکاری دیکە بۆ کەمکردنەوەی تاوان و تاوانکاری زیاتر لە ٨٠٪ وڵاتانی دنیا یا هەر سزای ئێعدامیان بەیەکجاری لە یاسای سزادانی خۆیاندا هەڵگرتوە و یا ئەگەر لە یاساشدا مابێ کاری پێ ناکەن. چونکە بە زانستی کۆمەڵناسی و تاوانناسی ئەوە سەلمێندراوە کە سزای ئێعدام نەبۆتە هۆی کەمکردنەوەی ڕادەی تاوان و تاوانکاری بەمەبەستی سەلماندنی ئەو بۆچوونە دەتوانین ئاماژە بە پرۆسەی ئێعدامەکان لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی بکەین کە بە هەزاران مرۆڤ بەتۆمەتی جۆراجۆر لەلایەن دەستگای دادوەری کۆماری ئیسلامی حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و بێ ئەوەی لە دادگاییەکی دادپەروەر دادگای کرابێن جێبەجێ کراوە و هەروەها بەبێ ئەوەی دەستیان بە پارێزەر ڕاگەیشتبێ و پارێزگاریی لە مافەکانیان بکا و تەنانەت تۆمەتی تاوانیان لەسەر سەلمێندرا بێ. بەو حاڵەش و دوای ئێعدامکردنی هەزاران کەس ماشێنی ئێعدام لە کۆماری ئیسلامیدا هەروەک ڕۆژەکانی یەکەم چالاکە و ئەوە پیشاندەری ئەوەیە کە سزای ئێعدام لە هەر حالەتێکدا نەیتوانیوە ئامانجی خۆی بپێکێ.

هەروەک پێشتر باس کرا، کۆماری ئیسلامی بە ئێعدامی هەر تاکێکی زیندانی دەیەوێ پەیامێکی بەهێز بدا بە گەلانی ئێران



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کە ئەو حکوومەتە هەم هێز و هەم ئیرادەی هەیە بۆ ئەوەی لەپێناو مانەوەی خۆی بە ئاسانیی گیان لە مرۆڤەکان بستێنێ چونکە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەزگای داد سەربەخۆ نییە و ئەگەر لەهەر سیستەمێکی دەسەڵاتدارییدا دەزگای قەزایی سەربەخۆ نەبوو، ئەو دەزگایە ناتوانێ دادپەروەر بێ و لەو جۆرە ڕێژیمانەدا ئەگەر کەس یا کەسانێک چ بە تاک و چ بەکۆ نارەزایەتی دەرحەق بە سیاسەت و بەڕێوەبەریی دەزگای حاکمە دەربڕن ئەو حکوومەتە دەستی ئاوەڵەیە و بەتوندترین شێوە سەرکوتی خەڵکی ناڕازی بکا بێئەوەی لە بەرانبەر هیچکەس ولایەنێکدا وەڵامدەر بێ.
ڕێژەی ئێعدام ساڵ بە ساڵ و بەپێی قۆناغەکانی ژیانی کۆماری ئیسلامی چۆتە سەرێ و بەشی بەرچاوی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا هەتا ئێستاشی لەگەڵ دابێ بەڕوونی پێناسەیەک بۆ تاوانی سیاسیی نییە هەتا بەپێی ئەو پێناسەیە تاوانباری سیاسیی سزای بۆ دیاری بکرێ و لە دادگاکاندا کاری پێ بکرێ. بۆیە لە هەلومەرجێکی وادا کە دەزگای دادوەری سەربەخۆ نییە، دەستی هێزە ئەمنیەتییەکان و دادگاکانی کۆماری ئیسلامی ئاوەڵەیە کە ڕوانگە و بۆچوونی هەر کەس و لایەنێک بە جۆرێک لە جۆرەکان کە لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستێکی ڕێژیم نەبێ و چ بە نووسین یا بەدەنگ و یا بەشێوەی کرداری نارەزایەتی دەرببڕێ و یا داوای مافەکانی خۆی یا گەلەکەی بکا بەتاوانی "شەر لەگەڵ خوا و بڵاوکردنەوەی فەساد لەسەر زەوی"، "محاربە و مفسدفی الارض" تۆمەتبار دەکرێ و لە دادگایەکی ڕواڵەتی و لە پشت دەرگا داخراوەکاندا تاوانەکەی بەسەردا ساغ دەکەنەوە بێ ئەوەی تۆمەتبار توانای پارێزگاری لە خۆی هەبێ حوکمی ئێعدامی بەسەردا دەسەپێنن.

هەر کاتێک دەسەڵاتدارانی تاران هەستیان بەوە کرد کە ئێعدام بەگشتی و ئێعدامی زیندانیانی سیاسیی بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەستیاری دروست دەکا و نارەزایەتیی خەڵک و کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێوخۆ و دەرەوە لێ دەکەوێتەوە، پەنا دەبەن بۆ سازکردنی سناریۆیی جۆراجۆر وەک هێنانە مەیدانی سکاڵاکاری تایبەت کە سکاڵا لەسەر تۆمەتبار تۆمار بکا بۆ ئەوەی بتوانن لەژێر ناوی حوکمی قەساس ئێعدامەکان جیبەجێ بکەن و یا دروستکردنی پەروەندەی ئەمنیەتیی بۆ تۆمەتبار یا تۆمەتباران کە سەر بە دەزگای سیخوڕی فلان و فیسار وڵاتن و گوایە ئەمنیەتی ئێرانیان خستۆتە مەترسی و لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نیزامەوە هەوڵ دەدەن بەستێنی مەشرووعییەتی ئەو ئێعدامانە لە بیروڕای گشتیی ئێراندا دروست بکەن. بەڵام کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتیی و کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەتی ئەوە باش دەزانن کە لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا دەزگاکانی ئەمنیەتی و ئیتلاعاتی و دادوەرەکانی دادگاکانی کۆماری ئیسلامی خۆیان سناریۆنووس و خۆشیان بڕیاریدەری کۆتاییان لەسەر چارەنووسی ئەو تۆمەتبارانەی کە دەیانەوێ بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک و یا بەمەبەستی تایبەتی خۆیان لە ڕێگای ئێعدامەوە گیانیان لێ بستێنن و لە مافی سروشتی ژیان کە مافێکی سەرەتایی هەموو گیانلەبەرێکی سەر گۆی زەوییە بێبەشیان بکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

له دوای راپەرینی ژینا له هیچکەس شاراوه نییه که کۆمەڵگەی ئێران بۆته دوو جەمسەری، لەلایەک زۆرینەی خەڵکی ناڕازی که خوازیاری ڕووخانی نیزامی کۆماری ئیسلامین و لەلایەکی دیکەوه کەمینەیەکی بچووک که لایەنگری دەسەڵات و مانەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامین و ئەو کەمینە بچووکە بۆ مانەوە و پاراستنی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست بۆ هەموو کارێک دەبن ئەگەر بەپێچەوانەی یاسا و ڕێساکانی مافەکانی مرۆڤ و تەنانەت یاساکانی خۆشیان بێ.

له هەلومەرجی وادا بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام هەروەک باس کرا یەکێک لەو ڕێکارانەیە که دەسەڵاتدارانی تاران بە پاڵپشتیی لایەنگرانی خۆیان بۆ پاراستنی نیزام بە بەربڵاوی و بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ یاسا و ڕیسایەک بەڕێوەی دەبن. بۆیە دیتمان دوای سەرکوتی بێبەزەیییانەی شۆڕشی ژینا که شەهید و بریندارێکی زۆری له خەڵکی ناڕازی سەرشەقام لێ کەوتەوە دەسەڵات دەستی کرد بە ڕەشبگیری خەڵک و لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکان هەزاران کەس له گەنج و پیر ڕەوانەی زیندانەکان کران که بەپێی ئامارەکان له ماوەی یەک ساڵی رابردوودا نیزیک بە ٦٩٧ کەس بە پاساوەی بێبنەما ئێعدام کراون و بەپێی ڕاگەیەنە گشتییەکان و ئاماری ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەو ڕادەیە ٩ کەس لەو ئێعدامییانە دەستبەسەرکراوانی ڕاپەرینی ژینا بوون. بەڵام دەبینین بەو ئێعدام و زیندانیکردنە بەربڵاوە نەک زۆرینەی خەڵکی ناڕازی له دەسەڵات، نەترساون و پاشەکشەیان نەکردوە، بەڵکوو سوورتر بوون لەسەر ویست و داواکەیان که ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەدا له سەدەی بیستەم که سەدەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی له هەموو بوارێکدا بوو، دروست بوو. بەڵام نێوەرۆکی هەر له سەرەتاوە ڕوون بوو که نێوەرۆک و باوەڕەکانی ئەو نیزامە لەگەڵ ڕوحی سەردەم و شێوازەکانی دەسەڵاتداریی نوێ بێگانەیە و پابەندە بە ڕەوالی کۆنی دەسەڵاتداریی که لەسەر بنەمای یاساکانی سەدان ساڵ پێش دارێژراوە. بۆیە بۆ مانەوەی خۆی له دەسەڵات ماوەی ٤٥ ساڵە بە بەکارهێنانی هەموو کەرەسەیەکی دژە مرۆڤی و نامرۆڤانە بەدژی خەڵک، بۆتە سێبەری مەرگ بەسەر کۆمەڵگەی ئێران دا.

١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ئامادەکاریی دیکتاتۆر بۆ جێنشینی کوڕەکەی



**ڕەزا دانشجوو**

بەبێ گوێدان بە ڕوانگەی فیکری و شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوونیان دیکتاتۆرەکان هەموو هەڵگری تاقمێک تایبەتمەندیی هاوشێوەن. پارانۆید (Paranoid) یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگە هاوبەشەکانی دیکتاتۆرەکان. ئەم تایبەتمەندییە بە ڕەشبینی بەرانبەر بە کەسانی تر پێناسە دەکرێت.

دیکتاتۆرەکان گومانیان لە هەموو کەس هەیە بەتایبەتی لە کەسوکار و دۆستەکانیان، و وا دەزانن ئەوان بەردەوام خەریکی دارشتنی پیلانی لەنێوبردنی دیکتاتۆرن. مێژوو پڕە لە توندوتیژیی دیکتاتۆرەکان بەرامبەر بە کەسانی نزیک لە خۆیان، چ ئەوانەی کە کوژراون یان زیندانی، دەربەدەر و گۆشەگیر کراون، یان بە هۆی ترسی دیکتاتۆرەکانەوە ناچارکراون لە سیاسەت دوور بکەونەوە. قەزافی هەزاران ئەفسەری پلەباڵای کوشت، سەدام زاواکەی لەبەین برد، دیکتاتۆری کۆریای باکوور مامی خۆی کوشت. بەڵام چیرۆکی دیکتاتۆرە خوێنڕێژەکەی ئێران زۆر جیاوازترە.

بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی ئەم باسە، دەبێ کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دوایە و بۆ ساڵانی سەرەتای سەقامگیربوونی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری ئیسلامی، ئەو سەردەمەی کە عەلی خامنەیی لەنێو ڕێبەرانی پلەدووی کۆماری ئیسلامیدا جێی دەگرت، زۆر لە خوارەوەی کەسانێک وەک بەهەشتی و موتەهەری. چەند ساڵ لەمەوبەر هاشمیی ڕەفسەنجانی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەلەویزیۆنی فەرمیی ڕێژیم سەبارەت بە چۆنیەتیی هەڵبژاردنی عەلی خامنەیی بۆ شوڕای ئینقلاب لە ساڵی ٥٧دا دەڵێت کە خومەینی خۆی هیچ زانیارییەکی تایبەتی لەسەر خامنەیی نەبووە و تەنانەت خامنەیی باش نەدەناسی و لەڕاستیدا بە پێی ڕاسپاردە و پێشنیاری هاشمیی ڕەفسەنجانی، خومەینی خامنەیی بۆ ئەم شوڕایە هەڵبژاردوە.

ئەمە سەرەتای چالاکییەکانی هاشمی- خامنەیی بوو بۆ نەهێشتنی ڕکابەرە نێوخۆییەکان. ئەم هاوکارییە ساڵانێکی زۆر بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی بە هۆی شەڕی دەسەڵات خامنەیی و هاشمی بوون بە خەنیم و دوژمنی یەکتری. تێرۆرکردنی یەک لە دوای یەکی سەرکردە ناسراوەکانی کۆماری ئیسلامی وەک بەهەشتی، موتەهەری، ڕەجایی و باهونەر لە ساڵانی سەرەتای کۆماری ئیسلامی هەرچەندە بەرواڵەت لەلایەن گرووپە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی، وەک ڕێکخراوی موجاهیدین یان فورقان ئەنجام دران، بەڵام هەندێک ئاشکراکردنی دواتر ئەوەیان دەرخست هاشمیی ڕەفسەنجانی و خامنەیی لەم ڕووداوانەدا بێئاگا نەبوون و بە شێوەک بەشدار بوون.

ڕەنگە لوتکەی هاوپەیمانیی نێوان ڕەفسەنجانی و خامنەیی هەڵبژاردنی ڕێبەری تازەی کۆماری ئیسلامی لەلایەن مەجلیسی بە ناو خوبرەگانی ڕێبەری لە مانگی جۆزەردانی ٦٨ و دوای مردنی خومەینی بێت، کاتێک کە هاشمیی ڕەفسەنجانی بە گێڕانەوەی چەند چیرۆکی تەواو ساختە، توانی بڕیاری ئەندامانی مەجلیسی خوبرەگان کە لە سەر دیاریکردنی شوڕای ڕێبەری بە جێگای تاقە کەسێک ڕێککەوتبوون بگۆڕێت و خامنەیی بێتە ڕێبەر. ڕەفسەنجانی کە بیری لەوە دەکردەوە بە ڕێبەربوونی خامنەیی دەتوانێت زۆر سوک و ساکار وەک سەرۆکێکی هەمەکارە ڕێبەری ڕاستەقینەی وڵات بێت، هەنگاوی دووەمی نا. بەڵام تێپەڕبوونی کات دەریخست کە خامنەیی چیتر ئەو کەسە بەرواڵەت سادە و لەژێر کاریگەریی هاشمیدا نییە.

کۆتایی هاتنی دەورانی هەشت ساڵەی سەرۆککۆماری هاشمیی ڕەفسەنجانی دەسپێکی دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ ئەوەی خامنەیی وەک دیکتاتۆرێکی تەواو مەیدان لەسەر هەموو ڕکابەرەکانی بەرتەسک بکاتەوە. هاشمیی ڕەفسەنجانی گەورەترین قوربانی ئەم چیرۆکە بوو، دوای سوکایەتیکردنێکی زۆر لەلایەن دارودەستەی خامنەیی لە سەردەمی سەرۆککۆماری مەحمود ئەحمەدینژاد، هاشمیی ڕەفسەنجانی دواجار لە کاتی مەلەکردن لەلایەن دەسەڵاتی خامنەییەوە خنکێندرا. زۆر زوو کەسانی نزیک و پەیوەندیدار بە خومەینی و کەسانێک کە لە کاتی ڕێبەریی خومەینیدا لە سەرکار و خاوەنی پلەوپایە بوون هەر یەک بە شێوەیەک لە سیاسەت دوورخرانەوە. میرحوسێن مووسەوی و کەڕوبی ساڵانێکە لە ماڵی خۆیاندا دەسبەسەرن بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەی دەنگیـان بە هـیچ شـوێنێک نەگـات. بڵاوکـردنەوەی وێـنە و قسـەکانی خـاتەمی، سـەرۆککۆماری هەشت سـاڵە ڕژێـم قەدەغەیە و بەتەواوی لە گۆڕەپانی سیاسی دوورخراوەتەوە. لابردنی مەحمود ئەحمەدینژاد بەشێکی تری ئەم سیاسەتە بـوو. ئەحمەدی نژاد کە سەردەمانێک وەک نزیکترین کەس لە بیروبۆچوونی خامنەیی دەناسرا، لەناکاو بە چەند تێبینییەکی دژ بە خواستی دیکتاتۆر لە چاوی دیکتاتۆر کەوت و چووە نێو لیستی ڕەشی خامنەیی. ڕەنگە دوورخستنەوەی ئەحمەدینژاد لەم ڕوانگەوە گرنگ بێت کە بەپێچەوانەی کەسانی پێشوو، نـاوبراو لەلایەن خـامنەییەوە زۆر جێـی متمـانە بـوو و شێوەی بیرکردنەوەی زۆر لە خامنەیی دەچوو.

وەک شەپۆلی دووەم ئەم سیاسەتەی خامنەیی دەتوانین ناوی ئەو کەسانە بهێنین کە هەرچەند بەتەواوی لە بـازنەی سیاسی کۆمـاری ئیسـلامی دوور نەخـراونەتەوە، بەڵام بە شـێوەیەکی تـایبەت وا پەراوێزخـراون کە ئیتـر توانـایی دەسـتێوەردانی سیاسییان نەبێت و دوور بن لە ئاڵقەی سەرەوەی دەسەڵات. پاسدار موحسین ڕەزایی یەکێکە لەو کەسانە. یەکەم فەرمانـدەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی سوپای پاسداران، سـاڵانێکی زۆرە سـەرقاڵی تـاقمێک پۆستی نمایشی و بێدەسـەڵات کـراوە و هـیچ کـاریگەریی لە سیاسەتی کۆمـاری ئیسلامیدا نەمـاوە، تەنهـا هەنـدێکجار بـۆ نمایشـدان دەرفەتـی دەدرێتێ چەنـد خۆڵەکێک قەسـان بکـات. ڕەنـگە برایـانی لاریجـانی بە گەورەتـرین قوربـانیی ئەم سیاسـەتەی خـامنەیی دابنـدرێن، ئەوەی برایـانی لاریجانی لە کەسانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە جگە لە کۆیلایەتی و ملکەچبوون بـۆ عەلـی خـامنەیی هـیچ شتێک تـر لەم بنەماڵەدا نەبیندراوە. کاتێک عەلـی لاریجـانی، سەرۆکی پەرلەمـان و سـادقی بـرای هـاوکـات هەم سەرۆکی دەستگای بەنـاو دادپەروەری و هەم سەرۆکی ئەنجوومەنی بەرژەوەندیەکانی باڵای کۆمـاری ئیسلامی بـوون، زۆر کەس پێیـان وابـوو بەم زووانە عەلـی لاریجـانی دەبێـتە سـەرۆککۆماری ڕێـژیم و ئیتـر کەس ناتوانێـت ڕووبەڕووی ئەم بنەمـاڵەیە ببێـتەوە، بەڵام ڕەوتـی ڕووداوەکـان تەواو جیـاواز بـووە و بنەمـاڵەی لاریجـانی نەک هەر شتێکی نوێیـان بەدەست نەهێنـا، بەڵکوو زۆر بەئـارامی و پلاندارێژراو گۆشەگیر کران.

نوێترین بەشی ئەم نمایشە ڕەتکردنەوەی سەلاحیەتی حەسەن ڕۆحانی، سەرۆککۆماری پێشوو و مستەفا پـورمحەمەدی وەزیـری پێشووی ئیتلاعات ڕێژیم وەک پاڵێوراو بۆ خولی تازەی هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان لە لایەن شوڕای نیگابـانی ڕێـژیمە. ئەوەی سەبارەت بەم دوو کەسە جێی سەرنجە ئەوەیە کە جیا لە پاشخانی ئیجرایی و سیاسی دوورودرێـژی ئەم دوو کەسـە لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا، زۆرترین کات لە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم کاریان کردوە. ڕوحانی چەندین سـاڵە سکرتێری ئەنجـوومەنی بـاڵای ئاسایشـی ڕێـژیم بـووە و یەکێـک لەو کەسـانەیە کە لە سـاڵی ٧٨ی هەتـاویـدا ڕۆڵـی سـەرەکیی لە سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی خوێندکاراندا بینیوە. مستەفا پورمحەممەدی یەکێکە لەو چوار ئەندامەی بەنـاو "هیـات مرگ" کە بەرپرسـی لەسـێدارەدانی زینـدانیان لە سـاڵی ٦٧ بـووە، هەروەهـا لە کەیسـی کوشـتنی دەیـان ڕونـاکبیر نووسـەر و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سیاسەتمەدار لە پەروەندەی بە ناو "قتل های زنجیرەای" دەوری گرنگی هەبووە. لابردنی کەسایەتییە ئەمنییەکان نیشاندەری واقیعێکی دیکەیە. پڕۆژەیەک کە لە چەند ساڵ لەمەبەر بە نهێنی دەستی پێ کردووە و ئێستا ئاشکرا بووە. پرۆژەیەک بە فەرمانی ڕاستەوخۆی عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕژیم بۆ یەکدەستکردنی سەرکردایەتی سیاسی ڕژیم و نەهێشتنی نەیاران و ڕکەبەران و هەموارکردنی بارودوخی سیاسی بۆ جێنشینی موجتەبا خامنەیی. دوورخستنەوەی برایانی لاریجانی و هاوشێوەکانیان وەک ڕوحانی و پورمحەمەدی لە ئالقەی سەرەوە لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ هەڵسەنگێندرێت.

ئەو کەسانەی کە سەرەڕای ڕاگەیاندنی وەفاداری و نۆکەری خۆیان بۆ عەلی خامنەیی تەنها بە هۆی ئەوەی ڕەنگە مەترسی بن بۆ جێنشینی موجتەبا لە نزیک خامنەیی دوورخرانەوە. دەگێڕنەوە قەزافی دیکتاتۆری پێشووی لیبی لە کۆبوونەوەی سەرکردەکانی عەرەبدا زۆر بە دیتنی بەشار ئەسەد دیکتاتۆری سوریە تێک دەچوو، هۆکاری ئەم ناڕەحەتی و دڵگرانییە نەتەنیا کێشە سیاسیی نێوان ئەو دوو وڵاتە نەبوو بەڵکوو لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نەبوو. قەزافی لە هەموو سەرکردەکانی عەرەب باڵابەرزتر بوو جگە لە بەشار ئەسەد! دیکتاتۆری لیبی توانای دیتنی دیکتاتۆرێکی باڵابەرزتر لەخۆی نەبوو! ئەمە تایبەتمەندی هەموو دیکتاتۆرەکانە. لە چاوی عەلی خامنەیی، هەموو ئەوانەی کە ڕەنگە بە جۆرێک داهاتووی ڕێبەریی موجتەبا خامنەیی بخەنە مەترسییەوە، مەحکومن بە دوورخستنەوە، تەنانەت ئەگەر وەفاداریی و نوکەریی خۆیان ڕاگەیاندبێت، لە ڕوانگەی دیکتاتۆرەکانەوە هەر نۆکەرێک تەنها بۆ کاتێکی دیار بەکەڵک دێت.


دوورخستنەوەی فەرماندە کۆنەکانی سپای پاسداران و دانانی فەرماندەی تازە و وەفادار و دروستکردنی مەجلیسێکی خوبرەگانی بێدەسەڵات و پابەند بە جێنشینیی موجتەبا خامنەیی، دوا هەوڵی دیکتاتۆری پیری کۆماری ئیسلامییە، هەڵبەت ئەگەر گوڕوتینی خەڵکی نارازیی و شۆڕشگێڕی شەقامەکان خەونی دیکتاتۆری پیر نەهەژێنێت و دیکتاتۆری خوێنڕێژ پێش گەیشتن بە ئامانجەکانی تەسلیمی دادگای دادپەروەری میللەت نەکرێت!

١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ئێمە لەگەڵ مەلاکانی ئێران لەشەڕ داین، یەکێک دەبێ ئەوە بە جۆ بایدن بڵێ




ئامێریکەن سپێکتەیتەر - جەیمز هـ. مەکگی

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، من هەموو بەیانان پێش هەموو شتێک چاوەڕوانی هەواڵی تازە لەبارەی دوو کەسەکەی هێزی تایبەتیی دەریایی بووم کە لە کەنارەکانی سومالی بێسەروشوێن بوون. بەو هیوایە، سەرەڕای ئەگەری کەم، بە زیندوویی بدۆزرێنەوە. من لە ماوەی تەمەنمدا شانازیی کارکردن لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە بچووک بەڵام زۆر تایبەتییەم هەبووە. ئەمن بەئانقەست کەلک لە وشەی "کۆمەڵگە" وەر دەگرم. ئەوە دەستەواژەیەکە کە ئەوان زۆر جار بۆ وەسفی خۆیان کەلکی لێ وەردەگرن و، کاتێک گوێیان لێ ڕادەگری کاتێک لە بارەی یەکتردا قسە دەکەن، ئەو وەسفکردنە زۆر ڕاستە. ئەوان بە ڕاستی کۆمەڵگەیەکن، کۆمەڵگەیەک کە لەسەر بەهای هاوبەش، ئەزموونی هاوبەش و بەڵێنییان بۆ بوون بە باشترین دامەزراوە. بێگومان ئەوان هەر ئێستا لەگەڵ بیرکردنەوە لە چارەنووسی هەڤاڵەکانیان گەلێک زامدارن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها گومان لەوەدا نییە کە ئەوان دەخوازن بەرپرسیارانی ئەو ڕووداوە سزا بدرێن. چونکە ئەوانە تەنیا قوربانیی ڕووداوێکی دڵتەزێنی نەخوازراو نین، ئەوان قوربانیی شەڕن.

هەر ئەمریکاییەکی ڕاستەقینە دەبێ لەبەر چارەنووسی دڵتەزێنی ئەوان بەپەرۆش بێ و تەنانەت بۆ موعجیزەیەک بپاڕێتەوە. هەروەها هەر ئەمریکاییەکی ڕاستەقینە دەبێ بە سۆزەوە هیوادار بێ کە خوڵقێنەرانی ئەو چارەنووسە سزا بدرێن. ئێمە ڕەنگبێ ناچار بین بەرەوڕووی "ڕاستییەکی تاڵ" بۆ بەڕێوەبەرایەتی بایدن ببینەوە، ڕاستییەکی گەلێک تاڵتر لەوەی "ئال گۆر" بیری لێ دەکردەوە. ئێمە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لەشەڕ داین. کاتی هاتوە ئەوە قبووڵ بکەین، دەرئەنجامی پێویست وەرگرین و دەست بە گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ کۆتاییهێنانی خێرا و سەرکەوتووانە بەو شەڕە بکەین.

**هاوکات کە دەگەینە ئەو دەرئەنجامە، ئێمە دەبێ سێ گەڵاڵەی درۆیین وەلا نێین.**

**یەکەم**، ئەو شەڕە دژی خەڵکی ئێران نییە. شەڕەکە لە لایەن دیکتاتۆری ئایینیی شیعە، "ڕێبەری گەورە" عەلی خامنەیی، ئاڵقەی تیۆکراتی نزیک لە ناوبراو و تاقمێکی مەزنتری توندڕەوی ئیسلامیی نێو سوپای پاسدارانەوە، هەڵایسا.

هەر چاودێرێکی وردی ئێران ئەوە باش دەزانێ کە سەرەڕای پشتیوانیی بەربەرینی جەماوەر بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی شا، زۆر دەمێکە مەلاکان پشتیوانیی جەماوەرییان نەماوە، ئەوە بە مێژووی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی پەتیا پەیتا لە ڕابردوودا پشتڕاست کراوەتەوە وتەنیا بە سەرکوتی دڕندانە لەگەڵ پڕۆپاگاندای بێوچانی فریودەرانە ئەو خەڵکە کپ کراوە. ئەوە کارێکی زۆر ساکارە کە لە مشتومڕەکاندا لەسەر قەیرانی هەنووکەیی هاوڕا بکەی "شەڕ لەگەڵ ئێران" و بێتوو ئەوە بکەین خیانەت لە خۆمان و لە خەڵکی ئاسایی ئێران دەکەین.

**دووهەم**، ئەوە "شەڕی پێشگیرانە" لەلایەن ئێمەوە نییە. "شەڕی پێشگیرانە" دەستەواژەیەکە کە بەردەوام باسی لێوە دەکرێ، بە تایبەت لە لایەن چەپی سیاسییەوە و هەروەها لەلایەن بەشێک لە کۆنەپارێزەکانیشەوە. ئەوە هەمیشە کارێکی نەشیاو نییە. چەند بەڕێوەبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان حەزێکی قووڵی ناتەندروستییان بۆ "نەتەوەسازی" و بۆ هەوڵی باش بیرلێنەکراوەی سەپاندنی بایەخەکانمان دا، لەجیات ڕەزامەند بوون بە پیشاندانی خۆمان وەک مودێل بۆ ئەوانیتر و ئیزن دان پێیان، کە بە مەرجی ویستی خۆیان هەڵیبژێرن. هەرچۆنێک بێ ئەوە سەردەمێک "باشترین شێوە"ی هەڵسوکەوتی ئەمریکا لەگەڵ باقی دنیا بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەڕی ئێستا "شەڕی پێشگیرانە" نییە. کەلکوەرگرتنی ڕێژیمی ئێران لە بەکرێگیراوان شتێکی ڕوون و ئاشکرایە و پێوەری سووکایەتیی مەلایان بە کاربەدەستانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانە. بەڵام هەڵە مەکەن، ئەگەرچی هێشتا بۆمبارانکردنەکان و تەقەکان نەگەیشتوونە خاکی ئەمریکا، بەرژەوەندییەکانمان، بەرژەوەندییە ڕاستەقینە و ژینەکییەکان، نە وەکوو تەنیا بەرژەوەندییە خەیاڵییەکانی گلۆبالیستەکان، هەر ئێستا لەژێر هێرشدان. بڕواننە هێرشەکان بۆ سەر کەشتیوانیی لە دەریای سوور. ڕێبەرایەتیی حوسییەکان پێداگرن کە ئەوان تەنیا ئەو پاپۆڕانە دەکەنە ئامانج کە بەرەو ئیسڕائیل بەڕێوەن، ئەوە درۆییەکی ئاشکرایە.

ئەو هێرشانە نیشاندانی دەسەڵاتن، دەسەڵات بەسەر بازرگانیی گرینگی جیهانییەوە و، دەسەڵات بەسەر وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، هەم وەکوو لایەنی سوودمەند بوو و هەروەها پارێزەری ئەو بازرگانییە. ئەوە خولیایەکی باشە کە داوای گەڕاندنەوەی ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ نێو خاکەکەی دەکرێ، بەڵام تەنانەت ئەو کەسانەی بەو خولیایە وەفادارن دەبێ بزانن کە ئێمە ڕێگایەکی دووروودرێژمان ماوە تا بگەینە ئەو ئاستە کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دنیا بپچڕێنین و لە هەمان کاتدا ستانداردی ئێستای ژیانمان بپارێزین. مرۆڤ پێویست ناکا بڕوا بە درۆیەکانی کۆڕبەندی ئابووری جیهان و لایەنگرانی بکات تا لەو ڕاستییە ساکارە تێبگات.

**سێهەم**، ئەوە شەڕیک نییە کە تەنیا بە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سنووردار بکرێ و هەروەها تەنیا لەبارەی ئیسڕائیل دا نییە. بێتوو سەرنج بدەین، هەموو ڕۆژێک ئەوەمان بیر دەخرێتەوە، کە ئێمە، واتە وڵاتە یەکگرتووەکان، لە لایەن مەلاکانەوە بە "شەیتانی مەزن" ناو دەبرێین. ئێمە خۆمان بە ڕوانگەی "بژی و لێگەڕێ بژین" بەرانبەر بە باقی دنیا دەلاوێنینەوە، بەڵام ئیسلامیستە توندئاژۆکان شتەکان بە شێوەیەکی جیاواز دەبینن. ئێمە دەتوانین جیاوازیی لەنێوان موسڵمانی ئاسایی و ئەو توندئاژۆیانە دانێین، بەڵام نیشاندانی نەفرەتی ئەو دواییانە لە شارە مەزنەکانمان و لە زانکۆکانمان، کە لەلایەن بەناو "میانڕەوەکانەوە" هیچ ئالنگارییەکیان بۆ دروست نەکرا، بیر هێنەرەوەیەکی بەهێزە کە نەفرەتی ئیسلامیستەکان لە پشت ئەو ئاجێندایەیە و ئەو نەفرەتە زۆر لە دروشمی "لە ڕووبارەکەوە تا دەریایەکە" بەولاوەتر دەچێ.

ئێمە سەردەمانێک، کاتێک داعش، داعشتان لە بیر ماوە؟ داوای "خەلافەت،" دەستەواژەیەک کە بەتەما بوو هەموو دنیا بگرێتەوەی دەکرد، لەوە تێدەگەیشتین. بەڵام لە هەڕەتی برەویاندا، نە داعش و نە ئەلقاعیدە ئەو دەسەڵاتی سەربازی و ژیۆپۆلیتیکییەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان نەبوو. هیچکام لە لایەنەکانی دیکە، تەنانەت تاڵەبانیش لە ترۆپکی دەسەڵاتدارییاندا، توانایی پشتیوانیی لە ڕایەڵەیەکی بەڕاستی جیهانیی تێرۆریستییان نەبوو کە بتوانێ هێرش بکاتە سەر شێوەی ژیانی ئێمە. بەڵام ئەمڕۆ دۆخەکە چۆنە؟ تەنانەت بێتوو ئیسڕائیل حەماس تێک بشکێنێ، کە بتوانێ وەها بنوێنێ کە


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە شێوەیەکی دیکە سەر هەڵنەداتەوە. ئەدی حیزبوڵڵا، کە دامودەزگاکانی، بە پشتیوانیی سوپای پاسداران، گەلێک لە بنکەکانی لە لوبنان بەو لاوەترن؟ مرۆڤ هیوادارە پێویست بە یازدەی سێپتەمبەرێکی دیکە نەکات تا ئێمە لە خەو، لەمەڕ هەڕەشەکە لەسەر خاکی خۆمان، هەستێنێ.

نهێنییەکی چەپەڵی ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە سنوورێکی بەتەواوی ئاواڵای لە باشوور هەیە، ئێمە هیچ نازانین چەند ئیسلامیستی تیرۆریست کە ئێران ڕاهێنانی پێ کردوون، هەر ئێستا دزەیان کردووەتە نێو وڵاتە یەکگرتووەکان، بە تایبەتی ئێستا کە بە ئازادی تیکەڵاوی ئەوانەی دیکە بوون کە نەفرەتیان لە ئێمەیە و لە نێومان‌دان. ڕەنگبێ چینییەکان لە دۆخێکی باشتر دابن تا کەلک لە لاوازییەکانی ئێمە وەرگرن، بەڵام ڕێژیمی ئێران، بێگومان، لەو ڕوانگەیەوە لە پلەی دووهەم دایە و لە کاتێکدا کە سەرۆک شی پێشبینی خشتەیەکی کاتیی دەکات کە لە ۲۰۲۷ دەست پێ‌دەکات، ڕیژیمی ئێران هەر ئێستا دژی ئێمە شەڕی ڕاگەیاندوە.

بەدڵنیاییەوە، ئەوە هۆی درندەییەکانی حەماس لە ۷ی ئۆکتۆبرە و هەروەها هۆی شەپۆلی هەنووکەیی هێرش بۆ سەر پاپۆڕەکانی دەریای سوورن، ئەو هێرشانەی کە لەو دواییانەدا ڕاستەوخۆ ئاراستەی پاپۆڕی ئەمریکایی کراون. گومان لەوەدا نییە کە هەر مەبەستێکی دیکە بوونیان هەبووبێ، هێرشی ۷ی ئۆکتۆبر بە مەبەستی لەنێوبردنی هیوای نزیکبوونەوەیەکی بەردەوام لە نێوان ئیسرائیل و عەرەبستان بوو. "ڕێککەوتنی ئیبراهیم" ئالنگارییەکی ئاشکرا بۆ خولیاکانی ڕێژیمی ئێران بوو و گرینگترین هەنگاو بۆ ئاشتییەکی بەردەوام لە ناوچەدا دوای "پەیماننامەی کەمپ دەیڤید" لە ۱۹۷۹ لە نێوان ئیسرائیل و میسردا بوو. هەوڵی نوێ و هەڵەی بەڕیوەبەرایەتیی بایدن بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران، سعودییەکانیان دەستەوەستان کرد و هێرشەکانی حەماس، ئەگەری زیندووکردنەوەی ئەو ڕێککەوتنەیان، لە ئێستادا، ناومکین کردوە.

بە هەمان شێوە، دەوری ئێران لە هێرشەکانی حوسییەکان دەبێ بۆ هەموو ئەو کەسانەی چاوی دیتنیان هەیە ئاشکرا بووبێ. ئەو پاپۆڕەی لەو دواییانەدا دەستی بەسەردا گیرا، دەبێ تەنانەت قەناعەت بە گوماندارترینەکان بێنێ، بەڵام، بەڕاستی کەس بڕوا دەکات کە حوسییەکان، زیاد لە هەموو کەس ئەو حوسییانە، توانایی دروستکردنی هاژەکی دژە پاپۆڕ و کەلکلێ‌وەرگرتنی وەها کاریگەر لێیانی هەبێ؟ ئەو هاژەکانە لە ئێرانەوە هاتوون، و هەموو کەس ئەوەی لە سەرەتاکانەوە دەزانی.

شاردنەوەی ئەوانە لە پشت هێمای دژە ئیسرائیلی، خەیاڵێکی دڵخۆشکەرانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بووە، بەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئامانجەکە بیروڕای جیهانیی بۆ هەڵێنانی هەر جۆرە هەنگاوێک بۆ بەرپەچدانەوە، بەلاڕێدا بەرێ. ئەوە، ناڕاستەوخۆ هاندەری سەرەکی بۆ پارێزگاریی لە بەرنامە ناوکییەکەیان بووە. "تەنیا ئامانجی ئێمە لە چوون بەدوای چەکی ناوکی پاراستنی خۆمان لە ئیسرائیل بووە،" و " تەنیا ئیسرائیل و پشتیوانە ئەمریکاییەکەیان بە هێرشکردنە سەر بنکە ناوکییەکانی ئێمە، هەڕەشە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن،" کە بێگومان، "تەنیا ئامانجی ئاشتیخوازانەی لە پشتێ".

کە وا بوو، سەرەڕای هەموو ڕێگا گۆڕینەکان و شوێنەونییەکان، هێرشەکە بە ڕاستی بەڕێوەیە و، بێتوو وەڵامی جیددی و بەردەوامی نەدرێتەوە، وێدەچی بەربڵاوتر بێ و ئەوسا ئێمە دەستەوەستان دەمێنینەوە. ئەو بەرپەرچدانەوە دەبێ گەلێک لە لەنێوبردنی هاژەکەکانی حوسییەکان، یان تەنانەت هێرشی ئاسمانی سنووردار بەولاوەتر بێ. بێگومان ئەو دەبێ لە پەیوەندیی لەگەڵ پشتگیریی لە ئیسرائیل بۆ لەنێوبردنی حەماس لەسەر پێ بێ و ئامادە بێ ئەگەر، یان باشترە بڵێین کاتێک حیزبوڵڵا جارێکی دیکە سەر هەڵێنێ، درێژە بەو پشتیوانییە بدا. ئەوە پێویست دەکات پەیامێک بۆ تەماشاوانان، کە خەریکی سەیرکردنن، وەکوو فەڕانسە، ئیتالیا و ئیسپانیا، بنێردرێ کە ئەوانیش پێویستە تێکەڵ بن و تەنیا لە قەراغەوە چەپڵە لێ نەدەن.

ئەوە ڕەنگبێ هێندێک هێرشی ئاماندجاریش بۆ سەر سامانەکانی ڕێژیم بگرێتەوە، وەکوو هێرشی هاژەکیی لە ٢٠٢٠، کە بە فەرمانی سەرۆککۆماری ئەوکاتی، دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی بەدناوی سوپای قودس، قاسم سولەیمانی لەنێو برد. ئەوە بێگومان پارێزگارییەکی بەهێزتر لە تاقمە بچووکەکەی هێزەکانمان لە سووریە و عێراق و، هەروەها هێرشی ڕاستەوخۆیانەتری تۆڵەئەستێنانە دەخوازێ. ئەوە ڕەنگبێ بخوازێ بە نابەدڵی پاکستان هان بدەین وەڵامی هێرشی ئەو دواییانەی هاژەکی بۆ سەریان لەلایەن ئێران بدەنەوە.

بەڵام، لە سەرووی هەموو ئەوانەوە، پێویست بە گرتنەبەری سێ ڕێکاری کاتی جەنگ دەکات.

**یەکەم**. ئەوە بەو مانایەیە کە ئێمە بیرێکی جیددی لە زامی چڵکنی سنووری باشوورمان بکەینەوە و تێرۆریستەکانی سەر بە ئێران ڕاوەدوو بنێین کە هەر ئێستا دزەیان کردۆتە نێو خاکمان. ئەوە وەک شتێکی ناهومێدانە دێتە بەرچاو، بە تایبەتی کە ئێستا ئێف بی ئای چیدیکە ناتوانێ ئەو ئامانجە وەدیبێنێ. ڕەنگبێ پارێزگار ئابۆت بتوانێ یارمەتی ڕێنجێرەکانی تێکزاس بکات. هەر چۆنێک بێ، ئەوە دەبێ جێبەجێ بکرێ، ئێمە ناتوانین ئەو شەڕە ببەینەوە ئەگەر نەتوانین خۆمان لە ناوخۆ بپارێزین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**دووهەم**. ئەوە بەو مانایەیە كە ئێمە دەبێ هەنگاوی چالاكانە بنێین بۆ هاندان، پشتگیریی و بەهێزكردنی ئەو لایەنانەی ناوخۆی ئێران كە دژی ڕێژیمی هەنووكەیین. ئێمە دەزانین كە ئەوان هەن و پشتگیریی جەماوەرییان هەیە. لەو دواییانەدا، تەقینەوەی بۆمب لە گۆڕستانی كرمان، بەڵگەیەكە بۆ قووڵتربوونەوەی دوژمنایەتی دژی ڕێژیمە، سەرەڕای هەوڵەكانی ئایەتوڵڵا بۆ وێناكردنی ئەو ڕووداوە وەك پیلانێكی ئیسرائیلی یان ئەمریكایی. یەكێك لە مەزنترین ئابڕووچوونەكانی بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما كاتێك ڕووی دا كە ئێمە لە جیات یارمەتیدانی سەرهەڵدانی ٢٠٠٩، دەستەوەستان ماینەوە، هەمووی بە هیوای نابەرپرسیارانەی ڕێككەوتنی ناوكی كە هاندەرەكەی نەوەك كەتوارگەرایی سیاسی بەڵكو زۆرتر دوژمنایەتیكردنی ئیسرائیل و ترس لە كەوتنە نێو تەڵەی پشتیوانیی لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر بەرنامەی ناوكی ئێران بوو.

دەتوانێن زۆر شتی هاوشێوە لە بارەی وەڵامی بەڕێوەبەرایەتی هەنووكەیی بە نارەزایەتییەكانی دژی حیجاب لە ساڵی ڕابردوو بڵێین. ئێمە دەمانتوانی لەو كاتدا كاری زۆرتر بكەین، ئاستەمە بڵێن دەكرا كەمتر لەوەی كرا بكەین. ئاخۆ ئێمە دەتوانین ڕێژیمی ئێستا بڕووخێنین؟ لە باشترین حاڵەتدا، مێژوو پێمان دەڵێ ئالۆگۆڕێكی ئەوتۆ كەتوارگەرایانە نییە. بەڵام ئاخۆ ئێمە لانی كەم دەتوانێن ڕێگریی لە دەربڕینی خولیای خەڵكی ئێران بۆ گۆڕینی ڕێژیم نەكەین؟ بێگومان ئێمە دەتوانین ئەو كارە بكەین، بەڵام تەنیا كاتێك ویستی ئەوان وەپێش خولیای خۆمان بۆ جێبەجێكردنی ڕێككەوتنی ناوكی لەگەڵ مەلاكان بدەین.

**سێهەم**. ئێمە دەبێ، بە یەكجاریی هەر چەشنە ڕێككەوتنی ناوكی لەگەڵ ڕێژیمی ئێستا لە ئێران وەلا نێین. مافی نەتەوە سەربەخۆكان بۆ پارێزگاریی لە خۆیان، تەنانەت بە گەشەپێدان و بوونە خاوەنی چەكی ناوكی بابەتی كاتێكی دیكەیە، بەڵام وەدەستهێنانی چەكی ناوكی لەلایەن ڕێژیمێكی شەڕانگێزی ئیسلامی، كە بە تەمای سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچە و دەستڕۆیشتوویی لە هەموو جیهانی هەیە، نابێ قبووڵ بكرێ. هەر ئێستا دۆخەكە خراپە كە ناچارین لەگەڵ هەڕەشە ناوكییەكانی كۆرەی باكوور، چین یان ڕووسیە بژین، بەڵام ئەوانە ئاكامی هەڵەی ماوەیەكی زۆر لەوە پێشن. كاتێكی زۆر كەم ماوە بۆ پێشگرتن بە دووپات بوونەوەی ئەوە لەگەڵ ئێران، بەڵام ئەوە بە عەوداڵبوونی ساویلكانە بە دوای ڕێككەوتنی ناوكی ئۆباما ناكرێ.

هەنگاوی بچووكی دیكەش بە مێشكدا دێن. چەند پاپۆڕی ئێرانی نقوم بكەن، بە تایبەتی ئەوانەی ئاشكرا بووە خەریكی بە قاچاخ بردنی چەكوچۆڵ بۆ حوسییەكانن، ڕەنگبێ یەكەم هەنگاوی باش بێ. هەروەها یارمەتیی كەیفكردنی ڕێژیمی ئێران بە ئازاد كردنی چەند ملیارد دۆلار دراوی سڕكراو، نەدەین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کورت و پوخت، لە کاتێکدا کە شەڕەکە دەستی پێ کردووە، دەکرێ سنووردار بکرێ، تەنیا بێتوو ئێمە هەوڵ بۆ سنووردار کردنەکەی بدەین. ئێمە پێویست ناکات ئێران داگیر بکەین، بەڵام ئێمە ناچارین دەست بوەشینین. ئێمە دەبێ پارێزگاریی لەخۆمان بکەین و، کاتێک ئەو کارە بکەین، ڕەنگبێ بتوانین بیر لەوە بکەینەوە چۆن براوە بین.

ڕەنگبێ یەکێک دەبوو جۆ باین لە خەو هەستێنێ و ئەوەی پێ بڵێ.

## سەرچاوە:

https://spectator.org/we-are-at-war-with-iranian-mullahs/?utm_source=rss&utm_medium=rss&utm_campaign=we-are-at-war-with-iranian-mullahs

١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێویستیی ڕاستکردنەوەی بارە لارەکە



عەلی بداغی

ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی خاڵگۆڕانی مێژووی هاوچەرخی ئێران بوو. پاش ڕاکردنی محەممەدڕەزاشا لەو ڕێبەندانەدا شۆڕشی خەڵکی ئێران لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی بە هاتنەوەی خومەینی لە دوورخراوەیی سیاسی و خۆبەدستەوەدانی ئەرتەشی پاشایەتی سەرکەوت و کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک نیزامی سیاسیی جێگرەوەی پاشایەتی جڵەوی کاروباری وڵاتی گرتەدەست.

ئازادی، دێموکراسی، کرانەوەی سیاسی، نەهێشتنی گەندەڵیی، دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، کەمکردنەوەی کەلێنی کۆمەڵگەی هەژار و دەوڵەمەند، دەستەبەری ژیانێکی ئاسوودە لەسەر بنەمای وەدیهێنانی مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان، بایەخمەندیی تاک و کەرامەتی خەڵک کۆمەڵە ئامانجێک بوون کە ئەوکات زۆربەی هێزە سیاسییەکانی لە دەوری یەک کۆکردەوە هەتا ڕێژیمی پاشایەتیی پێ بڕووخێنن و نیزامی سیاسیی نوێی لە جێ دابنێن. بەڵام پاش ٤٥ ساڵ حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی بەرهەمی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ هەتا ئێستا قەڵتوبڕی سیاسی، نەبوونی هیچ چەشنە ئازادییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بێبەشیی خەڵک و کەمایەتییەکان لە مافە بنەڕەتییەکانیان، دارمانی ئابووری، گرانیی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەوسارپچڕاو و بێکاریی دوو لەسەر سێی حەشیمەتی وڵات، هەرەسهێنانی بایەخی دراوی نیشتمانی، قەیرانی ژینگە، هەڵتەکانی کۆمەڵایەتی و بێهیوایی خەڵک لە هەرچەشنە چاکسازی و گۆڕانکارییەک بووە.

ئەمڕۆکە نەک هەر خەڵکی ئێران بەڵکوو کۆمەڵگەی جیهانییش سەرەڕای هەموو سەرنج و تێبینییەکان لەسەر هاوکێشەکانی نەزمی جیهانی دەزانن کە کۆماری ئیسلامی مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئەمنیەت و سەقامگیریی جیهانە، ڕێژیمێک کە لە پێناو مەرامە سیاسی و ئیدئۆلۆژیکەکانی خۆی کە هیچ ڕەواییەتێکی لەلای خەڵکی وڵات نییە، هەم خەڵکی ئێرانی بەبارمتە گرتوە و هەم هەموو مافەکانی ئەو خەڵکەش پێشێل دەکات. ئەو دیکتاتۆرییە لە ماوەی نیزیک بە نیوسەدەی ڕابردوودا وڵاتی دەوڵەمەندی ئێرانی هێناوەتە سەر ساجی عەلی. ڕێژیمێک کە بە سەدان میلیارد دۆلاری بۆ پڕۆژەی ئەتومیبوون و پەرەپێدان بە پیشەسازیی مووشەکی و تێروتەیارکردنی ئەرتەشە نیابەتییەکانی لە عێراق، یەمەن، سووریە، لوبنان و فەلەستین خەرج کردوە، بەڵام دوو لە سێی خەڵکی وڵاتەکەی  خۆی بێئەنوا و نوقمی هەژاری و داماوین.

٤٥ ساڵ دوای ڕێبەندانی ١٣٥٧ کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆی پێ زلهێزی سەربازیی ناوچە و مۆدێلی هەرە سەرکەوتووی بەڕێوەبردنی وڵاتە. ئەوە کە ڕێژیمی ئێران توانیویەتی درۆنسازی و پیشەسازیی مووشەکیی خۆی پەرە پێ بدات و ئەم ئامرازەش بۆ ناسەقامگیریی سیاسیی و ئەمنییەتیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەکار بێنێت هیچ لەوە ناگۆڕێ کە ڕێژیم تەنانەت لەڕووی تێکنۆلۆژیی شەڕ و هەواڵگرییشەوە نەک لە پاش، بەڵکوو داڕووخاوە. هێرشی بەردەوامی ئیسڕائیل بۆ سەر بنکەکانی سپای پاسداران لە سووریە و کوشتنی گەورەبەرپرسانی سیاسی-نیزامی و ئەمنییەتیی ڕێژیم وەک قاسم سولەیمانی، موحسین فەخریزادە، حوسێن هەمەدانی، حەسەن سەیادحوسێنی، سەید ڕەزی مووسەوی و ڕیسواییەکانی هێرشی نیزامی و سایبێریی ئیسڕائیل بۆ سەر بنکە نیزامییەکانی ئێران لە نێوخۆی وڵات و دزینی زانیارییە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە بنکە ئەتومییەکانی و گواستنەوەیانی بۆ ئیسڕائیل تەنیا بەشێک لە داماوی و زەبوونیی نیزامی و ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامین. ئەوەندەش کە بۆ حاکمییەتی سیاسیی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات دەگەڕێتەوە، قەیرانی شەرعییەت، کارامەیی لە ئیدارەدانی وڵات، قەیرانی یەکیەتی و یەکگریی نێوخۆیی حاکمییەت و پشتبەستن بە دەزگای سەرکوت و سڕینەوە وەک تاکە ئامرازی ڕاگرتنی دەسەڵات خاڵە جەوهەرییەکانی ڕوومای سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێستادان.

لە وەها دۆخێکدا، بەڵام بزووتنەوە نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانیش کە لە دەیەی ٧٠ی هەتاوییەوە کەم و زۆر دەستیان پێ کردوە و لە نیوەی دووهەمی دەیەی ٩٠دا تەواوەتیی ڕێژیمیان کردە ئامانج و لە شۆڕشی ژینادا گەیشتە چلەپۆپەی خۆی، بەردەوامن، کەچی هەتا ئێستا بە ئاکام نەگەیشتوون. بەوپێیە لە ٤٥ ساڵەی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا چەند



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پرسیاری سەرەکی دێنە گۆڕێ کە چۆنە سەرەڕای هەموو قەیران و ناکارامەییەکانی ڕێژیم لە ئیدارەدانی وڵات و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان بەڵام کۆماری ئیسلامی هەیمەنە و دەسەڵاتەکەی هەر وا پاراستوە؟ هەروەها لە ئێستادا ئێران بەرەو کوێ دەڕوا و چارەنووسی خەڵک و کۆماری ئیسلامی کەی و لەکوێ یەکلا دەبێتەوە؟

لەمەڕ هۆکارەکانی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەبێ پێش هەموو شتێک قامک لەسەر هەڵبژاردنەکان و سەرقاڵکردنی دەیان ساڵەی خەڵک بەو گەمەیە بدوێین کە ڕێژیم هەم شەرعییەتی سیاسیی خۆی لێ وەرگرتووە و هەم وەک سوپاپی دڵنیایی دەسەڵاتەکەی بەکاری هێناوە. هەڵبژاردنەکان و هێشتنەوەی هیوای خەڵک بە چاکسازی لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدان و بەڕێوەبەری شانۆگەریی ڕکابەریی سیاسی لەنێوان باوەڕپێکراوانی خودی نیزام یەک لە سیاسەتەکانی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی و یەک لە ڕێکارەکانی بەتاڵکردنەوەی وزەی خەڵکی ناڕازی بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی بووە. ڕێژیم ئێستاش و لە مانگی سەرەتای ٤٦ەمین ساڵی حوکمڕانییەکەیدا بەتەمایە جارێکی دی لەو تاکتیکە کەلک وەرگرێ، ئەگەرچی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی خولی سێزدەهەم کە بە ڕکابەریی ئیبراهیم ڕەئیسی لەگەڵ دەنگی سووتاو (باطله) کۆتایی هات، دەسپێکێکی گرینگ بۆ کۆتاییهاتنی گەمە و سیناریۆیەکانی هەڵبژاردن لە ئێران بوو.

هۆکارێکی دیکەی بەردەوامیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پاوانکردنی ناوەندەکانی سەرەکیی دەسەڵات و هێز لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، بەتایبەت پاوانی داهاتی نەوت و گاز و سەرچاوە سروشتییەکانی وڵات بووە. سپای پاسداران، ئەرتەش، هێزە ئینتیزامییەکان کە هەرکام لەوان کارتێلی ئابوورییشن، لە تەنیشت تەراتێنی ناوەندە ئەمنیەتییەکان، دەزگای داد، ڕێکخراوی زیندانەکان و میدیادا هەموو ئەوانە ئامرازەکانی بەردەستی حاکمییەتی سیاسی بۆ کۆنترۆڵی ناڕەزایەتی و سەرکوتی هەرچەشنە دەنگێکی ڕەخنەگر و بزووتنەوەیەکی سیاسی و مەدەنی بوون.

هەڵبەت لەگەڵ ئەوەشدا سەرکوتی خوێناوی و بێبەزەییانەی دژبەرانی سیاسی وەک ئێعدام و تێرۆری دەیان هەزار چالاکی سیاسی و ئاخنینی بەندیخانەکان لە جیابیران و ڕەخنەگرانی وڵات دوو هۆکاری دیکەش یارمەتیی درێژبوونەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمیان داوە. یەکەم پرشوبڵاوی ڕیزی ئۆپۆزیسیۆن کە نەیتوانیوە وەک بەدیلێکی سیاسی خۆی دەربخا و بە ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک تەنگ بە ڕێژیم هەڵچنێ و بە پێچەوانە کەلکوەرگرتنی ڕێژیم لەو دۆخە بە مەبەستی قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکانی دژبەرە سیاسییەکانی. فاکتەرێکی دیکەش پشتیوانیی دەرەکی بەتایبەت دەسگرۆیی و هاریکاری سیاسی و ئابووریی زلهێزەکانی وەک چین و ڕووسیە و بەرژەوەندخوازیی سیاسیی بەرەی ڕۆژئاواشە کە نەیویستووە ئاراستەی هاوکێشەکان بە قازانجی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران بگۆڕێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

له ئێستاشدا که کۆماری ئیسلامی پێ دەنێته چلوشەشەمین ساڵی حوکمڕانییەکەی. پاشخانی نارەزایەتییەکان و دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا و بەردەوامییەکەی دۆخێکی نوێی له کۆمەڵگەی سیاسیی ئێراندا خوڵقاندوە، دۆخێک که نه سەرکوت و زەبروزەنگ، نه پشتیوانیی وڵاتانی دەرەکی و نه شەڕی نیابەتیی میلیشیاکانی کەمترین کاریگەرییان لەسەر ئیرادەی گۆڕانخوازانەی خەڵکی ئێران نییه.


۱۷ی ڕێبەندانی ۲۷۲۳

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دوكتور بێهروز چەمنئارا: ڕوحێكی یەكدەست و گوتارێكی یەكگرتووخواز لە كوردستاندا گەشەی كردوە كە بەستێنەكەی فەرهەنگییە



**دیمانە: دیاكۆ دانا**

**بەرایی:**

لە وڵاتـانی فرە نەتەوەی بندەستی نیزامی سیاسیی دیكتاتۆریـدا نەتەوەی باندەست هەمیشـە لە هەوڵـی ئەوەدایە مێـژوو، زمان و كولتووری خۆی بەسەر نەتەوەكـانی دیكەدا بسـەپێنێ و لە چوارچێـوی خۆیـدا بیـانتوێنێتەوە. یەكێـك لە ڕێكارەكـانی نەتەوەی باندەست بۆ تواندنەوەی نەتەوەكانی دیكە، چەواشەكردنی مێژوو، شوناس و هۆییەتی ئەوان و زاڵكردنی مێـژووی و شونـاسی خۆیەتی. وڵاتێكی فرەنەتەوەی وەكوو ئێران كە تێیـدا نەتەوەی فـارس باندەستی خۆی سەپاندوە، كەوتـووەتە ژێـر هەژمۆنیی ئەندێشە ئێرانشاری و مێژووی نەتەوەكانی دیكەی ئەو چوارچێـوە جوغرافیـاییە كە بە قەوم و عەشیرە و تـایفەی سەر بە فارس دەناسێندرێ، لە بەردەم تیغی تواندنەوەدایە. "كوردستـان"، بـۆ تـاوتوێكردنی ڕەوتـی ناسیۆنالیزمی فـارس لە تواندنەوە و چەواشەكردنی مێژووی نەتەوەكـانی دیكەی ئێران و كـاریگەریی نەرێنی لەسەر شوناسی ئەو نەتەوانە و ڕۆڵـی نەتەوەبندەستەكان بەتـایبەت نەتەوەی كورد لە بەرنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردەیە دیمانەیەكی لەگەڵ د. بێهروز



https://serchawe.com

چەمەن‌ئارا، مامۆستای زانکۆ و کارناسی بواری زمانەوانی و مێژوو پێک هێناوە .

**دیاکۆ دانا**: د. بێهرۆز هەروەک دەزانین لەو وڵاتانەی فرە نەتەوەن بەڵام حاکمییەتی سیاسی لەواندا دیکتاتۆری و نادێموکراتیکە، یەکێک لە ڕێکارەکانی تواندنەوەی نەتەوەی ژێردەست لەلایەن نەتەوەی باندەستەوە چەواشەکردنی مێژووکەیەتی. جەنابتان چۆن باس لەو دیاردەیە لە مێژووی ئێراندا دەکەن؟

**دوکتور بێهروز چەمەن‌ئارا**: لێکدانەوەی ئەمە لە بەستێنی ئێراندا دەکرێ لە چوارچێوی هزری و بیرۆکەی لاکلاو و موفە کەلکی لێ وەرگرین. باس لەوە دەکەن دەزگای حاکم، دەزگایەکە هێزی پێیە و هێژمۆنی بەکار دێنێ و بەجۆرێک لە هێزی ئابووری، فەرهەنگی، سیاسیی، نیزامی، پەروەردە و هتد کەلک وەردەگرێ. لەڕاستیدا بۆ مسۆگەرکردنی هێزی خۆی و بە هەمووان وا پیشان بدا کە هێزەکەی هێزێکی ڕەوایە. یەکێک لەوانە کاتێک بیەوێ لەگەڵ ئەوی دیکە کە دژ بە دەسەڵاتی خۆین و دەتوانن، ئەو نیزامی حەقیقەتە و ئەو مێژووە مەبەستمانە، نیزامی حەقیقەتە کە خەریکە سەریەکی دەخا و دەستکردە، وەسەریەکی دەخا و دەیەوێ بیسەپێنێ، بیفرۆشێ بە بەردەنگ یان بە شارووماندی وڵات کە لەژێر حاکمییەتی ئەودا خەریکن دەژین و دەتوانێ بە چەند جۆر مێژوو، بەهاکان و ئەزموونەکانی ئەوان چەواشە بکات. یەکێکی دیکە ئەوەیە لەڕاستیدا، دیگرێتی دەکا، یانی بەهای فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە دادەبەزێنێ. واتە هەوڵ دەدا لە ڕێگای دابەزاندنی شوناسی فەرهەنگی یان نەریتەکانیان، بەشێوەیەکی کرداری ئەو گرووپە یان ئەو دەستە مرۆییە و نەتەوەییە لە شوناسەکەی خۆی بێبەش بکات کە دیارە لە ڕێگای مێدیاکانەوە ئەو کارە دەکات، لە ڕێگای فەرهەنگی گشتییەوە، ڕەدکردنەوەی هەر جۆرە هاوبەشییەکیان لە بابەتگەلی فەرهەنگی، یان بێبەشکردنیان لە دەستگای پەروەردە دەتوانن ئەم کارە بکەن. هەڵبەت ئەمە تەنیا لەڕاستیدا وەکوو ئەو خاڵە کە دابەزاندنی بەهای شوناسی فەرهەنگییە. یەکی دیکە ئەوەیە کە مێژووی فەرهەنگییان بسڕێتەوە یان ئەگەر ناتوانێ تەنانەت بیسڕێتەوە، بتوانێ بە شێوەیەک چەواشەی تێدا دروست بکات. ئەوە دیسان لە ڕێگای ئەوەیە پێوەندی من لەگەڵ دەزگای پەروەردەیەک کە بتوانێ من لەگەڵ ئەزموونەکانی ڕابردوو یانی باوک و باپیرانم، من بە ئەوان پێوەند بدا، چی دەکا؟ دێت ئەم پێوەندییە دەبڕێ یان ناهێڵێت یان بەشگەلێکی وەکوو سانسۆڕ شیپیان بخاتە سەر کە من نەتوانم لەگەڵ ڕابردووی خۆم پێوەندی ڕاستەوخۆ یان ڕێکوپێکم هەبێ.

جۆری دیکەی سەرکوتکردن، بەیانی فەرهەنگییە. یانی سانسۆڕی تێدا هەبێ بە هەموو شێوەکان، لە فۆڕمگەلی هونەری، زمانی، فەرهەنگی هەر جۆرە بەشدارییەکی خەڵک لە داب و نەریتی خۆیان لە ڕێوڕەسمەکانیان، بەرهەمهێنانی زمانی شێعر، ئەدەب و هەر شتێک وەکوو ئەوە و لە هەر شتێک کە جێگای ڕاهێنانی فەرهەنگی هەبێ. قەدەغەکردنی زمانی یان دانانی سزا بۆ هێندێک لە پراگتیزگەلی فەرهەنگی، لەڕاستیدا هەر ئەو سەرکوتکردنی بەیانی فەرهەنگییە و سەرکوتکردنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پراکتیزی فەرهەنگی ئەو نەتەوەیەیە.

جۆری دیکە لەڕاستیدا نوێنەرایەتیی سنووردارە. یانی دێت تەواوی ئەو گرووپ و نەتەوەیە کە لە دڵی حاکمییەتەکەدا خەریکن دەژین، بەجۆرێک مێدیاکانیان سنووردار دەکاتەوە، بەجۆرێک کەشی فەرهەنگی و گشتیی هەوڵ دەدا لێیان بستێنێتەوە و بێبەشیان بکات بۆ ئەوەی کە نەتوانن خۆیان نوێنەرایەتی بکەن یان نوێنەرایەتییەکەیان سنووردان بکەنەوە. یان بەشێوەی دیکە لێیان وەردەگرنەوە و یانی نوێنەرایەتی فەرهەنگیان لێ دەستێننەوە و کەسانی دیکە کە لە خۆیانن و لە حاکمییەتن دەیانکەن بە نوێنەری فەرهەنگیی ئەوان. یانی لە جێگای ئەوەی کورد نوێنەرە ڕاستەقینەکانی ئەوان ببنە هی ئێمە لە ئێران، هێندێک لەوانە بەهۆی سانسۆڕ بەهۆی جیاوازی فەرهەنگی و فیکریی و... بوونی دەزگاگەلی سانسۆڕی جۆراوجۆر لە مەیدانی سیاسیی ئێران لادەبردێرن و کەسانی دیکەش کە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی خەڵک ناکەن، دەبن بە نوێنەریان. ئەمە دیسان یەکێک لەو ڕەوشگەلەیە کە "شانتاڵ موفە" باسی دەکا و ئێمە لە ئێران جۆرەکانی دەبینین. بەڵام شتێک کە زۆر سەیرە ئەوەیە کە گرووپگەلی مرۆیی لە تەواوی جیهاندا کە دەکەونە بەر ئەم چوار پێنج جۆرە لەڕاستیدا بێبەشی، سەرکوت و لابردن و هتد لە فۆڕمێک کە پێواژۆیەکی زۆر پێچاوپێچ و زۆر سەیر و سەرنجڕاکێش، هەوڵ دەدەن بەجۆرێک خۆڕاگری لە خۆیان پێشان بدەن. یانی جۆرێک بەرخۆدانی فەرهەنگی ئەگەر بتوانن سیاسی و گوتاری بێ باشە ئەگەر هەمیشە، بەجۆرێکی فەرهەنگی خۆیان لە سەنگەری بەرگریدا دەبینن. هەوڵ دەدەن بەشێوەی نەرم لەبەرانبەر حاکمدا خۆیان بپارێزن. واتە هەوڵ دەدەن، لە سەنگەری، فەرهەنگی، هونەری و ئەدەبی و بزووتنەوەگەلێک کە زۆرتر پاڵپشت و لەڕاستیدا دەرخەری جۆرێک لە بەرهەمی فەرهەنگییە خۆیان دەبیننەوە و هەوڵ دەدەن لە بەرامبەر بێبەشبوونی فەرهەنگییە خۆیان بپارێزن.

لە ئێراندا، ئێمە لەگەڵ هەمووی ئەو شتانە کە باسم کرد، ڕووبەڕووین و بەرەوڕووی هەموویان هێزێکی گەورەی بەرخۆدانی فەرهەنگی بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات، چ لە حەوزەی زمان، چاپەمەنییەکانی کوردی کە دەبینین چەندە گەورەیە دیارە و چ لە حەوزەی دیاردەیەکی وەکوو نەورۆز دەبینین لە زۆربەی شارەکان لە کوردستان جێژنگەلی زۆر گەورە بەڕێوە دەچی و لە شارە کوردەکان لە نێوەڕاستی ئێران و شارەکانی دیکەوە، خەڵک لەوێ ڕادەکەن و بۆ نەورۆز دێن بۆ کوردستان، دێن بۆ ئەوەی کە ببینن خەڵکی کورد، چۆن خەریکن جێژنی نەورۆز دەگرن. ئەمە لەڕاستیدا بووە بە جۆرێک کە ئاڵاهەڵگری بەرخۆدان و ئەو خۆڕاگرییە لە بەرانبەر هەوڵی سیستماتیکی حاکمییەتی لەنێوبردنی مێژووی فەرهەنگی و مێژووی کوردی.

**نووسینەوەی مێژووی چەواشە و هەوڵی تواندنەوەی ئەو نەتەوانە لە نەتەوەی سەردەستدا چەند توانیویەتی حاکمییەتی سیاسیی سەقامگیر بۆ ناوەند بەدیاری بێنێت؟ یان چ پێگەیەکی تایبەتتر بۆ ناسیۆنالیزمی فارس دەستەبەر کردوە؟**

لەڕاستیدا هەر کەسێک کە خۆی لە حاکمییەت دایە، بەو سەریەکبەندی و ڕێکخستنی نیزامی مەعریفەتی و حەقیقەتی خۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ پاراستن و بۆ پێناسەی خۆی لە جیهانی سەردەم، کێشانی پێوەندییەکی مێژوویی بەرەو ڕابردوو یانی باوک و باپیرانی خۆیان هیچ کەسێک کە سەریەکبەندییە بە چەواشە نابینێ کاتێک کە بۆخۆی دەیکا. تەنیا ئەوانەی کە دژی ئەوەن و لە پەراوێزدان و بەشێوەیەکی زۆرەملی خراونەتە پەراوێزەوە، لە جۆری ئەم سەریەکبەندییە و وەکوو چەواشە ڕەخنە دەگرن. بەڵام ئەوەی کە لە دەسەڵاتی سیاسیی لە ئێران بۆ مێژووی خۆی دەیکا لەڕاستیدا جۆرێک لە مێژوو و نیزامی حەقیقەتییە، حاکمییەتی هێزی ئێستا و لەپێناوی قازانج و بەهرەی خۆیەتی. ئەگەر ئێمەی کوردیش دەسەڵاتمان هەبێ بمانەوێ ئاماژە بە مێژوو بکەین، بەدڵنیاییەوە ئێمەش دەست بۆ جۆرێک لە ڕێکخستن و سەریەکبەندی مێژوویی دەبەین کە لەگەڵ خۆمان بگونجێ. یانی بەشە مێژووییەکانی هەمیشە کەمێک کەمڕەنگتر دەکەینەوە و بەشە ڕوونەکانی گەورەتر و ڕەنگە سەدان ساڵ مێژووی بزر هەبێ بەسەریدا تێدەپەڕین وەکوو فارسەکان وایان کردوە بۆ ئەوەی کە زۆرینەی خەڵک وەدوای گێڕانەوەیەکی یەکدەست کە پاڵپشتی خەڵکەکە و ڕوحی گشتی هێزەکەی ناوەند بکات، بکەون. ئەمە شتێکە لە هەموو جیهان باوە و مێژوو هیچکات وەکوو خۆی نانووسرێتەوە. مێژوو خاڵگەلی لێکبڕاو و لێکپچڕاون کە هەر یەک لە زەمانێک لەلایەن کەسێک یان کەسانێک کە پێوەندی تایبەت یان پێگەیەکی تایبەت لە دەستگای هێزدا هەبووە. بۆ مەبەستی تایبەت نوسراوە و ئێستا ئێمە لە دوای دەیان و سەدان ساڵ ئاماژە بە خاڵێک دەکەین کە ڕێک نازانین چۆن بووە و دەوروبەرەکەی چۆن بووە، ڕۆژەکانی پێش و پاشی ئەو چۆن بووە و خەڵکی ئەو سەردەم چۆن بووە. لەڕاستیدا ئێمە خەریکە ڕووداوێک لە بەستێنێکی زۆر ئاڵۆز کە هی هەزاران ساڵ لەوە پێشە، دێنین سەریەکبەندی دەکەین و دەیکەین بە بەشێک لە مێژوو. واتە چون مێژوو وەکوو خۆی نانوسرێتەوە و بە قسەی "میشێل فۆکۆ"، دوورینەوەی بۆشاییەکانە بە یەکەوە. بۆیە بەشی هەرەزۆری گێڕانەوەکانی ئێمە، بۆشاییەکانە. بەڵام ئێمە دێن پردیان بەسەردا دەبستین و دەیانکینە مێژوو. واتە ئەگەر زۆر زۆر چەپ و زۆر ڕەخنەگرانە بڕوانین بۆ مێژوو، یەک مێژوو بوونی نییە و هەموو مێژووییەک سانسۆڕ و چەواشەکاریان تێدایە. بەڵام حاکمییەتی سیاسیی بۆ سەقامگیرکردنی هێزی خۆی و بۆ یەکانگیرکردنی هێزی خۆی، پەیکەرەی گشتیی خەڵکەکە لەگەڵ دەزگای فیکری خۆی، ئەم کارە دەکا. ئێران توانیوییەتی، بەتایبەتی لە سەردەمی مۆدێرن و لە دوای مەشرووتە، دەستڕاگیشتن بۆ بەشگەلێک لە مێژوو، وەرگرتن و ڕەدکردنی هێندێک لە مێژوو، یانی لە سیستەمێکی ڕەد و قبووڵ توانیوییەتی جۆرێک لە مێژوو پێشنیار بکات کە لە دەزگای پەروەردە و فێریماڵەکان بکات کە ئێستا دەبینین لە دوای چەند دەیە، لەگەڵ ئەو نیزامی حەقیقەتە ڕاهاتوون و ئەوانەی کە ڕانەهاتوون، ئێمە دوور لە پەراوێز و دوور لە ناوەند و دوور لە گێڕانەوەی حاکمییەتی سیاسیی ئێستا و پێشوو یانی سەردەمی پاشایەتیی جێمان گرتووە و خۆمان لە سەنگەرێک ڕووبەڕووی ئەواندا دەبنین. من لەسەر ئەو باوەڕەم سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی، پەروەردەیی لە ئێراندا توانیویەتی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بۆخۆی مێژووییەکی نەتەوەیی، لە فۆرمی پەروردەیی پێشنیار بکات. لە دەزگای پەرورده بتوانێ پەروردەی بکات و خەڵکەکەی خۆی فێر بکات و بتوانێ بە دەوری یەک گێڕانەوەی یەکانگیر کۆیان بکاتەوە. ئەگەرچی کارێکی زۆر زۆر ئاستەم بووە و ئێران وڵاتێکی چەند نەتەوەییە و عەرەب، کورد، تورکی، تێدایە کە ئێرانی نین و بەڕاستی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

له سەردەمی شا و ئێستاش له سەردەمی کۆماری ئیسلامی، کارێکی زۆر زۆر ئاستەم کراوە و ڕەخنەکان خەریکن خۆیان پیشان دەدەن و گێڕانەوەکان خەریکن ڕاست دەبن و گوتاری سیاسیی و دابەزینی ڕەوایی سیاسی بۆتە هۆی دابەزینی ئەساسیی گێڕانەوەکەیان و ئێستا دەبنین هەر یەک و له گۆشەیەک، دەنگی جیاوازی خەریکن هەڵدێنن و هەر یەک له بەشەکان خەریکن دەنگی خۆیان هەڵدەبڕن و گێڕانەوەکی خۆیان خەریکن یەکدەست دەکەن.

**دیاکۆ دانا**: به باوەڕی ئێوە ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ئێرانیگەری و هەروەها مێژوونووسیی ئێرانی چەندە ئیدئۆلۆژیک و دەمارگرژە؟

**دوکتور بێهروز چەمەنئارا**: گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانی به سەرچاوە و نێوەڕاست و سەر لووتکەی، نەزەرکەردەی خەڵک و سەر گۆی زەوی چاو لێ دەکا. واته خاکی ئێران به ناوی ئێرانویچ و ئێرانشار پیرۆزترین خاکی جیهانە، چاوی جیهانە و، پادشای ئێران گەورەترین پادشای جیهانە و خەڵکی ئێران باشترین و پاکترینن، نەجیبترینن و ئەوە جۆرێکە له شۆڤنیزمێکی مێژوویی کە له ئەدەبیاتی کلاسیکدا بوونی هەبووە و له سەردەمی مۆدێرنیشدا له ئەدەبیاتی مۆدێرندا هەیە. له شاهنامەی فێردوسیدا دەتوانین ئەوە ببنین. له دەقگەلی پەهلەویی سەردەمی ساسانی کە به واستە بە دەست ئێمە گەیشتوون دەتوانین ببینین. هەروەها له مێژووی سەردەمی مەشرووتە له مێژوونووسی سەرەتای مەشرووتە و دوای ئەوە، سەردەمی پەهلەوی و هەنووکە کۆماری ئیسلامی ئەوە دەبینین. ئێستا ئەگەر سەرنج بدەن ئێران نەک له ڕووی پیرۆزییەوە ئێران بەڵکوو له ڕووی ئیسلامییەوە گوتارێکی دیکە پێوە زیاد کردوە و، ئێران وەکوو "ام القری" ئیسلامی دایکی موسڵمانانی جیهان ناو دەبات و دیسان هەموو جیهان ئیسلام وەکوو مەکە، مەدەینە، نەجف و... هیچیان نەمێنن هیچ خەسارێک به جیهانی ئیسلام ناگات، بەڵام ئەگەر تاران نەمێنێت هەموو جیهانی ئیسلام لەنێو دەچێ. بەڵام ئەم وێنە دەمارگرژانە و ئەم جۆرە له نەخشاندنی ئێران وەکوو سەر لووتکە و ناوەندی هەموو جیهان، وەکوو ئەوانە کە هەمیشە سەروگەردنێک له هەموو جیهان بەرزترن، هەمیشە هەر بووە و له ئەدەبیاتیشدا وەکوو ئاوێک له هەمان گۆزە دێ، ڕەنگی گۆزەکە و تامی گۆزەکە دەگۆڕێ و زۆر ئیدیۆلۆژیک دیارە.

**دیاکۆ دانا**: مێژوونووسیی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان له چ دۆخێکدایە؟

**دوکتور بێهروز چەمەنئارا**: له مێژوونووسی و چەمکی بەرنگاربوونەوە لەگەڵ سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن من وەکوو مێژوو له وەکوو جۆرێک له بەرگریی فەرهەنگی زۆر زۆر بەهێزی دەبینم له گوتاری کوردیدا، بەڵام نەوەک مێژوونووسی. ئێمە بەڕاستی یەکێک له کێشەکانمان، ئەوە بووە کە له ڕووی خەباتی زمانی، سیاسی و فەرهەنگی زۆر زۆر بەهێز بووین. یانی پراکتیسی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

فەرهەنگیی ئێمە زۆر زۆر باش بووە و پێوەندییەک کە بۆ ساڵانێکی زۆر لە سەردەمی شاوە بڕیار بوو، نەبوونی مێدیا و سانسۆڕ شیپی زۆر بەهێزی عەقیدەتی ئەوانە سەپێندراوە بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا، لەلایەن حاکمییەتی ناوەندی لە تاران، جیاوازیی خستن لەنێو کورد وەکوو شیعە و سووننی و ئەم پارێزگا و ئەو پارێزگا، یان ئەوە کوردی ئەسڵە و ئەوی دیکە کوردی کاغەزییە و هتد ئەم وێنەگەلە هەر بووە. بەڵام ڕوحێکی یەکدەست و گوتارێکی یەکگرتووخواز لە کوردستان گەشەی کردوە کە بەستێنەکەی بەستێنێکی فەرهەنگی بووە. بەڵام ئەگەر واش تەماشای بکەین، کە ئەم ڕوحە و ئەم گەشەکردنە ئەم بەرخۆدانە فەرهەنگییە تا چەندە سەرکەوتوو بووە لە نووسینی مێژووی کورد کە بتوانێ ڕووبەڕووی یەکدەستی ئەوان بێتەوە من زۆر بە سەرکەوتووی نابینم. یەک، ئێمە ئێستا کەسانێکمان هەن کە کتێبی مێژووی کورد دەنووسن، یان مێژووی بزرکراوی کورد، بەڵام بەداخێکی زۆر گرانەوە، پسپۆری ئەم بوارە نین و بابەتگەلێک دەنووسن و لە چاپی دەدەن و دەیخەنە بەر دەستی خەڵکەوە، ڕەنگە بۆ ماوەیەک خەڵک دڵخۆش کەن و کتێبەکان بفرۆشن و لە میدیاکان دەربکەون. بەڵام ئەوە خۆی دیسترۆشنێکە کە لە داهاتوودا دیسان بەرۆکی خەڵکەکە دەگرێ. خەڵکەکە خەریکن بە زانیاری ناڕاست تێر دەبن. هەست بە خۆشحاڵی، هەست بە ئەو مێژووی بەر لە خۆیان نییە و خەریکە لەلایەن دەزگای سیاسییەوە بەسەریاندا دەسەپێ و، بەوە دڵخۆش دەبن و، ئەمە هەڵەیە. چەند دەستەمان هەن، دەستەیەک زۆر نیزیک لە مێژووی دەستکردی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران کار لەسەرمێژووی کوردی دەکەن. هێندێک کەس لە فۆرمی دارشتنی مێژووی نەتەوەیی ئەوان کەلک وەردەگرن و کۆپی دەکەن، هەوڵ دەدەن مێژووی کورد وەکوو ئەوان بنووسن. هێندێک کەس دێن بەتەواوی ئەوە دەسڕنەوە و دەڵێن من مێژووی خۆم دەنووسم، بەڵام بەداخەوە بەشێوەیەک کە بڵێی نە زمانە کۆنەکان دەناسن، نە دەتوانن ئاسەوارە کۆنەکان بخوێننەوە و نە دەتوانن بەباشی بەرنگاری ئەو ڕەخنەگەلە ببنەوە کە ئاکادیمیسیەنەکان ئەو ڕەخنانەیان لێ دەگرن و نە دەتوانن ڕەخنەی جیددی بگرن. بەشێوەیەک کە دەتوانن ئەوان ڕێژیم بڕووخێنن و بە ڕەخنەکانی خۆیان، دایبڕێنن. بۆیە ئەمن مێژوونووسیی کوردی بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات زۆر سەرکەوتوو نابینم، لە نەزەری من بەشی هەرە زۆر و بەشی زۆر پڕبایەخ و گرینگی بزووتنەوە و بەرگریی فەرهەنگیی ئێمە، هەر نووسینەوەی ئەو مێژووی کە لەگەڵ ڕێکخستن و سەریەکبەندی سەروەری ئێمە بەڵام هاوکات بە ئینتیباق لەگەڵ ڕووداوەکان و کتێبگەلێک کە چ لە جیهانی عەرەب و چ لە یۆنانییەکان و چ لە خودی زمانی فارسی و دەزگای مەعریفی لە خودی زمانی کوردی چی بەجێ مابێ دەبێ هەمووی ئەوانە یەک بگرێتەوە و ئێمە لە پێکهێنان و ڕێکخستنی و پێشنیارکردنی مێژوویییەکی بەهێز و بە بەڵگە تاوەکوو ئێستا بەو جۆرە کە چاوەڕوانی دەکرێ سەرکەوتوو نەبووین.

**دیاکۆ دانا**: جیا لە سیاسەتی ڕەسمیی حاکمییەت و گێڕانەوەی دەسەڵات لە مێژوو، بەڵام کۆسپەکانی دیکەی بەردەم مێژوونووسیی کورد لە ئێران کامانەن؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**دوکتور بێهروز چەمەنئارا:** ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەزگای پەروەردەیەکمان هەیە کە بەشەکانی لێکۆڵینەوەی کوردی لە کەم بایەخترینەکانن بەداخەوە. بەشی مێژوو زۆر زۆر کەمڕەنگ و بێ نوور و بێبەرنامەیە. حاکمییەتی کوردی، لە باشوور بەرنامەی تایبەت و گرینگایەتییەک کە شایانی ئەوە بێت نەیداوە بە ڕێژیمی حەقیقەتی کوردی بۆ بەرنگاربوونەوە لەگەڵ ڕێژیمەکانی دەورووبەرمان. ئەوەی کە لە ئێران دەیبینین، نووسینی مێژووییەک کە لەژێر تیغی سانسۆڕ دەربچێ، زۆر زۆر سەخت و ئاستەمە. زۆرێک لە کەسان هەن لە ئێران، دەتوانن بنووسن بەڵام لە ترسی سانسۆڕ نانووسن. زۆری دیکە دەنووسن بەڵام دەستیان بە شوێنێک ناگا. دەستڕاگەیشتنی کورد بە ئاسەوارەکانی کەمە. زۆر قەتیسە و هەروەک گوتم ئەو بەشی، سانسۆڕ شیپە کە لە چوارچێوی فیکرییەکەی، لە ڕوانگەی لاکلە و موفە هەروەک باسم کرد، یەکێکیان ئەوە بوو کە حاکمییەت ڕێگەی دەستڕاگەیشتنی لێ دەبڕێ و سنووردارت دەکاتەوە و ناهێڵێ تۆ خۆت ببینییەوە خۆت پەیدا بکەی. ئێستا زۆرێک لە بەڵگەکان لە ئارشیوی میلیی ئێران و لە کتێبخانەی مەجلیس و شوێنەکانی دیکەدا هەن. کوردەکانی خۆمان یان دەستڕاگەیشتنیان پێیان نییە، یان ئەوەی کە نازانن ئەسڵەن چی هەیە. من بۆخۆم زۆرجار هەوڵم داوە، لە گەنجینەی "آثار ملی" لە تاران دەستنووسێکی کوردی ببینمەوە. لە ڕووی نووسیویەتی "متن شعر به زبان ناشناس". من دەزانم ئەوە کوردییە و بە زاراوەی گۆڕانی نووسراوە بەڵام نایدەن بە من. یان پارێزگاری سنە لە ئێران سەندێکی لە بارەی کوردستان لە خودی پارێزگای کوردستان، بەشێوەی فەرمی نییە. تەواوی ئاسەواری مێژوویی ئێمە لەبەردەستی تاران دان و ئێمە ئەگەر بمانەوێ دەستڕاگەیشتنمان پێی هەبێ دەبێ لە ڕێگای هەمەدانەوە داوا بکەین بینێرن بۆ هەمەدان و ئێمە لە هەمەدان بینینین. واتە ئێمە دەستڕاگەیشتنمان بە ڕابردووی خۆمان ڕاستەوخۆ نییە و ئەوەش کە هەیە توانای مێتۆدولۆژیکی باشمان نییە، دیوی فیکرییەکی باش کە بتوانن وەکوو ئەندێشکەدەیک لەسەر کۆسپەکان و کێشەکان بیر بکەنەوە، بە مێتۆدۆلۆژییەک ئێمە بتوانین هەوڵ بدەین بۆ خوێندنەوەی تازە و ڕەخنەگرانە بۆ پێشگرتنی مێژوویەکی تازە بەداخەوە، ئاکادیمیای کوردیمان فەشەلە، زانکۆکانمان بەداخەوە بە هەندی وەرناگرن، دەزگای سیاسیمان کە کاری ئێمە نییە. ئەگەر بەرهەمگەلێک و هەوڵگەلێک دەبینین ئەوانە دەبێ لەژێر سانسۆڕ دەربچن. دەبێ ئەوەندە بەهێز و ئەوەندە وردبین بن کە لە پرۆسەی یەکسانسازی و پرۆسەی دیگرێنت و بێ ئەرزشسازی بەهاکانەوە لە هەموویان بتوانن گیان بدەر بن و ئەوەندەش توانایان بێ کە بتوانن خۆیان دابنیشین مێژوو بنووسن و ساڵیانێکی ساڵ دابنیشن کاتی خۆیان دابنێن بۆ نووسینی مێژووییەک و ئەوکات پێشنیاری بکەن. ئەوانە هەمووی کێشەکانی ئێمەن و هیوادارم داهاتوو ڕوونتر بێت و بتوانین بەشێ خۆمان ئەوەی لە ئەستۆمانە پێشکەشی کەین و بەجێی بێنین.

١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆترە سیخوڕەکەی هیندوستان و "کۆترەباریکە" و "کەڤووکێ" لە کوردستان




**دارسمە**

هیندوستان کۆترێکی بە گومانی سیخوڕیکردن بۆ لایەنی نەناسراو بۆ ماوەی ٨ مانگ لە قەفەسی تاکەکەسیی دەستبەسەر کرد و دوای ئەوەی ئەم کۆترە گومانلێکراوە، دانی بە تاوانی سیخوڕیکردن بۆ هیچ لایەنێکی بێگانەدا نەنا، لەلایەن دەسەڵاتی هیندوستانەوە ئازاد کرا.

پۆلیسی هیندوستان ٨ مانگ لەمەوبەر دوای ئەوەی چاوی بە دو ئاڵقەی بەستراو بە دوو پێی ئەم باڵندەیەوە کەوت، لە نزیک ڕۆخی شاری "مۆمبای" داییەزاندە خوارەوە و گرتی. ئەو ڕاپۆرتانەی سەرچاوەی هەواڵی خۆجێی بڵاویان کردوونەوە دەڵێن: چەند هێڵێکی نووسراوی وەک ئەوەی پیتی چینی بن، بەسەر باڵی ئەم کۆترە تۆمەتبارەوە دۆزراونەتەوە و کۆتری گومانلێکراو، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە بەخێرایی بۆ قەفەسێکی تاکەکەسی گوازراوەتەوە.

هاوکات لەگەڵ کۆتربازیی سیاسیی هندوستان، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەواڵێکی "سیخوڕاوی"ی گرینگی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند تۆڕێکی سیخووڕیی سەر بە مووسادیان لە ٢٨ وڵاتی جیهاندا دۆزیوەتەوە. هیچ بە دوور نیە ئەم تۆڕە


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێوەندیی بە "کۆتر"ەوە هەبێت.

لێرەدا نێوبڕێک دەخەینە نێو ئەم نووسینە کورتە و دوای ئەوەی پێتان دەڵێین مەبەست لە "سیخوڕاوی" ئەو دەستەواژەیەیە ماموستایانی ئەکادیمسیەنی کوردیزانی خۆمان پێی دەڵێن "سیخوڕئامێز". دەگەڕێینەوە سەر باسی سەرەکیمان. دیارە بۆ ئەم مەبەستە ڕەخنەیەکی توند لە ماموستا گۆرانی شاعیر دەگرین.

**ماموستا گۆران لە شێعرە بە ناوبانگەکەیدا لە جیات وشەی "خەیالاوی"یی دەستەواژەی "خەیاڵئامێز"ی دانەناوە و گوتوویەتی:**

"جادە چۆڵ و سێبەر بوو کاتی بەیانی

ئەڕۆیشتم "خەیالاوی" ئەمڕوانی

دوای "قوڕاویکردن" و "تۆزاویکردن" و "خۆڵاویکردن"ی لایەنگرانی شێوە ئاخافتنی کەسانی وەک ماموستا گۆران و "قوڕئامێزکردن" و "تۆزئامێزکردن" و "خۆڵئامێزکردن"ی کەسانێکی دیکە، لەم نێوبڕە دێینە دەرەوە و بە دەم گوتنەوەی گۆرانیی: "کۆترەباریکە من چیم پێ وتی/ داو لە شەقەی باڵ لێم دوورەو کەوتی"،

دەگەڕێینەوە سەر بابەتی سیخوڕی.

هەتا کاتی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم چەند دێڕە، هیچ هەواڵێک سەبارەت بە ئەشکەنجەکردن و خۆڕاگریی کۆترەکەی نێو قەفەسی تاکەکەسی لە هیندوستان لە میدیای خۆجێی و جیهانیدا سەبارەت بەم بابەتە بڵاو نەکراوتەوە. بەڵام ئەوەی بەرچاوە، دەگوترێت پۆلیس و دەزگای هەواڵگریی هیندوستان هیچ تۆمەتێکی بەدرۆیان بۆ ئەم کۆترە هەڵنەبەستوە. پۆلیس و دەزگای هەواڵگریی هیندوستان دەیانتوانی دوور لە چاوی ڕێکخراو و دامەزراوەی لایەنگری ژینگە و مافی ئاژەڵان سەری کۆترەکە ببرن و بیکوڵێنن و بیکەن بە چەلاو. دیارە چونکە کۆتر مرۆڤ نیە، دەزگا و مەزگای بەرگریکردن لە مافی مرۆڤی خوجێی و ناخۆجێیش ڕاگەیەندراوی دووروودرێژی "غیر التزامآور"یان بڵاو نەدەکردەوە و لەسەر شاشەی کامپیوتێر و سۆشیال میدیا بە توندییەکی زۆر توند شەرمەزاریان نەدەکرد.

جا کۆتر چیە؟ ئەم خەڵکە زۆر سەیرە باس لە گرتن و بەردانی "کۆترۆکە"یەک یان "کەڤووک"ێک دەکات. سیخۆڕی سەرکی لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە ئەوانەن گۆرانیی "کۆترەباریکە" و "کەڤووکێ" دەڵێنەوە:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

كەڤووكێ لێلێ لێللێ لێللێ لێللێ بووكا شینم وای وای
ئەز ئاشقێ لێلێ چاڤێ شینم وای وای.

ئەمە مەترسیە بۆسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. كێ دەتوانێت وردە كۆدی نێو ئەم گۆرانیانە بكاتەوە. ڕەنگە سیخوڕی سەرەكی ئەم "كۆترۆك" و"كەڤووك"ـەی كوردان بێت. هیچ بە دووری مەزانن ئەم گۆرانیە پڕ لە لێلێ و لۆلۆیە و وشەی بووك و باسكردن لە ڕەنگان و گلەیی و گازندە لە فڕینی كۆترە باریكە هەموو كۆد و شەفرە و ڕەمز بن و تەنانەت بە دووری مەزانن بەرزی و نزمیی دەنگی ئەو كەسانەی گۆرانیی "كۆترەباریكە" و "كەڤووكێ" دەڵێنەوە پێوەندیی بە كۆمەڵێك كۆدی سیخوڕیكردنەوە هەبێت.
بەم ڕوونكردنەوەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێت، دەسەڵاتی هەواڵگری و سیخوڕیی هیندوستان وەك دەسەڵاتی هەواڵگریی ئەو وڵاتانەی كوردیان بەسەردا دابەش كراوە، وریا و لێهاتوو نین.

هیندووستان لە كاتێكدا لە نێوان پاكستانی جوداییخواز و نەیار و چینی دەسەڵاتخوازدا دەژیێت، چۆن كۆترێكی مەترسیداری سیخووڕ دوای ٨ مانگ لێكۆڵینەوە بەرهەڵا دەكات؟

هەر لەم ئێرانەی بەشێك لە ئێمە كوردان لێی دەژیێن، دەسەڵاتی هەواڵگری ئەوەندە وشیارە، لە كاتێكدا لا لە كۆتران ناكاتەوە، ئەوانەی باسی كۆتر یان كەڤووك دەكەن، بە وردی دەیانخاتە ژێر چاودێرییەوە، دەستبەسەریان دەكات و دەیانباتە بەندیخانە و ئەگەر حەزی لێ بێت بە تۆمەتی گوتنی گۆرانیی "كۆترەباریكە" و "كەڤووكێ" و هەوڵدان بۆ بەڕێكردنی كۆدی هەركام لە پیت و وشە و ڕستە و تەنانەت شێوازی گوتنەوەی گۆرانییەكە، پێوەندیی دەستبەسەر كراوان دەگەڵ "سەهیونیزم" و "استكبار"ی جەهانی ئاشكرا دەكات.

لێرەدا لەبەرئەوەی زیاتر لە پەنجا ملیۆن كەسێك لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەزانن هەر نەبێت یەكێك لە دوو گۆرانیی "كۆترەباریكە" و "كەڤووكێ" بڵێنەوە و تێیان بگەن، ئەركی پیرۆزی دەسەڵاتدارانی ئەم دەڤەرە بۆ لەنێوبردنی ئەم هەموو سیخوورە ئاستەمتر دەبێتن.

هیچ بە دووری مەزانن "تن"ی "دەبێتن"یش كۆد بێت.

١٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## دلێرەکەی مەڵبەندی پیران (شەهید برایم شێخاڵی)




**برایم چووکەڵی**

لە یەک سەدەی ڕابردوودا بە هەزاران هەزار لاوی ئەم نیشتمانە لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا گیانی خۆیان بەختی بارەگای ئازادی کردوە. هاوکات چەند ئەوەندەش بە گیران، ئەشکەنجە و کێشانی زیندان، دوور خرانەوە، ئاوارەیی و دەربەدەری، سووتانی ماڵوحاڵیان تێچووی خەبات و خۆڕاگریی نەتەوەکەی خۆیانیان داوە. لە گۆشەی "هەگبەی شاخوشۆڕش"ی ئەمجارەدا یادی شەهید برایم شیخاڵی، قارەمانێکی ئەم مەیدانی خەبات و نەبەردییە دەکەینەوە.

شەهید برایم شێخاڵی ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە گوندی پەسوێی سەر بە شاری پیرانشار چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. ئەو پێبەپێی گەورەبوونی دەردی گەلی کوردی چەوساوە و هەژارانی کوردستانی نەک بە درووشم و قسە، بەڵکوو بە گیانودڵ چێشت. هەربۆیە لەسەرەتای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئیراندا بۆ خەبات و وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی خۆی و گەلەکەی هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەهید برایم شێخاڵی زۆر زوو نیشانی دا کە کوڕێکی ئازا و بەهیممەت و ڕۆڵەیەکی هەڵکەووتووی گەلی کوردە، بۆیە پاش ماوەیەک کار و تێکۆشان توانی وەک کادرێکی سیاسی لە ناوچەی پیرانشار و نەغەدەدا جێگای خۆی لەنێو دڵی پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەدا بکاتەوە.

برایم شێخاڵی نەک هەر کادرێکی سیاسیی باشی نێو کۆمەڵانی خەڵک بەڵکوو لە بەرەی شەڕ و تێکهەڵچوونەکان لەگەڵ ڕێژیمیشدا وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان لە مەیداندا بوو. ئەو پاش ماوەیەک لە سۆنگەی لێزانی و ئەزموونەکانی بە فەرماندەری لکی شەهید "مراد شیرێژ" لە هێزی شەهید ئەفشین دیاری کرا و ئەو بەرپرسایەتییە بوو بە هۆی ئەوە لە مەیدانێکی پان‌وبەریندا تێکۆشانی خۆی بەربڵاوتر بکا. هیندەی نەبرد کارزانی و لێهاتوویی برایم شێخاڵی بوو بە هۆی ئەوەی لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە وەک فەرماندەری هێزی شەهیدانی دیواندەرە دیاری بکری و ئەمجارەیان لە ناوچەی دیواندەرە دەرسی لەبیرنەکراو بە هیزەکانی کۆماری ئیسلامی بدا و زەبری گورچووبڕیان لێ بدات. پاش ماوەیەک کار لە ناوچەی دیواندەرە، لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاویدا لەلایەن حیزبەوە بە فەرماندەری هێزی شەهید نەحۆ لە ناوچەی ورمێ دیاری کرا و بەمجۆرە لە ناوچەیەکی دیکەی کوردستان ئەزموونەکانی خستە خزمەت سەرکەوتنی حیزب و هێزی پێشمەرگەوە.

شەهید برایم شێخاڵی لەهەر شوینێک و لەهەر دەرفەتێکدا بەرامبەر بە دوژمن قورس و قایم بوو. ئەو ئیمانێکی قوڵی بە سەرکەوتنی خەباتی خەڵکی کوردستان بوو، هەر بۆیەش گیان و ژیانی لەپێناوی بەختەوەریی نەتەوەکەیدا بەخت کرد. شەهید برایم لە حاند هاوسەنگەران و هاوڕێیانی و خەڵکدا هێدی و لەسەرخۆ و بەرانبەر دوژمنانی گەلی کورد لێبڕاو خۆڕاگر و نەترس بوو. حیزبی دێموکرات شانازیی بە خۆی دەکرد کە ڕۆڵەی وەک برایم شێخاڵیی لە ڕیزەکانی خۆیدا پەروەردە کردوە.

شەهید برایم بایەخێکی زۆری بە هێزی خەڵک و پشتیوانی ڕاستەقینەی جووڵانەوە دەدا و زۆر جاران بە هاوسەنگەرانی دەگوت: شۆڕش و جووڵانەوە کاتێک سەر دەکەوێ کە ڕیشەی لەنێو دڵی زەحمەتکێشان داکوتابێ، بۆیە گرینگییەکی لە ڕادەبەدەری بە پێوەندیی نێوان خەڵک و پێشمەرگە دەدا و هەمیشە هەوڵی دەدا ئەو پێوەندییە قایم و پتەوتر بکا، هەر بۆیەش خەڵک ئەویان وەک کوڕی خۆیان چاو لێ دەکرد و خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێ دەگرت، مخابن کە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد زۆر زوو ئەو ڕۆڵەیەی خۆی لەدەست دا. با چۆنیەتی شەهیدبوونی برایم شێخاڵی لە دەفتەری بیرەوەریی هاوسەنگەرێکیدا بخوێنینەوە:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"ڕۆژی ٧ی جۆزەردانی ١٣٦٤ی هەتاوی لە گوندی جیرمێ لە ناوچەی تەرگەوەر، بۆ حەسانەوە لامان دا. هەر ئێوارێ کاک برایم فەرماندە لکەکانی کۆ کردەوە و بەرزاییەکانی پی سپاردن. سەعات ٤ی بەیانیی ڕۆژی دواتر گرمەی ئارپیجی و قریشکەی بیکەیسی و قرمەی کلاشینکۆف بێدەنگیی ناوچەکەیان شکاند. ئەمن و کاک برایم لەگەڵ چەند پێشمەرگە بەرەو بەرزاییەکان هەڵگەڕاین. شەڕێکی نابەرابەر لەنێوان ئێمە و دوژمنانی ئازادی دەستی پێ کردبوو. لەگەل کاک برایم شێخاڵی لە بن بنچکە شیلانێک سەنگەرمان گرتبوو کە چەند جاشمان لێ وەدەر کەوتن. جێگای ئەوان قایم و شوێنی ئێمە ڕووتەن بوو. چەند هەنگاوێک مابوو بگەنێ لەپڕ دەسرێژیان لێ کردین و ئێمەش وڵاممان دانەوە. مخابن لەو کاتەدا گوللەی جینایەتکارێک سینگی پڕ لە تاسەی برایمی شێخاڵیی پێکا. گوللە وەک تەرزە بە سەرماندا دەباری، کۆڵەپشتییە دەرمانییەکەم کردەوە تا بتوانم دەرزییەکی خوێنبەستی لێ بدەم. گوتم کاک برایم تا دەرزییەکە ئامادە دەکەم دەسرێژێک بکە با نەگەنە سەرمان، بەڵام بەداخەوە ئەو کە بە هۆی خوێنڕێژی برستی لێ بڕابوو تەنیا توانی چەند گوللەیەک بتەقێنێ. لەودەمەدا سەری هەڵێنا و گوتی لێم نیزیک بەوە. مۆری هێز و چەند بەڵگەی لەنێو جانتابچووکە دەستییەکی دەرهێنا و گوتی ئاگات لێیان بێ نەکەونە دەست دوژمن. شەڕ تا دەهات گەرم و گەرمتر دەبوو. کاک برایم سەری هەڵێنا تا دەورووبەری خۆی تاقی بکاتەوە و ئاگاداری وەزعەکە بێ، بەڵام سەد مخابن لەو کاتەدا گوللەیەکی دیکە سەری گرت و بۆ هەمیشە دڵە پڕ لە هیواکەی لە لێدان کەوت.

١٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## چەرمی هەڵبژاردن ئاو بردوویەتی



**مەنسوور مروەتی**

هەرچی لە ڕێکەوتی ١١ی ڕەشەممە، ڕۆژی دیاریکراو بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و مەجلیسی خوبرەگانی ڕەهبەری نزیک دەبینەوە، لە لایەک ڕووداوی سەیروسەمەرە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان ڕوو دەدەن و لە لایەکی دیکەشەوە خامنەیی و دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی هەم ترسی زیاتر دایاندەگرێ و هەم قسەی هەلەقمەلەق دەکەن. ماوەیەکی زۆرە خامنەیی خۆی لە هەموو بۆنەکاندا دێتە سەر باسی هەڵبژاردن و داوا لە خەڵک دەکا کە لە هەڵبژادنەکاندا بەشداری بکەن. لە نموونەی ئەو قسە سەیروسەمەرانە ئەوە بوو کە ماوەیەک لەوەپێش و لە کاتی کوژرانی یەکێک لە بەرپرسانی سپای پاسداران لە سووریە بە ناوی ڕەزی مووسەوی، جیا لە هەندێ قسەی دژبەیەک لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە و یەک لەوانە بەڵێنیی تۆڵەکردنەوە لە ئیسرائیلییەکان، وەزیری نێوخۆی ئێران وتی؛ "دەکرێ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن خۆی بە جۆرێک تۆڵەکردنەوە لە ئیسرائیل بێ"!! یان ئەوەی کە "هەرکەسێک لە هەڵبژاردنەکان بەشداری نەکا، دژایەتیی ئیسلام و قوڕئانی کردووە"!! یان ئاخوندێک دەڵێ؛ "خەونم بینی قاسم سولەیمانی بە پەلە بەرەو سندووقی دەنگدان دەڕۆیی و لەوەش پێکەنیناویتر ئەوەی کە ئاخوندێک بە خەڵک دەڵێ؛ "ڕۆژی هەڵبژاردن ئیمامی زەمان لە سەر سندووقەکان چاوەڕێتانە!!"



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەمانە چەند نموونەیەکن لەو قسە سەیروسەمەرانە کە لە لایەک پێکەنیناوی و گاڵتەجاڕانەیە و لە لایەک نیشانەی ئەوپەڕی داماوی و نەبوونی ئیستدلالێکی وەها کە بتوانن خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان هان بدەن. ئاخر لەم وڵاتە بەڵالێدراوەدا بەرپرسانی ئەم ڕێژیمە لە هیچ ڕوویەکەوە کارێکی وایان نە بۆ ژیان و گوزەرانی خەڵک و نە بۆ پێشوەچوونی وڵاتەکە نەکردووە کە ئەوانە بکەنە نێوئاخنی قسەکانیان و بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆسەر سندوقەکانی دەنگدان، پشتی پێ ببەستن. کەواتە بەو حاڵەوە و بەو کاولکاریانەوە کە پاشی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتداری لە ژیانی خەڵک و وڵاتدا کردوویانە، کەی بە قسەی هەلەقمەلەق دەتوانن خەڵک بانگهێشتی سەر سندووقەکانی هەڵبژاردن بکەن. دەسەڵاتدارانی ڕێژیم باش ئاگاداری وشیاری سیاسیی خەڵکن و باشیش دەزانن کە جگە لە هێزی سەرکوت هیچ جۆرە هێز و نفووزێکی کۆمەڵایەتییان لە نێو خەڵکدا نییە و ئەگەر هێزی سەرکوتی دڕندانەیان نەبایە، لە مێژە لافاوی ڕق و تووڕەیی خەڵک ئەوانی خستبووە لاوە، جا ئیتر ئەم قسە سەیروسەمەرانە چ کەلێنێکیان بۆ دەگرێ مەگەر هەر خۆیان بزانن.

جیا لە هاندان بەو شێوازانەی کە باسمان کرد، هەندێ لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەستیان کردووە بە هەڕەشە لە خەڵک و دەیانهەوێ بەهەڕەشە و گوڕەشە خەڵک ناچار بە دەنگدان بکەن، وەک بڵێی لە هاندان زۆریان تێر خواردووە و ئێستا نۆرەی هەڕەشەیە. لەم بارەوە دەکرێ ئاماژە بە قسەکانی محەممەد حوسەینی، جێگری پارلمانیی سەرکۆمار بکرێ کە دەڵێ، "لە هەندێ وڵاتی وەکوو تورکیە خەڵک ئەگەر بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا نەکەن، سزا دەدرێن و لە هەندێ مافی کۆمەڵایەتییش بێبەش دەکرێن"!! یان دەڵێ، "هەروا کە کۆماری ئیسلامی پشتیوانی خەڵک بووە، دەبێ خەڵکیش پشتیوانی نیزام بن و دەبێ خەڵک بۆ پاراستنی نیزام بێنە مەیدان".

جارێ لە پێشدا ئەم جێگرەی برایمی ڕەئیسی دەبێ لە جیاتی هەڕەشە و گوڕەشە، شەرم لەو درۆ و دەلەسانە بکا کە دەیانکا. ئاخر لە کوێی دنیا – جیا لە ئێرانێک کە ئەمڕۆ ئەوان بۆ خەڵکیان کردۆتە زیندانێکی گەورە - خەڵک لە سەر بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن سزا دراون؟! بە تایبەتی لە وڵاتێکی وەکوو تورکیە کە بەنموونەی هێناوەتەوە. بە پێچەوانەی قسەکانی محەممەدی حوسەینی، خەڵک ئازادن لەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری دەکەن یان نایکەن. ئیتر لە کوێ دیتراوە کە خەڵک لە سەر بەشدارینەکردن سزا درابێتن و لە مافە کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەش کرابێتن.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەبێ باش لەوە تێگەییشتبێتن کە ئەم سەردەمە، سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکانە و بەهۆی تێکنۆلۆژی و دنیای بەربڵاوی ئینتەرنێتەوە خەڵک ئاگاداری ڕووداوەکانی چوار سووچی گۆی زەوین. وانیە کە بتوانن بە هەڕەشە و گوڕەشە و درۆ و دەلەسە خەڵک ناچار بە هاتنە سەر سندووقی دەنگدان بکەن. جیا لەوە خەڵکێک کە لە دەوڵەمەنترین وڵاتی سەر گۆی زەوی، بەڵام لە سایەی سەری دەسەڵاتێکی دز و گەندەڵ و دیکتاتۆرییەکی مرۆڤکوژ بەشیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بووەتە هەژاری و نەداری و بێکاری و دەیان و سەدان چەرمەسەری و قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، و هەرچەشنە ناڕەزایەتییەک بە گرتن و لێدان و زیندان و لە سێدارەدان جواب دەدرێتەوە، کوا و لەکوێ هەستیان بە پشتیوانیی نیزام کردووە کە ئێستا دەبێ ئەمانیش لە خەمی پشتیوانی لە نیزامدا بن. بۆ مەگەر هێشتا خوێنی کیژ و کوڕانی کوژراوی ئەم یەکساڵەی ڕابردوو بە شەقامەکانەوە وشک بووەتەوە کە بەرپرسانی ڕێژیم هەڕەشەی بەشداریکردن لە خەڵک دەکەن!؟ کاری ئەم ڕێژیمە گەییشتووەتە جێگایەک کە خەڵک تەنانەت بە دۆڕانی تیمی فوتباڵەکەشی شاد وخۆشحاڵن، ئیتر چ جای ئەوەی کە بە هەڕەشە و گوڕەشە و بە قسەی هەلەقمەلەق و گاڵتەجاڕانەی بەرپرسانی ڕێژیم بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممەدا بکەن.

بێگومان هەروا کە خەڵک لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بە هاتنە سەرشەقام و نیشاندانی ناڕەزایەتییان لەم ڕێژیمە، نامەشرووع بوونی ڕێژیمیان بە دنیا نیشان دا، ئەمجارەیان بە بایکوت کردنی هەڵبژاردنەکان و نەچوونە سەر سندووق، جارێکی دیکە و بە ڕێژەیەکی زیاترەوە پێداگری لەسەر ئەو نامەشرووع بوونەی دەکەنەوە.

**١٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نیسێی قورسی شۆڕشی ژینا لەسەر "تۆپانەکەی" ئێران




**عەلی بداغی**

دۆڕانی تیمی تۆپانەی ئێران لە یارییەکانی جامی وڵاتانی ئاسیا بە قەتەر و دەربڕینی شادی و خۆشحاڵیی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران، جارێکی دیکەش یاریی تۆپانەی کردەوە بە گۆڕەپانی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک دژبە کۆماری ئیسلامیی ئێران.

بەپێی ئەو ڤیدیۆیانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەبنەوە و هەروەها ئەو ڕوانگە و بۆچوونانەی دەیانبینین و دەیانبیستین، خەڵکێکی زۆر بە دۆڕانی تیمی تۆپانەی ئێران دڵخۆشن و ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا وەک قەقنەس و ژیلەمۆ زیندوو بوونەوە و گەشانەوەتەوە. هەروەک چۆن بە هەزاران کەس ئەو دۆڕانەیان پێشکێش بە "مێهران سەماک" کرد، یاریزانێکی تازەلاوی شاری بەندەرئەنزەلی کە دوای خۆشحاڵیدەربڕین بە دۆڕانی تیمی ئێران بە تیمی ئەمریکا لە یارییەکانی جامی جیهانیی پارەکە لە سەرماوەز و لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی گیانی لێ ئەستێندرا. یان تەنانەت لە دوایین دەرفەتی تیمی تۆپانەی ئێران کە تۆپەکە بەر دیرەکی دەروازەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قەتەر کەوت، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وایراڵ کرا کە ئەو دیرەکە مێهرانی سەماک بوو.

ئەم شادی و پێخۆشبوونە لە سەر شەقامەکان لە هەموو ئێران بەدی کرا. لە بەندەری ئەنزەلی، شارەکەی مێهران خەڵک بە هۆرن‌لێدانی ماشێن، لە بووشێهر بە لێدانی ئاواز و مۆسیقیی ناوچەیی، لە شارەکانی کوردستان بە شایی و گۆڤەند و بەگشتی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی بە نێو یەکتریدا و بەرزکردنەوەی دروشمی دەسەڵات و لە تەواوەتیی خۆیدا بە ڕەفتاری سیاسیی خۆیان پێشانیان دا تیمێک کە لە بەرەی خەڵکدا نەبێت و دڵی بۆ خەڵک و خەم و ئازارەکانیان لێ نەدات؛ نەک هیچ جێیەکی لە دڵی خەڵکدا نییە، بگرە بە دۆڕانەکەی شاد و دڵخۆش دەبن.

دیاردەی خۆشحاڵی‌دەربڕین بە دۆڕانەکانی تیمە وەرزشییەکانی ئێران لە کێبڕکێ جیهانییەکاندا لە ڕەوتی سەرهەڵدانەکەی شۆڕشی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) و بە یارییەکانی جامی جیهانیی ٢٠٢٢ی قەتەر دەستی پێ کرد، کاتێک کە دوای هەردوو دۆڕانەکەی ئێران بە تیمەکانی ئینگلیس و ئەمریکا کە ماوەی چوار دەیەیە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە شەیتانی گەورە و بچووک ناو دەبرێن، خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان و بە هەڵگرتنی ئاڵاکانی ئەم دوو وڵاتە پێخۆشبوونی خۆیان بە دۆڕانی تیمی وڵاتەکەیان بەوان ڕاگەیاند. ئەوکات کۆمەڵناسەکانی ئێران وایان شرۆڤە دەکرد کە بەهۆی سەرکوتی نارەزایەتییەکانی ژن، ژیان، ئازادییەوە ئەتمۆسفێری کۆمەڵایەتیی ئێران تووشی ژانێکی گەورە بووە و هۆکارەکەی بۆ دۆخی نێوخۆیی ئێران و پێوەندییەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵات دەگەڕێتەوە. وەک بینیمان ئەم ڕەفتارە بە درێژایی ساڵی ڕابردووش درێژەی بوو و لە دۆڕانی تیمی تۆپانەی ئێران بە قەتەر لە یارییەکانی جامی وڵاتانی ئاسیادا لە ئاستێکی بەرفراواندا خۆی دەرخستەوە. پرسیار ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە هۆکارەکانی چین و لە چییەوە سەرچاوە دەگرن؟ پەیامەکانی ئەم ئەکتە چین و چۆن دەکرێ وەک دەسمایەی بزووتنەوەی نارەزایەتیی سەرانسەری لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرفراوانتر بکرێتەوە؟

هەمووان دەزانن کە لە ئێراندا وەرزش وەک ئامرازێکی سیاسی-ئەمنیەتی لە پاوان و هەروەها لە خزمەتی دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە. هەمووان دەزانن کە ڕێژیم لە وەرزش، بەتایبەت یاریی تۆپانە کە زۆرترین لایەنگری لە ئێراندا هەیە زیاترین کەلکی سیاسی و کەڵکاژۆی حکوومەتی بۆ بەلارێدابردنی سەرنج و بیروڕای گشتیی خەڵک لە دیاردە و قەیرانە نێوخۆییەکان وەردەگرێت. هەمووان دەزانن کە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە بەرزترین ئاستدا دەستێوەردان لە وەرزش، تەنانەت لە چنینی کاراکتەرە وەرزشییەکانی ئێراندا دەکەن، وەک چۆن وریا غەفووری، عەلی کەریمی و عەلی داییەکان لەسۆنگەی هەڵوێستەکانیان و مانەوەیان لە بەرەی خەڵکدا جێگەیان پێ لێژ دەکرێ، بەڵام مەیدان بۆ کەسانێک ئاوەڵا دەکرێت کە لە بەرەی ڕێژیمدان و لە پێناو وەرگرتنی سکەیەکی زێڕ لە بەرانبەر ڕەئیسی،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرکۆماری ڕێژیمدا هەتا نێوقەد دەچەمێنەوە.

نموونەی کەلکوەرگرتنی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان لە وەرزش و تۆپانە بە مەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵکی وڵات لە دەسەڵاتەکەیان و، بەلاڕێدابردنی بیروڕای سەرنج و بیروڕای گشتی لە کەلێن و قەیرانەکانی نێوخۆ، و ئاسایی‌پێشاندانی دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتیی وڵات و تەنانەت سواربوون لەسەر شەپۆلی ڕەگەزپەرستی لە مێژوودا کەم نین، بەڵام ئەو دۆخە قەت نەیتوانیوە دەسکەوتێکی ئەوتۆیان پێ ببەخشێت. وەک سیاسەتی حکوومەتی فاشیستیی موسولینی لە تۆپانە لە جامی جیهانیی ١٩٣٤ی ئیتالیا، یان بەکارهێنانی تۆپانە لە جامی جیهانیی ١٩٧٨ی ئارژانتین وەک هەوڵێک لەلایەن ژێنەڕاڵ خۆرخە ویدلا دیکتاتۆری ئەو وڵاتەوە بۆ ئاساییکردنی دۆخی نێوخۆیی وڵات و زاڵبوون بەسەر نارەزایەتییە گشتییەکاندا؛ کە دیارە هەمووان دەزانن نەک دەسکەوت، بەڵکوو تەنیا شکست و هەرەسهێنانی خۆیان و دەسەڵاتەکەیان پێ بڕا.

بێگومان چییەتیی ئەو ڕەفتاری سیاسییەی خەڵکی ئێران بەتایبەت لە دوو ساڵەی شۆڕشی ژینادا گرێدراوی دۆخێکە کە تێیدا دەژین، لێکەوتە و دەرەنجامی کەلێن و مەودایەکی پڕ نەکراوەیە کە لە نێوان خۆیان و حکوومەتدا دەبیبین و نیشانەی هەرەدیار لە بێزاریی ئەوانە لە دەسەڵات و هەر ئەکت و بابەتێک کە پێوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەبێت، یان ئەوەی حکوومەت بیهەوێت لە بەرژەوەندیی خۆیدا بەکاری بێنێت. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە وای دانابوو تیمی تۆپانەکەی دەتوانێ بەسەر قەتەردا زاڵ بێت و لە یاریی کۆتاییشدا کە ڕۆژی پێش ٢٢ی ڕێبەندان دەکرێ سەرکەوتن بەدەست بێنێت و لەوە شۆیەکی مێدیایی ئیحساسی بۆ پەردەپۆشکردنی خەسار و قەیرانەکانی ٤٥ ساڵ حوکمڕانییەکەی وەرێ بخات؛ دۆڕاوی سەرەکیی ئەم گۆڕەپانە بوو.

٢١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# تیرۆری جوولەکەکانی وڵاتی سوئێد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە




ئامادەکردنی؛ ئیدریس هاشمی

هەڵسەنگاندنی وتارێکی "ئێکۆت) "Ekot بەرنامەیەکی ڕادیۆی سوئێد)، سەبارەت بە پلانە گومانلێکراوەکانی کوشتنی جوولەکەکانی سوئێد لەلایەن ئێرانەوە.

ژن و پیاوێکی ئێرانی کە بە ناسنامەی ئەفغانستانییەوە لە سوئێد مۆڵەتی پەنابەرییان وەرگرتبوو و دواتر دەرکەوت کە پلانی کوشتنی سێ جوولەکەی سوئێدییان هەبووەوە، لە چاپەمەنییەکانی سوئێد دەنگی دایەوە و بوو بە ناونیشان و مانشێتی وتاری هەواڵنێری و چاپەمەنییە گرنگەکانی سوئێد. یەکێک لەوانە بەرنامەی "ئێکۆت"ی ڕادیۆی وڵاتی سوئێدە کە زۆر بەوردی و دوورودرێژی توێژینەوەی لەسەر بابەتەکە کرد. یەکێک لەو بابەتانەی بە ناونیشانی "گومان دەکرێت ئێران پلانی کوشتنی جوولەکەکانی سویدی دانابێت"، لێرە هەڵدەسەنگێنین:

پێداچوونەوەی ئێکۆت ئاشکرای دەکات کە دوو بریکاری نهێنیی پەیوەندیدار بە دەزگای هەواڵگریی سەربازیی ئێران لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ساڵی ٢٠٢١دا سێ جوولەکە سوئێدییەکەی وڵاتی سوئێد یان تاووتوێ کردووە.

بۆ وێنە یەکێک لە ئامانجە دیاریکراوەکان (ئارۆن ڤێرستاندیگ) سەرۆکی ئەنجومەنی ناوەندیی جوولەکەکان بوو.
ئەو جووتە بە ناوەکانی "مەهدی ڕەمەزانی" و "فریشتە سانعیفەرد" لە مانگی ئەپریلی ساڵی ٢٠٢١ دەستبەسەر کران، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٢دا بەبێ ئەوەی داوای دادگا بەرز بکرێتەوە، دیپۆرتی ئێران کرانەوە.

بەڵگەکان بەس نەبوون بۆ لێپێچینەوە، بەڵام پۆلیسی ئاسایش و داواکاری گشتی بڕیاریان دا کە ئەو ژن و مێردە هەڕەشەیەکی ئەمنیی بەهەند و پشتگوێنەخراو بۆ سەر سوئێد درووست دەکەن.
پێداچوونەوەکە لەسەر بنەمای زانیارییە بەردەوامەکانە لە سەرچاوەکانەوە کە دەستیان بە لێکۆڵینەوە نهێنییەکان گەیشتووە.
زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێران پلانی داناوە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی لە دژی جوولەکەکانی سوئێد لەسەر خاکی ئەم وڵاتە.
پلانەکانی تیرۆرکردن وەک بەشێک لە دوژمنایەتیی ئێران بەرانبەر بە ئیسرائیل سەیر دەکرێت.
ڕەنگە دەرکردنی ئەو ژن و مێردە بۆ دوورکەوتنەوە لە قەیرانی دیپلۆماسی لە نێوان سوئێد و ئێران ڕووی دابێت.
پێداچوونەوەی ئێکۆت ئاشکراکردنێکی گرینگ و ترسناکە سەبارەت بە کردەوەکانی ئێران لەسەر خاکی سوئید. ئەوە نیشان دەدات کە ڕێژیمی ئێران مەترسی بۆ سەر هاووڵاتیانی سوئێد و بۆ سەر ئاسایشی سوید دروست دەکات.
پێداچوونەوەی ئێکۆت هەوڵێکی ڕۆژنامەوانیی گرنگە و باش جێبەجێ کراوە کە تیشک دەخاتە سەر هەڕەشەیەکی بەهەند لەسەر سوئێد و دانیشتووانەکەی.

شایانی باسە کە بەرنامەی ئێکۆت کۆمەڵێک بەرنامە و وتاری جۆربەجۆری خۆی تەرخان کردووە بۆ ئەم بابەتە. بەتایبەت بەرنامەی جیاوازی هەبووە سەبارەت بە دەزگای کۆچ و پەنابەریی سوئێد لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتە باس لەوە دەکات کە گوایە بە دزییەوە دەزگای کۆچ و پەنابەری ئاگادار کراوەتەوە کە ئەو دوانە سەر بە سپای پاسدارانی ئێرانن، بەڵام بەووەشەوە هەر مۆڵەتی مانەوەیان پێ دراوە.


ئەم بابەتە زۆر دوورودرێژە و گەلێک ڕۆژ بووە بە مژاری چاپەمەنی و هەواڵنێرییەکانی سوئێد.

٢٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پەیام و داهاتووی کوردستانی پێشەنگ و یەکگرتوو



ئەلبورز ڕووئین‌تەن

کارڵ پوپەر فەیلەسوفی ناوداری سەدەی بیستەم لە کتێبە بەناوبانگەکەی "کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی"دا سێ فەیلەسوفی ناوداری مێژووی فەلسەفە واتە ئەفلاتون، هێگل و مارکس لە ڕوانگەی جیاوازەوە دەخاتە بەر چەقۆی ڕەخنە و شیکاری. ئەو پێی‌وایە یەکێک لەو بوارانەی ئەو سێ فەیلەسوفە لە تیئۆرییەکانیان لە بواری مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە بە هەڵەدا چوون ناسینی کۆمەڵگە وەک ئۆرگانیزمێکی دیاریکراو کە هەڵسوکەوتێکی ڕوون و دیاری هەیە لە قوناغی جیاوازی مێژوودا. ئەو تێڕوانینە یەکێک لەو هۆکارانە بوون کە ئەو فەیلەسوفانە لە پێشبینییەکان بە هەڵە بچن، چونکە تایبەتمەندی هەر کۆمەڵگە و هەروەها جۆری هەڵسوکەوتی لە کات و ساتی جیاواز لەژێر کاریگەری سەدان فاکتەری جیاوازە کە لە بەرچاوگرتنی ئەو هەموو فاکتەرە مومکین نییە، هەر بۆیەش بە هیچ شێوەیەک بەتەواوی پێشبینی ناکرێت.

بۆ نموونە یەکێک لەو بابەتانەی کارل مارکس تێیدا بە هەڵە داچوو ئەوە بوو کە ژیانی مرۆڤایەتیی بە شەڕی نێوان چینەکان دەزانی و لە کۆتاییشدا سەرکەوتنی چینی کرێکار بە سەر چینی سەرمایەداریی پێشبینی کرد، کە نەک ئەو پێشبینییە ڕاست دەرنەکەوت بەڵکوو شەڕی چینایەتی کە ئەو پشبینیی کردبوو نە لە وڵاتی ئەڵمان کە لەدایک بوو، نە لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

فەڕانسە کە شۆڕشی تێدا کرابوو، نە لە ئینگلیستان کە تێیدا تێزەکەی داهێنا و مرد، نە لە ڕووسیەی لێنین و ستالینی سوسیالیستی؛ واتە لە هیچ شوێنێکی دونیا بەدی نەهات. تەنانەت لە کوبای سۆسیالیست کە ئێستاش لەژێر حوکمی دیکتاتۆری سۆسیالیستییە، هەژاری نەک بنبڕ نەکراوە، بەڵکوو ئەو وڵاتە تەنانەت یەکێک لە هەژارترین وڵاتی دونیایە. هەر وەک برتراند ڕاسل، فەیلەسوفی ئینگلستانی دەڵێ یەکێک لەو بابەتانەی مارکسی بە هەڵدا برد وەلانانی نەتەوە بوو. ئەو بابەتە کاریگەریی لەسەر زانایان و لێکۆڵەرانی کۆمەڵناسی دانا بۆ ئەوەی لە پێشبینییەکانیان لە مەڕ کۆمەڵگە زۆر ورد بن و زۆر جاریش هەر پێشبینی ناکەن، سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستییانە شرۆڤەی هەندێک تایبەتمەندی هەر کۆمەڵگە دەتوانێ ئەگەر بە کەمییش بێ تیشک بخاتە سەر داهاتووی ئەو کۆمەڵگەیانە.

ڕۆژهەڵاتی نیشتمان نموونەیەکی زیندووی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە لە ڕێگەی تایبەتمەندییەکانیەوە جیاوازییەکانی خۆی دەردەخات و ئەو جیاوازییانەش وا دەکات هیوا بە داهاتووی لەنێو هەموو تاکێک ببوژێنێتەوە. یەکێک لەو جیاوازییانەی لە کۆمەڵگەی ئێمە بەڕوونی دەبیندرێ هەستی بەرزی هاوبەشی نەتەوەییە، واتە خەمێکی ورمێ هەر زوو دەبێتە خەمی کرماشان و هەر ڕووداوێکی مەهاباد لە سنەش هەستی پێ دەکرێت، ئەوەش وای کردوە کە سەرتاسەری کوردستان لە هەر ڕووداوێکدا هەر زوو لە سەر ڕووداوەکان هاودەنگ و هەماهەنگ و هاوهەست بن.

توانای خۆڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردی بێوێنەیە، تەنانەت زۆر جار لە دامودەزگای حکوومەتییش باشتر دەتوانێ خۆی ڕێک بخات، ئەوەش نەکهەر بۆتە هۆی هیوای گەل بە داهاتوویەکەی لە هەر بوارێکەوە، لە هەمانکاتیشدا دوژمنی بەتەواوی ترساندوە و، ئەو ترسە ئەوەندە گەورەیە دوژمن بەردەوام لە هەوڵی سەرکوتکردنی دایە تا دیواری خۆڕیکخستنی گەل تێک بشکێنی؛ بەڵام گەل هەر ڕۆژ باشتر لە دوێنی لەو بوارەدا سەرکەوتووترە.

هەبوونی هەموو ئەو هەستانە لە چوارچێوەی تیزێکی کوردستانی و کوردی ئەوەندە بەڕوونی دیارە، کە توانیویەتی پیلانی سەد ساڵەی دوژمنان لە ژێنوساید و سڕینەوەی ناسنامەی کوردی پووچەڵ بکاتەوە، تەنانەت ئەو کوردیبوونە کاریگەریی لەسەر دەرەوەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیش داناوە کە هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەویستی بەرزتر لە هەر کاتێکی دیکەیە. هەموو ئەو ڕاستیانەی سەرەوە ڕۆژانە لە ڕۆژهەڵات دەبینین و دواترین تابلۆی ئەو شکۆی نەتەوەییە لە ڕووداوی ژێر ڕنوو کەوتنی شاخەوانانی نەغەدە لە شنۆ، ناشتنی تەرمی وەرزشکارە کۆچکردووەکە لە سەقز و هەروەها ناڕازیەتی وهاوخەمی لە گەڵ لە بنەماڵەی چوار لاوی لە سێدرادراوی نیشتمان بۆ جارێکی دیکە بە شکۆی زیادترەوە دیتمان.

دیتنی ئەو ڕاستیانە و هەستکردن بە شانازی بەتەنیا ناتوانێ یاریدەدەر بێ بۆ داهاتوو بەڵکوو بە هەند وەرگرتنی پەیامی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو ڕاستییانە دەتوانێ ببێتە هۆکاری هەر چی زووتر سەرخستنی بزاڤی ڕەوای گەلەکەمان و ئازادیی کورد و کوردستان، بە تایبەتی ئەو بە هەند وەرگرتنەی پەیامی کۆمەڵگە بۆ لایەنە سیاسیەکان پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

ئەو پەیامەش ئەگەر بەکورتی باس بکەین ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردی بۆ شۆڕش سەرمایەیەکی یەکجار زۆر گەورەیە کە هەموو پێداویستیەکانی سەرخستنی شۆڕشێکی لە خۆدا هەیە، بە ڕێکخستنێکی بەهێز کە بتوانێ ئامانج و ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجە تیئوریزە و پراکتیزە بکات وێڕای هەموو سەختیەکان سەرکەوتن مسۆگەر دەکات.

هەر بۆیەش بە پێچەوانەی تێڕوانینی زانایانی کۆمەڵناسی لە پێشبینی نەکردنی داهاتووی کۆمەڵگەکان، ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەوەندی لە ئاستێکی ئەرێنی و بەرزدان کە هیوای سەرکەوتن لە ئێمەدا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکات، بەڵام نابێ لە بیر بکەین ئەو ڕاستییانە بەرپرسیارەتیی قورس دەخاتە سەر شانی لایەنی سیاسی کە پێویستە لە ئاست ئەو بەرپرسیارەتییەدا بن، ئەوکات سەرکەوتن هەم زووتر هەم بە تێچوویەکی کەمتر مسۆگەرە.

٢٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پرۆژەی شکستخواردوو



**ئاسۆ مینبەری**

بەپێی ئامارەکانی ناوەندی ئاماری ڕێژیمی ئێران، ٣٢ میلیۆن و ١٧٠ هەزار ژن لە ئێراندا هەن کە تەنیا ٣ میلیۆن و ٨٦٦ هەزار کەسیان لە دەرەوەی ماڵەوە خەریکی کار کردنن!

هەواڵدەریی ئیرنای ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئامارە ئاوڕي لە پرسی کارکردنی ژنان داوەتەوە و نووسیویەتی: "نەوەی نوێی کچان پێیان وایە چونکە لە زانکۆکاندا دەخوێنن و لە زانستی ڕۆژ تێدەگەن، دەبێ لە ئیدارە یان کۆمپانیایەک دامەزرێن و لە دەرەوەی ماڵەوە کار بکەن؛ ئەم کچانە لەژێر کاریگەریی ئەو شاتەنەدا کە لە قوتابخانە و زانکۆ فێری کراون، خوێندن زیاتر بۆ بەدەستهێنانی کار و پیشە و بەرزکردنەوەی پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا دەبینن بەڵام ڕاستییەکە شتێکی دیکەیە".

ئەم هەواڵدەرییەی ڕێژیم دواتر بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکەی خۆی، ئاماژەی بە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٦ی بەفرانباری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەمسالی خامنەیی لەگەڵ ژنان، بەبۆنەی ڕۆژی ژن لە ئێران کردوە و گوتوویەتی لەم دیدارەشدا، بەشێکی گرینگ لە قسەکانی خامنەیی پرسی ماڵداری و مودیرییەتی ماڵەوە لەلایەن ژنانەوە بوو!

هەر لەم چوارچێوەیەدا، لە پۆلی دوازدەدا لە قوتابخانەکانی ئێران، کتێبێک لەژێر ناوی "مودیرییەتی بنەماڵە و شێوازی ژیان_ تایبەت بە کچان" دەگوترێتەوە کە زۆر کەس بە دژەژنترین کتێبی مێژووی ناو دەبەن. بۆ نموونە لە بەشێک لەم کتێبەدا هاتوە کە کچ نابێ سەبارەت بە ئازادییە تاکەکەسییەکانی، خۆی لەگەڵ براکەی بەراورد بکات چونکە ئەو کوڕە و ئەم کچ!

یان لە بەشێکی دیکەدا، هاوسەرگیری بۆ کچ بە شتێکی زۆر گرینگ ناو دەبات و دەنووسێ: لە پێشترێتیی دەرفەتی زێڕینی هاوسەرگیرییە و بۆ خوێندن هەمیشە کات هەیە! لە بەشێکدا کاری ماڵەوە بە ئەرکی کچ پێناسە دەکات و لە شوێنێکی دیکەدا، بە پەرەدان بە بیری پیاوسالاری و زاڵبوونی پیاو بە سەر ژندا و بە پێناسەکردنی چەمکی غیرەت، دەنووسێ: بە هەستی بەهێزبوون و پشتیوانی لە ژنان غیرەت دەگوترێ و پیاوی غیرەتی لەسەر شێوازی جلوبەرگی ژنان هەستیارە!

بە سەرنجدانێک بەم بابەتانەی کە باس کران، تێدەگەین کە ڕێز و پێگەی ژن لای کۆماری ئیسلامی چۆنە! کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتێکی تۆتالیتر، هاتووەتە نێو تایبەتیترین بەشەکانی ژیانی ژنانەوە و هەموو ئامانجەکەشی پەرەدان بە ئیدئۆلۆژیی چەقبەستووی خۆیەتی.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە خامنەیی لە قسەکانی خۆیدا لە دیدارەکەی مانگی بەفرانباردا کە ئاماژەی پێ کرا گوتوویەتی ڕوانگەی ئیسلام لە پرسی ژندا، ڕوانگەیەکی لۆژیکی و ئیستدلالییە، بەڵام ڕوانگەی ئورووپا، تەنیا بۆ قازانج و چێژوەرگرتنە!

لانیکەم هەموومان باش دەزانین کە لە وڵاتانی ئورووپاییدا، چۆن ژنان توانیویانە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریشدا ڕۆڵ ببینن و بەبێ سەرنجدان بە ڕەگەزیان ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنیان بۆ هەموار بکرێ.
پەراوێزخستنی ژنان لە یەکەمین ڕۆژی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئێرانەوە، هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەبووە. جارجار لە کۆبوونەوەی لەو چەشنەدا، خودی خامنەیی یان یەکێکی دیکە لە بەرپرسانی ڕێژیم هەوڵ دەدەن بە پیرۆزنیشاندانی ئەرکی ماڵداری، کەئاوەژوو لە هەستیاربوونی ژنان بەنسیبەت بنەماڵە و منداڵەکانیان وەربگرن و وایان بۆ پێناسە بکەن کە ئەرکە سەرەکییەکەیان خزمەت بە بنەماڵەیە و ئەگەر لەو چوارچێوەیە بترازێن، پیرۆزبوونی خۆیان وەکوو دایک و وەکوو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوسەر لەدەست دەدەن. دروستکردنی هەستی گوناح لە ژناندا، بۆ ڕێژیم زۆر ئاسانە، لانیکەم لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەمەمان بینیوە کە هەمیشە لە میدیاکانی خۆیدا، ژنانێکی نیشان داون کە دەستیان لە داهاتوو و ژیانی خۆیان شۆردووتەوە و تەنیا ویستوویانە خزمەت بە بنەماڵەکەیان بکەن، چونکە پێیان وتوون بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە!

پێناسەکردنی ئەرک بۆ ژنان، بەپێی ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم، پرۆژەیەکی چەند ساڵەیە، لە قوتابخانەکانەوە دەست پێ دەکات و دواتریش لە لە ڕێگەی میدیاوە، بنەماڵەکانیش بۆ وەرگرتنی ئەم بیرکردنەوەیە ئامادە دەکات، بە جۆرێک کە لادان لەم چوارچیوەیە وەکوو تاوانێکی گەورە چاوی لێ ئەکرێت و ئەوەی کە لای داوە، سزاشی بەسەردا دەسەپێت!

هەمیشە ژن لای کۆماری ئیسلامی وەکوو ئامرازێک بەکار هێنراوە، جارێک ژنان کۆ دەکرێنەوە تاکوو پێیان بوترێت کە ڕەسەنترین کای ئێوە هەمان ماڵداری و بەخێوکردنی منداڵە، جارێکیش لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکاندا، دەیانکەن بە بووکەڵەیەک بۆ بەڕێوەبردنی یارییەکەی خۆیان و لە تەلەڤیزیۆندا ڕێک بەپێچەوانەی چوارچێوەکەی خۆیان ئیزنی دەرکەوتنیان پێ دەدەن!

بەراوردکردنێکی دۆخی ژنان لە ئێران و ئورووپا، قسەکەی خامنەیی بەتەواوەتی دەباتە ژێر پرسیارەوە، بەپێچەوانەی کۆمەڵگەی ئێران کە وەکوو زیندانێکی گەورە بۆ ژنانە، کۆمەڵگەی ئورووپایی زۆر جار بۆ ژنانی وڵاتەکەی خامنەیی باشترین شوێن بۆ گەشەکردن بووە!

کۆماری ئیسلامی بە سەرقاڵکردنی ژنان بە کاری ماڵەوە، هەمیشە لە هەوڵدا بووە کە نیوەی وزەی کۆمەڵگە لە بنەڕەتدا بێدەنگ بکات، چونکە بێگومان بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ نیوە ئاسانتر لە هەمووە! بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵە ئیدئۆلۆژیکەکان و پرۆسەی پەروەردەی چەندین ساڵە، شکستخواردووی مەیدانەکە کۆماری ئیسلامی بوو، بەتایبەت لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئەوە ژنان بوون کە تەواوەتی ڕێژیمیان خستە لەرزەوە و وزەیان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بیری چەقبەستووی ڕێژیم بەکار هێنا.

ژنان بە تێکۆشانی خۆیان سەلماندوویانە کە هیچکات قەتیس ناکرێنەوە و بۆ شەڕ لەگەڵ دواکەوتوویی و یاسای دژەژن هەمیشە ئامادەی مەیدانی خەباتن.

٢٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# حیکایەتی بەردەوام لە کۆماری ئیسلامیدا




**شەماڵ تەرغیبی**

هەڵبژاردن یان هەمان"election" ، پرۆسەیەکی بڕیاردانەیە کە لەلایەن کۆمەڵێکەوە بۆ هەڵبژاردنی کەس یان شێوازێکی بەڕێوەبەری وڵات، شار، ئیدارە یاخود هەر شوێنێکی دیکە کە پێویستی بە بەڕێوەبەری گشتی و ڕێبەریکردن هەیە بەڕێوە دەچێت. ئەم پرۆسەیە لە سەدەی١٧ی زایینیەوە هاتووەتە نێو گۆڕەپانی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتان و کۆمەڵگە جیاوازەکان. هەر بەم پێیە باش وایە سەرەتا بزانین هەڵبژاردن لە نێوەڕۆکی خۆیدا هەڵگری چ واتایەکە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا گرینگیی پێ دەبەخشێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەتوانین بڵێین لە ڕاستیدا ڕکەبەری و ململانێ لە هەڵبژاردنەکاندا گرینگترین ئامرازێکە کە بەرپرسانی حکوومەت و ئەو کەسانەی کە خۆیان دەپاڵێون ناچار دەکات لە بەرامبەر خەڵکدا وەڵامدەر بن و ڕاوبۆچوونی ئەوان قەبووڵ بکەن. تایبەتمەندییەکی دیکەی هەڵبژاردن پێڕەوکردنی ئازادی و دێموکراسی و دادوەری و گەرەنتیکردنی بەرانبەری سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەنگدەران لە هەموو بوارێکدایە. دیارە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد پێویستی بە سیستمێکی هەڵبژاردنی دێموکراتیک و عەقڵییەتی دێموکراتیک هەیە کە بەگوێرەی یاسا دیاری دەکرێت چ کەسانێک دەتوانن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خۆیان بپالێون و بە هەمان شێوە چ کەسانێک مافی دەنگدانیان هەیە و دەنگەکان چۆن دەستەبەندی دەکرێن و...هتد. بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی کە بایەخ دەبەخشێت بە هەڵبژاردن، بۆ لایەنی و پەیڕەوکردنی هەمان بەها سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی واتە دیموکراسی و ئازادی و دادپەروەرییە.

لە وڵاتانی ئازاد و دیموکراتیکدا، بوونی هەڵبژاردن چارەیەکی دیموکراسییانەیە بۆ چارەسەرکردنی کۆی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگە و تەعبیر لەخۆکردنی جیاوازییەکانە کە بەختەوەری مرۆڤیان کردووەتە چەقی ئامانجەکانیان و دەتوانن جیاوازی بەرهەم بێنن؛ بە دیویکی‌تریدا دیموکراسی لە باشترین شێوازی خۆیدا کەشێک دەخوڵقێنێ بۆ سەرهەڵدانی ئەم جیاوازییانە و لە هەمان کاتیشدا پێکەوەژیانی ئەم جیاوازییانە. کە باس لە دیموکراسی دەکەین هاوکات باس لە ئەخلاقی دیموکراسیش دەکەین، باس لە پێدانی شانس بە هەموو گرووپە جۆربەجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە دەکەین بۆ ئەوەی مافی بوون و بڕیار و گەشەکردنیان هەبێت. باس لە بەرپرسیارەتی و بەرپرسیاربوون دەکەین بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لە نێو بیاڤە گشتییەکاندا نەتوێنەوە، واتە مرۆڤەکان خاوەنی ئیرادە و ئازادی و کەسایەتی خەونەکانی خۆیان بن و بە جیاوازییەکانیشیانەوە قەبووڵ بکرێن. بەم پێیە کاتێ باس لە جیاوازی دەکەین باس لە بیرۆکە و خولیای نوێ و ڕێگەچارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و باشتر بەڕێوەچوونی وڵات دێتە ئاراوە نەک ململانێیەکی بێبنەما و ڕکەبەری و بەخێڵی و دواکەوتوویی بەڵام چەمکی هەڵبژاردن لە ساکارترین تێگەیشتندا واتە ناڕازیبوون لە واقعییەتی مەوجوود و هەوڵێک بۆ تێپەڕبوون لە ئێستا بە هیوای داهاتوویەکی باشتر، کە ئەم هەوڵەش بە داڕشتنی بەرنامەیەکی فرەڕەهەند بۆ سبەینێ دەستەبەر دەکرێ کە بەداخەوە و بە پێچەوانەی چەمکی سەرەکی هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی ئازاد لە دنیای ستەمکاری و تاریکستانی نوێنەبوونەوەی عەقڵی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بوونی نییە و ئەوەی بوونی هەیە فرۆشتنی دوێنێیە بە نەوەی ئەمڕۆ. نەوەیەک کە بێزار بووە لە ئەفسانە و خورافات و حیکایەتە بەردەوامەکان، نەوەیەک کە چیدیکە نایهەوێ لە ژێر سێبەری دوێنێدا بژیت. بۆیە نەتەنیا بوونی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا بە واتای بوونی دیموکراسی نییە بەڵکوو بە تێگەیشتن لە فەلسەفەی وجوودی ئەو باسەی کە کرا هەڵبژاردن ئامرازێکە بۆ چەواشەکاری و خافڵاندنی ڕای گشتی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کە زیاتر بەرخۆری گەنگەشەییان هەیە بۆ ڕەوایی بەخشین بە سیستمێک کە لە نێوەڕۆکی خۆیدا هیچ باوەڕێکی بە هەڵبژاردن نییە چونکە بێبەختانە پشکی ئێمە لە ئازادی ئەو ئیزنەی پێنەداوین بەختی خۆمان تاقی بکەینەوە، تۆ کە ئازادی و شانسی قسەکردن و گوێگرتنت پێ ڕەوا نەبینرا مافی هەڵبژاردنیشت نییە، چون کێشەی سەرەکی لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەیە کە فەلسەفەی نیزامی سیاسی زاڵ لەگەڵ بنەماکانی ئازادیدا زۆر ناکۆکن.

ئاشکرایە بایەخنەدان بە ئازادی و دژایەتی لەگەڵ ئیرادە و کەرامەتی مرۆیی لەگەڵ ئەم نیزامە لەدایک بووە و زۆر ڕوونە هاوپەیمانیی بیرنەکردنەوە و بایەخنەدان بە ئازادی زۆر بەهێزترە لە کایەی باڵەکانی نێو ڕێژیم. بە درێژایی تەمەنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناکۆکی نێوان ئەم دوو باڵە هاوپەیمانیان لەسەر مانەوەی خودی نیزامەکە زۆر بەهێزتر بووە. لە پشتی ئەم لێکچوونانەی ئەم دوو باڵەوە نرخێکی ڕاستەقینە بۆ جیاوازی نامێنێتەوە. دوو ڕووی یەک سککە بە مانای دوو سککە نییە. ئێمە دەبێ جیاوازی دابنێین لە نێوان دژایەتی لایەنەکان لە هەمبەر یەک و دژایەتی لایەنێک لەگەڵ کۆی سیستمی بەڕێوەبەری وڵات. ئەوەی کە ئێستا بەناو ڕیفۆرمخوازەکان دەیکەن بەربەرەکانێ لەگەڵ موحافیزەکارەکانە نەک دژایەتی لەگەڵ پێکهاتەی سیاسی لە ئێراندا. ئەوان ڕەخنە لە دیکتاتۆر دەگرن نەک ڕەخنە لە دیکتاتۆرییەت چونکوو ئەوانیش بەشێکی سەرەکی لە پێکهاتنی فەرهەنگی دیکتاتۆرین لەو وڵاتەدا.


لە کۆتاییدا دەبێ جیاوازییەک دابنێین لە نێوان بەشداریکردن و بەشدارپێکردندا. بۆیە ئەو کەسانەی کە بە تەواوی لە نێوەڕۆکی ئەو ڕێژیمە تێگەیشتوون ئەستەمە بەشداری بکەن لەو شانۆیەی ڕێژیم و ئەوانەیش کە تێنەگەیشتوون ناچارن بۆ بژێوی ژیانی پڕ لە نەهامەتییان ببن بە بووکەڵەی شانۆگەرییەکەی ڕێژیم.

٢٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## والی درووەدی: بیری ئازادی لە ناخی هەر کوردێکدا چەکەرەی کردووە



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی خوێنمژە کە بەدرێژایی تەمەنی نەگریسی خۆی لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستان دژی جیابیرانی بەهەموو شێوازێک جووڵاوەتەوە، بەسێدارە، کوشتن، ئێعدام، ئەشکەنجە و زیندان و... بەڵام لەڕاستیدا هیچکام لەمانە نەیتوانی کۆتایی بەبیری ئازادی و ئازادیخوازی ڕۆڵەکانی کورد بێنێ و ئەمڕۆ دەبینین کە زیاتر لەهەموو ساتێک بیری ئازادی و ئازادیخوازی لەناو کوردستاندا ڕوو لەزیاد بوونە، تا ئاستێک کە ڕێژیمی تا لێواری نەمان بردووە، لەم دیمانەیەدا داوامان لە کاک والی درووەدی، پێشمەرگە و زیندانی سیاسی پێشوو کە وەک یەکێک لە سیمبوولەکانی خۆڕاگری ناسراوە و پتر لە ٢٥ ساڵ تەمەنی لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا بووە با لە زمانی کاک والییەوە ئاوڕێک لە جینایەتەکان ڕێژیم لە بەندیخانە بدەینەوە و بزانین چۆن باس لە خۆڕاگرانی نیشتمان دەکا.

**شەهرام سوبحانی:** کورتەیەک لە ژیانی سیاسی و خەباتی خۆتان بۆ ئێمە باس بکەن کە کاک والی درووەدی کێیە؟ کە ئەمڕۆ وەک یەکێک لە سیمبوولەکانی خۆڕاگری دەناسرێ و یادی لێ دەکرێ؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**والی دروودی**: سڵاو و ڕێز ماندوو نەبن من والی دروودی کوڕی ئەنوەربەگی دروودی لەدایکبووی گوندی چرۆسانە لە ناوچەی بێڵەواری کامێران لە بنەماڵەیەکی خۆشناو و ناودار و نیشتمانپەروەر لەدایک بووم هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە تەمەنی ٦ بۆ ٧ ساڵیدا ئەتوانم بڵێم لەگەڵ سیاسەت ئاشنا بووم بەهۆی ئەوەیکە خاڵی گەورەم یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی باشوور بوو، خاڵی دووهەمیشم خاڵە مزەفەر کە ئەوانەیکە قەدیمی ترن لە ناوچەکە دەیناسن، یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەری چریکەکانی فەدایی خەلق بوو و لە زەمانی شا کە بەهۆی ئەوەیکە دەستیان بوو لە تێرۆری شا، گیراو حەبسی ئەبەدی پێ دراو ٦ بۆ ٧ساڵ لە زیندان مایەوە تا شۆڕش کرا و لە زیندان ئازاد بوو، من بەو هۆوانەوە کە دواتریش کە شۆڕش کرا و ناوچەکە بوو بە جێگەی هاتووچۆی پێشمەرگە و ئەحزابی سیاسی تر هەر لەبەر خاتر ئەوە گەورە ماڵ بووین پێشمەرگەکان چ لە کۆمەڵە و چ لە ئەحزابی تر وەکوو چریک و پەیکار و ڕەنجدەران و ئەمانە کە دەهاتن بەتایبەت حیزبی دێموکرات هاتووچۆی ماڵیان دەکرد، من هەر لەو کاتەوە ئاشنا بووم و خزمایەتێکی کە لەگەڵ دوکتور خەلەقی بوومان و ئاشنایەتێکی زۆری لەگەڵ هێندێک لە بەرپرسانی حیزبی هەمان بوو، هەر لەو وەختەوە بەو جۆرە ئێمە ئاشنا بووین لەگەڵ حیزب و دواتریش لەگەڵ کاک ڕەشاد کادری لێهاتوو و بە توانای حیزبی دێموکراتی کوردستان کە من لەگەڵی ئاشنا بووم و لە تەشکیلات سازماندەهی کرام و لە ساڵی ٦٢ وە من بە فەرمی کاری سیاسیم بۆ حیزب دەست پێ کرد، دواتریش چوومە ئەرتەش و ماوەی ٦ بۆ ٧ ساڵێک لە هێزی دەریای بووم، بەهۆی ئەوەی کە چالاکیم هەبوو بۆ حیزبی دێموکرات و کاری تەشکیلاتیم دەکرد، لە ئەرتەش دەرکرام و ماوەیەک زیندانی کرام دواتریش ئازاد بووم، دواتر دووبارە پێوەندیم گرتەوە بە حیزب و ڕەسمەن ساڵی ٧٢ بوومە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و لەچەندین شەڕ و جەولەو کاری سیاسی لە ناوچەکە بەشداریم کردووە، لە ساڵی ٧٥ کە لە جەولەیەکی سیاسی نیزامیدا بووین، شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگەکانی ئەگەر هەڵەم نەکردبێت هێزی شاهۆ و هێزەکانی ڕێژیم دەرگیر بووین، لەو کاتە کە شەهید ئەسعەدی مەقەدەسی فەرماندەی هێز بوو، لەو شەڕەدا برینداربووم و دەمانویست کە لەڕێگەی تکای چەن کەسێکی تەشکیلاتییەوە بچین بۆ کرماشان کە بەو هۆیەوە هێندێک کەس بەناو تەشکیلات هاوکاری لەگەڵ ئیتلاعات دەکرد، من لە ڕێگەی کامێران کرماشان گیرام و دوای زیندانی کردن و مەحکووم بە حەبسی ئەبەد بووم و دوای ئەوە بۆ یەزد تەبعید و دوای ٢٥ساڵ زیندانی ئازاد کرام. دوبارە هاتمەوەو پێوەندیم بە حیزبی دێموکراتەوە گرت و هاتمەوە ناو حیزب و ئێستاش پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم.

**شەهرام سوبحانی**: کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو حکوومەتە سەرەڕۆیانەیە کە پتر لەچوار دەیە دەسەڵاتداری خۆی بە هەموو مێتۆدێک لەدژی جیابیرانی جووڵاوەتەوە، بە زیندان، سێدارە، ئەشکەنجە و ... بەڕێزتان وەک یەکێک لەو بەندکراوانە سیاسییە کە پتر لە ٢٥ساڵی تەمەنت لە زیندانەکانی ڕێژیم بووە چۆن باس لەو جینایەتانە دەکەی؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**والی دروودی**: باس کردن لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە زیندان بە دەنگ بە ڕەنگ و تەنانەت بە ساعەتها فیلم و وتووێژ و ... بەبڕوای من ناکرێ چۆن ئەو شتێکە کە ئێمە دیمان و ئەو شتێکە باس دەکرێ ئاسمان تا زەوێ جیاوازی هەس، من زۆر کەسم بینی کە هەر ئێوارێ ساعەتی ٨ تا ٨ی بەیانی هەر لە ژێر ئەشکەنجەدا بووە و ئاه و نالەی دەگیشتە لای ئێمە بەڵام هیچکات یەک نۆکەتەیان نەدرکاند و ئیعترافیان بە هیچ شتێک نەکرد، هەر لەبەر ئەویکە گیان فیدا بوون، لەبەر خاتر پاراستنی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات، یان بۆ پاراستنی گیانی چەند کەسێکی تر تەشکیلاتی حیزب بوون، من لە ماوەی تەقریبەن ٢٨ساڵ و نیم زیندان چون من بۆ دوو مەرحەلە زیندان کرام جارێکی ٣ساڵ و نیم تەبعید کرام بۆ ئەهواز ٦ساڵیان پێم دا، جارێکیتریش ٣ساڵ و نیمم کێشا جارێکیتر حەبسی ئەبەدم پێدرا و تەبعید کرامەوە بۆ یەزد، سەرجەم نزیکەی بیست و هەشت ساڵ و نیوم زیندانی کێشا، لەو دوو قۆناغەدا من زۆر شتم دیی زۆر پێشمەرگە، کادر، ئەندام و لاینگر و تەشکیلاتی حیزبەکانیش، ئێستا هەر باسی حیزب دێموکرات دەکەم، کۆمەڵە و تەنانەت خەبات، چریکەکان، موجاهیدین، بەڵام ئەوەیکە بۆ من ئێستا وەکوو بیرەوەری وەبیرم بێ، ئەو جینایەتانە وتم بەڕاستی بەهیچێک باس ناکرێ، نە بە سەعاتها، فیلم و کتێب و.... چۆن ئەو جینایەتانە بەتایبەت وەک ئەشکەنجەی فیزیکی و ئیلا ئەوە نەبێ ئینسان هەستی بکا باوەڕبکە و تەنانەت وتنی هێندێک شتیشیان پێم وایە ئینسان بکەوێتە بیری ڕابردوو و شایەد لەرزە بی گرێت کە ئێمە چۆن ئەو ئازارەمان تەحەموول کردووە لەسەر هێندێ هاوبەندی ترمان.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا بەو هەموو سێدارە و کوشتن و بڕینەوە توانیویە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی کە یەکێک لەوانە کپکرانی دەنگی ئازادیخوازان بووە سەرکەوتوو بێت؟

**والی دروودی**: دەنگی ئازادیخوازی بە هیچ شتێک کپ ناکرێ، نە بە زیندان، لێدان و بڕین و ئاوارە کردن و تەبعید و ... ئەمە بیرێکی سەردەمی نییە، بیری ئازادیخوازی ئەگەر بەڕوانینە مێژوویی حیزب و مێژوویی جووڵانەوەکان، سەدان ساڵە بەڕاستی کورد هەوڵ دەدا بۆ وەدیهێنانی حکوومەتێک یان ناوچەیەکی فیدراڵی کە بە ئازادی تێیدا بژی، بیری ئازادی بیرێکی کۆنە، بیرێکی سەردەمی نییە، ئەگەرچی ئێستا حیزبەکان دەستەبەندییان کردووە لە قاڵبی جیاجیادا دایاننــاوە، جووڵانەوەی زۆر لە کوردستاندا ڕوویداوە هەر بۆ ئازادی بووە، وەکوو: جووڵانەوەی شێخ سەعیدی پیران، جووڵانەوەی شێخ ڕەزای دێرسیم، میر محەممەدی ڕەواندز، شێخ مەحموود، دواتر کۆماری کوردستان و ئاخریشی ئەم هەرێمی کوردستانە، بیری ئازادی بیرێکی کۆنە، بیرێکە من وا دەزانم ژێنێتیکییەکە لە ناخی هەر کوردێکدا بۆ وەدەسهێنانی لانیکەمەکەی هەرێمێک کە بە ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی تێیدا بژی، چەکەرەی کردوە، بێ سەردار و ڕئیس وسەرۆکێکی غیرە کوردی.

**شەهرام سوبحانی**: شێعرێکی مامۆستا قانع هەیە کە ئەمڕۆ زیاتر لە هەر وەختێ ڕەنگی تازەیی پێوە دیارە، ئەویش "قوڕ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندخانەیە" ناوەڕۆکی ئەم شێعرە دەرخەری چ پەیامێکە؟ ئایا زیندانەکانیش بۆتە قۆتابخانەیەک بۆ گەشەی بیری نەتەوەیی یان نا؟

**والی دروودی**: بێگومان ئەو شێعرەی مامۆستا قانعە و من بۆ خۆم زۆر جار خوێندوومەتەوە لە زینداندا و خوالێخۆشبوو گۆرانیبێژی ناوداری کورد کاک "حەمەمە جزا"ئەو شێعرەی مامۆستا قانعی کردووە بە گۆرانی "بووکی ئازادی" زۆر دڵنشینە بەڕاستی وەک فارس وتەنی: نفووز دەکاتە پێست و ئێسقانی ئینسان، من دڵنیام بیری ئازادی ڕاستە لە دەرەوەش هەیە و بەهێزە، بەڵام من تا لە زینداندا بووم بەهێزتر بوو، بەهێزییەکەی ئەوەیە کە لە زینداندا کە تۆ بە تەواوی سنووردار دەکرێت، سنووردار تەنانەت لە ماچی منداڵەکانت، سنووردار لە سلاوێک لەگەڵ هاوڕێیانت، تەنانەت سنووردار کردن و دانیشتن لەگەڵ هاوژین، منداڵ، دایک، باوک، خوشک و برا یان خۆشەویستێک، یان دوو خولەک قسە بکەی وەختێک ئەوندە سنووردار دەکرێت، ئەوکات هەست بە چەوساونەوەیەکی دوو هێندە دەکەی. کە بۆچی من وەک گەورەترین نەتەوەی ئەم سەردەمە ئاوام لێ هاتووە؟ کە کابرایەکی غیرە کورد وا بڵێن کابرایەکی فارس یا داگیرکەرێک ئێمە بەتایبەت کە لە زیندانی یەزد بووین، ئێمە دەستبەسەرمان بکاو لە زیندان و شارەکاندا تەنانەت بە تەبعید من دڵنیام بیری ئازادی لەو جۆرە شوێنانە زۆرتر کاریگەرە تا لە دەروە، بەڕاستی چون بە تەواوەتی بێبەشە لە هەموو مافێک، تەنانەت ژیانێکی ئاسایی کە کابرا لە دەروە هەیەتی لە بەر ئەوەیە من ئیمانم بەو شێعرە هەیە کە بیری ئازادی لە زینداندا فراوانتر ئەوێت و قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی کە هیوای بە بەندیخانەیە ڕێک وایە، ئەڵبەتە زیندان بەڕاستی زۆر کەسی بەزاند ئەوانەی کە نەفس نزم بوون ئەوانەی کە باوەڕ بەخۆبوونێکی ئەوتۆیان بە خۆیان یان بە جووڵانەوەکە یا بیروباوەڕکە نەبوو، هێندێک کەسیش کۆڵ ئەدەن چونکە بەڕاستی زیندان جێگەیکە کە ئینسان دەگینێتە نۆقتەی ئاخر، ئاخر ئەوەیکە هەڵوێستێکی کامڵ بگرێت یا ئەوەیکە شۆڕشگێڕ بمێنێتەوە یا بەڕاستی پاڵ بداتەوە بۆخۆی من لەبەر ئەوەیە ئیمانی کامڵم ئەوەیە کە بەڵێ بیری ئازادی لە زینداندا فراوانتر دەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: پێمان خۆشە لێرە گوێمان لە چەند بیرەوەری کاک والی بێ کە لە زینداندا وەک بیرەوەری بۆی ماوەتەوە، بە تایبەت ئەو بیرەوەرییانەی کە ئەمڕۆ بوونەتە ئەزموون لە ژیانیدا؟

**والی دروودی**: بیرەوەری زیندان زۆرە، بیرەوەری یانێ چرکە بە چرکەی ئەو زیندانە بیرەوەرییە، بەڵام بەداخەوە من چەند جاریش و لەچەند شوێنی تریشدا هەم قسەم و هەم وتووێژم کردووە، هەم لە باسی نێوماڵی خۆماندا یان لەلای هاوڕێیانەوە باس دەکەم، ئێژم تەنانەت ئەو بیرەوەرییانە کە زۆر خۆشن وەکوو زەماوەند و شووکردنی کچێک، زەماوەندی خزمێکی نزیک باشترین ڕەفێقت ژیانی هاوبەش پێک بهێنێ ئەبینی ئەوەش تاڵە، تاڵە چونکە تۆ لەوێ بوونت نییە،



Serchawe
سەرچاوە
https://serchawe.com

لەبەر ئەوە من وا ئەزانم تەواوی بیرەوەرییەكانی زیندان تاڵن، من هێندێک بیرەوەری هەن بەڕاستی من بە تاڵترینیان دەزانم، کە ئێمە هەر ئەو ساڵە کە گیراین، پێم وابێ ساڵێک دواتر بوو کە کاک مەنسوورەکان، کاک مەنسووری ڕەشە هەورامی، کاک مەنسووری حوسێنی، ئەگەر بەهەڵە نەبم کاک ڕەفعەت و کاک یەدوڵڵا شیرین کەلام و ئەمانە کەوتنە ناو کەمین کە ئەو دوو سێ نەفەرە کە ناویانم برد باشترین دۆست و دەتوانم بڵێم زیادە لە حەد لەگەڵ یەک تێکەڵ بووین، یا زۆر کەس کە تێرۆر کران کە هەواڵی دەگەیشتە زیندان ئەوانە تاڵ بوون یا مردنی دایکی خۆم کە ئەو بیرەوەرییانە کە تەنانەت من کچەکەشم شووی کرد تاڵ بوو بۆم چۆن تەنانەت ئیجازەیان نەدا یەک خولەک لە زەماوەندەکەیدا بەشدار بم، هەر وەک وتم بەڕاستی هەمووی تاڵن بەڕای من تاڵ و شیرینی نییە، بەڕاستی هەمووی تاڵە. بەڵام بیرەوەرییەکی خۆشم کە هەر لە زیندان لەبیرم ناچێ ئەوە بوو کە ئێمە ئەو کاتە لە ئیتڵاعاتی کرماشان بووین کاک عومەریش لەگەڵمان بوو، کاک عومەر لە شەڕەدا بریندار بوو لەو شەڕە کە من دوای هاتم بچم بۆ شار گیرام کاک عومەر هەر لەوێ لاقی چەپ و شانی ڕاسی پێکرا و بریندار بوو هەرچی کێشمان نەمانتوانی بی کێشینە دواوە، بەداخەوە ئەو هەر لەوێ بە دیل گیراو من خۆم بەچاوی خۆم دیم کە جاشەکانی جوانڕۆ چوونە سەری و ئەزیەت وئازاریان کرد و ئیر ئێمە لەم باوەڕەدا بووین کە کاک عومەر کوژراوە کە هەر لەوێ کوشتوویانە یا ئێعدام کراوە کاتێک من گیرام دوای ٦بۆ ٧ مانگێک بوو من لە گرتنگەی ئیتڵاعاتدا بووم نەمزانی کاک عومەر ماوە و نەمردووە یا شەهید نەبووە بەهەرحاڵ ئەزیەتی زۆرمیان کرد لەو شەڕەدا جاشێک کوژرا بوو جاشێکی بەناوبانگ کوژرا و جوانڕۆیی بوو و فەرماندەگوردانێک بوو کە ئەوان هەر لە منیان ئەپرسی کێ کوشتوویە؟ ئەم کەسە کێ کوشتوویە؟ کامتان کوشتووتانە؟ منیش ئیتر ئەزیەتی زۆریان کردم منیش وتم با بێژم عومەر کوشتوویە خۆ ئیسە عومەر کوژراوە تەواو بووە منیش وتم وەڵڵا عومەر کوشتوویە ئیتر ماوەیەک بوو کە من ئاسوودە بووم بەڕاستی کەس کاری پێمەوە نەبوو نە ئەهاتن ئەزیەتم کەن ئەو کەسە کە دەمی برد بۆ دەرەوە و دەمی هاوردە و یەکێک لە ئەرکەکانی ئەوە بوو کە بزانێ ئەو کابرایە کێ کوشتوویە! جارێک پرسی وتی ئەو کابرایە  کێ کوشتوویە؟ منیش وتم عومەر کوشتوویە، ماوەیەک ئیتر دەستیان هەڵگرت دوای ماوەیەک ڕۆژێک چووینە زیندان یەکترمان دیی لەزینداندا لەگەڵ عومەر باسمان کرد و وتی کورە نازانم بۆچە ڕۆژێک هاتن نیشتنە گیانم و زۆریان لێم داو ئیتر لەمەولا هەموو ڕۆژێک دەسێک کوتەکیان لێم ئەدا وتم چۆن؟ وتی وەڵڵا ڕۆژێکا هەر لەخۆیانەوە نیشتنە کۆڵم وتی تۆ ئەو کابرایەت کوشتووە ئەگەر هەڵەم نەکرد بێ "بارام"ی ناو بوو وتی تۆ بارامت کوشتووە؟ وتم کورە وەڵڵا ئەوە من بووم وتم، ئیتر یاس بووم نەمزانی وەمزانی مردووی یا شەهید بووی و کوژراوی ئیتر ئەوندەیان ئەزییەت کردم وتیان کێ کوشتوویە؟ منیش وتم: وەڵڵا عومەر کوشتوویە ئەوە پێم وابێ تەنیا بیرەوەری خۆشی ناو زیندان بووە بووم .

**شەهرام سوبحانی: پەیامی کاک والی دروودی بۆ خەڵکی خەباتکار و خۆڕاگری کوردستان، بە تایبەت ئەو خەباتکارانەی کە ئێستا لە زیندانەکانی ڕێژیم دان چییە؟**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**والی دروودی**: من بەڕاستی لە زینداندا ئەوەندە ئینسانی گەورە، گەورەم دیوە و ئەوەندە چیرۆکم لە ئینسانە گەورەکان بیست لە زینداندا خۆم لەوەدا نابینم، بەڕاستی پەیامم بۆ کەسێک هەبێ من کاتێ لە زیندانی کرماشان بووم کاتێک کاک "کەماڵ دەباغی" و "مەلا حوسێن" و ئەمانە کە کاتی خۆی بردوویانن بۆ ئێعدام لەو کاتەدا سروودی "ئەی رەقیب"یان خوێندووە یا براکانی شریعەتی لە سنە یا من بۆ خۆم لە دادگا کە "لەیلا سەعیدی"م دیت شەهید "لەیلا سەعیدی" لە پلیکانەکانەوە هاتە خوارەوە و سروودی "ئەی ڕەقیب"ی خوێند و دوای وتی من حوکمی سێدارم بەسەردا سەپاوە وتی: "مەترسە گوێ مەدە ژیان ئەوەندە ئەرزشی نییە کە ئینسان خۆی بۆ خراو کا" من تەنیا ئەوە دەتوانم بێژم ژیان شایەد بە ناو بەڕاستی شیرین بێ، بەڵام کورتە کورتەیەکەشی خۆشی هالە ئەوە کە تۆ بە سەربەستی بژی، پەیامم ئەوەیە کە هیچکەس بە زۆری ناکەنە حیزبی، هیچکەس بە زۆری ناکەنە تەشکیلات ئەگەر لە توانایی خۆتدا نایبینی مەیکە چون ژیان بەڕاستی کورتە، بەو کورتییەی ژیانیش من پێم خۆشە هەموو ئینسانێکی کورد بە سەربەستی و ئازادی بژی، کاری تەشکیلاتی کارێکی دژوارە و کەند و کۆسپی زۆری تێدایە بەتایبەت بۆ ژیان هەر تاکێک، لەبەر ئەوە داواکارم لە ئەوانەی کە گیروگرفتیان زۆرە مەیکەن و ئەوانەی کە لە خۆیانرا دەیبینن ئەوە ئەو کارە لە ئەستۆ بگرن ئەگەر دەسبەسەر بوون جۆرێک زیندان بکێشن کە لە دوا ڕۆژدا لەحاند خۆیان و لەئاست بنەماڵە و کۆمەڵگە و حیزبەکەشیاندا بتوانێ سەربەرز و شانازی بەخۆی و ڕابردووی بکا.

**٢٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# یەکگرتوویی و بوێری لە شانۆی هەڵبژاردنەکادا




**حەسەن قارەمانی**

بایکۆتی هەڵبژاردن نە تەنیا وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە واتای لقکردنی پایەکانی حوکمڕانیان بە ئەژمار دێت، بەڵکوو بەمانای چالاکبوونی کۆمەڵگە بۆ پیشاندانی دژکردەوە دژی ئەم ڕێژیمە. بایکۆتی هەڵبژاردن و نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان لەلایەن کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەڵوێستێکی بوێرانەیە و پێویستی بە یەکگرتویی و یەکڕیزیی نێوماڵی کورد هەیە.

"یەکگرتویی و بوێریی" هەڵگری هێمایەکی قووڵە و ڕەنگدانەوەی بنەما بنەڕەتییەکانە و هەڵچوونی سیاسیی بەرەو پێش دەبا. یەکیەتیی نێوماڵی کورد تەنیا بە مانای یاریکردن لەگەڵ چەمک و وشەکان نییە، بەڵکوو بەشێک لە ستراتیژیی و نەخشە ڕێگای سیاسییە. بە واتایەکی دیکە بانگەشەیە بۆ حیزب، گرووپ و ڕێکخراوی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی کوردی کە لە لەتبوون و پەرتەوازیی خۆبپارێزن و یەکگرتوو و یەک دەنگ بن. یەکگرتن و یەکڕیزیی لەنێو هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگەدا بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردن ڕەمزی سەرکەوتنی گەلی کوردە دژی ئەم ڕێژیمە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ناوچەدا بەدرێژایی مێژوو دابەشکاریی نەتەوەیی و سیاسیی بوونی هەبووە و ئەم دابەشبوونە نێوخۆییانە هێندێک جار لەمەڕ یەکگرتویی بە کۆمەڵ ڕێگر بوون. بۆیە "یەکگرتوویی" دەبێتە بیرخستنەوەیەک بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئاستەنگانە و بونیاتنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی دێموکراتیکتر. بایکۆتکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن تەنیا کردەوەیەکی تەکنیکی نییە؛ بەڵکوو هەڵوێستێکی بوێرانەیە کە بەپێچەوانە نۆرمەکان، باوەڕێکی قووڵی بە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەک هەیە. کردەوەی بوێرانەیە داوا لە هەموو تاک و تاقمێکی نێو کۆمەڵگەی کوردیی دەکات بە ئیرادەیەکی پتەو و تێکۆشان بۆ بونیاتنانەوەی داهاتوویەکی باشتر ڕووبەڕووی هەر زوڵم و زۆر و نادادپەروەرییەکی کە ئەم ڕێژیمە پێکی هێناوە ببنەوە.

لەم چوارچێوەیەدا لەگەڵ چەمکی "ئازایەتی" بەواتای هەڵوێستگرتن لەمەڕ بێدادیی و زوڵم ڕووبەڕوو دەبینەوە کە دەتوانین وەکوو تەواوکەری بوێریی پێناسەی بکەین. ئازایەتی خۆی لە ئامادەبوون دایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئاڵنگارییەکان کە دژی گۆڕانکارین. لەوانەش ئەو مەترسی و نادڵنیاییانەی کە ڕەنگە لە گواستنەوە بۆ نەزمێکی سیاسی نوێدا سەرهەڵبدەن، خۆی دەردەخات.

سروشتی بایکۆت وەک کردەوەیەکی چالاکانە و بوێر و یەکگرتوو گرینگی تایبەت بە خۆی هەیە. دوای شۆڕشی ژینا لە ساڵی ڕابردوو، بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی ئەمجارە کە بەڕێوەیە نیشانەی "نا" گوتنێکی دیکە بە دژی ستەم و زوڵم و زۆرداری.
بایکۆت دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی شانۆی هەڵبژاردن و خەباتە بۆ داهاتوویەکی دادپەروەر لە کوردستان دا. ناونیشانی "یەکگرتوویی و بوێریی" بایکۆت بۆ داهاتوویەکی دادپەروەر لە کوردستان" هەڵگری بانگەوازێکی گرینگ و دیدێکی بەهێزە بۆ گەلی کورد. لەم ڕوانگەیەوە بایکۆت نوێنەرایەتی کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەکات و، کردەوەیەک کە بە یەکریزی و بوێریی دەجووڵێت و هەوڵی دارشتنی داهاتوویەک دەدات کە دادپەروەر و دێموکراتیک بێت. لە هەمان کاتدا وشەی "ئازایەتی" لە ناونیشانێکدا جەخت لەسەر پێویستی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ زوڵم زۆری دەکاتەوە. ڕاوەستان لە دژی سیستمە پاوانخوازەکان پێویستی بە بوێریی لەلایەن هەر تاک و گرووپێکەوە لەنێو کۆمەڵگەیی کوردیدا هەیە. بوێریی پرسیارکردنە لە دامەزراوەکان، ئازایەتی ڕزگاربوونە لەو ستەمانەی کە مێژوویان دیاری کردوە و ئازایەتی خەباتکردنە بۆ داهاتوویەکی باشتر.

بایکۆت دەبێتە هێمایی هێزی بەکۆمەڵ و بیرخستنەوەیەک کە دەسەڵات لە دەستی ئەو کەسانەدایە کە کۆمەڵگا پێکی دێنێت. بوێریی کردەوەیەکە شانۆییەکی وەکوو هەڵبژاردن ڕەت دەکاتەوە. "یەکیەتیی و بوێری" وەک تەوەرەکان لە بایکۆت زیاتر درێژ دەبنەوە و ئاماژەن بۆ دیدێکی فراوانتر بۆ داهاتوو. یەکگرتوویی بەمەبەستی بایکۆتکردنی هەڵبژاردن نەک تەنیا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دژکردەوەیە بە دژی ئەو ڕێژیمە، بەڵکوو بونیادنانی پێکهاتەیەکی سیاسی درێژخایەن بە دژی ئەو ڕێژیمە. هەروەها ئازایەتیش نەک تەنیا بەمانای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتە پاوانخوازەکانە بەڵکوو بۆ بونیادنانەوەی بەشداریکردن لە واقیعێکی سیاسیی نوێدا پێویستە.

بوێریی بانگەوازێکە بۆ گەلی کوردستان کە ملکەچی بێهیوایی یان بێباکی نەبن، بەڵکوو ئامێز بگرن بۆ ئازایەتی و یەکڕیزی بۆ دروستکردنی سەردەمێکی سیاسی نوێ. بیرکردنەوە لە هەڵوێستی ژیرانە و بەرپرسیارانە و بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی پاوانخوازانە، لەو چوارچێوەیەدا کە گەلی کورد خۆی تێدا دەبینێتەوە، ئەوپەڕی بایەخی هەیە. تەنیا مەسەلەی سیاسەت نییە؛ بابەتی داڕشتنی ئاراستەی داهاتوویی کۆمەڵگا و دەربڕینی ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ بۆ گۆڕانکارییە.
بایکۆتکردنی هەڵبژاردن کردەوەیەکە لە کردەوەی سیاسی سادە تێدەپەڕێت. دەرکەوتەی ئیرادەی بەکۆمەڵی خەڵکە کە چیتر ستەم قبووڵ ناکات و خوازیاری بەها دێموکراتیکەکانە. هەروەها خەباتکردن بۆ وەدەستهێنانی دادپەروەری و مافی مرۆڤ، پەیامێکی ڕوونە بۆ دەسەڵاتداران کە چیتر خەڵک بە شێوەیەکی پاسیڤ ملکەچی ئەو سیاسەتانە نابن کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان ناکا. مەسەلەکە تەنیا ڕەتکردنەوەی سیستەمی سیاسی ئێستا نییە بەڵکوو مەسەلەی ڕەخساندنی فەزای گۆڕانکاریی بونیاتنەرە. بایکۆت دەبێتە سەکۆیەک بۆ یەکخستنی گەلی کورد و پێکهێنانی هاوکاری هاوبەش دژی ستەمکاری. دەرفەتێکە بۆ تێپەڕاندنی دووبەرەکی نێوخۆیی و دروستکردنی بزووتنەوەیەکی بەهێز و یەکگرتوو بۆ گۆڕانکاری. بەم شێوەیە بڕیاری مامەڵەکردنی یەکلاکەرەوە دەبێتە پێکهاتەیەکی سەرەکی لە بونیاتنانی دژایەتییەکی بەردەوام و کاریگەر. بایکۆت دەبێتە دەربڕینی کۆنکرێتی بێزاری خەڵک و ڕێگایەک بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات بەسەر داهاتووی خۆیاندا.

هەروەها بایکۆت دەبێتە جۆرێک لە بەرخۆدانی ناتوندوتیژی، کە خەڵک مافی خۆی بە دەسەڵاتێکی ناڕەوا و ستەمکارەوە بڵێت" نەخێر" بەکاردەهێنێت. گەلی کورد بە خۆبواردن لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پاوانخوازانە، سیستەمی سەپێنراو ڕەتدەکاتەوە و نیشان دەدات کە ئامادەی خەباتە بۆ وەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانی. "نا" گوتن بە ڕێژیمێکی نادادپەروەر و ستەمکار لە چوارچێوەی کوردستاندا، دەبێتە هێمای ئیرادەی گەل بۆ ئەوەی چیتر تەحەمولی سیستەمی سەپێنراو نەکات و ئامادەیی خەبات بۆ مافە سەرەتاییەکانی خۆی دەکات. بەم شێوەیە ئەم ستراتیژە دەبێتە کردەوەیەکی ئاشتیانە، بەڵام کاریگەر، خۆڕاگری و دەربڕینێکی ڕوونی ئیرادەی گەل.

بایکۆت تەنیا بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن نییە؛ بایکۆت کردەوەیەکی وشیارانەیە بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕەتکردنەوەی سیستەمی باو. گەلی کورد بە دوورەپەرێزی لە بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن نەک هەر کاندیدە یان لایەنە سیاسییە تایبەتەکان ڕەتدەکاتەوە، بەڵکوو خودی بنەمای نەزمی پاوانخواز سەپێنراو ڕەتدەکاتەوە. لێدوانێکی بوێرانەیە کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئاماژەیەکی بەهێز بۆ حکوومەت و باقی جیهان دەنێرێت کە چیتر خەڵک شانۆیەکی سیاسی قبووڵ ناکات کە مافەکانیان پشتگوێ بخرێن.

ئەو بەرەنگارییە ناتوندوتیژییەیی کە بایکۆتەکان نوێنەرایەتی دەکەن، میتۆدێکە کە لەسەر بنەمای نافەرمانی مەدەنی دامەزراوە. ڕێگایەکە بۆ ئەوەی خەڵک بە شێوەیەکی ئاشتیانە نارەزایەتی دەرببڕن و خۆیان لە هاوکاریکردن لەگەڵ سیستەمێک بەدوور بگرن کە بە ناڕەوا و ستەمکاری دەزانن. گەلی کورد بەشێوەیەکی کراوە و ئاشتیانە مافی خۆی بۆ وتنی "نا" مومارەسە دەکات. بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردن، پابەندبوونی خۆیان بە گۆڕانکاری پیشان دەدەن بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژیکە دەتوانێت ستراتیژییەکی کاریگەر بێت بۆ تێکدانی پێکهاتە تاکرەوەکان.

بایکۆتکردنی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان کردەوەیەکی چالاکانەیە بەمەبەستی لابردنیان لەسەر دەسەڵات و دامەزراندنی سیستەمێکی خەڵکی و دێموکراتیک. گەلی کورد بە بایکۆتکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، ڕەوایی لە ڕێژیم دەستێنێتەوە کە ماوەی ٤٥ ساڵە بەشێوەی غەدارانە هەوڵی پاراستنی دەدا. بەم شێوەیە بایکۆت دەبێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ پێناسەکردنەوەی واقیعی سیاسیی و پێکهێنانی گۆڕانکاریی کە ئەوپەڕی قازانج بۆ خەڵک بەدی بێنێ. کۆمەڵگەی کوردستان بە کەڵکوەرگرتن لە پرۆسەی بایکۆت وەک فۆرمێک لە بەرخۆدانی ناتوندوتیژ دەرخەری ئەوەیە باوەڕمەندە بە گۆڕانکاری بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژییە. خەڵک بە بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن و بایکۆتکردنی پیشانیدەدەن کە چیتر هەڵبژاردنی ڕواڵەتی قبووڵ ناکەن و ئامادەن بەرەنگاری ببنەوە بۆ ئەوەی بتوانن چارەنووسی ڕاستەقینە خۆیان وەدەست بێنن. هەروەها بایکۆت دەبێتە هێمای خەباتی بەکۆمەڵ بۆ ئازادی و دادپەروەری. ئەگەر کۆمەڵگەی کوردستان بەشێوەیەکی یەکگرتووانە لەم هەڵبژاردنانەی ئێستادا بەشداری نەکا، هاودەنگی و یەکریزیی خۆی لەپێناو داهاتوویەکی دێموکراسیدا پیشان دەدات. کردەوەیەکی ئاشتیخوازانەیە کە خەڵک لەژێر ئاڵایەکی هاوبەشدا یەکی دەخات و بەرەیەکی بەهێزتر لە دژی ستەم دروست دەکات.

ئەم فۆرمەی بەرخۆدانی ناتوندوتیژی تەنیا ستراتیژییەکی کورتخایەن نییە بەڵکوو ڕوانگەیەکی درێژخایەنە بۆ گۆڕانکاری. گەلی کورد بە دوورەپەرێزی لە پرۆسەی هەڵبژاردن، ئاماژەیەکی ڕوون دەنێرێت کە ئامادەیە بۆ بەشداریکردن لە سەردەمێکی سیاسی نوێدا کە بەڕاستی دەنگی دەبیسترێت و ڕێزی لێ بگیرێت.

لەم بەستێنە قووڵتردا بایکۆت نە تەنیا نەبوونی بەشداریکردن بەڵکوو دەبێتە کردەوەیەکی بوێرانەی بەرخۆدانی ئاشتیانە و بەکۆمەڵ کە دەتوانێت دیمەنی سیاسی بۆ ئایندەیەکی دێموکراسیتر و دادپەروەرتر لە قاڵب بداتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵوێستێکی بوێرانەیە کە دەتوانێت ببێتە هۆی تەحەدای دەستبەجێ، بەڵام دەتوانێت بناغەیەک بۆ گۆڕانکاری بەردەوام دروست بکات. کردەوەیەکە، کە ئاماژەیەکی بەهێز دەنێرێت کە گەلی کورد ئامادەیە دەستبەسەر چارەنووسی خۆیدا بگرێت و ئایندەیەک دابڕێژێت کە ئازادی و دادپەروەری تێدا بێ. لەم نێوانەدا ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی دژبەری ڕێژیم بە دامەزراندنی بنەمایەکی ڕوون و هاوبەش بۆ بایکۆت، دەتوانێت هاوکاری هاوبەش بەهێز و یەکگرتوو بخاتە ڕوو، متمانە و کاریگەرییەکەی زیاتر بکات. ئۆپۆزسیۆنی کوردیی بۆ ئەوەی کاریگەریی ڕاستەقینە دروست بکات، پێویستە بۆ ئەوەش کار بکات دەنگی ناڕازیی خەڵک بە گوێی کۆمەڵگەی جیهانی بەگەیێنێ. بە تیشک خستنە سەر سروشتی ستەمکارانەی سیستەمی سیاسیی و بە داوای پشتیوانی و هاوپشتی لە کۆمەڵگەی جیهانی، ئەوان دەتوانن گوشارەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی زیاتر بکەن. سزا نێودەوڵەتییەکان، دیپلۆماسی و وشیارکردنەوە هەموویان ئامرازی ئەگەرین کە دەتوانرێت بۆ پشتیوانیکردن لە هەوڵەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ گۆڕانکاری بەکار بێنێت. دەنگێکی یەکگرتوویە کە بە ڕوونی پێوەندی بە زلهێزەکانەوە دەکات کە ئێستا کاتی گۆڕانکارییە و چیتر گەل ستەم و سووکایەتیکردن وەک بەشێک لە واقیعەکەی قبووڵ ناکات.

بایکۆتکردنی شانۆی هەڵبژاردن و وازهێنان لە دەسەڵات هیچی کەمتر نییە لە کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە. نەک هەر یەکڕیزیی نێو گەلی کورد بەڵکوو ئیرادەیەکی بوێرانەی دەوێت بۆ ڕزگاربوون لەو زوڵمەی کە تووشی بووە. هەڵوێستێکە کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خەڵک ڕەتیدەکەنەوە بەشێک بن لە گەمەیەکی سیاسی دەستکاریکراو و لەبری ئەوە هەوڵی چارەنووس و بەشداری دێموکراسی دەدەن.

هەرچەندە ڕەنگە هەست بکرێت کە زۆر درەنگ بووە بۆ کردار، بەڵام زۆر گرینگە تێبگەین کە هەرگیز درەنگ نییە بۆ شەڕکردن بۆ ئەوەی کە ڕاستە. ئەوەی کە زۆر خاڵی تر هەن کە ڕەنگە ئێستا بە زۆر درەنگ هەژمار بکرێن، نابێت ببێتە بیانوو بۆ بێکردەوەیی یان بێباکی. بەپێچەوانەوە پێویستە وەک وەبیرهێنانەوەیەک سەیر بکرێت کە هەر ساتێک کە تێدەپەڕێت دەرفەتێکە بۆ دەستپێشخەری گۆڕانکاری و کارکردن بۆ داهاتوویەکی دادپەروەر و دێموکراتیک. بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو بەمانای ئیرادە دروستکردنی گۆڕانکاری ڕاستەقینەیە. گەلی کورد بە یەکخستنەوەی هێز خۆی دەتوانێت فشارێکی یەکجار زۆر بخاتە سەر ڕێژیم. داهاتوویەک کە بە دادپەروەری و دێموکراسی بسرابێتەوە، شتێک نییە کە پێت بدرێت، شتێکە کە دەبێت وەدەستی بێنیت. گەلی کورد کە ئێستا ڕووبەڕووی تەحەددا و ئاستەنگ بۆتەوە ڕێگای بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو و دەتوانێت ئەو ئاستەنگانە تێپەڕێنێت. بایکۆتکردنی شانۆی هەڵبژاردن "نا" گوتن، هەڵوێستێکە کە پێویستی بە یەکڕیزی و بوێری هەیە.

٢٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# سیاسەتی دووڕوویی



**مەنسوور مروەتی**

له پەراوێزەکانی ڕێوڕەسمی حکوومەتیی ئەمساڵی ٢٢ی ڕێبەندان، دەرکەوتنی چەند ژنێک به بێحیجابی! بوو که له جێی خۆیدا جێگای هەڵوەسته لەسەرکردن و له هەمان کاتدا دەرخەری سیاسەتی دووڕوویی ڕێژیم له پێوەندی لەگەڵ بابەتی حیجابدایه. هەڵبەت دووڕوویی له هەموو پرسه نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا یەکێک له تایبەتمەندییه دیارەکانی کۆی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانه و تەنیا له بابەتی حیجابدا نییه.

ئەزموونی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم پێمان دەڵێ بۆ ئەوان به وتەی خۆیان گرینگ پاراستنی نیزامەکەیانه و ئیتر گرینگ نییه له دەرەوەی ئەو بابەته چ ڕوو دەدا و چ بەسەر ژیان و چارەنوسی خەڵکدا دێ. بەڵام ئەوەی که بابەتی ئەم وتارەیه پرسی حیجاب له ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی و دووڕوویی ئەوان له سەر پرسی حیجاب و بەتایبەت ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ژینایه که لەبەر ڕووداوه تاڵ و کارەساتبارەکانی دنیا لێی ئاگاداره. کێ هەیه نەزانێ له یەکساڵ و نیوی ڕابردوودا دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی به بیانووی به وتەی خۆیان "بێحیجابی" چ جینایەتگەلێکیان له ئێراندا که نەخوڵقاند. لەم یەکساڵ و نیوەدا سەدان کیژ و کوڕی لاوی بێتاوانی ئەم وڵاتەیان له زیندانەکان و لەسەر شەقامەکان خەڵتانی خوێن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کرد و هەزاران کەسیان بریندار و کەمئەندام و ئاوارە کرد. هەموو ئەمانە لە پاش نارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران لە سەر کوشتنی بێبەزەییانەی ژینای جوانەمەرگ لە تاران هاتە ئاراوە کە لەبەر دیاربوونی چەند تاڵەقژێکی هێزە مرۆڤکوژەکانی کۆماری ئیسلامی کوشتیان. ئەی ئێستا چی ڕووی داوە کە هاتنی ژنان بەبێ حیجاب بۆ ڕێپێوانی ٢٢ی ڕێبەندان و بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان هیچ کێشەیەکی تێدا نییە و ئیسلامەکەی ئەوان ناخاتە مەترسییەوە. بە وتەی دایکی ژینای جوانەمەرگ، "ئەی ئەگەر وایە بۆ کچەکەی منتان کوشت". لەوە زیاتر دەبێ لەبەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پرسیار بکرێ و بەو هیوایە بەم نزیکانەش موحاکمە بکرێن کە ئەگەر وایە بۆ ئەو هەزاران کچ و کوڕە لاوە بێتاوانەتان دایە بەر دەسڕێژی چەکەکانتان و خەڵتانی خوێنتان کردن؟

دیارە شێوە جلوبەرگ لەبەرکردن مافێکی سروشتی و سەرەتایی هەموو مرۆڤێکە و بەپێی جاڕنامەکانی مافی مرۆڤ هیچ کەس و دەسەڵاتێک مافی ئەوەی نییە لەو بارەوە ئەمر بەسەر خەڵکدا بکا. بەڵام ئەوەی لێرە بۆ خەڵک جێی پرسیارە و بە سەرسوڕمانەوە لێی دەڕوانن ئەوەیە کۆماری ئیسلامی بۆچی  و بە چ حەقێک بەو بیانوویەوە هەزاران بنەماڵەی کوردستانی و ئێرانیی جەرگسووتاو کرد و ئێستا چی ڕووی داوە کە کچان و ژنانێک کە گومانی تێدا نییە هەر لە مۆرەکانی خۆیانن ئا بەو شێوە جلوبەرگەوە دەنێرنە سەر شەقامەکان و هەر لە ئێستاشەوە چاوەڕێیانن کە بچنە سەر سندووقەکانی هەڵبژاردن؟ سێ حەوتوو پێشتر یەکێک لە بەرپرسانی سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی ڕێژیم گوتبووی، لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەنداندا چەند کچێک بە شێوە پۆشینی جلوبەرگی جیاوازەوە و بەبێ حیجاب لە ڕێوڕەسمەکاندا دەردەکەون، و وتەبێژی شورای نیگابانیش هەر ئەوکات گوتی یاسا مافی دەنگدان لە بێحیجابەکان وەرناگرێتەوە. ئەم قسانە لەڕاستیدا دیارە کە لە پێشدا پلانی بۆ دارێژراوە و بۆ ڕاکێشانی خەڵک و بەتایبەتی ژنان بۆ ڕێوڕەسمەکانی بێڕەونەقی ٢٢ی ڕێبەندان و دواتر هێنانی ئەوان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانە کە وا پێشبینی دەکرێ خەڵک ئەمساڵ تێکڕا بایکۆتی بکەن.

وەک باس کرا ئەوەی بەلای دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە گرینگە پاراستنی ڕێژیمەکەیانە و لەو پێناوەشدا بۆ خۆیان بەڕەوا دەزانن کە چییان پێ خۆشە و چییان پێ باشە بیکەن. ئەوان لە ئێستادا باش لەوە تێگەیشتوون کە خەڵک بە هەموو وجوودەوە لێیان بێزارن و نە بەشداریی ڕێوڕەسمە بێناوەرۆکەکانیان دەکەن و نە لە ئێستاشدا بەتایبەتی بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان دەکەن، بۆیە هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن و پەنا بۆ هەموو شێوازێک دەبەن کە خەڵک بهێننە سەر سندووقەکانی دەنگدان. دەنگدانێک کە تێدا تەنانەت کەسانی وەکوو سەرکۆماری پێشوو و سێ وەزیری ئیتلاعاتی پێشوویان ڕەدی سەلاحیەت کردوە. واتە ئەمە هەڵبژاردنێک نییە کە خەڵک بتوانێ تێدا بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا و ئەو بابەتە هەرگیز بەلای ڕێژیمە نە مانای هەیە و نە گرینگیشە، بەڵکوو بۆ ڕێژیم گرینگ ئەوەیە خەڵک بکێشنە سەر سندووقەکان و ئەوە بکەنە بەڵگەیەک بۆ نیشاندان بە بیروڕای گشتی و تا لەو ڕێگایەوە بتوانن ئیدیعای هەبوونی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مەشرووعیەتێک بکەن کە دەمێک ساڵە خەڵک لێی وەرگرتوونەتەوە.

بێگومان خەڵکی ئێران بەگشتی و ژنانی وشیار و خاوەن هەڵوێست بەتایبەتی ڕێگە نادەن کۆماری ئیسلامی ئەوان بکاتە ئامرازی سیاسەتە گڵاوەکانی خۆی، و ڕۆژێک بە بیانووی نادروستی حیجابەوە لەسەر شەقامەکان گوللە بەنێوچاوانیانەوە بنێت و ڕۆژێکیش بە فرت و فێڵ ڕاکێشی سەر سندووقەکانیان بکا. لە ١١ ڕەشەمەی ئەمساڵدا خەڵک بە تەحریمی هەڵبژاردنە درۆیینەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو پەیامە بەهەموو لایەک دەگەیەنن.

٢٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ١١ی ڕەشەممە بۆ گەیاندنی پەیامی کۆتایی




**سمایل شەرەفی**

هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممەی ئەمساڵ لە ئێران مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیکەی خەڵک و دەسەڵاتن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە، سەر سندوقەکانی دەنگدان وەک نموونە و نیشانەیەک بۆ شەرعییەتی خۆی لەنێو خەڵکدا دەربخات، لە حاڵێکدا نە دەنگی خەڵکی بۆ گرینگ بووە و نە بەهۆی ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردنەکانەوە، ئیزنی داوە دەنگ و ئیرادەی خەڵک لە وێنای ڕاستەقینەی خۆیدا دەربکەوێت. لەلایەکی دیکەوە؛ بەرەی خەڵکیش سەر سندووقەکانی دەنگدانیان بۆ گرینگ بووە؛ چ ئەوکاتەی بەشدارییان کردوە و چ ئەوکاتانەی بایکۆتیان هەڵبژاردەوە و نەچوونەتە سەر سندووقەکانی دەنگدان. ئامانجی خەڵک هەمیشە ئەوە بووە کە یەک بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت بەرەی حاکمییەت بڵێن.

ئێستا کە بە ئەندازیاریی و پیلانی بەیتی ڕێبەری و بەرەی توندئاژۆی "انقلابی"، هەموو جومگەکانی دەسەڵات بەتایبەت سێ روکنی ئەساسیی (دەوڵەت، دەزگای داد و پارڵمان) یەکدەست و خالس کراونەتەوە و، خەڵک تەنانەت هیچ مەجالێکی بۆ هەڵبژاردنی "خراپی خراپترەکان"یش نەماوەتەوە، بۆیە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدانیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵبژاردوە. بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوو و بەدوای شۆڕشی ژینادا، خەڵکی ئێران و گەلانی ئازادیخوازی ئەم وڵاتە، بەرچاوتر لە هەمیشە، ڕیزی خۆیان لە ڕێژیمی دیکتاتۆر و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی جیا کردۆتەوە.

ڕێژیم کە بە ڕەتکردنەوەی بەلێشاوی بەربژێرەکان تەنانەت ڕەحمی بە مۆرە ئەساسی و سەرەکییەکانی خۆیشی نەکرد و بازنەی "خودی"یەکانیشی ئەوەندەی‌تر بەرتەسکتر کردۆتەوە، دیسان هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە ئاستی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان و حزووریان لەسەر سندووقەکلانی دەنگدان، زۆر و بەرز نیشان بدات. لەو لاشەوە جیا لە بەرەی خەڵکی ئازادیخواز و دژبەری کۆماری ئیسلامی، تەنانەت "خودی"ییەکانی سێ چوار ساڵ پێشی بازنەی ڕێژیمیش پێیانوایە؛ کۆماری ئیسلامی هیچ زەرفییەتێکی بۆ گۆڕانکاری و بەخۆداچوونەوە، تێدا نەماوە و قسە لە تەحریمی هەڵبژاردنەکان و گەیاندنی "پەیامی کۆتایی" بە عەلی خامنەیی و تەواویەتیی ئەم ڕێژیمە دەکەن.

یەکێک لە ڕێگاکانی گەیاندنی پەیامی کۆتایی بە دەسەڵات، مەیدان و ڕێگای هەڵبژاردنەکانە. هەرچەند لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا قەت هەڵبژاردنێکی ئازاد کە دەنگ و پەیامی خەڵک تیایدا وەک پێویست ڕەنگی دابێتەوە، بەڕێوە نەچووە. بەڵام ئەگەر ئیرادەیەکی لێبڕاوانەی یەکگرتوو بۆ گەیاندنی پەیامی کۆتایی بە دەسەڵاتدارانی تاران هەبێت، خەڵک دەتوانن هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممە بۆخۆیان بکەنە ئازادانەترین هەڵبژاردن و بە نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، ئازادانە پەیامی کۆتایی خۆیان کە "نەویستنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی"یە بە گوێی دیکتاتۆرانی تاران و کۆمەڵگەی جیهانییش بگەیەنن.

عەلی خامنەیی کە بەتەواوەتی هەستی بە کەمتەرخەمیی خەڵک بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکان کردوە و لە دابەزینی حزووری خەڵک لە سەر سندووقەکانی دەنگدان دڵنیایە - هەرچەند ئامانجی هەڕەشە و گوڕەشە لە خەڵک بوو - گوتی؛ "بەشدارینەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان، نیشانەی دژایەتی لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامییە". کەوایە دەسەڵاتیش تێگەیشتوە لەوەی کە بایکۆتی سندوقەکانی دەنگدان، گەیاندنی پەیامی دژایەتیی خەڵک بەرانبەر بە دەسەڵاتە. هیچ گومانی تێدا نییە کە زۆرینەی خەڵکی گەلانی ئێران بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممەدا ناکەن، بەڵام ئەوەی زۆر گرینگ و کاریگەرە، ئەوەیە کە قورسایی ئەم زۆرینەیە پێویستە بە کردەوە نیشان بدرێت.

لە شۆڕشی ژینادا زۆربەی خەڵکی نارازی بە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی بە دڵ و باوەڕ لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی سەر شەقامەکاندا بوون، بەڵام بەکردەوە گۆشەگیر و چاولێکەر بوون، بۆیە ئەو جۆرەی کە پێویست بوو، شەقام نەیتوانی هێز و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قورسایی خۆی نیشان بدات و ڕێژیم تووشی چالش و پاشەکشە بکات. بێگومان ئەگەر چینی مامناوەندی کۆمەڵگە کە هیچ باوەڕێکی بە کۆماری ئیسلامی ئێران نییە توانیبای ڕۆڵ بگێڕێ و تەنیا چاولێکەر نەبا، بە دڵنیاییەوە ناڕەزایەتییە گشتییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو بەرینتر و لە ئامانجەکانی خۆیان پتر نزیکتر دەبوونەوە. بۆیە لە ١١ی ڕەشەممەی ئەمساڵدا خەڵک لەبەردەم تاقیکارییەکی دیکەی مێژوویی‌دان و بۆ گەیاندنی پەیامی کۆتایی خۆیان بە کۆماری ئیسلامی ئێران، پێویستە بە ڕەفتارێکی گشتگیری یەکگرتووانە و، زۆرایەتییەکی قورس و مانادارەوە، بۆ هەمیشە ناڕەوابوونی ئەم ڕێژیمە بە هەموو جیهانیان نیشان بدەن. لەم پێوەندییەدا پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنیی گەلانی ئێران لەگەڵ یەکتر لە پێوەندیدا بن و هەر لە ئێستاوە زێهنییەتێکی گشتی بۆ ڕەفتارێکی یەکانگیری گشتی کە نەچوونەسەر سندووقەکانی دەنگدانە، لەنێو خەڵکی ئێراندا بە گشتی ساز بکەن. حیزبە سیاسییەکان هەموو توانایان بۆ ئەم کارزارە تەرخان بکەن و کەسایەتییەکانی کۆمەڵگە لە هەموو چین و توێژە و ئاستێکدا کار لەسەر هەڵمەتی "بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممە" بکەن.

لە ١١ی ڕەشەممەی ئەمساڵدا کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بە نیشاندانی خەڵک لەسەر سندووقەکانی دەنگدان وا نیشان بدات کە بە پێچەوانەی ئەو ئیدیعایانەی بە دژی دەکرێ، هێشتا خەڵکی لە پشتە و مەشرووعیەتی ماوە! بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو ئەندازیاری و پیلان و هەوڵانەی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا داویەتی، پێویستە خەڵک تێکڕا و و یەکگرتووانە تەنیا بە نەچوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان، نەتەنیا پرسیار لە سەر مەشرووعیەتی نەبووی ساز بکەن بەڵکوو پەیامی "کۆتایی‌هێنان بە دیکتاتۆر" لە مێژوویی ئەم وڵاتەدا تۆمار بکەن.


٢٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# مووچەی نجوومیی مەجلیسییەکان، برسیەتیی خەڵک و شانۆی هەڵبژاردن




**شەماڵ تەرغیبی**

ئێستا کە باسی هەڵبژاردنە نمایشییەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران بووەتە سەردێڕی هەواڵی ماڵپەڕ و میدیاکان و باس لە لایەنە جیاوازەکانی بەناو هەڵبژاردن و مۆرەکانی سەر بە ڕێژیم بۆ بەشداری لەم نمایشە یان بایکۆتی نمایشەکە لە لایەن دژبەرانی ڕێژیم و خەڵکانی ئێرانەوە دەکرێت، پێویستە کە بزانین بەناو نوێنەرانێک کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنە درۆیی و پڕ لە چەواشەکارییەکانی ڕێژیمەوە دەچنە نێو مەجلیس و دواتریش بە بێ گرینگیدان بە ویست و داخوازییەکانی خەڵکێک کە دەنگیان پێداون، لە سەر کورسیی دەسەڵات دادەنیشن و بەناو نوێنەرایەتیی خەڵکانی ئێران دەکەن، بۆچی و لە بەر چ هۆکارێک بۆ گەیشتن بەو کورسییە هەوڵ دەدەن و چ قازانجێک لە پشتەوەی هەوڵە دزێوەکانیاندایە؟

لە ماوەی ڕابردوودا کە باس لە هەڵبژاردنە نمایشییەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران هاتۆتە گۆڕێ، کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بە مووچە و داهاتی بەناونوێنەرانی خەڵک لە مەجلیسی ڕێژیم درکاوە کە بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت و خێرا ئەو ڕاستییە زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە بەناو نوێنەرانی مەجلیس نە تەنیا بیر لە دۆخی ژیانی خەڵک ناکەنەوە بەڵکوو بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پڕکردنی گیرفانی خۆیان و وەرگرتنی پارەی نجوومی لە گیرفانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و هەژاری ئێران، دێنە نێو گۆڕەپانی بەناو هەڵبژاردنەکانەوە.

لە مانگی پووشپەڕی ئەمساڵ وێنەیەک لە فیشی مووچەی مانگانەی مالک شەریعەتی، بەناو نوێنەری مەجلیسی ڕێژیم بڵاو کرایەوە کە دەری دەخات ئەم کەسە لە مانگدا بڕی ١٠٠ میلیۆن تمەن پارە وەردەگرێ. دواتر ناوبراو درکاندی تەواوی نوێنەرانی ئەم مەجلیسە فیشی موچەی هاوشێوەی ئەویان هەیە؛ واتە کۆی ئەندامانی مەجلیس لە مانگدا بڕی ٢٩ میلیارد تمەن پارە وەک مووچەی مانگانە وەردەگرن. شەریعەتی کە خۆی سەرۆکی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە لە مووچە نجوومییەکانی مەجلیسی لە ئەستۆیە ئەوەشی درکاند کە هەر نوێنەرێک مانگانە ٢٠ تاکوو ٢٤ میلیۆن تمەن مووچە وەردەگرێ و ٧٦ تا ٨٠ میلیۆنەکەی دیکەش بەناوی تێچووی کرێی دەفتەر و ماشین و کارمەندی بەر دەستی و تێچووەکانی دیکە وەردەگیرێ.

بەپێی ئامار و ڕەقەمە بڵاوکراوەکان، ئەگەر هەر نوێنەرێکی مەجلیسی ڕێژیم، لە ماوەی ٤ ساڵدا، هیچ تێچوویەکی دیکەی نەبێت و هەموو مووچەکەی پاشەکەوت بکات، ئەوە لە کۆتایی ٤ ساڵەکەدا، ٣٠٠ هەتا ٤٠٠ میلیۆن تمەن سەرمایەی دەست دەکەوێت.

هاوکات بە پێی ئامارێک کە بەشێک لە ماڵپەڕە حکوومەتییەکان بڵاویان کردۆتەوە، وەرگرتنی مووچەی مانگانەی نوێنەرانی مەجلیسی ڕێژیم لە ساڵی ٩٥ـەوە هەتا ساڵی ٩٨ بەم شێوەیە بووە:

ساڵی ٩٥: چوار میلیۆن و چوارسەد و هەشتا هەزار تمەن
ساڵی ٩٦: حەوت میلیۆن تمەن
ساڵی ٩٧: هەشت میلیۆن و شەشسەد هەزار تمەن
ساڵی ٩٨: ١٠ میلیۆن تمەن

زۆربوونەوەی ٥ میلیۆن و ٥٥٢ هەزار تمەنیی مووچە لە ساڵی ٩٥ـەوە هەتا ساڵی ٩٨ و دواتر بەرزبوونەوەی لە ساڵی ١٤٠٢ بۆ سەروو ٢٠ میلیۆن تمەن، هاوکات لەگەڵ زۆربوونەوەی ڕێژەی هەژاریی خەڵک لە ئێران و گرانبوونی لەڕادەبەدەری پێداویستییە سەرەکییەکانی خەڵک لەم ماوەیەدا تەنیا ئەتوانێ سەلمێنەری یەک ڕاستی بێ ئەوەش ئەوەیە کە دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندی بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی خۆی لە قوربانی کردنی هەموو خەڵکی ئێرانیش خۆی نابوێرێ و بە مەبەستی ڕاگرتنی دڵی مۆرەکانی خۆی و درێژەدان بە یارییە سیاسییەکانی خۆی لە هەموو چەشنە ئامرازێک کەڵک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەردەگرێت، جا ئەو ئامرازە ئامرازی شەڕکەر و نیزامی بێت یان مووچەی خەڵکێک کە بۆ نانی شەوانەی خۆیان دۆشداماون، لای ئەو ڕێژیمە هیچ جیاوازییەکی نییە.

پاش چوونەدەرەوەی ئامریکا لە بەرجام و گوشارخستنە سەر ڕێژیمی ئێران لە ڕێگەی گەمارۆ ئابوورییەکانەوە، پرسی ئابووری زیاتر لە هەمیشە بەرۆکی خەڵکانی ئێرانی گرت و بەڕوونی خراپیی دۆخی ئابووری ئێران کەوتە بەرچاوی میدیاکانی جیهانیشەوە، بەڵام لەم نێوانەدا ڕێژیمی ئیران دیسانەوە وەک هەمیشە بە بێ گرینگیدان بە دۆخی خەڵکەکەی خۆی یان پارەی بۆ تێروپڕکردنی گرووپە نیابەتییەکانی لە سووریە و لوبنان ناردووە یان بە گەندەڵکاری و پێدانی مووچەی نجوومی و دزی لە ماڵی خەڵک، هەوڵی پڕکردنی گیرفانی مۆرەکانی خۆی داوە.

دابینکردنی ئیمکاناتی ژیان بۆ کەسانێک کە وەکوو نوێنەری مەجلیس نەک نوێنەری خەڵک دیاری دەکرێن، نیشانەی دیار و بەرچاوی هەڵاواردن لە کۆمەڵگای ئێرانە، کۆمەڵگایەک کە پاش زیاتر لە حەوت ساڵ هێشتا دۆخی بوومەلەرزەلێدراوانی کرماشان و پاش ٦ ساڵ دۆخی لافاولێدراوانی گوڵستان و لوڕستانی چارەسەر نەکردووە و ئێستاش بە پێدانی وادە و بەڵێنی درۆ هەوڵی ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان دەدات.
ئەم کەتوارە، حاشاهەڵنەگرە کە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخاتەگەڕ تاکوو بە ناردنی مۆرە دەسنیشانکراوەکانی خۆی بۆ مەجلیس و لە نمایشێکی دیکەی هاوچەشنی ساڵانی ڕابردوودا، جیا لە سەپاندنی ڕەوایی بۆ خۆی، حەشیمەتێکی کۆیلە لە دەوروبەری خۆیدا کۆبکاتەوە کە تەنیا و تەنیا بە هێزی پارە لە دەوری خۆی رایانگرێت.

بەدڵنیاییەوە خەڵکانی ئێران چیدیکە دەنگ بە ستەمکار نادەن و بە بەتاڵ هێشتنەوەی بنکەکانی ڕێژیم، هیچ کەسێکی بەرژەوەندیخواز و پارەپەرست وەک نوێنەری خۆیان ڕەوانەی مەجلیسی ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران ناکەن چوونکە باش دەزانن کە هەموو هەوڵی ڕێژیم و کاندیدە دەسنیشانکراوەکانی تەنیا و تەنیا ڕووتاندنەوەی ماڵ و گیانی خەڵک و داماڵینی کەرامەتی ئینسانییە لێیان.

٣٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٣ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٤ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی نووسراوە و بابەتەکان.

دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی



https://serchawe.com